


# نامیلکەی تایبەت بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی

ڕەشەمەی ٢٧١٢ — ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی — فیوریەی ٢٠١٣

## پێڕست


١- ئێرانی فرەنەتەوە و فرە زمان و سیاسەتێکی زمانیی مەترسیدار (لە پێشوازی ٢١ی فێوریە، رۆژی جیهانیی زمانی زگماکیدا) ؟......... قادر وریا ......... لاپەرەی .....٤

٢- بانگەوازبە مەبەستی رێزگرتن لە رۆژی جیهانیی زمانی زگماکی ....................... لاپەرەی ............................. ٥

٣- بۆچی ٢١ی فێوریە کراوە بە رۆژی جیهانیی زمانی دایک؟......... قادر وریا .............. لاپەرەی ................. ٥

٤- زمانەکەم رۆژت پیرۆز............ بێبەش پیرۆتی ........................ لاپەرەی ......................... ٦

* ئەم بابەت و نووسراوانەی خوارەوە لە لایەن هاوڕێ قادر وریا بۆ پاشکۆی تایبەت بە رۆژی جیهانیی زمانی زگماکی ئامادە کراوە و لە ژمارە ٥٧٧ ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو کراونەتەوە.

٥- زمانی زگماکی و ٢١ی فێوریە، بۆنەیەکی گونجاو بۆ حەرەکەتێکی پێویست ............ لاپەرەی ...................٧

٦- گرنگترین پەیماننامەکانی تایبەت بە مافە زمانی و نەتەوەییەکان ........................ لاپەرەی .....................٧

٧- خوێندنی کوردی لە سایەی پارتەکانی کوردستاندا ...................... لاپەرەی ..................... ٨

٨- کاریگەریی خوێندن بە زمانی دایک لە سەر زمانی نەتەوە ......................... لاپەرەی .................. ١١

٩- بار و دۆخی خوێندن لە نێو منداڵانی نەتەوە نافارسەکاندا.......................................لاپەرەی ....................... ١٢

١٠- ئەرکە هەنووکەییەکانی ئۆگران و دلسۆزانی زمانەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا .......................... لاپەرەی ...................١٣

١١- ئەگەر زمانێک پێی بخوێندرێ .......................................................لاپەرەی ..........................١٣

١٢- مافی بەکار بردنی زمان لە دامەزراوە دەوڵەتی و فەرمییەکان و ناوەندەکانی خوێندندا .......... وەرگێران لە فارسییەوە: قادر وریا.........لاپەرەی ...........١٤

١٣- بەرێوەچوونی سمیناری رۆژی جیهانیی زمانی دایک لە شاری هەولێر .........................................لاپەرەی .................... ١٦

١٤- قادر وریا: زمان هەر سەرمایەی نەتەوەیەک نیە، بەڵکوو سەرمایەی مرۆڤایەتییە ...................................... لاپەرەی ...............١٧

١٥- خوێندن بە زمانی دایک لە روانگەی مافی مرۆڤەوە .......................... قادر فەتاح ئەحمەد .................لاپەرەی ..............................١٧

١٦- زمانی زگماکی.................................... سەلیم بێورانی.................................... لاپەرەی ..................... ١٨

١٧- زمان، ماڵی هەمیشەیی نەتەوە ........................ ئیسماعیل ئیسماعیل زادە ............................لاپەرەی .....................١٩

١٨- خوێندن بە زمانی زگماکی، داننانە بە بوونی میللەتێک ............ وتووێژ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە ........................لاپەرەی............. ٢٢

١٩- خزمەتەکانی کۆڕی پەروەردەو فێرکردن بە خوێندن بە زمانی کوردی .......... پاشکۆی رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٢٩ ............ لاپەرەی ................ ٢٥

٢٠- زمانی خوێندن لە سەردەمی جمهووریی کوردستان دا................. پاشکۆی رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٢٩ ............... لاپەرەی .................٢٧

٢١- رۆڵی ناوەندی فەرهەنگیی سۆما لە فێر کردنی خوێندنەوەو نووسینی زمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا .. وتووێژ لەگەڵ جەماڵ پوورکەریم ... لاپەرەی .. ٢٧

٢٢- ٢١ی فێوریە، رۆژێک بۆ راپەڕاندن .............................. ع. وریا.......................................... لاپەرەی ...................... ٢٩

٢٣- زمانی دایکی چییە و بۆچی گرینگە؟ .......... نووسەری بابەت بە فارسیی: دکتورسدیقە عەدالەتی .......... وەرگێڕ: فاتح ئارەش............. لاپەرەی ...... ٣٠

٢٤- زمانی زگماکی بنەرەتیترین مافی سروشتی مرۆڤە ............................ رەزا ئەمینی .......................... لاپەرەی .................... ٣٢

٢٥- پاراستن و گەشە پێدانی زمانی کوردی ................ گردآورندە : مصلح محمودی ....................... لاپەرەی ..................٣٣

٢٦- لاوان و منداڵانی کورد لە دەرەوەی ولات هەڕەشەی لە بیر چونەوەی زمانی زگماکییان لە سەرە! ......... نووسینی: ئەیوب رەحمانی ............ لاپەرەی ......٣٤

٢٧- زمانی زگماکی یان زمانی دایک؟ ............................... مستەفا شێخە ............................... لاپەرەی ....................... ٣٥

٢٨- زمانی زگماکی، شوناسی نەتەوەیی ......................... وریا رەحمانی ......................................... لاپەرەی ................. ٣٦

٢٩- باسێک لە سە رزمانی زگماکی .................................. رەزا ئەمینی .......................... لاپەرەی ..................٣٧

٣٠- نەتەوە و زمان ......................... گیارەنگ ........................................ لاپەرەی ........................... ٤٠

٣١- بۆچی نابێ بە زمانی زگماکی خۆم بخوێنم؟!! ........................ شۆرش گوڵکار ................................ لاپەرەی ...................... ٤١

٣٢- زمان و رەگەزپەرەستی ..؟ ..................... رەشماڵ ویبلاگ ...................... لاپەرەی ................................ ٤١

٣٣- زمانی شیرینی دایک و کەمتەر خەمی کوردانی دەرەوەی وڵات ........................ سمکۆ بێکەس ...................... لاپەرەی ............... ٤٢

٣٤- زمانی دایک ........................ هیوا ئەحمەدی ................................ لاپەڕەی ..........................٤٣
٣٥- ڕۆژی زمانی زگماکی و ئەرکی لاوان ........................... چیا کوردستانی ........................... لاپەڕەی .......................٤٤
٣٦- ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ......................................... هاشم ڕەزایی ................... لاپەڕەی ...................٤٤
٣٧- **هەڵە چێنی** به بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی .................... مستەفا شێخە ............................ لاپەڕەی ............. ٤٥
٣٨- زمانی دایک هەڵگری زمانی نەتەوەییە؟! ........... سەلام ناوخۆش ................................ لاپەڕەی ......................... ٤٦
٣٩- سپاس و پێزانین بۆ پشتیوانانی بانگەواز بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکییەوە ........................ لاپەڕەی ........................ ٤٨
٤٠- مەرگی بێدەنگ (خەسارناسیی زمانی زگماکی لەنێو کوردەکانی باکووری خوراسان)......... شیرین دەوڵەتپوور ـ دەرگەز...... و: سیروان موساپوور ..... لاپەڕەی .... ٤٩
٤١- مافی خوێندن بە زمانی زگماکی ................................ ڕەحیم محەممەدی ......................... لاپەڕەی ...................٥٣
٤٢- لە ساڵرۆژی زمانی زگماکی دا.. ............... کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران-ژنێڤ .................................... لاپەڕەی .............٥٣
٤٣- بایەخ و گرینگی فێرکاریی زمانی زگماکی .................. ناوەندی ڕۆشنبیری و فێرکاریی ئەدەب بۆکان" ...................... لاپەڕەی ....................٥٤
٤٤- پێشکەوتنی مێژوویی زمانی کوردیو هێندێک تایبەتمەندیی سروشتی ئەم زمانە ............... فاخیر پێنهانی .................... لاپەڕەی ............ ٥٥
٤٥ - لیستی ناوی پشتیوانانی بانگەواز بە مەبەستی ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی .................. لاپەڕەی ...................... ٦٢








## ئێرانی فرەنەتەوە و فرە زمان و سیاسەتێکی زمانیی مەترسیدار

(لە پێشوازی ٢١ی فێوریە، رۆژی جیهانیی زمانی زگماکیدا)

قادر وریا

تا دێ پرسی پێویستیی بە فەرمی ناسرانی زمانە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵ و وڵاتە فرەنەتەوە و فرەزمانەکان دا، پتر خۆی دەنوێنێ. ئەم راستییە لەوهۆیانەوە سەرچاوە دەگرێ:



١- هەر زمانێک بۆ خۆی سامانێکی مەعنەویی بەشێک لە مرۆڤایەتییە و مانەوە و پارێزران و بەرەوپێشچوونی زمانەکە، لە گرەوی بە فەرمی ناسران و خزمتکردنی دایە.

٢- زمان، بەشێکی سەرەکی و هەرە گرنگی نەتەوەیەک یا کەمایەتییەکی نەتەوەییە و خۆبواردن لە بە فەرمیناسین و رێزلێگرتنی هەر زمانێک، بە جۆرێک حاشا کردن لە ئاخێوەرانی زمانەکە، واتە نەتەوەکە یا کەمایەتییە نەتەوەییەکەیە. ئەمەش یانی سەرکوت و زەوتکردنی مافێکی سەرەکیی هەم تاک و هەم کۆمەڵەیەکی زمانی و نەتەوەیی.

٣- پێکەوەژیانی بە ئاشتی لە هەر کۆمەڵ و وڵاتێکی خاوەن پێکهاتەی جیاواز و جۆراوجۆر، لە گرەوی داننان بە جیاوازی و جۆراوجۆرییەکان و دابینکردنی ئەو مافانە دایە کە پێوەندییان بە رێزلێگرتنی شوناسی ئەوانەوە هەیە.

۴- ئەم تێگەیشتنە لە هەڵکشان و پەرەگرتن دایە کە جۆراوجۆریی زمان و نەتەوە و کولتوور و بوونی جیاوازییەکان لە کۆمەڵ و وڵاتێکدا، دەوڵەمەندیی کۆی هونەر و ئەدەبیات و کولتوور و شارستانەتیی ئەو کۆمەڵ و وڵاتەی لێدەکەوێتەوە.کە وایە دەبێ بواری گەشەکردن و خەمڵینیان بۆ پێک بێ نەک بە سەرکوت و حاشالێکردن، بەرەورووویان بینەوە.

لە وڵاتی فرەنەتەوە و فرەزمانی ئێراندا، سیاسەتی هەڵاواردنی زمانی و زاڵکردنی زمانێک بە سەر هەموو زمانەکان، کە لە رێژیمی شایەتییەوە بە میرات بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران ماوەتەوە، هەر وا درێژەی هەیە. مندالانی نەتەوە بندەستەکان، لە مافی خوێندن بە زمانی خۆیان بێبەشن وقسەکردن لە دام و دەزگا دەوڵەتییەکان و نامەنووسین لە نیوان دامەزراوە دەوڵەتی و حکوومەتییەکان دەبێ بە زمانی فەرمیی وڵات بێ کە زمانی فارسییە. ئەوەش لە کاتێک دایە کە زمانی فارسی، زمانی یەک نەتەوە لە چەند نەتەوەی ئێرانە. بە رواڵەت، ئەم سیاسەتە، بۆ پاراستنی یەکیەتیی خەلکی وڵات و دروستکردن و بە هێز کردنی هەست و گیانی ئێرانیبوون و خۆ بە یەکنەتەوە زانینە. بەڵام وەک بە کردەوە دەیبینین، بەردەوامی و پێداگری لە سەر ئەم سیاسەتە،ئاکامی پێچەوانەی هەبووە. ئێستا لە نێو نەتەوەکانی کورد، تورک، بەلووچ، تورکەمەن، عەرەب و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی ئێران دا،بە دەگمەن نوخبە وبژاردە و کەسایەتییەک دەبینین،شوناسی زمانی و نەتەوەیی خۆی سەبارەت بە زمانی فارسی و شوناسی «ئێرانیبوون» بشارێتەوە و دووهەمیان وەپێش یەکەمیان بخا.

ئێستا نەک هەر لە کۆڕ و کۆمەڵە کولتوورییەکان و لە لایەن کۆمەڵە و ریکخراوە مەدەنی و نادەولەتییەکانەوە، بەڵکوو، لە نێومەجلیس ولە هەیئەتە زانستییەکانی زانستگاکان دا، دەوڵەت و دەسەڵاتی وڵات بەرەورووی داوای مافە زمانی و نەتەوەییەکان، دەکرێنەوە.سەرەرای کارشکێنی ودژایەتیی کاربەدەستان، لە کوردستان ( سەرجەم پارێزگە کوردنشینەکان) و لە ئازەربایجان، بە پلەیەکی کەمتر لە نێو نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێراندا بزووتنەوەیەکی بەرین بە مەبەستی فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی خۆیان و خزمەت بە زمانە سەرکوتکراوەکەیان لە گۆڕێ دایە کە ساڵ بە ساڵ لە گەشەکردن دایە.




### سەرەنجامی ئەم سیاسەتە زمانییە، دەبێتە چی؟

لە هەلومەرجێک دا:

* بەشەکانی دیکەی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، لە دراوسێیەتیی وڵاتی ئێراندا، نەک هەر مافی خوێندن بە زمانی خۆیان هەیە و زمانەکەیان بە فەرمی ناسراوە، بەلکوو هێندێکیان خاوەنی دەولەت و پارلمان و کیانی نەتەوەیی خۆیانن و پشک و جێگەی تایبەت بە خۆیان لە بەرێوەبردنی دەوڵەتی ناوەندی دا هەیە،

* مافە زمانی و نەتەوەییەکان، رۆژبەرۆژ زیاتر لە ناوەندە جیهانی و نێودەوڵەتییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤدا، بە رەسمی دەناسرێن و پشتیوانیان لێدەکرێ،

* بە هەزاران و دەیان هەزار لە رۆڵەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران کە وەک پەنابەر لە وڵاتانی ئورووپایی دەژین،ئیمکاناتی فێربوونی زمانی دایک بۆ منداڵەکانیان دابین دەکرێ،

* خەبات و هاتنە مەیدانی نوخبەکان و خەڵک لە ناوچە و نیشتمانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، جاربەجار پتر رەنگ و بۆن ونێوەرۆکی نەتەوەیی و شوناسخوازانە بە خۆوە دەگرێ و... هتد،

ئایا بەردەوامی و پێداگریی رێژیمی ئێستای ئێران لە سەر ئەم سیاسەتە(دژە) زمانی و نەتەوەییە،هەتا کەنگێ دەتوانێ درێژەی هەبێ و بێجگە لە سستکردن و هەلوەشاندن، چ کاریگەری وئاکامێکی بۆ یەکیەتی و هاوپێوەندیی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێران دەبێ؟

لە ژمارە ٦٠٢ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

## بانگەوازبە مەبەستی ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی

وڵاتی ئێران لە خەڵکێک بە میللییەت وزمانی جۆراوجۆرەوە پێک هاتوە. بەلام بە داخەوە میللییەتەکان و قەومییەتە نافارسەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ ستەم و هەلاواردنی جۆراوجۆری نەتەوەیی و زمانی بەرەوڕوون.




مافی خوێندن لە قوتابخانەکانی ئێراندا تەنیا بە یەک زمان(زمانی فارسی) هەیە و بە میلیۆن منداڵانی میللییەت و قەومییەتەکانی دیکە لە مافی خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆیان بێبەشن و هیچ جۆرە ئیمکانێک بە مەبەستی پاراستن و پەرەپێدانی زمانی زگماکی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە ئاخێوەرانی ئەو زمانانە ڕەوا نەبینراوە. جگە لەمەش هەوڵ و تێکۆشانی تێکۆشەرانی ئەو میللییەت و قەومییەتانەی ئێران لە پێناوی بە ڕەسمی ناسرانی مافە نەتەوەیی، زمانی و کولتوورییەکانیان و یەک لەوان خوێندن بە زمانی زگماکی، لە ساڵی١٣٠٤ەوە تا ئێستا لەگەڵ وڵامنەدانەوە و تەنانەت لە گەڵ هەڕەشە و سەرکوتی دامەزراوە ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکان بەرەوڕوو بووە.

٢١ی فێورییە(٢ی ڕەشەمە)، ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکییە. ئەم ڕۆژە دەتوانێ ببێتە دەرفەتێکی گونجاو بۆ ئەوەی هەموو خەباتگێڕان و ئازادیخوازانی ئێرانی لە هەر نەتەوە و زمانێک، کە خوێندن بە زمانی زگماکی و بایەخدان بە زمانەکانی میللییەت و قەومییەتە جۆراوجۆرەکانی پێکهێنەری خەڵکی ئێران بە مافێکی ڕەوا دەزانن، هەڵمەتێکی هاوبەش و بە کۆمەڵ بە داکۆکی لە ماف و داخوازە نەتەوەیی و زمانییە زەوتکراو و سەرکوتکراوەکانی هاونیشتمانیان، وەڕێ بخەن.

ئێمە لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکیدا، حیزب و ڕێکخراوەکان، کەسایەتییەکان و چالاکانی ئێرانیی لایەنگری مافە نەتەوەیی، زمانی و فەرهەنگییەکانی میللییەتە ستەملێکراوەکانی ئێران لە نیوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ کار و هەنگاوی هاوبەش لەم ڕۆژەدا بانگەواز دەکەین. ئێمە بۆ بەرێوەچوونی هەرچی کاریگەرتری ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی لە ئێران دا پێشنیار دەکەین:

١. داوا لە راگەیەنە گشتییە فارسیزمانەکان و راگەیەنەکانی سەر بە نەتەوە و قەومیەتەکانی پێکهێنەری ئێران دەکەین لە ڕۆژانی پێشتر و بە تایبەتی لە ڕۆژی ٢١ی فێوریە دا، بەرنامە و بابەتگەلی تایبەت لە بارەی داکۆکی و گرنگیدان بە پاراستن و پەرەپێدانی زمانەکانی میللییەتەکان و قەومییەتەکانی نێو ئێران، بڵاو بکەنەوە و پرس و داخوازەکانی هاونیشتمانانی خۆیان لەو پێوەندییەدا بە ئاگاداریی بیروڕای گشتی بگەیەنن.

٢. هاونیشتمانانی بێبەش لە خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی، لە ڕۆژی دووی ڕەشەمە دا، ئەوەندی دەگونجی بە جلوبەرگی نەتەوەیی و ناوچەیی خۆیان بچنە قوتابخانە و شوێنی کاری خۆیان، و بە زمانی زگماکی قسە بکەن.

٣. لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی و لەو ڕۆژە دا، کۆڕ و کۆبوونەوەی کەلتووری بە مەبەستی ڕێز گرتن لەم ڕۆژە و ئاشنا کردنی تاکەکانی کۆمەڵ لە گەڵ مافە نەتەوەیی، زمانی و کولتوورییەکانی نەتەوە و قەومەجیاوازەکان و دەرکردنی بەیاننامە و بڕیارنامەی گونجاو لە گەڵ ویست و داخوازەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و زمانییەکانی ئێران پێک بێنن.

٤. هەر دەستپێشخەری و هەنگاوێک کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناچار بە پاشەکشە و پێداچوونەوەی سیاسەتە فەرهەنگییەکانی و هەڵگرتنی کۆسپەکانی لە پێوەندی لە گەڵ بە ڕەسمی ناسینی مافی خوێندن بە زمانەکانی نەتەوە و قەومە جیاوازەکانی ئێراندا بکا، بە کارێکی باش دەزانین.

بە هیوای بەشداریی بەرین و گشتیی هاونیشتمانانی ئێرانی لە دەرەوە و ژوورەوەی وڵات لەو هەرەوەزە دا و بە ئاواتی سەرکەوتنی خەباتی خەڵکی ئێران لە پێناوی کۆتاییهێنان بە ستەم و هەڵاواردنی دینی، نەتەوەیی، قەومی، زمانی و ڕەگەزی دژی خەڵکی ئێران.

تکایە لەرێگای ئەم ئادرەسمایلە پشتیوانیی خۆتان لەم بانگەوازە رابگەیەنن ( لە کاتی ڕاگەیاندنی پشتیوانیدا، میللییەت و زمان، جۆری چالاکیی خۆتان و ئەو وڵاتەی لێی دەژین، بنووسن):

١٤ ی فیورییەی ٢٠١٢

## بۆچی ٢١ی فێوریە کراوە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک؟



قادر وریا

ڕۆژە جیهانی و نێونەتەوەییەکان، هەر کامێکیان مێژوو و سەربردەیی تایبەت بە خۆیان هەیە. ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکیش کە ٢١ی فێوریەی هەر ساڵێکە، پێشینە و مێژووی خۆی هەیە.

٦٠ ساڵ لەمەوبەر لە ٢١ی فێوریەی ١٩٥٢ دا، خوێندکارانی بەنگلادیش کە ئەو کاتە وڵاتەکەیان بەشێک بوو لە پاکستان، وەک نارەزایی دەربڕین لە داسەپاندنی زمانی ئۆردوو بەسەر نەتەوەکەیان دا، خۆپێشاندانیان وەڕێ خست. لە ئاکامی تەمەنی هێزە چەکدارەکانی پاکستان دا ٥ خوێندکاری بەنگلادیش گیانیان لە دەست دا. خەڵکی بەنگلادیش، بەڵام دەستیان لە خەبات هەڵ نەگرت و نەک هەر نەچوونە ژێر باری داسەپانی زمانێکی دیکە، ملیان بۆ مانەوە لە ژێر دەسەڵات و لە چوارچێوەی پاکستان دا، نەدا و سەرەنجام سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا.

ڕووداوی ٢١ی فێوریەی ١٩٥٢ بووە هۆی ئەوە بەنگلادیش وەک یەکەم وڵات کە لە پێناوی زمانەکەی دا خەباتی کردوە و قوربانیی داوە، سەیری بکرێ. ئەو وڵاتە لە نوامبری ١٩٩٩ بە ڕەسمی پێشنیاری بە یونسکۆ کرد کە ڕۆژی ٢١ی فێوریە، وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک بناسرێ. دیارە ئەنجومەنی جیهانیی لایەنگرانی زمانی زگماکییش پشتی ئەم پێشنیارەیان گرت و لە ئاکامدا، سیهەمین کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم پێشنیارەی پەسند کرد.

بەنگلادیش وڵاتێکی ١٥ میلیۆنییە و زمانەکەی بەنگالییە. دیارە ئەو وڵاتە پێشتر موستەعمەرەی ئینگلیستان بوو. هەر بۆیە زمانی ئینگلیزی لە وڵاتە دا برەوی زۆرە. ڕۆژی ٢١ی فێوریە لە بەنگلادێش وەک ڕۆژی شەهیدانی زمان ناودێر کراوە.

لەوکاتەوە کە ڕۆژی ٢١ی فێوریە وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی ناودێر کراوە هەموو ساڵێ لەشوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان ڕێورەسم و کۆبوونەوەی تایبەتی بۆ ڕێز گرتن لە زمانی زگماکی بەڕێوە دەچێ.




# پاراستن و خزمەتی زمان، ئەرکی نەتەوەییە.



بایەخدان بە زمانی زگماکی تا ئەو رادەیە بووە کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ٢٠٠٨ـی وەک ساڵی زگماکان ناودێر کرد.


بە دڵنیاییەوە خەبات و قوربانیدان لە پێناوی زمانی دایک لە نیو کورد دا مێژوویەکی کۆنتر لە خەڵکی بەنگلادێشی هەیە.

هەر لە سەدەی بیستەم دا کورد بەر لە شەڕی دووهەمی جیهانی لە سەردەمی رەزا خان و ئەتا تورک دا لە پێناوی پاراستن و زیندوو راگرتنی زمانەکەیدا گیانی خۆی دەخستە مەترسی سەرباری ئەمەش بە دەیان ساڵ پێشتر، کەوتبووە هەوڵی خزمەتی زمانەکەی و چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژنامە بە زمانەکەی و لە سۆنگەی ئەم «تاوان»ەوە ئاوارە و پەرێوەی هەندەران بووە.

ئەمساڵ لە هەرێمی کوردستانیش، لە رۆژی ٢١ی فێوریە دا ئاکادیمیای کوردستان سمینارێک بە بۆنەی ئەم رۆژەوە و بۆ باس لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی پێک دێنێ.

«کوردستان»یش وەک بایەخدان بە زمانی زگماکی و لە پێشوازی ٢١ی فێوریەدا ئەم پاشکۆیەی ئامادە کردوە کە هیواداریین جێگای رەزامەندیی خوێنەران بێ.

## زمانەکەم رۆژت پیرۆز



**بێبەش پیرۆتی**

جیهان بەرەو رێز گرتن لە رۆژی زگماکییەوە دەچێ و منی کوردیش کە خاوەنی زمانی رەسەن و پاراوی خومم بە مافی خۆمی دەزانم ئەوەندەی بۆم دەلوێ بە باشترین شێوە رێز لەو رۆژە پیرۆزە بگرم.

وشەی ماف هات و بۆ جارێکی دیکەش وەک هەمیشە و وەک ئەوەی لە سەرانسەری مێژووی ژیانمدا دیتوومە و هەستم پێکردووە لێی بێبەشم.مافی ئەوەم نیە بە ئازادی لە وڵات و لە سەر خاکی خۆم بژیم. مافی ئەوەم نیە خۆم بە بیر و دەستی خۆم چارەنووسی خۆم دیاری بکەم و بەرێوەی بەرم. تەنانەت ئەو مافەشم لێ زەوت دەکەن بڵێم نەتەوەم . مافی دەرس خوێندن و هەتا ئەوەی زۆر جار قسە کردن بە زمانی شیرن و رەسەنی خۆمیان لێ زەوت کردووم ، تۆ بڵێی غەدری لەوەش گەورەتر هەبێ؟!

منی کورد خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندیانەم کە نەتەوەیەک دەبی هەیبێ و یەکێک لەوان زمانەکەمە. زمانی کوردی بە زاراوەکانی کورمانجی خواروو، کورمانجی سەروو، هەورامی و کەلهوڕی و چەندین بن زاراوەوە. دوژمنان و داگیرکەران هەمیشە هەوڵیانداوە تیشە لە ریشەی ئەو زمانەمان بدەن، تورکە بەرچاوتەنگەکان قسەکردن بە زمانی کوردیان کردبووە تاوان و تەنانەت خێزانی کورد پێیان رەوا نەدەبینرا لە چوارچێوەی ماڵی خۆشیاندا بە زمانی زگماکی خۆیان بدوێن وئێستاش کوردەکانی ژێر دەسەڵاتیان ناچارن هەر بە تورکی بخوێنن. لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش دەسەڵاتدارانی فارس کە زمانی خۆیان بە هونەر ناودەبەن لە گەڵ ئەوەی ئێستاش کە ئێستایە زمانی کوردیان بە رەسمی نەناسیوە وئیزنیان نەداوە دەرس بەو زمانە لە کوردستانەکە بخوێندرێ، هەوڵیشیانداوە لە رێگای جۆراوجۆری وەک کەلک وەرگرتن لە راگەیەنەکانی سەر بە خۆیان و پەرە پێدانی فەرهەنگی دزێوی بە کوردی پەتی و رەسەن قسە کردن بێسەوادانە و "بێکلاس"انەیە زمانەکە بەرەو نەمان و لە بیرچوونەوە بەرن. عارەبەکانی سووریەش ئەوە ئاکارە مرۆڤدۆستانەکانیان! بۆ هەموولایەک روون و ئاشکرایە کە کوردی لە بوونی ناسنامەش بێبەش کردووە.بە داخەوە لە باشووری کوردستانی رزگارکراویشدا کە بووینەتە خاوەنی زۆر دەسکەوتی گرینگ هەوڵی پێویست




بۆ پاراستنی زمانە رەسەنەکەمان نەدراوە و نادرێ؛ خەریک هێنانی وشەگەلی بێگانە و نامۆ و تەنانەت زۆرجارانیش داتاشراو جێگە بە وشە پەتی و رەسەنەکانی کوردی لێژ دەکا و جێگای دەزگایەکی چاوەدێری کردن بەسەر زماندا بەتاڵە.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی نەهێندە دووری خۆمان واتە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بخشێنین دەبینین بە مەبەستی پاراستنی زمانی زگماکیمان لە تێیەوە خزانی وشەی نامۆ و نارەسەن و داتاشراو لە لایەن کاربەدەستانی کۆمارەوە لێژنەیەک بۆ چاوەدێری کردن بە سەر زمانی کوردیدا دامزرا و ئەولێژنەیە لە سەر بەکارهێنان یان نەهێنانی وشە و دەستەواژە نوێیەکان بریاری دەدا و بەمجۆرە لە لایەک رەسەنایەتی زمانەکە دەپارێزرا و لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵ بۆ گەشە پێدان و دەوڵەمەند بوونی دەدرا.خۆزگە لە باشووری کوردستانیش کە ئێستا بارودۆخی بەرێوە بردنی ئەو ئەرکەی لێ رەخساوە هەنگاوێک لەو بارەوە هەڵگیرابایەوە.

بە هەمووی ئەوانەشەوە وەک ئەوەی نەتەوەی کورد بۆ مانەوەی خۆی لە هیچ فیداکارییەک نەپرینگاوەتەوە و وەک کوێستانەکانی کوردستانەکەی سەربەرزانەو خۆراگرانە ماوەتەوە، ئاواش زمانەکەی لە بەرانبەر فەوتاندا بەربەرەکانی کردوە. تەنانەت کاتی زمان و کەلتووری عەرەب بە هۆی ئایینی ئیسلامەوە خۆی بەسەر زۆرگەل و نەتەودا سەپاند و هەتا ئەوەی بەشێک لە نەتەوەکان تەواو بوون بە عەرەب، کورد لە گەڵ وەرگرتنی ئایینەکەش زمان و بەشێکی بەرچاو لە کەلتوورەکەی پاراست ئەوەش وەک زۆر بەڵگەی دیکە نیشاندەری ئەو راستییە کە کورد نەتەوەیە و زمانەکەشی زمانێکی رەسەن و سەربەخۆو تایبەت بە خۆی.زمانێک کە لە خۆڕا پێداهەڵگوتن نیە ئەگەر بڵێین دەوڵەمەندیشە و ئەدەبی نەنووسراومان باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو راستییە. زمانێک کە لە باری وەرزێڕی و ئاژەڵداری و کۆمەڵایەتیەوە بۆ وشە و دەستەواژەی رەسەن و پەتی و رەوان دانامێنێ. زمانێک کە ئەگەر خاوەنەکەی گیرۆدەی ئەو چارەنووسە شوومە نەبوویایە کە تا ئێستاش لێی دەرباز نەبووە لە باری زانستە جۆراوجۆرەکانەیشەوە دەیتوانی سەر زیاتر بەرز کاتەوە و ئاوا هەژار نەمابایەوە.

بەڵام ئەو زمانە کە تا ئەمرۆ بەرانبەر بە هەموو پیلانەکان خۆی پاراستووە و سەربەرزانە ماوەتەوە بە دڵنیایەوە لەمەو بەدواش نافەوتێ و بە هیمەتی خاوەنە فیداکار ودڵسۆزەکانیشی ئەو رۆژە هەردێ بە رەسمی بناسرێ و دەرسی پێبگوترێتەوە و بخوێندرێ.ئەو رۆژە دێ زمانی کوردیش وەک هەموو زمانە دەوڵەمەندەکانی دونیایە بە پێی رەوتی بەرەو پێشچوونی پێشکەوتن بەرەو پێش بچێ و لە باری زانستە جۆراوجۆرەکانیشەوە سەری لە نێو سەراندا دیار بێ.

زمانەرەسەن و شیرنەکەمان کە وەک خاوەنەکەی خۆراگر بووە و یەکێک لە بەڵگە حاشاهەڵنەگرەکانی نەتەوە بوونمانە پێویستە هەمیشەرێزی لێبگیرێ و وەک چاو بپارێزرێ و بۆ زیاتر گەشە کردن و دەوڵەمەندتر کردنی هەوڵ بدرێ و بە شانازی و ئەرکی سەر شانمانی بزانین رۆژەجیهانییەکەی واتە رۆژی جیهانی زمانی زگماکی رێز بگرین و لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێن بدەین نەسرەوین تا هەرچی زووتر باشتر، بیکەینە رەسمی.

رۆژی جیهانی زگماکی لە زمانی کوردییش پیروز بێ .

**ئەم بابەت و نووسراوانەی خوارەوە لە لایەن هاوڕێ قادر وریا بۆ پاشکۆی تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی ئامادە کراوە و لە ژمارە ٥٧٧ ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو کراونەتەوە.**

## زمانی زگماکی و ٢١ی فێوریە، بۆنەیەکی گونجاو بۆ حەرەکەتێکی پێویست

ڕۆژی ١٤ی فێوریە، بانگەوازێک بە مەبەستی ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی کە ماڵپەڕە ئەنتێرنێتییەکان دا بڵاو بۆوە.

ئەم بەنگەوازە هەر لە یەکەم ساتەکانەوە لەگەڵ پێشوازییەکی گەرم بەرەوڕوو بوو. پێشوازی هەم لە ئاستی حیزب و ڕێکخراوە و کۆمەڵەو راگەیەنەکاندا، هەم لە ئاستی کەسایەتییەکانی و چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکاندا. هەر زۆر زوویش ڕێگای خۆی لەنێو تێکۆشەران و چالاکانی سیاسی و فەرهەنگیی نەتەوەکانی دیکەی ئێران دا کردەوە. وێڕای نزیک بە ١٠ حیزب و ڕێکخراو و گرووپی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نزیک بە ٢٠ راگەیەن و ناوەند و ئەنجومەنی کوردی، لەسەر یەک نزیک بە ٧٠ ڕێکخراوە، کۆمەڵە، ناوەند، ئەنجومەن و راگەیەنی سەر بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران پشتیوانییان لە بانگەوازەکە کرد.

پشتیوانی لە بانگەوازی ڕێزگرتن (ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی هەر لە چوارچێوەی ڕێکخراو و گرووپ و کۆمەڵە و ئەنجومەنەکان دا نەمایەوە و سەدان کەس لە نەتەوە جیاوازەکانی ئێران پشتیوانییان لێ کردوە کە ژمارەیەکیان لە دیارترین سیماکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانن و لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و فەرهەنگییەکان و لەنێو میدیای ئێرانییەکان و لە بزووتنەوەی چەپ و ڕووناکبیری دا، ناوێکی ناسراون. ئەوانی دیکەش ئەگەرچی لەوانەیە لەو ئاستە لە ناوبانگ و ناسراوی دا نەبن، بەڵام زۆربەیان رابردوویەکی دوور و درێژیان لە خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ئازادی، دێموکراسی، مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەیی دا هەیە. پشتیوانی لەم بانگەوازە هەروا درێژەی هەیە و بە دڵنیاییەوە تا دەگەینە ٢١ی فێوریە، ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی، ژمارەی پشتیوانانی زیاتر دەبێ.




ئایا نەتەوە بندەستەکان و بەتایبەتی چالاکانی سەر بەو نەتەوانە، وەک ئەو بانگەوازە داوای لێکردوون، ڕۆژی ٢١ی فێوریە، هیچ جموجۆڵ و حەرەکەتێک بە داکۆکی لە ویست و داوا نەتەوەیی و زمانییەکانی خۆیان و بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی و زمانی لە کۆماری ئیسلامی دا، لە خۆیان نیشان دەدەن؟ لە ساڵانی رابردوو هێندێک لە میدیاکان و کۆمەڵە و ئەنجومەنەکانی سەر بە چەند نەتەوەیەک وەک کورد، ئازەربایجانی، بەلووچ، تەرکمەن، عەرەب، بە وەڕێخستنی کەمپەین یا هێندێک کۆبوونەوەی ئیعترازی و تۆمار نووسی، پێشوازییان لەم بۆنەیە دەکرد. ئەمساڵ ئەگەر بە بۆنەی زاڵکردنی هەلومەرجی سەرکوتکەرانەی تایبەت بە هەڵبژاردن، ئۆگران و داواکارانی مافە نەتەوەیی و زمانییەکان _ وەک بانگەواز داوای لێکردوون _ نەشتوانن بە جل و بەرگی نەتەوەیی و ناوچەیی خۆیان، لەم ڕۆژەدا بچنە قوتابخانە، زانکۆ و شوێنی کار و بۆیان نەکرێ لەم ڕۆژەدا تەنیا بە زمانی زگماکیی خۆیان بدوێن، بەو حاڵەش، بانگەوازەکە هەتا رادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە. چونکە:

١. هەر بڵاو بوونەوەی ئەم بانگەوازە و پشتیوانیی لایەن و کەسایەتییەکان و چالاکانی بواری جۆراوجۆر لە نێوەرۆکەکەی، بووە بەهۆی ئەوە میدیای فارسی و راگەیەنەکانی سەر بە نەتەوە جۆراوجۆرەکان ، بەرچاوتر لە ساڵانی رابردوو بایەخ بە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی بدەن.

٢. ستەم و هەڵاواردن دژی نەتەوە نافارسەکان و زمانەکانیان و بۆنەیەکی وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی توانیویە ببێتە بەستێنێک بۆ هاودەنگی و هاوهەنگاویی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە ژوورەوە و دەرەوەی وڵات. ئەزموونی کۆکردنەوەی ئەم هەمووە دەنگە جیاوازە لە دەوری بانگەوازێک لە ماوەیەکی کەم دا و بێ ئامادەکارییەکی بەربڵاوی پێشتر، گونجاوبوونی بۆنەکە و ستەمەکە بۆ لێک کۆکردنەوەی پێکهاتە جیاوازەکان و دەنگە جۆراوجۆرەکان، دەسەڵمێنێ.

ئۆپۆزیسیون دەبێ تێبکۆشێ ناوەوەی وڵات ببێتەوە مەیدانی سەرەکیی خەبات و بەربەرەکانیی خەڵک لەگەڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆر و سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی. پرسی زمانی زگماکی و بۆنەیەکی وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایک بۆ بزواندنی خەڵک گونجاون. ڕەوا بوونی داخوازە نەتەوەیی و زمانییەکان و دان پێدانرانیان لە پەسندکراوە نێونەتەوەییەکاندا لەلایەک و لە لایەکی دیکە، کەمتاکورتێک باسکردنی ئەسڵەکانی ١٥ و ١٩ی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی لە جۆراوجۆریی «قەومی» و زمانیی خەڵکی ئێران، دەکرێ وەک زەمینە و هاندەرێک بۆ هاتنە مەیدانی خەڵک و بەڕێخستنی حەرەکەت و گوشار لە دژی، کۆماری ئیسلامی کەڵکی لێ وەربگیرێ.

گرنگ ئەوەیە ئێمە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئێران بۆنە و پرس و بابەتی ئەوتۆ بدۆزینەوە کە دەردی هاوبەش و ویستی هاوبەشیی هەموانمان بێ و هاندەری هەموو لایەکمان بێ بۆ ئەوەی بە یەکەوە بێینە مەیدان و دەنگمان بەرز بکەینەوە. ئەم هەرەوەزەی بە هاوبەشێ حیزب و ڕێکخراو و کۆمەڵە و میدیا و تێکۆشەرانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە پشتیوانی لە بانگەوازەی ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی دا پێکهاتوە، دەتوانێ ببێتە سەرەتایی نەریتێکی نوێ بۆ ئەوەی لە ساڵانی داهاتوودا، بە ئامادەییەکی زیاتر و لە ئاستێکی بەرینتر دا کەڵکی لێ وەربگیرین.

## گرنگترین پەیماننامەکانی تایبەت بە مافە زمانی و نەتەوەییەکان

لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگار و پەرەگرتن و قووڵتر بوونەوەی مافەکانی مرۆڤ، پەیماننامە و بەڵگەنامەی نوێتر لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندە جیهانی و ناوچەییەکانی مافی مرۆڤەوە، بە مەبەستی ڕوونترکردنەوەی ماف و ئازادییەکانی مرۆیەکان و بەرپرسیارەتیی دەوڵەتان، پەسند دەکرێن. کۆمەڵێک لەو پەیماننامە و بەڵگەنامە گرنگانە، تایبەتن بە مافەکانی تاک و گرووپ لە پێوەندی لەگەڵ زماندا. هێندێک لەو پەیماننامە و بەڵگەنامانە، ئەمانەن:

١. «بەیاننامەی مافەکانی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی و زمانییەکان» کە لە ١٨ی دیسامبری ١٩٩٢ لەلایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کراوە.

٢. جارنامە(چارتێر)ی ئورووپا بۆ زمانە ناوچەیی و کەمایەتییەکان، کە لە ٥ی نوامبری ١٩٩٢ لە شاری ستراسبۆرگ لەلایەن نوێنەرانی وڵاتانی ئەندامی شوورای ئورووپا پەسند کراوە.

٣. بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانییەکان، کە دامەزراوە و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان، لە ڕۆژانی ٦تا ٩ی ژوئەنی ١٩٩٦ لە بارسلۆنا، پەسندیان کردوە.

پێویستە ئەمەش بگوترێت، کە لە زۆر بەڵگەنامەی نێونەتەوەیی گرینگی دیکەدا، کە بۆ پێناسەی کەمایەتییەکان و مافەجۆراوجۆرەکانیان تەرخان کراون، یان بە شێوەیەکی وردتر لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لە بواری جۆراوجۆردا دەدوێن، لەسەر پێویستیی بەفەرمیناسرانی زمانەکان و مافی بەکارهێنانیان لە بواری جۆراوجۆردا، پێ داگیراوە. لێرەدا ئاماژەیەک بە هێندێک لەو دوکیۆمێنتانە دەکرێت:

کۆنوانسیۆنەکانی کۆمەڵەی ئورووپا، بۆ نموونە ڕێککەوتننامەی تایبەت بە پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان (٤ی نوامبری ١٩٥٠) مادەی ١٤، پلانی شوورای ئورووپا بۆ پشتیوانی لە کەمایەتییە نەتەوەییەکان (٩ی ئوکتۆبری ١٩٩٣)، بەیاننامەی ئەنجومەنی نێونەتەوەیی قەڵەم لە سانتیاگۆو بەیاننامەی ١٥ی دیسامبری ١٩٩٣ی کۆمیتەی «مافە زمانییەکان و وەرگێڕان»ی ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەم، کۆنوانسیۆنی ١٦٩ی ڕێکخراوی جیهانیی کار، لە بارەی خەڵکانی خۆجێیی و هۆزەکان لە وڵاتانی سەربەخۆ (٢٦ی ژوئەنی ١٩٨٩)، بەیاننامەی جیهانیی مافە گشتییەکانی گەلان، بارسلۆنا، مای ١٩٩٠، بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەی گشتیی فیدراسیۆنی جیهانیی مامۆستایانی زمانی مۆدێرن، لە مەجارستان ١٦ی ئاگوستی ١٩٩١، بەیاننامەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە ئەمریکا، لە بارەی خەڵکانی خۆ جێیی (١٨ی سپتامبری ١٩٩٥).




### مافی تاک و مافی گرووپ لەبەکار هێنانی زمانەکەیاندا:

ئەم پەیماننامە و بەڵگەنامانەی ئاماژەیان پێکرا، مافەکانی ئاخێوەرانی هەر زمانێکیان چ وەک تاک و چ وەک گرووپ، لە بەستێنی جۆراوجۆردا هێناوەتە بەرباس. لە ڕووانگەی هێندێک لەم پەیماننامانەوە زمانەکان یەکسانن و ئاخێوەرانیان مافی یەکسانیان هەیە. تەنانەت بەڵگەنامەیەکی وەک «بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانییەکان» ئاگایانە لەبەکار هێنانی زمانە خۆجێییەکان یان زمانی کەمایەتییەکان خۆی دەبوێرێت و لە جیاتی ئەم جۆرە زاراوانە، «حەشیمەتی زمانی» (کۆمەڵێک کە بەزمانێک قسە دەکەن و لەسەر زەوییەکی هاوبەشدا دەژین) بەکار دێنێت، واتە ئەم بەڵگەنامەیە» لەسەر ئەم بناغەیە دانراوە، کە مافەکانی هەموو حەشیمەتە زمانییەکان یەکسانە، هەڵکەوتی زمانەکان (بە فەرمی ناسراین یان نا،خۆ جێیی و هی کەمایەتییەک بن یان نا) لەسەر سەیرکردنی ئەوان وەک زمانێکی سەربەخۆ، کاریگەرنییە.

## خوێندنی کوردی لە سایەی پارتەکانی کوردستاندا




### حیزبی دێموکراتی کوردستان

#### بەڕێخستنی خوێندن بە زمانی کوردی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران:

ساڵی ١٩٧٩ حیزبی دیموکراتی کوردستان کە هێشتا بنکەکانی لە شارەکاندا بوون، کە کەوتە بیرکردنەوە لە دانانی کتێبی خوێندن بە زمانی کوردی. بە تایبەتی چونکە هیوایەکی هەرچەند زۆر کەمیش بەوە هەبوو کە ڕێژیمی نوێ مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ منداڵانی کورد بەفەرمی بناسێت. بەڵام کاتێک دەوڵەت، کوردستانی خستە ژێر گەمارۆی ئابووری و قوتابخانەکانی داخست ئەرکی ئەو حیزبە قورستر بوو و بیرکردنەوەی خێرا لە وەڕێخستنی قوتابخانەکانی لادێ پێویستییەکی زیاتری پەیدا کرد.

کۆمیتەیەکی سەرانسەری کە پێشتر بۆ دانانی کتێبی خوێندن ڕاسپێردرابوو، بەرلە دەرچوونی فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان لە گەلاوێژی ١٩٧٩ دا، هێندێک کۆبوونەوەی کردبوو و پێشنووسی کتێبێکی خوێندنی ئامادە کردبوو، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستان و ڕووداوەکانی دواتر، لە ساڵی خوێندنی ١٣٥٩. ١٣٥٨ دا، پرسی خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی کوردستان دوا کەوت.

#### دامەزرانی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی کوردستان:

ساڵی خوێندنی ١٣٥٩ . ١٣٦٠ (١٩٨٠ . ١٩٨١)، لە دووای دەورەی دووهەمی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد. ئەم شارو ناوچەو گوندانەی لە ژێر کونترۆڵی ڕێکخراوە سیاسییەکان و هێزی پێشمەرگە دا بوون، لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە گەمارۆیەکی هەمە لایەنەیان خرایە سەر. قوتابخانەکان لەم شوێنانە داخرابوون، مامۆستاو قوتابی بێ مووچەو کتێب لە ماڵی خۆیان چاوەڕوانی ڕوونبوونەوەی بارودۆخەکە بوون. هومێد بە ڕێککەوتن لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی و هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا نەمابوو. نەشدەکرا منداڵانی ناوچە ئازادەکان هەر وا لە چاوەڕوانیدا بمێننەوە. لێرەدا بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، «کۆڕی بەڕێوەبەریی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەری کوردستان»ی پێک هێنا.

لە ڕێگەی ئەم کۆڕەوە، کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکرات، سەرپەرشتیی قوتابخانەکان و کار و باری پەروەردەو فێرکردنی گرتە ئەستۆ. حیزبی دێموکرات لەم مەیدانەدا سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێناو خزمەتی باشی بە پەرەپێدانی زمان و فەرهەنگی کوردی و وەڕێخستنی قوتابخانەکان کرد سەدان لاوی چالاک و دڵپاک بەدەم بانگەوازی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنەوە هاتن و بە ناوی مامۆستایانی شۆڕش» دەرگای قوتابخانەکانیان لە سەرانسەری ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا کردنەوە.

هاوینی ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١ی زایینی) و بە شوێن پەسندکرانی گەڵاڵەی فێرکردن و بارهێنانی کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، بە مەبەستی خەبات دژی نەزانی و نەخوێندەواری و پەرەپێدانی زانست و زانیاری لە بەشە ڕزگارکراوەکانی کوردستاندا، چەندین خولی پێگەیاندنی «مامۆستای شۆڕش» لە لایەن بەڕێوەبەریی کۆڕی پەروەردەوە، پێک هات.

بەم جۆرە لە ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ . ١٣٦١ (١٩٨١ . ١٩٨٢) دا، کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان سەدان قوتابخانەی لە شارۆچکەو گوندەکانی ناوچە ئازادکراوەکاندا کردەوەو سیاسەتی داخستنی قوتابخانەو نەخوێندەوار هێشتنەوەی خەڵکی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوەی پووچەڵ کردەوە.

کتێبەکانی خوێندنی کە لە یەکەمساڵی خۆێندندا، کەڵکیان لێ وەرگیراوە، هەر ئەو کتێبانە بوون کە لە شارو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمدا خوێندراون. دیارە کۆڕی پەروەردەو فێرکردن هەر بۆ ئەم ساڵەش،

فێربوونی خوێندنەوەو نووسینی کوردیی، وەکوو دەرسێک لە بەرنامەی کاری مامۆستاکانی شۆڕشدا داناوە. لە یەکەم خولی پێگەیاندنی مامۆستایانی شۆڕشیشدا، وانەیەکی تایبەت بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان لەگەڵ خوێندنەوە و نووسینی کوردیدا گونجاندوە. مامۆستایانی شۆڕش لە ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ ـ ١٣٦١ بە یارمەتیی ئەو وانەیە و نامیلکەیەکی تایبەتی، کە لە هێندێک ناوچە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کرابوو، وێڕای وتنەوەی دەرسەکانی دیکە بە قوتابیان، فێری خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردییان دەکردن. لە بارەی شێوەی وتنەوەی کتێبەکانی خوێندن بە قوتابییان، لەگەڵ ئەوەی کتێبەکان هی «وزارت یموزش و پرورش جمهوری اسلامی ایران» بوون و بە زمانی فارسی نووسرابوون، بەڵام لەبەر ئەوەی مامۆستاکان و قوتابییەکانیش کورد بوون و خوێندن بە زمانی زگماکی یەکێک لە ئاواتە لەمێژینەکان بوو، هەر بۆیە شیکردنەوەی وانەکان لە لایەن مامۆستاو وڵامدانەوە لە لایەن قوتابیان، بە زمانی کوردی بووە.




### هاوکاریی خەڵک لە گەڵ کۆڕی پەروەردە:

«خەڵکی گوندەکانی کوردستانیش بە دانی یارمەتی و دابین کردنی بژیوو بەڕێوەچوونی مامۆستایانی شۆڕش، ئەرکی نیشتمانپەروەری و نەتەوەخوازی و ئینسانیی خۆیان بۆ ڕاماڵینی نەخوێندەواری لە کوردستان دا دڵسۆزانەو بەرپرسانە بەڕێوە برد. هەزاران کیژو کوڕ و لاو و پیری نەخوێندەواری کوردستان بە ڕۆژ و بە شەو بەرەو قوتابخانەکان وەری کەوتن و لە ژێر سێبەری دار و ئەشکەوت و کونەتەیارە و کەپر و دەوار و مزگەوت و کۆنە قوتابخانەکان دا، بۆ خوێندن بە زمانی زگماکی خۆیان ئاوردوویان بۆ سەنگەری ڕووناکی دەبرد.

تەنانەت گەلێک گوندو شوێن کە لە نیزامی دوو هەزارو پێنسەد ساڵەی شاهەنشاهیی ئێراندا قەت خاوەنی فێرگەو قوتابخانە نەبوون، قوتابخانەی شۆڕشیان لێ کرانەوە.

پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە کرانەوەی قوتابخانەکان و خوێندن بە کوردی بێ وێنە بوو. بەڕاستی هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان، ئەوانەی نەخوێندەوار بوون، وێڕای تفەنگی سەر شانیان و فیشەکدانی قەدیان و توورەکە نانی کۆڵیان، کتێبی خوێندنی کوردیشیان لە کۆڵە پشتی دا بوو».

بۆ ساڵی خوێندنی ١٣٦١ ـ ١٣٦٢، ژمارەی قوتابیان و ژمارەی قوتابخانەکانیش زیادیان کرد. لە گەڵ ئەوەی هێرشی ئەرتەش و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بەردەوام بوو و لەگەڵ هەر هێرشێکدا، ژمارەیەکی دیکە گوند و ناوچە دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەڵام پێشوازیی خەڵک لە کۆڕی پەروەردە و خوێندن بە زمانی کوردی و بایەخدان بە خوێندنی منداڵان و گەورەساڵان لە پەرەگرتندا بوو. خولی نوێ بۆ پەروەردە کردنی مامۆستای نوێ و هەروەها بۆ پتر پێگەیاندنی مامۆستایانی پێشوو کرانەوە.

### مامۆستایانی شۆڕش :

ئەو کەسانەی لە قوتابخانەکانی ناوچەی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگەدا بە کوردی وانەیان دەکوتەوە، پێیان دەگوترا» مامۆستایانی شۆڕش» ، کە زۆربەیان کادرو پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون و شانبەشانی بەڕێوەبردنی ئەرکی پێشمەرگایەتی، کاری مامۆستایەتیشیان دەکرد. لە زۆر شوێن هێندێ فەقێ و مامۆستای ئاییینیش، وەک مامۆستای شۆڕش دەرسیان دەگوتەوە.

لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٣٦١ ـ ١٣٦٢دا کتێبی «خوێندنی زمانی کوردی» کە حیزبی دێموکرات لە وڵاتی لوبنان چاپیکردبوو، گەیشتە دەست مامۆستایان و قوتابیانی ناوچە ئازادەکان. وەک لەمەو پێش باسکرا، کۆڕی پەروەردە لە نەبوونی کتێبەکانی خوێندن بە زمانی کوردی، کەڵکی لە کتێبەکانی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی ئێران وەردەگرت، بەڵام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان تەنانەت نەیاندەهێشت کتێبی فارسی بگاتە دەستی قوتابییە کوردیخوێنەکان و بە هەموو تواناوە پێشیان بە هاتنی دەگرت.

### کتێبەکانی کۆڕی پەروەردەو فێرکردن:

کۆڕی پەروەردە، بەرەبەرە کتێبی دیکەی خوێندنی بە زمانی کوردی ئامادە کردن. ئەم کتێبانە بریتی بوون لە:

١. خوێندنی زمانی کوردی (١)، بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی

٢. زانستی ئەزموونی بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی

٣. ئەژمێر بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی

٤. خوێندنی کوردی بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی

٥. زانستی ئەزموونی بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی

٦. ئەژمێر بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی

٧. ژیان و خەبات(١) فێربوونی خوێندنەوەو نووسین، تایبەتی گەورەساڵان

٨. «ڕێنوێنی مامۆستا» (بۆ کتێبی «ژیان و خەبات»، فێرکردنی خوێندنەوەو نووسینی کوردی بە شێوەی داهێنەر»)

چوار کتێبی یەکەم لەم کتێبە ناوبراوانە، ساڵی ١٣٦١ (١٩٨٢) یان لە سەر نووسراوە،واتە لەم ساڵە دا چاپ بوون. پێشەکیی ئەژمێر و زانستی ئەزموونی بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە مانگی ڕەزبەری ئەو ساڵەدا (یەکەم مانگی کرانەوەی قوتابخانەکان) نووسراون. پێشەکیی «خوێندنەوەی کوردی» و «زانستی ئەزموونی» بۆ پۆلی دووهەمی سەرەتاییش لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٦١ دا نووسراون.

کتێبی ئەژمێر بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی، وەرگێڕدراوی کتێبی «حساب»ی فارسیی پۆلی یەکەمە.


کتێبی «زانستی ئەزموونی» بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتاییش وەرگێڕدراوی کتێبی «علوم»ی پۆلی یەکەمی فارسییە، کە کراوە بە کوردی.

کتێبیی «ئەژمێر» و «زانستی ئەزموونی» بۆ پۆلی دووهەمی سەرەتاییش، وەرگێڕدراوی کتێبی «حساب» و «علوم»ی پۆلی دووهەم بە زمانی فارسین. کاری وێنەکێشان و خۆشنووسیی «زانستی ئەزموون» بۆ پۆلی دووهەمیش سەلاح وەهاب پوور(سامرەند) و عومەر ئەورامی (ئاسۆ) کردوویانە. کتێبی «ئەژمێر» بۆ پۆلی ٢ی سەرەتایی مێژووی پووشپەڕی ١٣٦٨ (١٩٨٩)ی لە سەرە و هیچ ئاماژەیەکیش بەوە نەکراوە کە بۆچی چاپی ئەم کتێبە لەگەڵ کتێبەکانی تردا نەبووە.

دوو کتێبەکەی تر (ژیان و خەبات و ڕێنوێنی مامۆستا)، ساڵی ١٣٦٣ (١٩٨٤) چاپکراون.






## کۆمەڵە

### دامەزرانی »کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە»

ساڵی خویندنی١٣٥٩ ـ ١٣٦٠ ی هەتاوی (١٩٨٠ـ١٩٨١ی زایینی) خوێندنگاکانی شارو ناوچە ئازادەکان لە لایەن حکوومەتەوە داخران. لەوسەروبەندەدا لە بۆکان، «جەمعییەتی دیموکراتیکی موعەلیمانی تێکۆشەر بۆ داکۆکی لە مافی فەرهەنگییان» بۆ داکۆکی لە مافی ئەو مامۆستایانە کە بە بۆنەی تێکۆشانی سیاسییەوە لە لایەن حکوومەتەوە لە سەر کار دەرکرابوون، پێکهات. ئەم کۆمەڵەیە، پاییزی ١٣٥٩ (بۆ ساڵی خوێندنی١٣٥٩ـ١٣٦٠) خوێندنگەکانی بۆکانی کردەوە دواتر(سەرەتای پاییزی ١٣٦٠) کە حکوومەت بۆکانی گرتەوە، کارنامەی ئەو ساڵە، کە «جەمعییەت» دابووی بە منداڵان، قەبووڵی کرد.»

دوای گیرانەوەی بۆکان، ئەندامانی جەمعییەت لە شار هاتنەدەر. بەڕێوەبەرێتیی «جەمعییەت» تا ماوەیەک لە دێی «ئاجیکەند» بوو. هەندێک مەدرەسەی لە ناوچەکانی سەقز، بانە، بۆکان، مەهاباد و سەردشت کردەوە. لە هاوینی ١٣٦١ (١٩٨٢) کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، بڕیاری دا «کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە» پێک بهێنێت.

کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە لە ژمارەیەک لە ئاواییەکانی سەردەشت، بانە، مەهاباد، بۆکان و سەقز، سەرجەم نزیکەی ٦٠ تا ٧٠ خوێندنگەی کردەوە.

**. خولەکانی پێگەیاندنی مامۆستا:**

یەکەم خولی ڕاهێنان بۆ ئەو کچ و کوڕە لاوانەی دەیانەویست وەک مامۆستا لە خوێندنگەکانی سەر بەم کۆمیسیۆنە خزمەت بکەن، هاوینی١٩٨٢ لە دێی ئاجیکەند، بە بەشداریی ١٨کەس (ژن و پیاو) پێکهات.

خولی دووهەمی ڕاهێنانی مامۆستایان هەر ئەو هاوینە لە ئاوایی سیسێر لە ناوچەی سەردەشت بەڕێوە چوو. خولی سێهەمی ڕاهێنانی مامۆستایان، لە نیوەڕاستی پاییزی ١٩٨٢دا، بە بەشداریی نزیکەی ٢٠ کەس کە لە ناوچەکانی سەقز و بۆکان و مەهابادەوە هاتبوون، لە هاچیدەرێ، پێکهات.

لەو ٣ خولەدا، کە بۆ ڕاهێنانی مامۆستایانی کۆمیسیۆنی ناوبراو پێکهاتن، چۆنیەتی وتنەوەی وانەی کوردی، شێوازی بارهێنان و مێژووی بزووتنەوەکانی کورد، وەک وانە دەگوترانەوە.

### چۆنیەتیی ئامادەکرانی کتێبەکانی کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنان:

ئەو کتێبانەی کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە بۆ خوێندن لە قوتابخانەدا کەڵکی لێوەردەگرتن، هەر بۆخۆی ئامادە و چاپی کردبوون. بۆ دانانی کتێبەکانی خوێندن، نزیکەی٢٠ مامۆستایەک لەژێر ناوی» هیئت تدوین کتابهای درسی» (دەستەی دانانی کتێبەکانی خوێندن)دا ڕاسپێردرابوون. ئەم دەستەیە بە چەند گرووپ دابەش ببوون:

١. گرووپی خوێندنی کوردی، کە لە سەر ساغکردنەوەی ڕێنووسی کوردی کاریدەکرد و کتێبی خوێندنی کوردیی بۆ پۆلی یەکەم، دووهەم و سێهەمی سەرەتایی دەنووسی.

٢. گرووپی گەورەساڵان، کە کتێبی خوێندنی بۆ گەورە ساڵانی نەخوێندەوار دەنووسی. گرووپەکە دوو کتێبی بۆ ئاستی یەکەم و، دووهەمی فێرکردنی گەورەساڵان، بە فارسی نووسی.

٣. گرووپی سێهەمیش دابەش ببووە سەر ٣ گرووپی زانستی، ماتماتیک و کۆمەڵایەتی کە دەبوو لە سەر نووسینی پێوەندیدار بە هەر بووارێک بۆ قۆناغی سەرەتایی کار بکەن.

کۆمەڵێک لەوکەسانەی لە دانانی کتێبەکانی خوێندنی ئەم کۆمیسیونەدا بەشدار بوون، بریتی بوون لە: ١. ڕەحیمی تلووعیفەر(خەڵکی بۆکان)، ٢. ڕەشاد مستەفا سوڵتانی (خەڵکی مەریوان )، ٣ـ حامید (خەڵکی خوراسان)، ناسر حیسامی(خەڵکی مەهاباد)، ٥. شەهلا ئێلخانیزادە(خەڵکی بۆکان)، ٦. محەممەد میسری (خەڵکی مەهاباد)، ٧. عەتا خوڵقی (خەڵکی سنە)، ٨. شەهلا دانیشفەر (خەڵکی تاران)، ٩. نادری قازی ناسراو بە ئازاد(خەڵکی مەهاباد).

کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە، بۆشێوازی ڕاهێنان و دارشتنی وانەکان ئەو شێوازەی ڕەچاو دەکرد کە لە پێڕەوی خوێندنی ئێراندا باو بووە. لە کۆبوونەوەکانی دەستەی دانانی کتێبی دەرسیدا، هێڵی گشتیی نووسینی کتێبەکان و چوارچێوەی هەر وانەیەک دیاریدەکرا، هەر کەس گەڵاڵەی وانەیەکی ئامادە دەکرد، دووایی لە کۆبوونەوەی دەستەی نووسیندا، گەڵاڵەکە قسەی لە بارەوە دەکرا و دوای گونجاندنی تێبینییەکان پەسند دەکرا. کتێبی «ئەلفو بێ» بۆ پۆلی یەکەم زۆربەی هەرە زۆری وانەکانی بەهاوبەشیی هەر دوو ئەندامانی دەستەی دانانی کتێبەکانی خوێندن ئامادە دەکرا.

کتێبی» ئەلفوبێ» بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی، پێشتر ئەوکاتەی» جەمعییەتی موعەلیمان» هێشتا لە نێو شار(بۆکان) بوو، ئامادە و تەنانەت چاپیش کرا. بەڵام لەنێوشار بەجێما و لە نێوچوو.

### کتێبەکانی کومیسیۆنی فێرکردن وبارهێنانی کۆمەڵە بۆ خوێندن :

بۆ خوێندن لە قوتابخانەکاندا، کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە سێ کتێبی لە ژێر ئەم ناوانەی خوارەوەدا ئامادەو چاپ کردن:

١. «ئەلف و بێ» (١) بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی، ساڵی ١٣٦٢ چاپ و بڵاو بووەتەوە.

٢. «خوێندنەوەی کوردی» (٢) بۆ پۆلی دووهەمی سەرەتایی، ساڵی ١٣٦٢ چاپ و بڵاو بووەتەوە.

٣. «خوێندنەوی کوردی» (٣) بۆ پۆلی سێهەمی سەرەتایی، ساڵی ١٣٦٢ چاپ و بڵاو بووەتەوە.

٤. ڕێنووس زبان کردی، کە بە زمانی فارسی و بە مەبەستی فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی دانراوە. ئەم نامیلکەیە بۆ کەسانێکە کە زمانی فارسی دەزانن و لە ڕێگای بەراوردی پیتەکانی هەر دوو زمانەکەوە، فێری خوێندنەوەو نووسینی کوردی دەبن.

«کتێبەکانی پۆلی یەکەم و دووهەم و سێهەمیش سەرەتا لە چاپخانەی کۆمەڵە بە ڕەش و سپی و دوواتر لە عێراق بە چاپێکی باش چاپکران . چاپی دووهەمی ئەم سێ کتێبە لە ساڵی ١٣٧٢ (١٩٩٣)دا بووە. جگە لەم کتێبانەی ئاماژەیان پێ کرا، لە پێڕەوی فێرکردنی ئەم کۆمیسیۆنەدا، چەندین کتێبی دیکە هەبوون. لە پۆلی دووهەمی سەرەتاییدا، کتێبەکانی «عولووم» و «ژمارەو پێوان» و، لە پۆلی سێهەمی سەرەتاییشدا، جگە لە «عولووم» و «ژمارەو پێوان»، کتێبی «زانستی کۆمەڵایەتی»یش لە قوتابخانەدا خوێندراون.

## کاریگەریی خوێندن بە زمانی دایک لە سەر زمانی نەتەوە




**پەرە ئەستاندن، بووژانەوە و بەهێزبوونی زمان:**

خوێندن بە زمانی زگماکی، هەروا کە کاریگەریی لە بە هێزکردنی ناسنامەی نەتەوەییدا هەیە، لە سەر خودی زمانەکەش کاریگەریی جۆراوجۆری هەیە و لە کۆمەڵێک ڕووەوە دەبێتە هۆی گەشە کردنی. دەتوانین کاریگەریی ئاکامەکانی خوێندن بە زمانی زگماکی لە سەر ئەو زمانە، بەم جۆرە پۆلین بکەین:

### ١. پێشگیری لە فەوتان و لەنێو چوون

زمان سامانێکی کولتوورییە وئەم سامانە هەر موڵکی ئەو نەتەوەیە یان ئەو کەسانە نییە کە بەو زمانە قسەدەکەن، بەڵکوو سامانە کولتوورییەکە هی سەرجەم مرۆڤایەتییە. کاتێک زمانێک لە نێو دەچێت، دەسکەوتێک و داهێنانێک، کە کۆمەڵێک مرۆڤ لە درێژایی مێژووییەکدا بەرهەمیان هێناوە و، هەڵگری هەزاران نەریت و بیرەوەری و ئەزموونی سەردەمە جۆراوجۆرەکانی ئەو کۆمەڵە مرۆڤەیە، لە نێو دەچێت . ئەم تێگەیشتنە دروستەیە کە وڵاتانی دیموکراتیکی جیهانی گەیاندووەتە ئەم قۆناغە کە هەموو ساڵێ بەشێکی زۆر لە پارە و سامانی وڵاتەکەیان بۆ پێشگیری لە فەوتانی ئەو زمانانە بەکار بێنن، کە کەوتوونە نێو چوارچێوە و جوگرافیای ئەوان. هێندێک لەو زمانانە ژمارەی ئاخێوەرانیان لە چەند هەزار کەس تێناپەڕێت، بەڵام هەوڵی زیندووڕاگرتنیان دەدەن. چونکە بە سامانێکی کولتوورییان دەزانن. جەوهەری نەتەوەیەک و ڕیشەی هەموو ڕابردووەکەی، ئیستا و داهاتووی، زمانی زگماکییە. لە سەر ئەم بناغەیەیە کە نەتەوەکان لە درێژایی مێژوودا، زیاتر لە هەر شتێکی دیکە، پارێزگارییان لە زمانی خۆیان کردوە. (١)

کاتێک زمانێک پێی دەخوێندرێت و بەفەرمی لە سیستەمی خوێندندا کەڵکی لێوەردەگیرێت، مەترسیی فەوتان و مردنی لە سەر لادەچێت، چونکە ئەمە بەمانای بەفەرمی ناسرانیەتی و، گرنگی بایەخی زمانەکە هەم لای ئەو خەڵکەی قسەی پێدە کەن، هەم لای دەسەڵات، زیاتر دەبێت.(٢)

زمانێک کە پێی بخوێندرێت، پێویستی بە کتێبی خوێندن بەو زمانە هەیە، مامۆستای تایبەت بۆ وتنەوەی وانە بەم زمانەی پێویستە. بەم هۆیەوە کە بوارەکانی خوێندن جۆراوجۆر و جیاوازن، زمانەکە هەوڵ دەدات لە هەموو ئەو بوارانەدا وڵامدەربێت و لە هەناوی خۆیدا وشەو زاراوەی گونجاو بۆ بوارە جۆراوجۆرەکان بەرهەم بهێنێت. لە لایەکی دیکەوە، زمانێک کە پێی دەخویندرێت دەبێت لە باری ئابوورییەوە پشتی بگیرێت و کۆمەڵێک پێداویستی بۆ دابین بکرێت. ئەمانە هەموویان دەبنە هۆی بەردەوامی و گەشەکردن و بەرەوپێشچوون. جگە لەمەش هەر ئەوەکە نەوە دوای نەوە منداڵانێک فێردەبن بەم زمانە بخوێنن، بخوێننەوە و بنووسن، دەبێتە هۆی ئەوە هۆگری بەو زمانە بچێتە نێو هەست و بیر و بیرەوەری و نەست و هۆشی ئەو کەسانەی بەم زمانە خوێندوویانە و دەخوێنن. ئەمانەش باشترین دەستەبەرن بۆ پەرەگرتنی زمانەکە و بووژانەوە و بەرەوپێشچوونی.




### ٢. باشتر خۆناسین و بەدەستهێنانی توانایی و دەوڵەمەندی:

تا ئەو کاتەی زمانێک ئەدەبیاتی نووسراوی نەبێت و پێی نەخوێندرێت، بەو جۆرەی پێویستە ناکەوێتە بەرسەرنجی شارەزایانی بواری زمان و لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا لێی ناکۆڵرێتەوە.

فێربوونی زمانێک و خوێندنی ئەو زمانە، پێویستی بەناسینی ئەلفوبێی ئەو زمانە، ناسینی فۆنیمەکان و فۆنۆلۆژیی زمانەکە، ئاگاداری لە زاراوە جیاوازەکان و وشە هاوواتاکان لەو زاراوانەدا و کۆمەڵێک پرسی دیکەی بە دووادا دێت. خوێندن بە زمانێک ئەگەر لەلایەکەوە، ئامادە کردنی کتێب و مامۆستای تایبەت بەم زمانەی پێویستە، لەلایەکی دیکەوە لێکۆڵینەوەی ئاکادیمی لەبارەی فۆنۆلۆژی، مۆرفۆرلۆژی یان ڕێنووس و ڕێزمان و ڕەچەڵەکی زمانەکە و کاریگەریی زمانەکانی دەوروبەر لە سەر ئەو زمانەی پێویستە. کۆکردنەوەی ئەدەبیاتی زارەکی و تاوتوێکردن و تیشک خستنە سەریان لە ڕووانگەی جۆراوجۆرەوە، کۆکردنەوەی وشەو زاراوەی دیالێکتە جیاوازەکان و پێکهێنانی وشەدان لەوان و چارەسەر دۆزینەوە بۆ کەموکورتییەکانی ئەم زمانەی پێویستە. لە ئاکامی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەدا و لە سایەی خۆناسین و پەیبردن بە کەموکورتی و پێداویستییەکان، پرسی دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ زاڵبوون بەسەر ناتەواوی و لاوازییەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ نیازەکانی سەردەم، دەبێتە



خەمی مشوورخۆران و دڵسۆزان و شارەزایانی زمانەکە و بەم جۆرە زمان ئامادەیی و توانای چوونە پێشی لەگەڵ سەردەم و گۆڕانەکانیدا تێدا پێکدێت.

## بار و دۆخی خوێندن لە نێو منداڵانی نەتەوە نافارسەکاندا

بە گوێرەی خشتەیەک کە لەسەر بناغەی ئامارەکانی ڕێکخراوی بەرنامە و بودجەی ئێران ئامادە کراوە، لە پلەبەندیی هەلومەرجی خوێندنی پارێزگاکانی ئێراندا، ئەو پارێزگایانەی دانیشتووانیان فارسن، پلەی یەکەم تا پێنجەمیان لەو خشتەیە دا هەیە. ئەو پارێزگایانەش کە دانیشتووانیان فارس نین و بە زمانی خۆیان ناخوێنن، کەوتوونە خوارەوەی خشتەکە.

ئازەربایجان، کە لە دواساڵەکانی دەسەڵاتدارەتیی ڕەزاشا دا، لەباری خوێندنەوە پلەی چوارەمی هەبوو و لەدوای تاران، فارس و سمنان بوو، لە دواساڵەکانی حکوومەتی حەمەڕەزا شای پەهلەوی دا کەوتە نێوەندی خشتەکە، بەڵام بەهۆی درێژەدرانی سیاسەتی زمانیی ڕێژیمی پەهلەوی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، لە دوای شۆڕشی ئێران، نەک هەر دابەزین و داکشانی خوێندن و خوێندەواری لە ئازەربایجان (لە هەر دوو پارێزگە) چارەسەر نەکرا، بەڵکوو پتر بەرەوخوارەوەی خشتەکە چوو.



«ساڵی ١٣٦٥ (١٩٨٦) ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات لە نێو ٢٤ پارێزگەدا، بۆ پلەی بیستەم و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بۆ پلەی بیست و دووهەم داکشا.

ساڵی ١٣٧٥ (١٩٩٦) لە نێو ٢٦ پارێزگەدا، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات پلەی نۆزدەهەم، زەنجان پلەی ٢١و، ئەردەبیل پلەی بیست و دووهەم و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا پلەی بیست و چوارەمیان هەبوو. وەک لەم خشتەیەدا بەدیدەکرێت لە نێو سێزدە پارێزگەی ئاستی یەکەمدا، ١٠ پارێزگە، زمانی سەرەکیی دانیشتووانیان فارسییە. بەڵام لە ١٢ پارێزگە لەو١٣ پارێزگەیە کە ئاستەکەیان لە خوارێیە، زمانی زۆربەی هەرەزۆری دانیشتووانیان، تورکی، کوردی، لوڕی و عەرەبییە»..

ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەکان نیشاندەدەن کە لە نێوان نەخوێندەواری و دەستهەڵگرتن لە خوێندن لە نێو نەتەوە نافارسەکانی ئێراندا و بێبەشی لە خوێندن بە زمانی زگماکی پێوەندیی ڕاستەوخۆ هەیە. هەر بە پێی ئەم لێکۆڵینەوانە، شوێنەوارە ڕەوانییەکانی بێبەشی منداڵ لە خوێندن بە زمانی دایک بە تایبەتی لە سەرەتای چوون بۆ قوتابخانەدا، کاریگەرییان لە سەر کەسایەتیی ئەو دەبێت و دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی بڕوا بە خۆ بوونی. بەم هۆیەشەوە کە زمانەکە هی خۆی نییەو بە سەریدا زاڵ نییە، ناتوانێت وەک منداڵێک کە خوێندنەکە بە زمانی ئەوانە، لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە خوێندن، پێشبرکێیان لە گەڵ بکات. ئەم بارە بەرەو دوورکەوتنەوە لە خوێندن و قوتابخانە، پاڵی پێوەدەنێت.

«مارک لاتایمر، بەڕێوەبەری گشتیی گرووپی کەمایەتییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پێ لەسەر ئەم مەسەلەیە دادەگرێت کە هۆی نەخوێندەواریی دەیان میلیۆن منداڵ بۆ هەڵاواردنی نەتەوەیی لە وڵاتەکانیاندا و بێبەش مانەوە لە خوێندن بە زمانی زگماکی دەگەڕێتەوە.»

«لە پارێزگای خوزستان(کە زۆربەی دانیشتووانی عەرەبن)، نزیکەی ٣٣%ی قوتابییانی قۆناغی سەرەتایی و، ٥٠%ی قۆناغی ناوەندی و ٧٠%ی قوتابییانی قۆناغی ئامادەیی، دەست لە خوێندن هەڵدەگرن. ژمارەی خوێندکارانی عەرەبزمان لە زانستگەکانی ئێران زۆر کەمە و بە بەراورد لە گەڵ ئامادەبوونی خوێندکارانی فارس لە زانستگەکان دا، هەر بۆ باسکردن نابێت.»

داتاکان لە ئازەربایجانیش هەر ڕاستیی ئەم قسەیە دەسەلمێنن:

«ئازەربایجانی باشوور لە بارەی ژمارەی نەخوێندەوارانەوە پلەی بیستەمی لە ئاست وڵات دا هەیە. نەخوێندەواری بۆ خۆی بەرهەمی کۆمەڵێک نابەرابەری و هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییە لە کۆمەڵدا و هەر بۆ خۆشی دەبێتە هۆی سەرچاوەی کۆمەڵێک گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری»

زمانی فارسی، کە منداڵانی ئێران، لە ڕۆژی یەکەمی چوون بۆ قوتابخانەوە، ناچار دەکرێن پێی بخوێنن، زمانی ٣٠%ی قوتابییانی ئێرانە. سەدی ٧٠ی قوتابییانی سەراسەری وڵات، لە نەتەوە نافارسەکانن.واتە لە ماڵەوە بە زمانێک قسە دەکەن و لە قوتابخانە بە زمانێکی دیکە قسە دەکەن و دەخوێنن. ئەم دوو زمانبوونە بووە بە هۆی دابەزینی ئاستی فێربوون و چالاکیی قوتابییە نافارسەکان

سەرچاوەکان:


-دو مقاله علمی و تحقیقی در زمینه لزوم آموزش به زبان مادری، مقاله اول،مرکز مطالعات وفاق اسلامی وابسته به انجمن اسلامی دانشجویان دانشکده فنی . دانشگاه تبریز،

- یووسف عەزیزیی بەنی ترۆف، ٢ی ڕەشەممەی ١٣٨٨، وتووێژ لەگەڵ ماڵپەڕی (roozonline)

- بەیاننامەی دەستەی بەڕێوەبەری بزووتنەوەی فیدراڵی دیموکراتی ئازەربایجان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکەوە،٢٠١٠/٢/١٨، ماڵپەڕی «عصر نو»

یونس شاملی، کودک آزاری در نظام آموزشی ایران، ماڵپەڕی «اخبار روز»


==================================================================================

**ئەوەی ڕێز لە زمانەکەم نەگرێ، مانای وایە منیشی ناوێ**

## ئەرکە هەنووکەییەکانی ئۆگران و دلسۆزانی زمانەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

لە هەلومەرجی ئێستادا، کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی گوردستان، دەسەڵاتێکی سیاسی و نەتەوەیی تایبەت بە خۆی نییە و هەوڵدان بۆ فێربوون و فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی کوردی، فەرهەنگنووسی و لێکۆڵینەوە لە بارەی زمانی کوردییەوە، بە هۆی تاکە ڕووناکبیر و دڵسۆزەکانی ئەو نەتەوەیە و هۆگرانی زمانەکە بە بێ پشتگیریی دەسەڵات و دامەزراوێکی دەوڵەتی بەڕێوە دەچێت پێویستە کۆمەڵێک خاڵ لەبەرچاو بگیرێن. گرنگترینیان، بریتین لە:

١. بەردەوامبوون لەسەر ئەو هەوڵە پیرۆزانە کە چەندین ساڵە بە نیازی پاراستن و خزمەتی زمانی کوردی ئەنجام دەدرێن. گرنگترینی ئەم هەوڵانە، ئاشنا کردنی نەوە نوێیەکانی کوردستان بە ئەلفوبێ و ڕێنووسی کوردی و هاندانیان بۆ خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردییە. بەم فێرکردنە سەرەتاییە پردێکی پێوەندی لە نێوان خوێندەواری کورد و چاپەمەنی و ئەدەبیاتی نووسراوی کوردی پێکدێت و لەگەڵ زیاتر ڕۆچوونی خوێنەری کورد بەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا، پتر هۆگری زمانی نەتەوەکەی دەبێت.

لەم نێوەدا جێگای خۆشحاڵییە، کە فێرکردنی ئەلفوبێی لاتینیش کەوتووەتە بەر سەرنجی فێرکاران و مامۆستایانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە ڕێگای فێربوونی ئەم ئەلفوبێیەوە، خوێنەری کورد دەتوانێت لەمەودوا ئەو بەشە لە چاپەمەنیی کورد کە بە ئەلفوبێی لاتینی نووسراون، بخوێنێتەوە. بۆ نووسەری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەم توانایە درووست دەبێت، کە هەر نەبێت پوختە یان هەڵبژاردەیەک لە بەرهەمەکانی بە ئەلفوبێی لاتینی بڵاو بکاتەوە، تا ئەو بەشە لە خوێنەرانی کورد کە ناتوانن بە ئەلفوبێی عەرەبی، بخوێننەوە، لە بەرهەمی نووسەرانی ئەو بەشەی کوردستان، کەڵک وەربگرن.




٢- بایەخدان بە کاری زانستی لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا، ئەمە پتر ڕووی لەو توێژە لە زانایان و ڕووناکبیرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان بەشەکانی دیکەی ئێرانە، کە لە بواری زمانەوانیدا پسپۆڕن. توێژینەوە لەبارەی زار و شێوەزار و گۆڤەرە جۆراوجۆرەکانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و کۆکردنەوەی وشە و زاراوە (موستەلەحات) ی ئەوان و پێکهێنانی وشەدانی زمانی کوردی، دەتوانێت بەشێک لەم کارە زانستییانە بێت. هەروەها بەستنی کۆڕو کۆبوونەوە و سیمیناری زانستی لە بارەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و گەلاڵە و پەسەند کردنی ڕاسپاردە و پێشنیار و بڕیاری بەکەڵک لەم پێوەندییە دا بایەخی خۆی هەیە. دیارە ئەم جۆرە کارانە، تێچوویان هەیە، بەو هۆیەشەوە، کە دامو دەستگا دەوڵەتییەکان، بە دەگمەن ڕووی خۆش بەم جۆرە هەنگاوانە نیشان دەدەن، جێی خۆیەتی خەڵک، بەتایبەتی کەسانی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر، کە لەباری داراییەوە دەستڕۆیشتوون، هاوکاریی پێویست بکەن.

٣- دوورکەوتنەوە لە دەمارگرژیی ناوچەیی و خۆبواردن لە کاروباری زمانەوانی بە ئاراستەی قوربانیکردنی بەرژەوەندی زمانێک لە پێناوی بایەخدان بە شێوەزار یان گۆڤەرێکی تایبەت. دەکرێت بڵێین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەنێو کوردەکانی ئێراندا، زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی جێگای خۆی کردووەتەوە و لە هەموو شارو ناوچەکان سەرەڕای جیاوازیی شێوەزار و گۆڤەرەکان، پێی دەنووسرێت. بەردەوامبوون لەسەر ئەم ڕێچکەیە و کار بە ئاراستەی هاتنە کایەی زمانی ستانداردی کوردی، ئەرکێکی پێویستە. ئەمەش بە واتای غافڵبوون نییە لەو شێوەزار و گۆڤەرانە نیە کە ئامادەیی و ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆیان لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو دا نییە. دەبێت شانبەشانی بایەخدان بە نووسین بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، بۆ کۆکردنەوەی ئەدەبیاتی زارەکیی ئەو شێوەزار و گۆڤەرانە و بڵاوکردنەوەیان، کۆکردنەوەی وشەکانی ئەوان و دەوڵەمەند کردنی وشەدانی زمانی کوردی بە هۆیانەوە و ئەنجامدانی توێژینەوەی زمانەوانی لە بارەیانەوە بە ئەرکی خۆیان بزانن.

٤. ئێستا کە نەتەوەکەمان لەو بەشەی نیشتمانەکەیدا خاوەنی قەوارەی ڕامیاری و دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی نییە و لەو دەستگا و دامەزراوانە بێبەشە، کە دڵسۆزان و خزمەتکارانی زمانی کوردی بە یارمەتیی ئەوان بتوانن بەرنامەو پرۆژەکانیان جێبەجێبکەن، دەکرێت بە هۆی تێکنۆلۆژیای پێشکەوتووی گەیاندن و بڵاوکردنەوەوە، تا ڕادەیەک قەرەبووی ئەم نەبوونییانە بکرێتەوە. کەڵکوەرگرتن لە پێگە و ماڵپەڕە ئینترنێتییەکان و بڵاوکردنەوەی نووسین و توێژینەوە و فەرهەنگ لە ڕێگای ئەوانەوە، لە نەبوونی گۆڤار و ڕۆژنامە و دەستگای چاپ و پەخش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دەکرێت ڕێگایەکی زۆر باش بۆ دەستڕاگەیشتن بە خوێنەری کورد بێت.

٥. لە سەرووی هەموو ئەو هەوڵانەوە، خەبات لە پێناوی بە فەرمیناسرانی زمانی کوردی و بەدەستهێنانی مافی خوێندن بەو زمانە لە قوتابخانەکانی کوردستاندا. بۆ ئەم مەبەستە لە لایەک گشتگیر کردنی ئەم خواستە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێویستە، بە جۆرێک کە نەک هەموو توێژی ڕووناکبیر و فەرهەنگی، بەڵکوو تێکڕای خەڵک داوای بکەن. لە لایەکی دیکەوە، جێی خۆیەتی بۆ هێنانە گۆڕی جیددیتری داوای خوێندن بە زمانی دایک، لە گەڵ چالاکان و دامەزراوە کولتوورییەکانی نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران، هاوهەنگاوی و هاوکاری هەبێت. بە تایبەتی لەمبارەیەوە جێی خۆیەتی کەڵکی پێویست لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک وەربگیرێت و ئەم ڕۆژە بکرێت بە دەرفەتێک بۆ دەربڕین و نواندنی ویستی لەمێژینەی خوێندن بە زمانی دایک.

## ئەگەر زمانێک پێی بخوێندرێ:

کاتێک زمانێک لە قوتابخانە دا پێی دەخوێندرێت، جگە لەوەی یارمەتیی بەهێز بوونی شوناسی نەتەوەیی لە نێو ئاخێڤەرانی زمانەکە دا دەکا، بوار بۆ دروستبوونی زمانی ستانداردیش دەڕەخسێنێت.با بزانین چۆن؟

**زمان و شوناسی نەتەوەیی:**

زمان یەکێک لە بنچینە سەرەکییەکانی پێکهاتەی نەتەوەیە و بە بۆچوونی زۆر کەسی خاوەنڕا لەم بوارەدا، زمان لە هەموو بنچینەکانی دیکەی نەتەوە گرنگترە. «یەکێک لە گرنگترین ناسنامەکانی نەتەوە

زمانەکەیەتی، بۆیە ئەگەر باس لە پایەکانی هەر نەتەوەیەک یان بە نەتەوەبوونی هەر کۆمەڵێکی مرۆیی دیاریکراو بکرێت، ئەوا لە پێشەنگی تایبەتمەندییەکانیدا باس لە زمان دەکرێت. هەر ئەوەشە وایکردوە کە زۆر لە نەتەوەکان بە ناوی زمانەکانیانەوە ناو ببرێن... جا هەر کاتێک نەتەوەی ژێردەست بتوانێت زمانەکەی بپارێزێت و لە بۆتەی زمانی داگیرکەرەکەیدا نەتوێتەوە، ئەوا ئەو نەتەوەیە زیندووە و بە زیندوویی دەمێنێتەوە.»(١)ئەم قسەیە لەبارەی نەتەوەی کوردەء زمانی کوردییەوە، پتر ڕاستە.

زمان لە ڕووانگەی ناسیۆنالیستییەوە، وەک ئامرازێکی گرنگی پرۆژەی نەتەوەڕۆنان و دەوڵەت ڕۆنان چاوی لێدەکرێت. هەر بۆیە ناسیۆنالیزمی فارس کە بە دەسەڵات دەگا زمانەکانی دیکە قەدەغە دەکات.(٢) ئەوە کە شۆڕشی مەشرووتە لە دەستووری خۆیدا بۆ یەکەمجار بە شێوەی فەرمی و یاسایی باس لە «نەتەوەی ئێران»لە سەر بنەمای زمان و کولتووری فارسی دەکات و حاشا لەزمان و کولتووری نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەکات،لەم عەقڵییەتەوە سەرچاوە دەگرێت کە پرۆژەی بە نەتەوە کردنی «ئێران»، واتە دروستکردنی نەتەوەیەک بە ناوی «نەتەوەی ئێران»،بەر لە هەر هۆکارێکی دیکە پشت بە زمان دەبەستێت.ئەو نەتەوە خەیاڵییەی ناسیۆنالیستە فارسەکان و شۆڤێنیستەکانی ئێران، لە زەینی خۆیاندا دروستیان کردوە، زمانی فارسیی کردوە بە توخمێکی سەرەکی لە شوناسەکەی، دیارە لە سەر حیسابی حاشا کردن لە زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران!نموونەیەکی دیکە لە ڕۆڵی گرنگی زمان لە بە هێزکردنی شوناسی نەتەوەیی، زمانی عیبرییە. « پێش دامەزرانی دەوڵەتی ئیسراییل زمانێکی یەکگرتوو بە ناوی زمانی عیبری هەر نەبوو، زمانی عیبرییان زیندوو کردەوە. زۆربەی هەرە زۆری جوولەکەکان بە زمانێک قسەیان دەکرد بە ناوی یەدیش.یەدیش بە قەولی ئینگلیزییەکان تێکەڵاوێکی بیژووی ئاڵمانی و زمانە سلاڤییەکان بوو.» (٣) بەمجۆرە زمانی عیبری، یەک لەو هۆکارانەیە کە جوولەکەکانی پێکەوە بەستووەتەوە.

لێرەدا، ڕەوایە وەک تاکێکی کورد ئەم پرسیارە لەخۆمان بکەین بۆ دەبێت نەتەوەیەکی وەک نەتەوەی کورد کە نەتەوە بوونی خۆی لە درێژایی مێژوودا سەلماندوە و زمانەکەی خۆی پاراستوە، زمانەکەی بۆ بە هێزکردنی هاوپێوەندیی نەتەوەیی و شوناسی نەتەوەیی، بەکار نەهێنێت؟

### بووارڕەخساندن بۆ درووستبوونی زمانی ستاندارد:

زۆر لە زمانەوانان و شارەزایانی بواری زمان، پەروەردە و فێرکردن و خوێندن لە قوتابخانەدا بە یەکێک لە بەستێنەکانی دروست کردنی زمانی ستاندارد، ناو دەبەن.

خوێندن بە زمانی دایک و بەردەوامبوون لە سەری لە قۆناغەکانی دواتری خوێندندا، وادەکات کە زمانەکە پەرە بستێنێت و گەشە بکات، لەئاکامدا لە ڕێگەی کۆمەڵێک هۆکاری بابەتییەوە یەکێک لە زارەکانی ئەو زمانە ڕێچکەی بە ستانداردبوون دەگرێت. «سیستەمی خوێندن و پەروەردە یەکێک لەو بووارە گرنگانەیە کە زمانی ستاندارد پەرە پێ دەدات و بەهێزی دەکات و دەیچەسپێنێت.» (٤)دیارە ئەم حوکمە ئەوکاتە ڕاستە کە خوێندن بە زمانێک، پشت بەیەک دیالێکت ببەستێت، ئەگینا ئەگەر خوێندن بە چەند یا چەندین دیالێکتی جیاواز بێت، ئەمە نەک هەر کۆمەک بەدروستبوونی زمانی ستاندارد ناکات، بەڵکوو بەزیانی پێکهاتنی زمانی ستاندارد دەشکێتەوە و دیالێکتەکانی زمانەکە لێک دوور دەخاتەوە. ئەزموونی خوێندن بەزمانی کوردی لە کوردستانی عێراق لە پێشوودا، پێمان دەڵێت خوێندن و پەروەردە دەتوانێت یارمەتیی پێکهاتنی زمانی ستاندارد بدەن.

« لە کوردستانی عێراقدا، لەو ڕۆژەوە کە مافی خوێندن بەزمانی کوردی لەدەستووری عێراقدا چەسپیوە، هەریەک شێوە کراوەتە زمانی خوێندن و ئەمەیش نەوەیەکی خوێندەواری دروستکرد، کە لە زۆر ڕووەوە یەکگرتوو بوون. ئەنجامێکی گرنگی دیکەی ئەوسیستەمە ئەوە بوو کە هەستی خۆبەکورد زانین، واتە هۆشیاریی نەتەوایەتیی لای مرۆڤی کورد بەهێز کرد.» (٥)

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەوچەندساڵەدا کە لە سێبەری جووڵانەوەی کورددا خوێندن بە زمانی کوردی هەبوو، هەردوو ئەزموونەکە (کۆڕی پەروەردە و فێرکردن و کۆمیسیۆنی فێرکردن و بارهێنان) لە جیاتی خوێندن بە چەند دیالێکتی جیاواز، خوێندن بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوویان ڕەچاو کرد.

ئەمەش بە گوێرەی خۆی کاریگەریی لە سەر قەبووڵکردنی ئەو زمانە وەک زمانی ستانداردی کوردی لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەوەکانی دووای ئەوکاتدا هەبوو.

دیارە ئەگەر ڕۆژێک کورد و نەتەوەنافارسەکانی دیکەی ئێران دەرەتانی خوێندن بەزمانی خۆیان بۆ پێک بێت، یەکێک لەو گرفتانەی بەرەڕووی کورد دەبێتەوە، هەڵبژاردنی دیالێکتکی تایبەت بۆ خوێندنە. شتێکی سروشتییە ئەو هێزو دەسەڵاتانەی هەموو کات دژی ڕێگەدان بە خوێندن بەم زمانە بوون، لە جیاوازیی دیالێکت و زاراوەکانی ئەم زمانانە بۆ مەبەستە شۆڤێنیستییەکانی خویان بۆ وێنە چاندنی تۆوی ناکۆکی لە نێوان ئاخێوەرانی زمانێک، کە ڵک وەردەگرن.

لە داهاتووشدا دوورنییە پشتگیریی سیاسەتی خوێندن بە چەند دیالێکتی جیاواز بکەن، بۆ ئەوەی زمانی هەرکام لەو نەتەوانە لە جیاتی ئاڵقەی یەکگرتن بێت، ببێتە هەوێنی لیکترازان و دابڕانیان.

«بەو هۆیەوە کە بە شێوەیەکی گشتی ئەم تێگەیشتنە هەیە کە زمانی نەتەوەیی یەکێک لە کۆڵەکەکانی شوناسی نەتەوەییە، بە ناچار دەوڵەتان و گرووپە نەتەوەپەروەرەکانی هەر کۆمەڵێک ناتوانن لە ئاست بارودۆخی زمانی نەتەوەیی بێخەم بن.» (٦)

لایەنە بەرپرس و پێوەندیدارەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نابێت لە ئاست داهاتووی زمانی کوردی بێخەم بن و دەبێت لە ئێستاوە هەوڵەکانی پێوەندیدار بە پەرەپێدانی زمانی کوردی، بەو ئاسۆیە دا بەرن، کە لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد دا بگونجێت. پێویستە هەنگاوەکان لە خزمەت درووستکردنی زمانی ستاندارد دا بن.ئەمەش پێویستی بە بەرنامەڕێژیی زمانیی هەیە. لەبەر ڕووناکایی بەرنامەڕێژییەکی زمانیدایە کە سەرەڕای بوونی ئەلفوبێی جیاواز و جۆراوجۆریی دیالێکتەکان سەرلێشێواوی، پێک نایە و ئامانجی سەرەکی پشتگوێ ناخرێت. بۆیە لەسەر کورد و هەر نەتەوەیەکی وەک کوردە بەدووربینییەوە بۆ ئەم پرسە بچێت و خوێندن و پەروەردە لە خزمەت پەرەپێدانی زمانی ستانداردا بەکار بهێنێت. چونکە :

«ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێت کە کورد یەک نەتەوەیە و بەرەو هەموو چەشنە یەکگرتنێک دەڕوات و چاکەی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی کوردیش لەو یەکگرتنەدایە، دەبێت باوەڕمان بەوەش هەبێت کە زمانی ئەدەبی یەکگرتووش دێتە کایەوە و هەموو کورد وای لێدێت بە زمانێک بنووسێت و بخوێنێت و یەک زمان لەکاروباری ڕەسمیدا بەکار بهێنێت.

کە باوەڕمان بەم ڕاستی یەش بوو، دەبێت بە جۆرێک بنووسین و هەوڵ بدەین، کە لەگەڵ ڕێڕەو و سەرەنجامی مێژوودا بێت، دەبێت ببێتە هەوڵدەری دروستبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو.» (٧)

## مافی بەکار بردنی زمان لە دامەزراوە دەوڵەتی و فەرمییەکان و ناوەندەکانی خوێندندا:



بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانییەکان:

وەرگێڕان لە فارسییەوە: قادر وریا

ماددەی ١٥: هەموو حەشیمەتە زمانییەکان مافیان هەیە، کە زمانەکانیان لەسەر زەویی پێشینانی خۆیاندا بە فەرمی بەکار بهێنن ١. هەموو حەشیمەتە زمانییەکان مافی

ئەوەیان هەیە، کە هەموو بەڵگەنامە کارگێڕی، کەسێتی و دەوڵەتییەکانیان بە زمانی خۆیان بێت.

ماددەی٢٣: فێرکردن و خوێندن لە هەر سەرزەوییەکدا، دەبێت لە خزمەت پاراستن و پەرەپێدانی زمانی ئەو حەشیمەتە زمانییەدابێت، کە لەوێ دەژین.

فێرکردن و خوێندن دەبێت لە خزمەت بڵاوبوونەوە و جۆراوجۆریی زمانی و کولتووری و پێوەندیی هارمۆنییانەی نێوان حەشیمەتە زمانییە جۆراوجۆرەکانی سەرانسەری جیهاندا بێت.

ماددەی٢٤: هەموو حەشیمەتە زمانییەکان، مافی ئەوەیان هەیە لەمەڕ کەڵکوەرگرتن لە زمانەکەیان لە هەموو ئاستێکی خوێندن (باخچەی منداڵان، سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی، زانستگا و خوێندنی گەورەساڵان) لەسەر زەویی خۆیاندا، بڕیار بدەن.

ماددەی ٢٩:

١. هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە بە زمانی تایبەتیی سەرزەویی خۆی، فێر بێت و بخوێنێت.

٢. ئەم مافە، مافی فێربوونی زارەکی و بە نووسینی زمانێکی دیکە، کە تاک لەوانەیە وەک زمانی پێوەندی لەگەڵ حەشیمەتە زمانییەکانی دیکە بەکاری بێنێت، زەوت ناکات.

جارنامە (چارتێر)ی ئورووپا بۆ زمانە ناوچەیی و کەمایەتییەکان:

ماددەی٨: پەروەردەو فێرکردن

١. لەبەشی پەروەردەو فێرکردندا، لایەنەکان پابەند دەبن لەو ناوچانەدا کە ئەم زمانانە کاریانپێدەکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی هەڵکەوتی تایبەتیی هەرکام لە زمانەکان و بەبێ زیانگەیاندن بە فێربوونی زمان یان زمانەکانی وڵات:

ا) یەک: پەروەردەی منداڵان لە قۆناغی بەر لە قوتابخانە (باخچەی منداڵان) بە زمانەکانی پێوەندیدار بەو ناوچانە یان کەمایەتییە نەتەوییەکان بێت یان،

دوو: بەشێکی گرنگ لە پەروەردەی منداڵان لە قۆناغی بەر لە قوتابخانە(باخچەی ساوایان) بە زمانگەلی ناوچەیی و کەمایەتییە نەتەوییەکان بێت یان،

سێ: «یەکێک لەم دوو خاڵەی لە ژێر بەندەکانی یەک و دووی ئەم بەندە دا ناویان براوە، دەبێ لانیکەم سەبارەت بەو قوتابیانە بەڕێوە ببرێن کە دایک وباوکیان خوازیارن و قوتابییەکانیش لە رووی چەندیەتیەوە بە رادەی پێویست گەیشتبن،»

چوار: ئەگەر هاتوو ئۆرگانە دەوڵەتییەکان هیچ بەرپرسایەتییەکی ڕاستەوخۆیان لە پێوەندی لەگەڵ فێرکردنی بەر لە قوتابخانەدا لە ئەستۆ نەبوو، لانیکەم پشتیوانی لەم هەنگاوانە دەکەن، کە لە بەندەکانی یەک تا سێی ئەم ماددەیەدا هاتوون. یان هانی ئۆرگانە بەرپرسەکان بۆ جێبەجێکردنیان دەدەن.

ب) یەک: فێرکردن لە قۆناغی سەرەتاییدا بە زمانەکانی ناوچەکان یان کەمایەتییە نەتەوەییەکان پێشکەش دەکرێت یان

دوو: بەشێکی گرینگ لە فێرکردن لە قۆناغی سەرەتایی بەزمانە ناوچەییەکان و کەمایەتییەکان پێشکەش دەکرێت یان

سێ: خوێندنی زمانە ناوچەییەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکان دەخەنە ڕیزی بەرنامەی خوێندنی قوتابخانە سەرەتاییەکان یان

چوار: نێوەرۆکی لانیکەم یەکێک لەم سێ بەندەی سەرەوە لە بارەی ئەو قوتابیانە جێبەجێ بکەن، کە دایکو بابیان داوای دەکەن و ژمارەی قوتابییەکانیش بەشی ئەم مەبەستە دەکات،




پ) یەک: فێرکردن لە قۆناغی دووهەمی خوێندن (لە پۆلی پێنجی سەرەتاییەوە تا وەرگرتنی دیپلۆم) بە زمانەکانی ئەو ناوچانە یان کەمایەتییەکان پێشکەش دەکرێت یان

دوو: بەشێکی گرنگ لە فێرکردنی قۆناغی دووهەمی خوێندن بە زمانەکانی ناوچەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکان پێشکەش دەکرێت یان

سێ: خوێندنی زمانە ناوچەییەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکان دەخرێتە ڕیزی بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەکانی قۆناغی دووهەمی خوێندن یان

چوار: لانیکەم یەکێک لەو هەنگاوانەی لە بەندەکانی یەک تا سێ دا هاتووە لە بارەی ئەو قوتابیانە بەڕێوە دەبەن، کە دایک وبابیان داوای ( خوێندن بەو زمانە لەو ئاستەیاندا بۆ) دەکەن و قوتابییەکانیش لە ڕووی چەندییەوە بەشی ئەم مەبەستە دەکەن.

ئەم مافانەی لەم چەند بەندەدا هاتوون، لە قۆناغەکانی دیکەشدا(خوێندنی تیکنیکی و پیشەیی، خوێندنی زانکۆو خوێندنگە بەرزەکان، خوێندنی گەورە ساڵان) هەر بەو شێوەیە دووپات دەبنەوە.

ح) پێداویستییەکانی فێرکردن و خوێندنی وانەی مێژووو فەرهەنگ، کە پێویستە بە زمانە ناوچەییە کەمایەتییە نەتەوەییەکان بێت، دابیندەکەن.

خ) پێداویستییەکانی پێگەیاندن و پەرەپێدانی ڕاهێنانی مامۆستایان، کە بۆ جێبەجێکردنی نێوەرۆکی بەندەکانی ئەلف تا ح پێویستن و لایەنەکانی ڕێککەوتن قبووڵیانکردوە، دابین دەکەن.

د) یەک یان چەند ئۆرگانی چاوەدێر بە مەبەستی چاوەدێریی ئەو هەنگاوانە، کە بۆ بنیاتنان و پەرەپێدانی فێرکردنی زمانە ناوچەییەکان و کەمایەتییەکان دەنرێن، هەروەها بۆ چاوەدێری بەسەر ڕادەی پێشکەوتنەکان لەم بوارەدا، پێک دەهێنرێن. ئەم ئۆرگان یا ئۆرگانانە دەبێت بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتەکانی خۆیان بدەنەوە و بڵاویان بکەنەوە.

بەیاننامەی مافەکانی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی و زمانییەکان

ماددەی چوار:

١. نەتەوەکانی ئەندام، هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵ دەگرن بۆ دڵنیایی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییەکان لە بەڕێوەچوونی مافە مرۆییەکانیان و ئازادییە بنەڕەتییەکان و یەکسانی لە بەرامبەر قانووندا بە بێ هیچ چەشنە ستەم و جیاوازیدانانێک.

٢. نەتەوەکانی ئەندام، هەنگاوی پێویست بە مەبەستی پێکهێنانی هەلومەرجی لەبار بۆ تاکەکانی سەر بە کەمایەتییەکان هەڵدەگرن، تا بتوانن لە تایبەتمەندییەکانی خۆیان و کولتوورو زمان، ئایین و جلوبەرگی خۆیان گوزارشت بکەن، تەنیا لەو جێگایانە نەبێت کەلەگەڵ یاساکانی وڵات یان ستانداردە نێونەتەوەییەکان لە ناتەبابییدان.

٣. نەتەوەکانی ئەندام، ئەگەر بۆیان دەست بدات، دەبێت هەنگاوی پێویست هەڵبگرن بۆ ئەوەی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییەکان دەرەتانی پێویستیان بە مەبەستی فێربوونی زمانی زگماکی و هەبوونی یاسا و

ڕێوشوێن بە زمانی زگماکیی خۆیان هەبێت.

٤- نەتەوەکانی ئەندام، ئەگەر بۆیان بگونجێت، دەبێت پێویستییەکانی خوێندن بەزمانی دایک دابین بکەن؛ هاندەر بن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە سەر مێژوو، نەریتەکان و ئەو زمان و کەلتوورانەی لە نێو سنوورەکانی ئەو کەمایەتییانەدا هەن.

www.ostomaan.org سەرچاوە: . اعلامیه جهانی حقوق زبانی، ترجمه: علی ددەبیگلو

- بیانیه حقوق افراد متعلق به اقلیتهای ملی، نژادی، مذهبی و زبانی (مصوب مجمع عمومی سازمان ملل متحد، پەسند کراوی ١٨ی دیسامبری ١٩٩٢، سایت ایران امروز

http://iran-emrooz.net

لە ژمارە ٥٧٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٢٠ / ٢ / ٢٠١٢

## بەڕێوەچوونی سمیناری ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک لە شاری هەولێر



بۆ یەکەم جار لە ئاستی کوردستان دا سمیناری ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

ڕۆژی سێ شەممە ٢ی ڕەشەمە بەرانبەر بە ٢١ ی فێوریەی ٢٠١٢ی زایینی، سمیناری ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک بە بەشداریی سەرۆکی پارلمانی کوردستان و کۆمەڵێک کەسایەتیی ئەدەبی، ڕووناکبیرو زمانناسی کورد و یەک لەوان بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کەسایەتیی سیاسیی و ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاکادیمیای کوردی لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێوەڕسمەکە بە چرکەیەک ڕاوەستان بۆ شەهیدانی ئەم بۆنەیەو سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان دوکتور نووری تاڵەبانی وتاری ئاکادیمیای کوردی پێشکەش کرد.

دوکتور نوری تاڵەبانی سەرەتا باسێکی لە مێژووی ئەو بۆنەیەو هۆکاری یادکردنی لەلایەن یۆنسکۆ کرد و گوتی کە ئاکادیمیای کوردی شانازی بەوە دەکا کە بۆ یەکەم جار یادی ئەو ڕۆژە لە ئاستی عێراق و باشووری کوردستاندا دەکاتەوە. دوکتور نووری تاڵەبانی باسی مەترسیی لەنێوچوونی نیوەی زمانەکانی جیهانی کرد و پێداگریشی کرد کە ئەرکی هەموومانە یادی ئەو ڕۆژە بەرز ڕابگرین.

دوابەدوای قسەکانی ناوبراو وتاری ڕێکخراوی یۆنسکۆ لەلایەن سامی ئەلخۆجە بە زمانی ئینگلیزی پێشکەشی بەشداربوان کرا و پاشان دانیشتنی یەکەمی سمینارەکە بە سەرپەرەستیی دوکتور ئازاد ئەحمەد دەستی پێ کرد.

یەکەم بابەتی دانیشتنی یەکەمی سمینارەکە لەلایە دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە و لە ژێر ناوی "ڕوانگەیەکی نێونەتەوەیی بۆ ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک و گرینگی بۆ کورد" پێشکەشی ئامادەبوان کرا.

دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە لە باسەکەی دا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە زمان وەک سامانێکی هاوبەشی مرۆڤایەتی لە سەردەمی بە جیهانی بوون دایەو ئەوەشی خستە ڕوو کە لە سەردەمی ئێستادا هێندێک لە زمانەکان مەترسی ئەوەیان لەسەرە بچنە ژێر هێژمۆنی زمانێکی دیکەوە.

بەڕێزیان لە درێژەدا باسی لە گرینگی زمانی دایک بۆ پەروەردەو فرە زمانی لە وڵاتەکان کردو گوتیشی کە پەرەپێدان بە فرە زمانی پەرەپێدان بە ئاشتیە.

دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە لە درێژەی بابەتەکەی دا هاتە سەر باسی بنەماکانی ڕێزگرتن لە زمان لە یاسای نێودەوڵەتی داو ئاماژەی بە بەیاننامەی ساڵی ٩٢ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پارێزگاری لە کەمینە ئیتنیکیەکان و پەیماننامەی زۆر گرینگی یۆنسکۆ لەدژی هەڵاواردن لە بواری پەروەردەدا بۆ ڕێزگرتن لە هەموو زمانەکان کرد.

بەڕێزیان لە کۆتایی بابەتەکەی دا باسێکی لە سەر مەرجەکانی بەکارهێنانی زمان لە ئاستی نێونەتەوەییدا هێنایە گۆڕێ و لەو پێوەندییەدا بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانیەکانی لەو بارەیەوە خستە ڕوو.

پاشان تاریق جامباز لە ژێر ناوی "خوێندن بە زمانی دایک، سەرچاوەی ناسنامەی نەتەوەیە"؛ سەلام ناوخۆش لە ژێر ناوی "زمانی دایک و زاری دایک"، خاتوو پەخشان لە ژێر ناوی "زمان لە شێعری شاعیراندا"، دوکتور هۆگر مەحموود فەرەج لە ژێر ناوی"زمانی دایک لە ڕوانگەی پەروەردەو بەرژەوەندی نەتەوەییەوە"، دوکتور فارووق محەمەد ڕەزا لە ژێر ناوی "زمانی دایک و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی" باسەکانی خۆیان پێشکێش کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سمینارەدا دوکتور ڕەحیم سورخی زمانناسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ومامۆستای زانکۆ لە بارەی بابەتەکەی خۆی لە ژێر ناوی" مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی وەک زمانی زگماک" بۆ ئامادەبووان دوا. ناوبراو لەو بارەیەوە گوتی کە لە دوو وڵاتی ئێران و تورکیە هەڕەشەیەکی شاراوە لە سەر زمانی کوردی هەیەو هەندێک جاریش ئەو هەڕەشەیە ڕاستەوخۆ بووە.

ڕەحیم سورخی هاتە سەر باسی ئەوەی کە زمان و کلتور پێوەندیەکی ڕاستەوخۆیان بە یەکەوە هەیەو ئەگەر زمان بفەوتێ کلتووریش فەوتاوە و گوتیشی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرۆسەیەک بەڕێوە دەچێ هەتاکوو زمانی کوردی بتوێتەوە.

ئەو مامۆستایەی زانکۆ لە کۆتایی بابەتەکەیدا باسی ئەوەی کرد کە لە ڕوانگەی ڕووناکبیران و زمانناسانی فارس لە ئێران زمانەکانی سەر بە نەتەوەکانی دیکەی ئەو وڵاتە وەک زار بە کار دێن و هەست بە کەمی کردنی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی لە بەرامبەر فارسەکان بە کێشەیەکی دیکەی زمانی ئەوان پێناسە کرد.

دوکتور یووسف شەریف و خاتوو ویداد خاڵس دوو کۆرگێڕی دیکەی ئەو سمینارە بوون کە لە پێوەندی لە گەڵ زماندا باسەکانیان پیشکیش کرد.

لە کۆتایی سمینارەکەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە چەند پرسیارێکی هێنایە گۆڕێ و گوتی کە ئایا ئێمە باسی چ دەکەین؟ زمانی دایک؟ زمانی زگماک؟ ناوبراو لە وتەیەکی کورتدا گوتی لەوەتا من هەم هیچم نەبیستوە جگە لە زمانی زگماکی و دەبێ ئەگەر هاتینە سەر باسی زمان تەنیا باس لە زمانی زگماکی بکەین.

کوردستان و کورد نیوز

## قادر وریا: زمان هەر سەرمایەی نەتەوەیەک نیە، بەڵکوو سەرمایەی مرۆڤایەتییە



کوردستان و کورد نیوز: قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆڕێکدا کە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک پێک هاتبوو، ڕایگەیاند کە زمان هەر سەرمایەی ئەو نەتەوەیەک نیە کە خۆی پێ پێناسە دەکا، بەڵکوو سەرمایەی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە.

لە کۆڕێکدا کە کۆمیسیۆنی پەروەردە و فێر کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی دووشەممە، ١ی ڕەشەممە بە بەشداریی دەیا کەس لە کادر و پێشمەرگەکان و بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ڕێزگرتن لە زمانی دایک بۆ قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدک و مامۆستای زمان لە زانکۆ پێکی هێنابوو، بەڕێزیان گرینگیی باس لە سەر ئەو بابەتەی بۆ بەشداران شی کردەوە.

قادر وریا لە سەرەتای باسەکەیدا ئاورێکی لە مێژووی دیاری کرانی ڕۆژی ٢١ ی فێورییە، وەک ڕۆژی جیهانیی ڕێزگرتن لە زمانی دایک دایەوە و بە کورت ئاماژە بەو دێکۆمێنت و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییانە کرد کە پرسی زمان و گرینگیدان بە زمانی دایک لەواندا ڕەنگی داوەتەوە و وڵاتانی ئەندام بە جێبەجێ کردنی ئەو خاڵانە ئەرکدار کراون.

باس کردن لە مێژووی پەروەردە لە ئێران لە دوای دامەزرانی دەوڵەتە ناوەندگەراکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی تەوەرێکی دیکەی باسەکەی قادر وریا بوو.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە ئەگەر لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتیی ڕەزاخان و حەمەڕەزاشای کوڕی دا سیاسەتی حکومەت تواندنەوەی نەتەوەکانی ئێرانی و زمانیان لە نەتەوەی فارس و زمانی فارسیدا بوو، دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیش دەسەڵاتی تازە بە دەڵات گەیشتوو هەر پێوشوێنی ئەو ڕێچکەیە کەوت و درێژەی بەو سیاسەتەدا، هەر بۆیەش دەبینین کە دوای ٣٣ ساڵ ئێستاش جیا لە فارسەکان هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە خوێندن و فێربوون بە زمانی دایکییان بێبەش کراون.

قادر وریا لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا ئاماژەی بە ڕۆڵی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە سەردەمی پێش کۆمار، کۆماری کوردستان و دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بە تایبەت پلان و پرۆژەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ جێگیر کردنی سیستمی خوێندن و پەروەردە بە زامانی دایکی لە کوردستان کرد.

دامەزراندنی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن، چاپی کتێبی خوێندن بە زمانی کوردی، دامەزراندنی سەدان قوتابخانە لە کوردستان و پەروەدەکردنی سەدان مامۆستا و خوێندەوار کردنی بەشێکی زۆر لە منداڵانی کوردستان و تەنانەت گەورەساڵان و پێ خوێندنیان بە زمانی کوردی بەشێک لە کارنامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بواری پەروەردە بە زمانی کوردی بوو کە قادر وریا وەک چالاکییەکانی کۆڕی پەروەردە ئاماژەی پێ کردن.

بەشی کۆتایی ئەو کۆرە بۆ پرسیار و سەرنج و تێبینیی بەشداران تەرخان کرابوو کە بەشێکیان لە لایەن کۆڕگێڕەوە وڵام درانەوە.

## خوێندن بە زمانی دایک لە ڕوانگەی مافی مرۆڤەوە




قادر فەتاح ئەحمەد

فێربوون بە زمانی زگماکی، بەرلەوەی مافێکی سیاسی و کولتووری بێت، تەنانەت بەر لەوەی مافێکی هاووڵاتی بێت، مافێکی بنچینەیی و سەرەتاییە. هەربۆیە ستاندنەوەی ئەم مافە نەک هەر پێشێلکردنی مافە سیاسی و کولتووری و هاووڵاتێتیی مرۆڤە بەڵکوو، لەژێر پێنانی بنچینەییترین و پێویستترین مافەکانی مرۆڤیشە.

«زمانی زگماک یەکێک لە سەرەکیترین، پارادیمەکانی شوناس و کەرامەتی مرۆڤە و ئەگەر لە ئاخێوەرەکەی قەدەغە بکرێت، ئەوە شوناس و کەرامەتی مرۆیەکەیە، دەخرێتەژێر پێوە نەک شتێکی دیکە. هەر بۆیە هێندێک لە شارەزایان ئەم دیاردەیە وەکوو «قڕکردنی کولتووری»ی نەتەوەیەک ناو دەبەن».(١)

خوێندن بەزمانی زگماکی مافێکی بێ ئەملاولای مرۆڤە، کە پەیماننامە جیهانییەکانی تایبەت بەمافی مرۆڤ، ئەم مافەیان بەفەرمی ناسیوە و دەوڵەتانیان پابەند کردوە ڕێز لەم مافە بگرن و دابین و دەستەبەری بکەن.

بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، کە سەرچاوەی زۆر پەیماننامە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤە، لە دووهەم ماددەی خۆیدا، هەبوونی هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی لەو جاڕنامە جیهانییەدا هاتوون، بە مافی هەموو مرۆڤەکان بە بێ هیچ جیاوازیدانانێک لەڕووی ڕەگەز، ڕەنگ، زایەند، زمان، دین، بیروڕای سیاسی، ڕەچەڵەکی نەتەوەیی، یان کۆمەڵایەتی و هتد، دەزانێت. (٢) ئەگەرچی بەڕاشکاوی باسی خوێندن بە زمانی زگماکیی نەکردوە، بەڵام لە ماددەی ٢٦ی خۆیدا پێی لەسەر پەرەپێدانی لیک تێگەیشتنی باشتر و وێکهەڵکردن و دۆستایەتیی نێوان هەموو نەتەوەکان و گشت تاقم و گرووپە ڕەگەزی و ئایینییەکان و پێگەیاندنی هەموو لایەنەی کەسایەتیی مرۆڤ و برەودان بە ڕەچاوکردنی «مافەکانی مرۆڤ» وەک «ئامانجی پەروەردەو فێرکردن»، داگرتوە(٣)

ئەزموونی ئەو وڵاتانەی نەتەوەی جۆراوجۆریان تێدا دەژین و یەک یان چەند نەتەوە لەگەڵ بێبەشی لە مافەکانیان و یەک لەوان سەرکوتی زمانی بەرەوڕوون، دەریخستوە کە هەڵاواردنی نەتەوەیی، هیچ خزمەتێکی بە لێک تێگەیشتن و وێکهەڵکردن و دۆستایەتیی نێوان پێکهاتەجۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتانە نەکردوە و نەک هەر یارمەتیی پێگەیاندنی هەموولایەنەی کەسایەتیی تاکەکانی ئەم نەتەوانەی نەداوە، بەڵکوو بووە بە هۆی دروستبوونی کۆسپی جۆراوجۆر لەسەر ڕێگای گەشەی کەسایەتیی ئەوان.

ئەم قسەیە لە بەڵگەنامە و پەسندکراوە نێودەوڵەتییەکانیشدا دانی پێدانراوە. یەکێک لە هۆیەکانی پەسند کردنی «بەیاننامەی مافەکانی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییەڕەگەزی، ئایینی و زمانییەکان» لە لایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئەم ڕاستییە کە:






«دابینکردن و پاراستنی مافەکانی تاکەکانی سەر بە نەتەوە، قەوم، دین، زمان و کەمایەتییە جۆراوجۆرەکان، سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتانەی لێدەکەوێتەوە، کە تێیدا دەژین». هەروەها «دابینکردن و پاراستنی بەردەوامی مافەکانی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی و زمانییەکان، یەکێک لە مەرجە پێویستەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و گشتییە و بە هێزبوونی دۆستایەتی و هاوکاریی دانیشتووانی ئەو وڵاتانەیە».(٤)

«ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان» کە کۆمەڵی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە١٦ی دیسامبری١٩٦٦دا پەسندی کردوە، لەو بەڵگەنامە جیهانییە ناودارانەی تایبەت بە مافی مرۆڤە، کە لە باری گرنگییەوە دەکەوێتە دوای بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ. لەم بەڵگەنامەیەدا جگە لەوەی هەر چەشنە هەڵاواردنێک لەسەر بناغەی ڕەگەز، ڕەنگ، زایەند، زمان، ئایین و هتد لەچەندین ماددەدا ڕەت کراوەتەوە، لەمادەی٢٧ دا، قسەکردن و نووسین بە زمانی خۆیان وەک مافی بێ ئەملاولای کەمایەتییەڕەگەزی، ئایینی و زمانییەکان، دانی پێدا نراوە و بەفەرمی ناسراوە.(٥)

پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی منداڵانەوە، بایەخێکی تایبەتی بە پەروەردەی منداڵ دەدا. لە لایەکەوە لەسەر ئەو هەوڵانە پێ دادەگرێت، کە پێویستە بۆکەمکردنەوەی نەخوێندەواری لەنێو منداڵاندا، دەبێت بدرێت و داواکارە ڕەوتی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانەکاندا تێکەڵ بەرێز و شکۆی مرۆیی بکرێن، لەسەرێکی دیکەوە خوازیارە ماددە پەروەردەییەکان لە خزمەت بەهێز کردنی کەسایەتی، ئامادەیی و توانایییە ڕەوانی و جەستەییەکانی منداڵدا بێت. هەروەک لێکۆڵینەوەکان دەریانخستوە خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە لە نێو منداڵاندا باشترین بەستێنە. ئەم پەیماننامەیە لە بەندێکی دیکەی ماددەی٢٩ی خۆیدا داواکارە «ماددە پەروەردەییەکان کۆمەک بە پەرەپێدانی ڕێزگرتنی کەسوکاری منداڵ و ناسناوی ڕۆشنبیری و زمانی و بەها تایبەتییەکانی، هەروەها بەها نیشتمانییەکانی ئەو وڵاتەی منداڵەکە تێیدا دەژی بکەن.» (٦)

ماددەی٣٠ی پەیماننامەی ناوبراویش ئەو مافە بە منداڵانی سەر بە کەمایەتییە ئایینی، نەتەوەیی و زمانییەکان لەو وڵاتانەدا دەدات، کە ئەم کەمایەتییانە هەن .. وێڕای ناسیاوانی دیکەیان بە کۆمەڵ، یان بە شێوەی تاکەکەسی، کەلک لە زمان و کولتوور و ئایینی خۆیان وەربگرن.(٧)

٢٠ / ٢ / ٢٠١٢

## زمانی زگماکی.



**سەلیم بێورانی**

لە ٢١ی فێورییە ی ساڵی ١٩٥٢ی زایینی، سێ قوتابیی زانکۆ لە وەڵاتی پاکیستان بە هۆیی بە شداری کردنیان لە ڕێپێوانیک بۆ بەرە سمی ناسینی زمانی بەنگاڵی گیانیان لە دە ست دا و یۆنیسکۆ لە نۆامبری ١٩٩٥ ئەو رۆژە ی وەکوو رۆژی جیهانی زمانی زگماکی دیاری کرد. لە راستی دا مە بەستی یۆنیسکۆ دژایە تیکردن دەگەڵ ئەو دەوڵە تانە بوو کە دەیانهەویست زمانی نەتەوە جیاوازەکانی ناو خۆیان بتوێننە وە لەهەمان کاتیش دا هەوڵێک بێت بۆ ئەو نەتەوانە تاکو خۆ راگرتر بن لە بەرامبەر مە بە ستی ئە و دە وڵە تانە و پال پشتێکێش بێت بۆ ئەو نەتەوانەی کە هەوڵ بۆ پاراستنی زمانی خۆیان دەدەن. زمان بەیەکێک لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی مرۆڤ دێتە ئەژمار کە بەرهەمی هەوڵی هەزاران ساڵەیی مرۆڤ و میڵلە تە جیاوازەکانە بۆ ناسینی جیهان و هەروەها هەڵسوکە وت دە گەڵ یەکتر.هەر زمانێک بۆ خۆیی خاوەنی تایبەت مە ندییەکانی وەکوو ئەدبیات و مەوسیقا و ...هتد کە بەشێکی هەرەگرینگی میراتی شارستانییەتی مرۆڤە.بە لە ناو بردنی یە ک زمان نەتەنیا رۆلەکانی ئەو نەتە ویە بە ڵکو زۆربەی مرۆڤەکانیش لە ناسین و بە کار هێنانی ئەو میراتە پڕ بایەخە بێ بە ش دە بن.

زمانی زگماکی بە و زمانە دە وترێت کە منالڵ لە دایک وباب و نیزیکانی خۆی فێری دە بێت. بە پێی وتە یی هیندیک لە لێکۆلەران منالڵ لە ناو زگی دایکی خۆی دا دەگە ڵ زمانی زگماکی دایکی خۆی ئا شنا دە بێت و لەو ساتەوەکە پێ دەنێتە دۆنیا و لە دایک دەبێت وهەست بە گریان دەکات، ئەگە ر بێت و بەزمانی دایکی خۆی دەگەی بدوێن کۆتایی بە گریانەکەی دێینێت.منالڵ دە گەڵ تێپەربۆنی کات و بیستنی بە ردە وام،فێری زمانی زگماکی دەبێت و وردە وردە بە ساز کردنی وشەی کورت دە ست بە قسە کردن دە کات و لە ماوەیە کی کەم دا فێر دە بێت کە هەست و ویستەکانی خۆی هەر بەو زمانە بە دە ورو بە رییەکانی بناسێنێت و بەو زمانە لە تەنیایی و کەسایەتی خۆی دێتە دەرێ و ورەدە وردە خۆی تێکەڵ بە کۆمەڵگا دەکا.




دوای ئەوە ی کە منالڵ پێ دە نێتە شوێنێکی تە واوجیاواز لە بنەماڵەکەی خۆی بە ناوی قوتابخانە، ئە گە ر دە گە ل ئەو جیاوازیەش زمانەکە شی جیاواز بێت، زمانی دووهەم راستەوخۆئاسەوارێکی تەواو خراپ دە خاتە سەرزمانی زگماکی و ژیانی ئەو قوتابییە. منالڵ دە گەل ئەوە ی دا کە دە یەوێت شتێک بە زمانی زگماکی بلێت و لە لایەکی دیکەش ئەگەر بیهەوێ هەر ئەو شتەبەزمانێکی بێگانە بە کە سێکی دیکە بلێت تۆشی گرفت دە بیت و هەر دووک زمانەکە دە گە ڵ یە کتر تێکە ڵ دە کات و هە تا ماوە یە کش ناتوانی ئەوان لە یەکتر جیا کاتەوە. بایەخی فێر بوون بە زمانی زگماکی بۆتە ناوە رۆکی لێکو لینە وە یکی زۆربەی بیرمە ندانەوە و هەر ئەو بیرۆ کە یە ش لە یەکە م کۆ نفرانسی زا نستی کە لە سالی ١٩٢٩ دە ستی پێ کرد پێشکەش کرا.. لەو ماویە ش دا کتێب گەلێکی یەکجار زۆر لە و بابە تە نووسراون کە زۆربەی لێکۆلینەوەکان باس لەوە دەکە ن کە فیر بوون بەزمانی جیا لەزمانی زگماکی، کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگەیشتنی هزری و کە سایە تی منالڵ دادەنێ.

-لە بواری دەرو نیەوە فێر بوون بە زمانی دایکی، دە بێتە هووی باشتر فێر بوون و دە بیتە هاندەرێک بۆ بەرە و پێش چوون لە بواری کۆمەڵا یە تی و منالڵ دە توانی زۆرترو باشتر خۆ دە گە ڵ کۆ مە ڵگا رابێنیت . لێرە دا ئەو پرسیارە دێتە ئا راوە کە بۆ فێر بوون نابێ بە زمانی زگماکی بێ؟

لە ناو هەر کۆمە لگایک دا کە مروڤە کان لە خوێندن و فێر بوون بە زمانی خۆیان بێ بە ش دە بن،بە واتای بوونی دە سە ڵا تی زۆرەملی و ئیستیبدادی سیاسی و کۆ مەڵا یە تی لەو وڵاتەدا هە یە.

-بەهوی ئەوە ی کە لە ناو ئەو کۆمە ڵگایە دا یەک زمان و کۆ مە ڵێک مرۆڤی دەسەڵاتبەدەست بە سەرمرۆڤەکانی دیکەدا زاڵن ، هەوڵێکی بەرچاو بۆ لەناوبردنی زمانی نەتەوە بندەستەکە لە ئارا دایە .ئەوە ش مانای ئەوە دە گە یێنێت کە لە ناو ئە و کۆمە ڵگا یە دا دێلیی مرۆ ڤەکان و نەهێشتنیان لەلا پەرەی مێژوو دا لە پێش دا دارێژراوە.بۆ لە ناو بردنی ئە و نە تە وە جیاوازە کە لە ناویان دان دە یانهەوێت بەکەڵک وە رگرتن لە بەکارنەهینانی زمانەکەیان، لەراستی دا فەرهەنگ و مێژوو و شوناسی ئەوان لە ناو بەرن و بیان کەن بە مرۆڤی دەرەجە دوو و دواتر ناویان لەلا پەرەی مێژ وو دا بسرِ نەوە.



# پاراستن و خزمەتی زمان، ئەرکی نەتەوەییە.



-چۆن تەنیا ئەو میللە تەئاسان لە ناو دە چێت و ناوی لە مێژوودا نا مێنێتە وە کە زمانی زگماکی خۆی لە بیر کرد بێت ولە داب و نەریتی کۆمەلا یە تی دوور کە وتبێتە وە و حازر بەقە بووڵ کردنی دێللی و کۆیلەتی ئەوانی تر بوبێت لێرەدا کۆمە ڵ کۆژیی کلتووری مەترسیدارتر لەکۆمەڵ کو ژی جەستەیی خۆی دەردەخا.

-لە ئیران دا گەلا لەی میلّە ت سازی رە زا شا کە لە سەرەتادا بە هۆی نا مە قولا نە بوونی خۆی نە یتوانی هیوای سە رکە وتنێک وەدە ست بێنیت ئیستا لەناومێشکەکان دا بووتە راستیەکی پیرۆز کە مافیکی ئەو تو بۆ میلّە تە غەیرە فارسەکان بەرە سمییەت نەناسن و دوای تێپە ر بوونی سی و سەساڵ لەسەرکەوتنی شورشی گەلانی ئیران و لەناو بردنی نیزامی فاشیستی شاهەنشاهی ئیستاش هەنگاویکی گرینگ بۆ وەدی هاتنی ئەسلی١٥ ی قانونی ئەساسی هەڵ نەگیراوە. لە کۆتایی دا با چیترمافی خویندن بەزمانی زگماکی لە مرۆڤە کان نەستێنینەوە و رەوتی زانستیانی خۆێندنی پێشکە وتوو نادیدە نە گرین هەر چەند نەتەوەی کورد هیچ کام لەتەوەرەکانی یەکسان سازی شوناس و زمانی یەکگرتووی ئیرانی قوبوول نەکردووە و ئەسلی خوێیدن بەزمانی زگماکی بۆتە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی زۆربەی شۆرشەکانی کوردی لەمێژووی سەد سالی رابردوو دا.

**ماڵپەری گیارەنگ**

## زمان، ماڵی هەمیشەیی نەتەوە




**ئیسماعیل ئیسماعیل زادە**

**(بە بۆنەی رۆژی جیهانیی زمانی دایکیەوە)**

١- کاتێ سەرنج دەدەینە هەرێمێکی ئینسانی، خاڵێک وەکو دەسپێک بۆ وەگەڕکەوتن بەرەو هەرێم یان جوگرافیایەکی سیاسیی دیاریکراو دەبینین کە وڵات پێکدێنێ. دیاریکرانی هەرێم یان وڵاتێک مێژوویەک دەخوازێ کە رەگی لە زمانێکی تایبەتدا هەیە. لە خوێندنەوەی مێژووی وڵاتانی جیهاندا ئەمە روون دەبێتەوە کە ئاماژەی مێژوویی بەو هەرێمە ئینسانییە زۆر لە پێناسەی وڵاتانی هاوچەرخ کۆنترە، بەواتایەکی دیکە گۆڕانێکی بنەڕەتییان بە خۆوە بینیوە. لە لایەکیترەوە، بەهۆی ئەوەکە سنوورە(سیاسی)یەکان دەستکردن، بەگوێرەی دەسەڵات و گوشارەوە واتە سەرەڕۆیانە و بە پاڵپشتی هێزێک کە زۆرجاران هێزە ئیستیعمارییەکان زۆر کارەساتاوی ئەم رۆڵەیان گێڕاوە، دارێژراون. ئەمچەشنە کردەوەیە بەبێ سەرنجدان بە دابەشکردنی جوگرافیی لە رووی دەستەی رەگەزیی یان زمانیی ئەنجام دراوە. لێرەشدا ناوی زۆربەی وڵاتان لەگەڵ سەرلەبەری پێکهاتەیەکی سرووشتی (وڵاتێکی بەتەواو مانا کامڵ) ناگونجێ. ئاوا سەرجەم حکومەت و دەوڵەتەکانی لەم جۆرە لەهەوڵی ئەوەدان خۆیان بەجۆرێک پێناسە بکەن و وای بنوێنن کە هەبوونی جوگرافیای هەنووکەییان مێژوویەکی دێرینی هەیە و بە درێژایی سەدەکان مانای دیاریکراوی ئێستایان هەبووە و پاراستوویانە. ئەمە چەشنێک هەوڵدانە بۆ دەستدرێژیکردن بۆ سەر راستییە مێژووییەکان و دیرۆک دەستکاریی دەکەن. بەم پێیە کەشوهەوای کۆمەڵگای ئینسانی، هەرێمی جوگرافی و چوارچێوەی ئەمجۆرە وڵاتانە هیچ پێشینەیەکی مێژووییان نییە و رەگێکی دەستکرد و زۆرەملیانەی داکوتاوە. هەرمرۆڤێک رەنگە بیەوێ بەدوای پەیوەندیی ئەندێشەی تایبەت بە خۆی لەگەڵ دەستەیەکی تایبەتدا بگەڕێ، دابونەریتی کۆمەڵایەتیی هەرچەندە لەشوێنی خۆیدا بەشێوەی جۆراوجۆر و جیاواز ئامادەیە، بەڵام لەهەر کام لەم چەمکە کۆمەڵایەتییانەدا بەشێوەیەک پەیوەندیی خۆی لەنێو چینێکی کۆمەڵایەتی، نەتەوەیەک یان قەومێکدا دەدۆزێتەوە و بەمجۆرە مرۆڤ لەرووی سۆز و عاتیفە و خوێن و رەگەز و زمان و لەدیدی پێناسەی کۆمەڵایەتییەوە خۆی تایبەت بەو چوارچێوەیە دادەنێ. ئەمە دەتوانێ لە هەستکردی هەر مرۆڤێکدا هەبێ یان بە شێوەی زەینی و عەینی خۆی لەو قەوارەیەدا پێناسە دەکا و لەئاست و پلەی خۆی بە پێی دۆخی ژیان و بنچینەی کولتووریی، نیازەکانی لەو کۆمەڵگایەدا دەردەخا. ئەمانە سەرەکیترین پرس و بابەتن کە مرۆڤ دەتوانێ شوناس و چیەتی و کەسایەتیی خۆی تێدا بدۆزێتەوە و فەرزبوونی خۆی لەبارودۆخی دەروونیی مرۆڤی و نەتەوەییدا ئاراستە بکا.

بەکورتی و لەدوا خوێندنەوەی ئەم بەشەدا، گەڕانی مرۆڤ بە دوای شوناس و چییەتیی خۆی ئایدیالۆژیەکی بەهێز بە نێوی نەتەوەخوازیی دەستنیشان دەکا، ئەویش نەتەوەخوازییەکی نەیارە لە بەرامبەر ئایدیالۆژیی زاڵ کە دەکەوێتە نێو چوارچێوەی دوایین دەسکەوتەکانی جیهان و ئەمجۆرە فەرامۆش نەکردنەی نەتەوەخوازییش بە دوای دەسەڵاتیی نەتەوەییدا دەگەڕێ.

٢- گەلی کورد وەکو زۆربەی گەلانی دیکە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان و لەبەرامبەر هەرکام لەو هێزە بەرچاوتەنگ و دەستدرێژیکار و تێکدەرانەدا بەشێوەیەک لە شێوەکان خۆی نیشان داوە و بەرگریی و شەڕی بۆ مانەوە کردووە. گەر دەسەڵاتی سیاسیی دەستنیشان بکەین، بەهۆی هەڵکەوتنی کوردستان لەشوێنێکی گرینگی جوگرافیی کە لەباری مێژووییەوە بە میزۆپۆتامیا ناسراوە و لەدابەشکردنی هەنووکەییدا بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاماژەی بۆ دەکرێ، دەبینین کە لەشەڕی ئاڵۆزی وڵاتاندا، چ دراوسێکانی و چ وڵاتانی دوور هەمیشە بەرکاربووە و دەستاودەستی پێکراوە. یان بەهۆی بەرژەوەندیی زلهێزانی سەردەم و پێشوو هەرجارەی بەشێکی بۆتە خەڵاتی وڵاتێکی دیکە. لە دوو سەدەی دواتردا کێشەی سیاسیی لەسەر ئەم ناوچەیە لە لایەکەوە لە لایەن پێکهاتەی ئەندێشەیەکی کۆنەخواز وەکو ئیمراتۆری عوسمانی و عەرەب و تەختنشینانی ئێرانی و لەلایەکی دیکەوە بە هۆی ئەندێشەیەکی نوێخوازی داگیرکار وەکو ئیستیعماری نوێ لەچەشنی ئینگلیز، ژیانێکی چوارپارچە بە دنیا پێناسە دەکرێ و لە لای کوردیش وەکو ئەندێشەیەکی ناخخواز ئامادەیە و لەگەڵ تاکخوازیی وەکو دیارترین مەیدانی ئازاد رادێ.




لێرەدا پێویستە لەسەر ئەمە داکۆکی بکرێ کە لە مێژووی جیهاندا هەر کە ناوی قەوم و نەتەوەکان دێتەئاراوە، لەلایەکەوە لەگەڵ زانیارییەکی دەستکاریکراو سەبارەت بە نەتەوەکان رووبەڕوو دەبین کە لە لایەن حکومەتەکانەوە بۆ چەواشەکردنی رای گشتی تۆمارکراوە، بەمجۆرە پلە و ئاستی وڵاتانی فەرمی و ناسراو بەچوارچێوەیەکی جوگرافیی سیاسیی دەبەنە سەرێ. ئەمەش هۆکارێکی گونجاو و بێ مەترسییە بۆ فەرامۆشکرانی نەتەوە ژێردەست یان بچوکەکان.

ستراتیژییەکانی ئەم چەشنە چەمکانەی دەسەڵات کە بەرچاوتەنگیی لە پێکهاتەی ئارمانج پەروەریی و نمونە پرهەڕەشەکانیاندا، پێویستییەکی گشتگیرن بۆ سەرهەڵدانێکی قووڵی بێگەڕانەوەی ژێردەست، هەمیشە لە دیدی بیچم، چوارچێوە و ناوەرۆک و لە زەمان و پانتادا دەگۆڕدرێن.

کاتێ دەڕوانینە مەیدانێکی جوگرافی و تێیدا دەسەڵات بە گشت چەمکەکانییەوە وەکو بەڕیوەبەر هەڵسووڕان و چالاکیی هەیە، نیشتەجێکانی ئەم هەرێمە ڕەنگە لە چەندین ڕەگەز و زمانی جۆراوجۆر و جیاواز پێکهاتبن، واتە وڵاتێکی فرەنەتەوە لە چوارچێوەیەکی جوگرافیدا کە بە وڵات دەناسرێ. بە هۆی دیاریکرانی زمانێکی فەرمیی، ناوەندێک بۆ پەیوەندیکردن یان زاڵکردنی نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەیەکی دیکەدا زاڵ دەکەن. لێرەدا زمانی کام ڕەگەز ئەم جوگرافیایە پێکدێنێ، دەگەڕێتەوە سەر بەبنچینەکردنی دەسەڵات.

دەبێ دەسەڵات لە چنگی کام نەتەوەی ناو جوگرافیای هاوبەشدابێ؟ یان هۆکارەکانی پێکهاتنی ئەم هێزە زاڵانە کامانەن و بزوێنەرەکانی لە کام سەرچاوەوە وەگەڕ کەوتوون؟ هەروەها بە چ شیوەیەک ئەم دەسەڵاتە هەڵدەسووڕێنن و پێناسەی دەکەن؟

" ئەو چوارچێوە جوگرافییانەی کە کوردیان تێیدا دەژی و لە توخمی ئابووری و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کورددا وەکو بکەر ژیان دەکان، لە هەرێمی کولتوور و دابونەریتدا نا، بەڵکو لە ژیانی پەیوەندیی بنەڕەتیی لەگەڵ جەختی بوروکراتیک و سیاسیی و ژیانی کۆمەڵایەتی و گشتگیرکردنی کولتووری زاڵی خۆی و دەستداگرتن بە سەر ڕاگەیانە گشتییەکانەوە ناوەرۆکی شۆڤێنی خۆیان دەدەخەن. بە جۆرێک کە ئاراستەکانی ئەوان ڕەوتێک لە دژایەتییەکان، شوێنەواری مێژووی و سیاسیی و هەروەها شێواندنی کولتووری ژێردەستەکان دەخەنەروو، ئەمەش هەر ئەو ئایدیالۆژیەیە کە وەکو چەمکی نەتەوەیی، کولتووری، ئایینی یان سیاسیی کە لە دەستی سیاسەتی پەرەپێدەردا بۆتە بیچمگرتنی دەوڵەتە سەرەڕۆ و پاوانخوازەکان.

حکومەتەکان ویستوویانە پێناسەیەکی تایبەت بە خۆیان بۆ چەمکی نەتەوەخوازیی ئاراستە بکەن هەتا ببیتە یەکێک لە شووناسەکانی دەسەڵاتدارێتی یان بەمجۆرە هەوڵیان داوە چەشنی تری ڕاستەقینەی نەتەوەخوازیی واتە نەتەوەخوازیی نارازیی بسڕنەوە، یان خۆی لێبدزنەوە و بە فەرامۆشیی بسپێرن. ئەم شێوەیە لە دەسەڵات شوناسێکی بەرچاوتەنگ و پاوانخوازانەی هەیە و بۆ چەواشەکردنی بیروڕای گشتی و شاردنەوەی دەروونی پاوانخوازانەی، خۆی بە پشتیوانی وڵات و نەتەوە و پارێزەر دادەنێ و لە بەرامبەردا نەیارانی خۆی بە هێرشکار و زۆرجارانیش بە پیلانگێڕ و ڕەشەکوژ و راسپاردەی دەرەکیی ناوزەد دەکا. ئیدی ئەم چەشنە خۆشاردنەوەیە لە پشت چەمکی پیلانگێر و ڕەشەکوژ جۆرێک خۆحەشاردانە بۆ راپێچدانی خۆی لە چنگی سزا و ئیدانەکران. ئەو چوارچێوە جوگرافییانەی کە کوردیان تێیدا دەژی و لە توخمی ئابووری و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کورددا وەکو بکەر ژیان دەکان، لەهەرێمی کولتوور و دابونەریتدا نا، بەڵکو لە ژیانی پەیوەندیی بنەڕەتیی لەگەڵ جەختی بوروکراتیک و سیاسیی و ژیانی کۆمەڵایەتی و گشتگیرکردنی کولتووری زاڵی خۆی و دەستداگرتن بە سەر ڕاگەیانە گشتییەکانەوە ناوەرۆکی شۆڤێنی خۆیان دەدەخەن. بە جۆرێک کە ئاراستەکانی ئەوان ڕەوتێک لە دژایەتییەکان، شوێنەواری مێژووی و سیاسیی و هەروەها شێواندنی کولتووری ژێردەستەکان دەخەنەروو، ئەمەش هەر ئەو ئایدیالۆژیەیە کە وەکو چەمکی نەتەوەیی، کولتووری، ئایینی یان سیاسیی کە لە دەستی سیاسەتی پەرەپێدەردا بۆتە بیچمگرتنی دەوڵەتە سەرەڕۆ و پاوانخوازەکان. بەم شیوەیە نایەکسانی و دوابەدوای ئەویش ناعەدالاتی و هەڵاواردن، نەتەوەی ژێردەست دەخاتە ژێر پرسیار و تووشی مەترسیی دەکا. ئەم نایەکسانیانەش لەژێر کاریگەریی راستەوخۆی چەند بزووتنەوەی مەزن کە مێژوو بۆ دەرخستنیان چەند ڕەوتێکی گرینگی دیاری کردووە و بەهۆی سنوربەندیی نوێ کە بەرهەمی ململانێی زلهێزانە و لە ژێر گوشاری دابەشکردندا دانران. ئەمەش بۆخۆی چەند ڕەوتی دیکەی دەستنیشان کردووە کە بۆتە هۆی کۆڕەو، پارچە پارچەکرانی نەتەوە و خاک و کارەساتی مرۆڤی، دروستبوونی دەوڵەتی نوێ و داگیرکرانی خاک و... تاد. جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکەین کە کەمینەبوون یان جیاوازبوون و باڵادەستبوونی دەستەیەکی کۆمەڵایەتی لە دەستەیەکی دیکە بەهۆی ڕەگەز و نەتەوە، زمان، ئایین و... تاد ئەم جیاوازیی یان هەڵاواردنە لە هەرکام لە قەوارەی سیاسیی، ئابووریی و کولتووریدا خۆی نیشان دەدا، یان هەرکام لەم بوارانە دەبنە هۆکاری نایەکسانییەکان. بەمجۆرە دەستنیشان دەکرێ کە لایەنی زاڵی نێو کۆمەڵگا لەچاو لایەن یان توێژی کەمینە زیاتر دەتوانێ بە ئاست و شوێنی گرینگ و تایبەت لە هێز و دەسەڵاتی سیاسی، نەتەوەیی و ناوچەیی بگا و لەهەموو بەشەکانی پێکهاتەی وڵاتدا گشت مافەکانی بۆ مسۆگەر دەکرێ و مافی چینی کەمینەش بۆلای خۆی ڕاکێش دەکا. ئەگەر لەسەرەوە ئاماژە بە چەند چەمکی دیار کرا کە هۆی جیاوازی وبەرچاوتەنگیی نەتەوەیەکن لە بەرامبەر نەتەوەیەکی دیکەدا، لە هۆکارەکانی دەتوانین ڕەگەز، کولتوور، زمان و ئایین... دەستنیشان بکەین. لەبەشێک لە وڵاتاندا ڕەگەز هۆکاری جیابوونەوە یان باڵادەستیی دەستەیەکی ڕەگەزییە بەسەر دەستەیەکی دیکەدا. لە سووچێکیتری جیهان، ڕەنگی پێستی مرۆڤ هۆکارێکە بۆ سەروەریی. واتە هەنووکەش تەنانەت لە دنیای پیشەکاریدا ڕەشپێستی و سپی پێستی، پێگەی کۆمەڵایەتیی دیاری دەکا و چارەنووسی هەر مرۆڤێک بەهۆی ئەم جیاوازییەوە دەستنیشان دەکرێ یان ئایین (مەسیحی، موسڵمان، جوولەکە و...)، ڕەگەز (ژێرمەن وەکو ڕەگەزی سەروەری ئاڵمان)، زمان (لە وڵاتە ئینگلیزی زمانەکاندا یەکێکە لە بەرچاوترین و دیارترین هۆکار بۆجیاکردنەوەی دەستەیەک لە دەستەیەکی دیکە)١.

ئەم وتارە لێرەدا زمان وەکو سەرەکیترین و زیندووترین هۆکاری جیاوازی و هەڵاواردنی نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی دیکە یان زمان وەکو یەکێک لە گرینگترین شوناسەکانی هەر نەتەوەیەک ئاراستە دەکا و هەوڵ دەدا کە لە بارودۆخی سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوریی هەنوکەییدا لە زمان وەکو هۆی زیندوو مانەوەی ژیانی هەر نەتەوەیەک بکۆڵێتەوە.

زۆربەی زماننناسانی جیهان، لە سەرەتاوە تا بە هەنووکە لەسەر ئەم باوەڕە یەکدەنگن کە زمان ئامرازێکە هەتا مرۆڤەکان بتوانن لە ڕێگەی ئەم ڕەهەندەوە پەیوەندیی لەگەڵ یەکتریدا ساز بکەن. ئەوان ئاستی لێکدانەوەی فەلسەفیانەی زمان بە سەرتر لە ئامرازی پەیوەندیگرتن نازانن، تەنانەت تیۆرە مۆدێرنە زماننناسانەکانیش بەجۆرێک لە جۆرەکان مۆرکی قبووڵ لە سەر حاڵەتی بە کەرەستەیی بوونی زمان دەدەن. ئەوە لەحاڵێکدایە "هایدگێر" لەو بیرمەندانەیە کە دژ بەم بۆچوونە هەڵوێست دەگرێ و زیاتر لەوە دەڵێ: "زمان ماڵی بوونی ئێمەیە". بەمجۆرە زمان لەو پێناسە کۆنە خۆی لادەدا و بەشێوەی "لەناخداهەڵگر" توانای هەڵگری ئەو ژێدەرانەی هەیە بۆ ئەوەی مانا بەرهەم بێت. واتە بەرەو ئەو شوێنانە پەل دەهاوێ کە دەستی ئێمە پێیان ڕاناگا و لەوپەڕی ئەزموونەکانی ئێمەوەن. هەروەها لە هەمانکاتی کە بەرەو داهاتووین ماناکانی رابوردووشمان پێ ئاراستە دەکا کە سەرچاوەکەیان لە زمان و کولتووری ئێمەدا زیندووە.

زمان هەوێنی نائامادەی زەینی تاکی مێژووییە و لە بەکارهێنانی دەتوانرێ ڕەهەندەکانی داهاتوو و هەروەها ئاست و پێگەی چیەتیی کولتووری پەیوەست بە شوناسی نەتەوەیەکی پێ بدۆزرێتەوە یان دیاریی بکرێ. بە سەرنجدان بە بەرهەمە ئەدەبیەکانی جیهان وەکو شیعر، چیرۆک، ڕۆمان دەبینین کە لە بارودۆخ و کات و شوێنی تایبەت بە نەتەوەکان، زمان بۆ نموونە دەبێتە هەڵگری ڕەهەندێک کە نارەزایەتی و بەربەرەکانیی لەبەرامبەر دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان وەبیر دێنێتەوە، بەپێی گێڕانەوەی هەر کام لەم ژانرە ئەدەبییانە، بەرگریکردن وێناکراوە و ڕێکخراوە (بۆ نموونە شیعرەکانی شاعیری گەورەی یۆنانی یانیس ریتسوس، جۆرج سێفریس، لەنگستن هیوز، حاجی قادری کۆیی، ئەحمەد موختارجاف...). ئەگەر تەوژم و تینی دەسەڵات و زنجیرەی ڕووداوەکان فەزای ناهومێدی دادەسەپێنێ، بەڵام ئازادیی ئەگەری هەیە، شێوازی بەرگریکردن و ڕماندنیش هەن کە لە سەر زەین و هەست و نەست و لەهەموویان گرینگتر لە سەر زمان کاریگەرییان دەبێ، بەواتایەکی دیکە زمان هەمیشە لەو شوێنە ئامادەیە کە بەربەرەکانیی و نارەزایەتی و ناعەداڵەتی سەرهەڵدەدا. واتە چینی دەسەڵاتدار لە ڕێگەی دەستکاری و چەواشەکاری و هەوڵەکانییەوە ڕەنگە زۆر خێرا نەتوانێ سەرکوتی ئەو زمانە کەمینانە بکا کە لە دەرەوەی دامەزراوەی زمانی یاساییە و زمانی فەرمی نەتوانێ ببێتە هەڵگری سەرجەم پێکهاتە و چەمکی ژیانی نەتەوە ژێردەستەکان، چونکە زمانی بەرکار (کەمینە) هەرچەندە لە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ناوەندی سەقامگیری هێزن، بەڵام بەهۆی ئەوە کە هەڵگری ئەزموونی کارلێکی کۆمەڵایەتین دەکەونە ئەوپەڕی گوشار و کارتێکردنی پێناسەی فەرمییەوە. لەبەرامبەر پێشگرتن لە ئازادیی کارکردی زمان کە دەسەڵات دەیکا، نموونەیەکی دیکە بۆ پاشەکشەکردن، یان باشترە بڵێین بەربەرەکانیی کردنی زمان لە بەرامبەر هێزی زمانی بکەر دەخەینەروو، ئەویش لادانی زمانە لە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ قسەکردن و بەمجۆرە زمان یاسا و پێکهاتەی خۆی تێکدەشکێنێ و بەرەو خوازە و هێما و فۆرمەکانی دیکە وەکو تەنز و... تاد دەڕوا. بەمشێوەیە خۆی لە خەسار کە ڕاستەوخۆ و ئاشکرا دەربڕین هۆکاریەتی دوور دەخاتەوە.

لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا وڵاتی واهەیە لەبەر هێز و گەشەی زمانەکەی مەزنترین شارستانیەتی پێکهێناوە و بۆ زۆربەی هەرێمەکانی دیکە پەرەیسەندووە و بەهۆی ئەم بەرفراوانی و زاڵیەی زمانەکەیەتی کە






دەسەڵاتی ڕاگەیاندن و سیاسی و ..تاد مسۆگەر کردووە. ئەمەش لەبەر گەشەکردنی کۆمەڵگا و هۆشیاریی و چەندرەهەندیی هێزی بیرکردنەوەی نەتەوەیییە کە زمان توانیویەتی پەرەبستێنێ و جۆرێک ئاماژەکردنە بەو وتەیەی "دۆسۆسێر" و "چۆمسکی" کە دەڵێن: زمان سیستمێکی داماڵدراوە و هەموو رۆڵەکانی کۆمەڵگا بەشداریی تێدا دەکەن٢.

لە بەشێک لە وڵاتاندا بە چەندین زمان قسە دەکرێ و دەنوسرێت. واتە لەو شوێنانەدا چەند زمانی هۆی ئامادەبوونی چەند دەستەی ڕەگەزیین. هەر وەک کوترا، لەم جۆرە وڵاتانەدا یەکێک لە زمانەکان بە زمانی فەرمی لە چوارچێوەی جوگرافیدا و بەهۆی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری ... دەناسرێ و ئەوانی دیکە کە وەکو زمانی ناوچەیی و زۆرجارانیش بە زاراوە دادەنرێن و تەنیا لە ئاخافتنی ڕۆژانەی دەستەی زمانیدا بەکار دەهێنرێن، یان بە هۆی هەلومەرجی دانراو لە لایەن دەسەڵاتەوە پێشی پێدەگیرێ و هەرچەشنە بەکارهێنانی تاوانە و قەدەغەیە. بەمجۆرە ڕەخنەگرتن لە تاک دەسەڵاتیی بە هۆی سەقامگیربوونی دەسەڵات دەستێندرێتەوە. ئەگەر لە ڕوانگەیەکی تری خەسارناسییەوە سەرنجی ئەم کردەوانەی دەسەڵات بدەین، دەردەکەوێ کە وردە وردە زمان بەرەو نەزۆکی دەڕوا و ئەم نەزۆکییەش بازنەی وشەکان بەرتەسک دەکاتەوە و هەر بەم پێیەش مانا لە زمان بە ڕادەی وشەکان کەم دەبێتەوە. کردەوەی لەم چەشنەی سیستمە تۆتالیتێرەکان دەبێتە هۆی ستاندنەوە و سڕینەوەی تایبەتمەندییەکان لە زمان. ئاوا بەبێ وەبەرچاوگرتنی ڕێژەی دەستەی زمانی، زمانی دەسەڵاتدار بە زۆرینە و زمانەکانی دیکە بە کەمینە دادەنرێن. نەتەوەی سەرورەر بۆ بەبنچینەکردنی دەسەڵاتی خۆی و حکومەتکردن بە سەر نەتەوەکانی دیکەدا سیاسەتی یەکدەستکردنی کولتوور و زمانەکان بەکاردێنێ و ئەویش جێنشینکردنی کولتووری سەروەرە کە یەکێکە لە پێناسەکانی کولتووری سەرکەوتووان و داگیرکەران. دەرەنجامی ئەمە بەرەو سڕینەوەی کولتووری نەتەوەیەک دەچێ و لەئاکامدا ئەو نەتەوەیە بەهۆی ناچاربوونیەوە لە کۆیەکی گەورەتردا دەتوێتەوە و لەناو دەچێ. کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە بەهۆی دۆخی مێژوویی و نەبوونی دەسەڵات و داگیرکرانییەوە، لەلایەن چوار دەسەڵاتی عەرەب، تورک و فارسەوە لە مەترسی لەناوچوون دایە. ئەگەرچی لە گۆشەیەکی بچووکی وەک باشووری کوردستان هەوڵ بۆ دۆزینەوەی شوناسی کورد دەدرێ، بەڵام هێشتا لەم پارچە بچووکەش چارەنووسی هەروا لێڵە و لە مەترسی سات و سەودا دایە.

" ئەو خەسارانەی کە تووشی زمانی کوردیی دێن بە هۆی قەدەغەکرانی ئاشکرا و نائاشکراوە بەرەو توانەوەی یەکجارەکیی شوناس و کولتووری ئێمەیە. دەبینین کە بیرکردنەوەی کورد بە شەپۆلی ڕاگەیەنە گشتییەکان و شوێنەکانی پەروەردەیی زمانی زاڵ کە بنچینەی زمان دیاری دەکەن، دەئاخندرێن. "

هەرچەند خاک و زەویی کەمینەی ئاماژە پێکراو بەهۆی داگیرکرانی ئەندێشە و مێژوو و هەنووکەی لەسەر جوگرافیای جیهاندا ئاوارەیە، بەڵام ئەوەی تا بەئێستا بۆتە پاڵپشت و هاندەر و زمانەکەیەتی، یانی تەنیا نیشتمان و هۆی مانەوە. بۆ پیداگرتن و زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە تیۆرێکی سیاسیی ڕاست دەکینەوە: لەئاکامدا ستەم لە شێوازێکدا ڕەگاژۆی کردووە کە بە پێی ئەو شێوازە ئێمە و دیتران لە دیدی زمانناسییەوە پێناسە دەکرێین، شێوازێک کە تێیدا پێگەی ئێمە بە هۆی وشەکان پێوەندییان لەگەڵ وشەی تر دیاری دەکرێ. بوونی ئێمە، شوناسی ئێمە و وێناکردنی ئێمە لە ڕێگەی دیالۆگ و زمانەوە دروست دەبێ، بەڵام کورد بەو پارچە پارچەبوونەی ژیان بەسەر شۆڤینەکانی ناوچەکەدا و لەبەردەستی هەرکام لەم دەسەڵاتە زاڵانە کەمینەیە، ئایا زمانەکەشی تووشی خەسار نەبووە؟ یان لەمەترسیی فەوتاندا نیە؟ بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی و کولتووری و هەروەها هێرشی ئەندێشە و کولتوور و سیاسەتی دەسەڵاتی زاڵ، زمانی کوردی لە گشت بوارەکاندا (نووسین و قسەکردن و بیرکردنەوە) تووشی لاوازییەکی بەژان هاتووە و ناتوانێ سادەترین هەستەکانیشی لە ئاستی گشتیدا بە زمانی خۆی دەربرێ. هەروەها بە هۆی نایەکسانی و ڕکەبەرایتی نێوان زمانی دایکی و زمانی دیاریکراوی شوێنە فەرمییەکان (زمانی قوتابخانە و ڕاگەیانە گشتییەکان و ... تاد) لاوازی و لە ئاکامدا توانەوەی زمان خێراتر دەبێ.

ئەم چەشنە کردەوەیەی دەسەڵات هەستپێکردنی ئەوانە بەوەی کە ڕەنگە کورد بە زمانەکەیەوە بەرەو یەکێتی نەتەوەیی هان بدرێ، بەمجۆرە هەر وەک "دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی" دەڵێ: پێشگرتن لە زمان و کولتوور.. سەرکەوتووترین شێوەی کۆیلەکردنی نەتەوەیە. ئەم دەسەڵاتانە زمانیان بە پێکهاتە و ناوەندی نارەزایەتیی کەمینە داناوە و بەوەیان زانیوە کە دۆزینەوەی پەیوەندیی زمانیی لە لایەن کەمینەکانەوە (کورد) هەستکردن بە هێزێکی زۆرە و ئەوان (کەمینەکان) بەرەو پێکەوەلکانی کولتووری لێکپچڕاوەکان کە لە بنەڕەتدا سەرچاوەیەکیان هەیە، هان دەدا و لە ئاکامدا ئەو زمانە دەتوانێ دەسەڵاتی تێیدا سەقامگیربێ. هەروەها جەختکردن لە سەر زمان بە بیانوویەک بۆ تێکەڵاوبوون لەگەڵ وڵاتێکی دیکە دەناسێنن و بە ویستێکی جیاییخوازیی دادەنێن، بە واتایەکی دیکە یەکگرتنەوەی زمان بەرەو یەکێتی و یەکدەست بوونی سیاسیی و دەروونی دەڕوا. تەنانەت ئەوان قەت دان بە زمانی کوردیدا نانێن و بە زاراوەیەک ناودێری دەکەن. بۆ وێنە دەبینین کە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا زمانی کوردی بە یەکێک لە زاراوەکانی زمانی فارسی دادەنراوە و وەکو سیاسەتی شۆڤێنی ئەو هەمووە بەڵگەنامە و شوێنەوارە مێژووییە فەرامۆش دەکا کە بە زمانی کوردین و ئەگەریش لێرە و لەوێ زۆر بە کورتی وەک زمان ئاماژە بە زمانی کوردی دەکا، بە زمانێکی نوێی دادەنێ کە لەم سەد ساڵەی دواتردا زمانی کوردی دروست بووە. هەروەها هەڵوێستەکانی حکومەتی تورکیاش نابێ فەرامۆش بکەین کە نەک هەر بۆ قسەکردن حەساسیەت لە خۆی نیشان دەدا بەڵکو تەنانەت ناوی کوردهێنانیش تاوان بووە، ئەگەرچی ئەم حکومەتانە لە هەلومەرجی ئێستادا و بە پێی سیاسەتی ڕوبەدەرەوەیان لە بەشێک لە سیاسەتەکانی پێشوو پاشەکشەیان کردووە و لە بەرامبەردا دەستیان داوەتە ڕاهێنانی زۆرەملیانەی زمانی فەرمی کە حکومەت بەڕێوەی دەبا و بەمجۆرە پەرە بە کولتووری دەسەڵات دەدا. ئەم شێوە کردەوانە جۆرێک زمانکوژی، یان لەناوبردنی گەلێکی تایبەتە کە بنەمای نەتەوەکوژیی مسۆگەر دەکا٣. ئەم چەشنە هەڵوێستانە ڕوانگەی حکومەتەکانی ئاوا دەرخستووە کە هەمیشە وەکو ئامراز بۆ سەرکوتی کەمەنەتەوەکان، زمان بەهۆکاری نارەزایەتیی دەزانن و پێیانوایە کە زیندووکردنەوەی خواستەکان لە نێو چەمکی زماندا زۆر بەهێزترە لە چەمکەکانی تر.

ئەو خەسارانەی کە تووشی زمانی کوردیی دێن بە هۆی قەدەغەکرانی ئاشکرا و نائاشکراوە بەرەو توانەوەی یەکجارەکیی شوناس و کولتووری ئێمەیە. دەبینین کە بیرکردنەوەی کورد بە شەپۆلی ڕاگەیەنە گشتییەکان و شوێنەکانی پەروەردەیی زمانی زاڵ کە بنچینەی زمان دیاری دەکەن، دەئاخندرێن. لە لایەکی دیکەوە لە غیابی شوناسی زماندا دروستبوونی دەوڵەتیش فەرامۆش دەکرێ. نەتەوەیەکی وەکو کورد دەبێ (بە سەرنجدان بە سەرجەمی ئەو بزووتنەوە نەتەوەییانەی کە زمانەکەیان لە مەترسیدا بووە، بۆ وێنە ئەوەی کە لە ئیرلەندی سەدەی نۆزدەدا دەبیندرێ ٤ بەرەو زمانی ستانداردی هاوبەش بۆ گەشەی زمانیی لە بەشەکانی تر هەوڵ بدا و داکۆکیی لێبکا. هەر نەتەوەیەک بیەوێ کەسایەتیی خۆی بدۆزێتەوە و بەرەو گەشەی جوگرافی و شوناسی مرۆڤایەتی خۆی بڕوا دەبێ بۆ بنچینەکردنی ئەو چەمکانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا کار لە سەر پێکهاتنی یەکدەستیی زمانی بکا.

**پەڕاوێزەکان:**

١- میشێلێ دەڵێ: مێژووی فەرانسە لەگەڵ زمانی فەڕەنسی دەست پێدەکا. زمان نیشانەی سەرەکیی نەتەوەیە (مێژووی فەڕانسە، کتێبی سێیەم. ١٨٤٠ی زایینی).

٢- دۆسۆسێر لە کتێبی وانەکانی زمانناسیی گشتیدا کە لە ساڵی ١٩١٥دا بڵاوبۆوە ئەمەی ڕاگەیاند کە : عادەتی نەتەوەیەک لە سەر زمانی ئەو نەتەوەیە کاریگەریی دەبێ و لەلایەکی دیکەوە ئەمە زمانە کە تاڕادەیەکی زۆر دەبێتە هۆی دروستبوونی. نەتەوە.

٣- بۆ وێنە تورکیا بۆ ئەوەی وەک ئەندام لە یەکێتی ئوروپا وەربگیرێت و ڕەخنەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤی لەسەر کورد و نەتەوەکانی تری هاتۆتە سەر لەبارمەبەر هێندێک لە داخوازییەکانی گەلی کوردا دابەزیوە، وەکو دانهێنان بە بوونی نەتەوەی کورد، کردنەوەی چەند کاتژمێر تەلەڤزیۆنی کوردی و ... تاد.

٤- لەم بزووتنەوەیەدا خواستی سیاسی – نەتەوەیی بەرگریی بەردەوامی لە زمانی ئیرلەندی گالیک کرد. هەروەها دەبێ ئاماژە بە نەتەوەی باسک لە ئیسپانیا بکەین یان بزووتنەوەی بۆتۆنی لە فەڕانسە.

سەرچاوەکان:

١- سرگشتگی نشانەها، نمونەهایی از نقد پسامدرن، (نویسندگان: بودریار، لیوتار، فۆکۆ...)، مترجمان (بابک احمدی، افشین جهاندیدە...)، چاپ دوم (١٣٧٨)، تهران، نشر مرکز.

٢- بارت، فوکو، آلتوسر/ مایکل پین، ترجمەی پیام یزدانجو، چاپ اول، (١٣٧٩)، تهران، نشر مرکز.


ماڵپەری بەیانی

==========================================================================================

ئەم بابەتە و نوسراوە خوارەوە لە لایەن هاوری قادر وریا بۆ پاشکۆی ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٢٩، تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی ئامادە و بڵاوبۆتەوە

## خوێندن بە زمانی زگماکی، داننانە بە بوونی میللەتێک

وتوویژ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

لە خزمەت مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە داین بۆ ئەوەی چەند پرسیارێکی لە بارەی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لەو دەورەیەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری کوردستان ئەرکی خوێندن بە زمانی کوردییان لە کوردستان بەڕێوە دەبرد، لێ بکەین.



پرسیار : مامۆستا ئەگەر ئیجازەت لە سەر بێ پێمان خۆشە لەوەوە دەست پێ کە بکەین فکرەی خوێندن بە کوردی و کرانەوی خوێندنگەکان بە زمانی کوردی لە حیزبی دێموکرات دا چۆن دروست بوو؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەوە کە لەو مەرحەلەیدا خوێندنگە بە کوردی بێ بە ئیبتکارێک دانانڕێ، چونکە لە دەورانی زۆر کۆنترەوە لە عێراق بە کوردی خوێندراوە و لە دەورانی جمهووریی کوردستان دا بە کوردی خوێندراوە، کەوابێ ئەمە ئەلفوبێ بوو. بەڵام با بێینە سەر ئەوەی کە بزانین چۆن بوو ئەو فکرە کرایەوە. لە سەرەتاکانی کە باس کرا لە دەفتەر سیاسیدا باس لەوەی کرا کە ئێمە (من دەفتەر سیاسی نەبووم ئەو وەختی) بێین بە کوردی بخوێنین. چونکە ئەو وەختی لە ئێران کتێب بە کوردی نەبوو، دەبوو سیستمی کوردستانی باشوور وەربگرین. بەڵام دەفتەری سیاسی هاتبووە سەر ئەو باوەڕە کە. دیسانەکە وەک زۆر شتی دیکە نەخشی ئەساسی هی شەهید دوکتور بوو کە . دەبێ سەعی بکەین بۆ خۆمان موتەناسب لەگەڵ شەرایەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات (کوردستانی ئێران) کتێب دابنێین. هەر لە ئەوەڵەوە لە ڕۆژەکان یان بڵێین لە حەفتەو مانگەکانی سەرەتای دوای سەرکەوتنی ئینقلاب ئەو فکرە هاتە گۆڕێ و تەرتیب درا کە جەمعێک بۆ ئەو مەسەلەیە لە مامۆستایان و لەوانە کە تەجروبەیان هەیە و دەزانن کۆببنەوە بۆ دانانی کتێبی کوردی.

پرسیار : لەو بارەوە هیچ پێتان وا نەبوو کە مەسەلەکە دەبێ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی باس بکرێ یا ئەسڵەن ئەوە لە بەر چاو نەگیرا؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: نەخەیر ئوسوولەن ئێمە لە زۆر شتدا ئەو نەزەرەمان هەبوو کە باشترە ئێمە کارەکانمان بکەین، لەو پێیە دا دەوڵەتی مەرکەزی لە موقابیل ئەمری واقیع دا دابنێین، نە وەک ئێمە داوا بکەین و [چاوەڕوان بین] داخوا دەوڵەتی مەرکەزی موافقەت دەکا یان نا. پێموایە کارێکی زۆر باش بوو چونکە ئێمە ئەگەر داوامان کردبا ئێستاشی لەگەڵ بێ موافقەتەکە هەر نەدەهاتەوە. بۆیە ئەسڵەن بیر لەوە نەکراوە، هەر وەکوو بۆ ئامادەکردنەکەشی و بۆ چاپکردنەکەشی و بۆ دایر کردنەکەشی هیچ وەخت پرس بە دەوڵەتی مەرکەزی نەکرا. دیارە لە سەتحێکی پاییێنتر دا ئێمە لە نێو حیزب دا دەستمان پێ کرد بە ئامووزشی کوردی. ئەو وەختی فێرکردنی کوردی زیاتر بۆ گەورەساڵان بوو، بۆ خوێندەوارەکان بوو، ئەوانە کە خوێندەوارییان هەیە نەک بۆ سەرەتایی. ئەوەمان هەر لە دەورانی ئینقلاب دا دەست پێ کرد. یانی هێشتا مابووی دەوڵەتی شا برووخێ، من بۆ خۆم لە مەهاباد بووم جزوەیەکی چکۆلەم نووسیبوو. چەند دەورەمان کردنەوە لە ئەوەڵەوە ئەمن بەشدار بووم و چەند کەسێکیش کە بۆ خۆیان موعەللیم بوون و شارەزا بوون لە هەموو شتێکدا لە من شارەزاتر بوون، بەڵام رەنگە بە کوردی نووسینیان نەزانیبا. ئەوانە بەشدار بوون لە پاشانیش بۆ پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دەستمان پێ کرد بۆ ئەوەی فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردییان بکەین. بەڵام ئەمەیان بۆ فێرکردنی سەرەتایی نەبوو. بۆ ئەو کەسانە بوو کە خوێندەواریی باشیان هەبوو. تەنانەت دیپلۆمیان هەبوو، حەتا هی وا هەبوو لیسانسیشی هەبوو.

پرسیار : مامۆستا! ئەو کەسانەی راسپێردران لە فکری ئامادەکردنی کتێبی دەرسی دا بن یان بە گشتی لە فکری وەڕێخستنی مەدرەسەکان دا بوون کێ بوون؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: بە داخەوە زۆر چاکم لە بیر نیە، بەڵام ئەوانەی کە ئەمن لە بیرمن کاک ڕەسووڵ ئاریا کە دوایەش بۆ ماوەیەک بوو بە مەسئوولی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن، کاک ئەحمەد کاکە مەمی بوو، کاک ئەحمەدی قازی بوو، لە بەشێکی دا کاک قەسیم سەوجە بوو، ئەمنیان وەکوو کەسێک کە لە کوردی دەزانم دەگەڵ بووم، لە مامۆستا هێمن بۆ یەک دوو جەلەسە ئیستفادە کرا.

پرسیار : لە باری ڕێنووس و ڕێزمانەوە چ شتێک ڕەچاو دەکرا؟ مەسەلەن ئایا هەوڵ دەدرا وشەی زاراوەکانی دیکەی تێکەڵاو بێ یا مەسەلەن لە باری ڕێنووسەوە ئەوەی لە کوردستانی عێراق باو بوو، یانی تێبینی و شت چ بوون لەو بارەوە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەوندەی من بزانم لەوەدا هێندێک شت ئوسوولەن بە فکردا نەدەهات. وەکوو ئەوە با بڵێین وشە لە زاراوەکانی دیکە وەربگرین. وەک ئەوە کە بڵێین کوردی ئێران و کوردی عێراق پێکەوە هەماهەنگییەکیان هەبێ. ئەوەی کە لەوێ دا مەدی نەزەر بوو تەنیا ئەوە بوو سیستمی دەرسییەکە وا تەنزیم بکرێ کە دوو شتی تێدا ڕەعایەت بکرێ، یەکیان ئەوە کە لە سیستمی فێرکردنەکەدا وا بێ کە لە هەر دەرسێکدا تەنیا یەک حەرفی تازە بێ، کە پێموایە لە یەک دەرسیشدا هەڵە کراوە، لە یەک دەرسدا حەرفێکی نەخوێندراو هاتوە بێ ئەوەی هەست پێ بکەن. ئەوی دیکەش ئەوە بوو کە ئەو دەرسانە ئەو باسانەی کە دێن، هەم لە فکری منداڵ نزیک بن هەمیش ئەو تەزادە کە ئیحتمالەن لە بەینی شارو دێ‌دا هەیە ئەوەش لە بەر چاو بگیرێ. یەعنی سیستمەکە بۆ هەمووانە، زیاتر بۆ منداڵی دێیشە، بۆیە نابێ شتێکی وا بێنی منداڵ هەر نەیدیوە. یەعنی من پێموایە ئەو وەختی ئەگەر تۆ باسی تەلەڤیزیۆنت بۆ منداڵێک بکردبایە، منداڵ لە تەلەڤیزیۆن حاڵی نەدەبوون چونکە نەیدیبوو لە دێهاتی. ئەو، بەرقی نەدیبوو تا تەلەڤیزیۆنێ ببینێ، یەخچاڵی نەدیبوو، یەعنی ئەوە لە نەزەر دەگیرا کە دەبێ شتێکی وا بێ لە فکرو لە موحیتی ژیانی منداڵەکان بێگانە نەبێ. ئەو دوو شتەم لە بیرە کە ڕەعایەت دەکرا.

پرسیار : مامۆستا! ئەگەر سەرنجێک لە کتێبەکە دەدەی برێکیش حەتا لە باری مەتن و مەوزوعاتێک کە باسی دەکا زۆرتر هی ئەو بەشەی کوردستانە، جا نازانم لە بەر ئەوەیە کە مامۆستاکان خەڵکی ئەو ناوچەیە بوون و یا ئەسڵەن ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەو حیزب ئەو ناوچانە بوون کە زۆرتر ناوەندی کوردستان بوون؟




# پاراستن و خزمەتی زمان، ئەرکی نەتەوەییە.



**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** عەرزم کردی ئەوە لە نەزەر نەدەگیرا کە بڵێین لە سنەشی تێدا بێ، یا لە ورمێشی تێدا بێ، هەر ئەوە لەبەر چاو دەگیرا کە ئەوەڵەن لە حەرفێک زیاتر لە دەرسدا تازە نەبێ، دووهەم لە ئەفکاری منداڵەکە نزیک بێ. ئیدی هەوڵ بۆ ئەوەی کە پەل بهاوێ بۆ ئەم ناوچەو ئەو ناوچەیەی تێدا نەبوو. لە جێشدا بۆ ئەوەی زمانێک ببێتە زمانی خوێندن و نووسین ئەوە وانیە کە تۆ مۆنتاژێک بکەی و هەر لۆغەتەی لە جێیەکی بێنی. بەڵێ دەبێ لۆغەتان بێنی، بەڵام ئەو وەختەی کە لەم لەهجەیەدا نیتە، دەبێ لە لەهجەکانی دیکە بێنین.

**پرسیار :** مامۆستا! کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری کوردستان لە کام یەک لە شارو ناوچەکاندا توانی قوتابخانە بکاتەوە و منداڵان فێری خوێندن و نووسین بکا؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەوەندەی من بزانم لەم چەند شارە دا، کە لە مەهابادەوە دەستی پێ کرد، بۆکان هەبوو، سەردەشت هەبوو، پیرانشار هەبوو، نەغەدە هەبوو، شنۆ هەبوو، سەقز زۆر موتمەئین نیم کە خوێندنی کوردی تێدا دائیر کرا یان نا.

**پرسیار :** پاوەو هەورامان چی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** پێموایە خوێندنی کوردی تێدا دائیر نەکرا، یا ئەگەر بووبێ من لە بیرم نیە.

**پرسیار :** کۆڕی پەروەردە و فێرکردن چ ساڵێک دامەزرا؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ساڵی ٥٩ کۆڕ دامەزرا، بەڵام کتێبەکە، ساڵی ٦٠ هاتەوە.

یانی ساڵێک بە بێ کتێب! ئەی ئەو ساڵە (ساڵی ٥٩) لە رووی چییەوە دەرسیان دەگوتەوە؟

لە رووی کتێبی فارسی، دەرسی کوردییشیان هەبوو (ئاموزشی ئەلفوبێ).

**پرسیار :** یانی خوێندنەکە رەواڵی قەدیم هەر بە پێی کتێبە دەرسەکانی ئێران بوو. بەڵام شەرحی دەرس بە کوردی ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** بۆ خۆت دەزانی حەتا ئەگەر کتێبەکەش چاپ بوو، ئەو وەختیش تەنیا خوێندنی کوردی هەبوو لە مەدرەسەکاندا، ئەوی دیکە هەر بە فارسی دەخوێندرا. هەم کلاسەکانی دیکە، هەم دەرسەکانی دیکەی کلاسی ئەوەڵ هەر فارسییەکەو لە سیستمی کۆن ئیستفادە دەکرا.

**پرسیار :** مامۆستا هیچ ئامارێکت لە زێهن دا هەیە ئێمە بە گشتی چەند مەدرەسەمان هەبوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئێستا لە زێهنمدا نیە، بەڵام پێموایە چاپ کراوە. دەبێ موراجعە بکەی بە "کوردستان"، "کوردستان" تێیدایە کە ئێمە چەند مەدرەسەمان هەبووە، چەند موعەللیمان هەبووە و چەند قوتابیمان هەبووە.

**پرسیار :** مامۆستا! ئێمە کۆڕی پەروەردەمان هەبوو کە بۆ خوێندەوار کردنی منداڵانیش بەرنامەی هەبوو، بۆ گەورەساڵانیش. چ جیاوازییەک هەبوو لە خوێندنی ئەو دوو بەشەدا؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** جیاوازییەکەی فەقەت متونی دەرسی بوو. کە مەتنە دەرسییەکان ئیدی ئەوە بوون کە دەگەڵ فکری گەورەساڵان پتر دەهاتنەوە، دەرسەکان درێژتر بوون، مەفهوومەکانیان فەرقیان هەبوو. ئەگینا پێموابێ لە سیستمی ئاموزشە دەرسییەکەی و ئەلفباییەکەیدا فەرقێک نەبوو.

**پرسیار :** ئەدی بۆ گەورەساڵان وا دانەنرابوو کە گەورەساڵەکە خوێندەوارییەکی هەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** نەخێر، ئەوە مەربووت بە گەورەساڵان، گەورەساڵانی نەخوێندەوار بوو. ئەوە لە نەزەر نەگیرا بوو، ئەوە هەر وەک مەرحەلەی پێشێ عەرزم کردی هەر بۆ فێرکردنیان بوو. ئەگینا گەورەساڵانی خوێندەوار ئەوەیان پێویست نەبوو. مەسەلەن زۆر کەسم دەدی بە جەلەسەیەک، دوو جەلەسە فێر دەبوون. ئەوانەی کە قابلییەتیان زۆر بوو. بەڵام مەبەست لە خوێندنی گەورەساڵان ئەوانە بوون کە نەخوێندەوار بوون.

ئەو هەنگاوەی کە حیزب یا بڵێین کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی کوردستان نای، یانی چەند ساڵێک بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان، خوێندن بە کوردی و لە باری ئاموزشییەوە، لە باری سیاسییەوە، لە باری فەرهەنگییەوە چ تەئسیرێکی هەبووە؟ چونکە ماوەکە بەداخەوە هەموو سێ . چوار ساڵێک بوو، زۆر نەبوو!

لەگەڵ ئەوەی کە ماوەکە کورت بوو، بەڵام کەلێنێکی یەکجار زۆر گەورەی پڕ کردەوە، چونکە ئەو وەختی [ڕێژیم] گەمارۆیەکی هەمە لایەنەی خستبووە سەر کوردستان. مەبەستم کوردستان مەناتقی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەیە. بە هەر حاڵ لە شارەکان کە بە دەستی دەوڵەتەوە بوو خوێندن و بێهداشت و .. دائیر بوو. بەڵام ئەو هەوڵی دابوو کە کوردستان لە هەموو شتێک بێبەش بکا. ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر بە ناقیسییش بووبێ توانیبووی کە مەدرەسە دائیر بکاتەوە پێش ئەوەی کتێبی کوردییش دابنێ، توانیبووی دەگەڵ هەموو سەرەتایی بوونەکەی لە هەر مەنتەقەیەک شتێک بە ناوی کۆمەگی دەرمانی دائیر بکا، تەئسیرێکی یەکجار زۆری هەبوو لە سەر رۆحیەی خەڵک. حەتا دەکرێ بڵێین بە بێ موبالغە، قەدری حیزب و بزووتنەوەشی لە پێش چاوی خەڵکی بردبووە سەرێ، چونکە خەڵک پێی وابوو ئەوە حیزب وەکوو حکوومەتێک دەتوانێ عەمەل بکاو دەتوانێ ئێحتیاجاتی خەڵکی جواب بداتەوە. پێموایە کارێکی یەکجار زۆر گەورە بوو و بەتایبەتی کە حیزب بوارەکانی ژیانی هەموو لەبەر چاو گرت. هەموویان ئیبتداییی، هەموویان عەیبیان هەبووە، حەتا ئەگەر ئێستا بۆ خۆمانی بێنین عەیبیان لێ دەگرین. بەڵام هەر ئەوە کە حیزب قەوانینی دانا بۆ ئیدارەی وڵات، مەسەلەن قانوونی سزادانی گشتی بخەیتە بەر دەست قانوونزانێک، رەنگە هەزار عەیبی لێ بگرێ، بەڵام هەر بیرکردنەوە لەوە کە دەگەڵ ئەو هەموو شەڕە سەختەی بە ملمانەوە بوو، حیزب بیر لەوە بکاتەوە دەبێ ئیدارەی وڵات بکا، دەبێ قەوانینی هەبێ، دەبێ رابیتەی نێوان کۆمەڵانی خەڵک، چین و توێژە جۆراوجۆرەکان تەنزیم بکا، بە مەسایلی جونحە و جینایەت و ئەوە رابگات، ئەوە نیشانەی فکری وەسیعی ئەو حیزبەو رێبەرایەتیی ئەو بزووتنەوەیە بوو.

**پرسیار :** مامۆستا! لە بارەی شتێکی دیکەشەوە پێموابێ تەئسیری هەبووە. لەگەڵ ئەوەی کە داواو نیازی خوێندن بە کوردی هەمیشە هەبووە لە نێو میللەتەکەمان دا، بەڵام ئەو نەسلەی کە لە مەدرەسەکانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن خوێندویە یا ئەو مامۆستایانەی کە کۆڕی پەروەردە و فێرکردن کاری خوێندنی کوردیی پێ کردن، دوایە ئەگەر نەشبووبن بە پێشمەرگە لەو جامعەیە دا بوون بە ئینسانی رووناکبیر، بوون بە ئینسانی خوێندەوار، شاعیر، تەئسیریان هەبووە لە سەر ئەوەی کە ئەو رەوتە درێژە بدەن. ئەگەرچی بە شێوەیەکی نارەسمی و بە بێ ئەوەی جمهووریی ئیسلامی بیهەوێ.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دیارە بەشێک لەوانە هەر بۆ خۆیان لە پێشدا هەبوون وەکوو شەخسیەتی فەرهەنگی و ئاموزشی و پەروەرشی هەبوون، بەڵام ئەوانە بەشێکیان بوون. بەشێکیش ئەوانە بوون کە لە بەر دەستی ئەواندا پێ گەیشتن، کە دوایە هەموو جۆرە کەسێکیان تێدا هەڵکەوت: تێکۆشەری گەورەیان تێدا هەڵکەوت، شاعیری گەورەیان تێدا هەڵکەوت، موعەللیمیان تێدا هەڵکەوت، مەسەلەن کاک ئەحمەدی کاکە مەمی کە پێشتریش هەر موعەللیم بوو، بەڵام ئێستا لە دەرەوەش ئەوە بۆتە مامۆستای دەرسی کوردی و کتێبی کوردی داناوەو یەعنی ئەو رەچەیەی کە لەوێ گرتوویەتە پێشێ وردە وردە تەرەقی پێداوەو هەر وا لە سەری رۆیشتوە.

**پرسیار :** مامۆستا! هەر ئێستاش فێرکردنی خوێندنەوەو نووسینی کوردی لە کوردستانی ئێران هەر هەیە. بە شێوەی جۆراوجۆر، بڵێین هێندێک ناوەند، هێندێک کۆڕو کۆمەڵی ئەدەبی دەیکەن، جەنابت ئەو هەوڵانە چۆن هەڵ دەسەنگێنی؟ یان وەک بزانی لە چ ناوچەیەک لە چ مەنتەقەیەک زۆرترن ئەوانە؟



# پاراستن و خزمەتی زمان، ئەرکی نەتەوەیە.



**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** پێموایە جارێ لە پێش دا دەبێ ئەوە بڵێینەوە ئەوەی کە ئێستا هەیە، لەو چەند ساڵەی ئەخیردا یا دەتوانین بڵێین لەو چەند دە ساڵی ئەخیردا لە راستی دا تازە نیە. دیارە ٢٠ ساڵێکە هەیە. بەو شێوەی نیە کە لە ئیبتدایی را منداڵان دەرس بخوێنن، لە واقعدا خوێندنەوەو نووسینی کوردییان فێر دەکەن، تەنانەت بە هەر دوو شێوە خەتیش. پێموایە هەوڵێکی زۆر بەجێیە چونکە عەیبێکی گەورە دەبێ تێکۆشەرانی کورد ئەوانەی کە حەتا بە شێوەی جۆراوجۆرو هەر کەسە لە سەنگەری خۆی موبارزە دەکا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی میللەتی کورد بەڵام نەزانن زمانەکەی خۆیان بنووسن. پێموایە شتێکی زۆر بەجێیە، بەڵام ئەوەندەی من بزانم بە شێوەی بەربڵاو تەنیا هێندێک شاری گرتۆتەوە، پێموابێ "سۆما" لە مەهاباد دامەزرا، پاشان لە بۆکان زیاتر لە مەهاباد گەشەی کرد هەر چەند بناغەکەی لە مەهاباد دامەزرا، بەڵام لە بۆکان پتر گەشەی کرد، بەرەو سەقزو بانەش ڕۆیشتوە. ئەوەی لە سنەو لەویش موهیمتر لە کرماشان بووە هەر ئەوە دەزانم کە هەبووە، بەڵام ئایا لەو سیستمەی "سۆما" کەڵکیان وەرگرتوە یان بۆ خۆیان سیستمی دیکەیان داناوە بۆ فێرکردنی خوێندن و نووسینی کوردی لانیکەم ئەمن ئاگادارییەکی ئەوتۆم لە سەری نیە. کە دیارە زۆرم پێخۆشە کە هەر لەو سیستەمەی "سۆما" ئیستفادەیان کردبێ بۆ ئەوەی تا حەدێکی مومکین لێک نزێک بێ ئەو شێوە نووسین و شێوە ڕێنووس و ڕێزمانە. چونکە بەداخەوە ئێستایشی لەگەڵ بێ لە باشووری کوردستان دوای نزیک بە سەد ساڵ خوێندن دیسانەکە ئەو شێوە نووسین و خوێندنەوە یەکی هەر نەگرتوە و هەر کەسەو هەر ناوچە بە جۆرێک دەنووسن و بە جۆرێک دەخوێننەوە، مەبەستم لە ناوچە ناوچەی بەرین نیە، ناوچەی چووک بە گەڕەک یا حەتا بە ڕۆژنامە یا حەتا بە نووسەری یەک ڕۆژنامە لەگەڵ نووسەرێکی دیکەی هەمان ڕۆژنامە.

**پرسیار :** مامۆستا! لە قانوونی ئەساسیی جمهووریی ئیسلامی دا ئەسڵێک هەیە، ئەسلی پازدە کە باسی ئازاد بوونی خوێندن بە زمانی قەومە ئێرانییەکان لە پەنا زمانی فارسی دا دەکا. جارێ هەر ئەوە کە لە قانوونی ئەساسی دا هاتوە چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟ پاشان ئەوە کە سەرەڕای ئەو هەموو داوایەی کە دەکرێ، کورد دەیکا، ئازەربایجانی دەیکا، بەڵام ئەوە ئەسڵە بەڕێوە ناچێ، بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لە راستی دا مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێن: "لەوەندە قوڕەی ئەوەندە تۆزە هەستێ هەر باشە" یا دەڵێ "لە نێو هەموو تاریکایی دنیایە دا شوعلەی شەمێک هەر دیارە"، ئەوە بۆ خۆی شتێکی باشە. بەڵام ئەو ئەسڵە یا ئەسڵی نۆزدە هیچ قیمەتێکی [...] ئیجباری و ئیجراییان نیە. ئەمن پێموایە قانوونەکە، (ئەو بەندی ١٥ ) جێبەجێ کراوە. چونکە خۆ ئەو ناڵێ ئامووزش و پەروەرش دائیر دەکەم بۆ ئەوانە. دەڵێ ئازادە هەر کەس پێی خۆشە بۆ خۆی لە ماڵی خۆی بەوە بخوێنێ، دەڵێ ئازادە. لەحاڵێکدا ئەمە بە مەعنای بە رسمی ناسینی حەقی ئامووزش و پەروەرشی ئەو میللیەتانە بە زمانی خۆیان نیە. بە ڕەسمی ناسین ئەوەیە دەوڵەت مەدرەسەی بۆ دابمەزرێنی، مامۆستای بۆ تەربیەت بکا، کتێبی بۆ چاپ بکا، حوقووقی مامۆستایەکان بدا. کوللی شتەکە وەکوو بۆ سیستمی خوێندنی فارسی چۆنە بۆ ئەوانەش بیکا. لە حاڵێکدا نە قانوونەکە ئەوەی کردوە، یانی نە قانوونی ئەساسی ئەوەی تێدایە، نە بە عەمەلیش دەوڵەت هەنگاوی هەڵێناوە. کەوابێ لە راستیدا تەنیا ئەوەندەیە کە ئاوڕدانەوە بەوە، باسی ئەوە، ئێعترافێکە لە قانوونی ئەساسیدا بە جۆراوجۆریی کۆمەڵی ئێران، لەوە زیاتر بەش بە حاڵی خۆم بایەخێکی تێدا نابینم، چونکی دەوڵەت هیچ تەعەهودێکی وە ئەستۆ نەگرتوە بەرامبەر بە زمانە غەیرە فارسەکان.

**پرسیار :** مامۆستا ئەگەر قانوونەکەش دەوڵەتی مولزەم نەکردبێ، بەڵام خۆت دەزانی ئەو داوایە هەیەو مورەتەب فشاری بۆ دێ، یانی هۆی جێبەجێ نەکردنەکەی دەبێ چی بێ؟ ئایا بەڕاستی زمانی فارسی بەوە زەرەر دەکا کە بە زمانەکانی دیکە بخوێندرێ، بە قەولی ئەوان ئەمنییەتی وڵات و نازانم ئەوە دەشێوێ، بۆ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** من پێموایە ئەگەر لەو روانگەیەوە بۆی بچین کە فەرهەنگی ئێرانی (کەمێکی لێک جودا بکەینەوە لەگەل فەرهەنگی فارسی ـ ئەوە بەشێک لە شووێنیستە فارسەکانن دەیانهەوێ بڵێن فەرهەنگی ئێرانی یەعنی فەرهەنگی فارسی) بەڵام ئەگەر باسی فەرهەنگی ئێرانی بکەین بە هیچ جۆر دایربوونی مەدرەسە بە زمانەکانی دیکە، فەرهەنگی ئێرانی فەقیر ناکا، بەڵکوو دەوڵەمەندی دەکا. بەڵام ئەگەر بێینە سەر ئەوە کە فەرهەنگی ئێرانی بە مەعنای فارسی بزانین، دیسانەکە بۆ ئەویش زەرەری نیە یا ئەگەر زەرەری بوو چ قەیدی هەیە؟ خۆ ناکرێ قازانجی فەرهەنگێک لە سەر ئەساسی زیان گەیاندن بە فەرهەنگێکی دیکە تەئمین بکرێ چ جای ئەوەی بە جارێ ئەو فەرهەنگەی دیکە لە بەرچاو نەگیرێ و ون بکرێ و حەقی بفەوتێ. باشە زەرەری پێ دەگا، با پێی بگا، خۆ ئەو زمانانە نایانهەوێ زەرەر بەوی بگەیەنن، دەیانهەوێ بۆ خۆیان بخوێنن و بۆ خۆیان هەبن. کەوابێ ئەوە بە هیچ جۆر موقەدەس نیە کە لە بەر خاتری ئەوەی زمانی فارسی هەر پێش کەوێ دەبێ کوردو ئازەربایجانی و میللەتانی دیکە بە زمانی خۆیان نەخوێنن. وەکوو ئەوەیە بڵێن ئینگلیزی ئێستا زمانێکی دەسەڵاتدار لە دنیادا، نابێ بە زمانەکانی دیکە بخوێندرێ چونکە زۆر کەس فێری ئینگلیزی نابن!

**پرسیار :** مامۆستا! خوێندن بە زمانی زگماکی وەکوو مافێکی رەوا کە دانی پێدانراوەو لە زۆر قانوونی دنیادا هاتوە، بێبەشی لەو مافەی چ تەئسیرێکی هەیە لە سەر تاک و هەروەها لە سەر نەتەوەیەک و لە سەر زمانەکەی و، بەرخوردار بوون لەو مافەی چ قازانجێک دەگەیەنێ بە زمانەکە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** هەژار یا هێمن شتێکی هەیە کە دەڵێ "خوێندن ئەگەر بە زمانی خۆم بێ زووی دەکەم رەوان". پێش هەموو شتێکی وەکوو حەقی فێربوون بۆ منداڵان، لە تەمەنی منداڵیدا، فەرقێکی یەکجار زۆر هەیە لە بەینی منداڵێک کە دەچێتە مەدرەسەی بە زمانەکەی خۆی بخوێنێ، یا بە زمانێکی بێگانە. چونکە کە بە زمانەکەی خۆی دەخوێنێ دەزانین کە لە سەر تەختە سیا یا لە کتێبە دەرسییەکان دا، عادەتەن کتێبی ئەوەڵی ئیبتدایی باسی هەر شتێک دەکرێ عەکسەکەشی لەگەڵە. کەوابوو منداڵ کە دەچێ بۆ مەدرەسەی لە ئەوەڵ ڕۆژەکان و حەفتەو مانگەکان دا، ئەگەر بە زمانی خۆی بخوێنی دەنگەکە بۆ وی ئاشنایە، مەعنای شتەکەی بۆ ئاشنایە، وێنەکەی بۆ ئاشنایە، تەنیا شتێکی کە بۆی ئاشنا نیە نووسینی ئەو ناوەیە. بەڵام ئەگەر زمانەکە زمانێکی غەیری خۆیەتی . با نەڵێین زمانی بێگانە، چونکە مادام هی وڵاتێکە رەنگە لە باری سیاسییەوە دروست نەبێ بە بێگانەی ناوبەرین. مادام ئێمە دەڵێین هەموومان لە یەک وڵات داین و ئێرانیین ـ بەڵام هەموویان نائاشنان ئیلا وێنەکە نەبێ. دەبێ دەنگەکە فێربێ، تەلەفوزەکە فێربێ، نووسینەکە فێربێ، و هەموو شتەکان فێربێ و کارەکەی یەکجار زۆر بە زەحمەت ترە لەو حاڵە دا مەعلوومە روشدو پێشکەوتنەکەی وەدوا دەکەوێ. حەتا ئەگەر لە بەر زەکاوەتی زۆری وەدواش نەکەوێ لانیکەمی ئەوەیە کە قورساییەکی زۆر زیاتر دەبێ تەحەمول بکا. یانی وەکوو خەڵفێکی ناسکە کە زۆر بە شلکی لە واقعدا ئەزییەتی دەدرێ و وەکوو کورد دەڵێ دەگەچڵێ. بۆیە بە باوەڕی من بەخۆڕایی نەگوتراوە کە ئەو حەقە وەکوو حەقێکی موسەللەمە بۆ هەموو میللییەتەکان هەیە کە بە زمانی خۆیان بخوێنن.

**پرسیار :** مامۆستا! ئەدی لە سەر خودی زمانەکە و لە سەر خودی میللەتەکە چ تەئسیرێکی هەیە، ئەگەر پێی نەنووسرێ و پێی نەخوێندرێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** هەر لە جێدا خوێندن بە زمانی زگماکی بمانهەوێ و نەمانهەوێ بێ ئەوەی ئیعلام بکرێ، ئێعترافە بە مەوجودییەتی ئەو میللەتە. هەر ئەوە بۆ خۆی تەئسیرێکی زۆری هەیە، جگە لەوەش کە بە بێ شک لە بەر ئەوەی خوێندنی ئینسانەکان، منداڵەکان ئاسانترە لە بەر ئەوەی بە زمانی خۆی دەخوێنی و زمانەکەی و فەرهەنگەکەی و ئەدەبەکەی و تاریخەکەی گوستەرش پەیدا دەکاو بڵاو دەبێتەوەو پەرە دەستێنێ، دیسانەکە خزمەتێکی زۆر بە بەرەوپێشچوونی کوللی نەتەوەکە دەکا.

**پرسیار :** دیارە بە وڵات فەرق دەکا، بەڵام چۆن لە نێو چەند زمانان دا کە لە وڵاتێکدا هەن یەکیان زاڵ دەبێ بە سەر ئەوانی دیکەداو، هەڵدەبژێردرێ وەکوو زمانی رەسمی و زمانی خوێندن و نووسین و، ئەوانی دیکە فەرامۆش دەکرێن؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** من پێموایە ئەوەش دوو رەوتی هەیە کە عادەتەن زیاتر رەوتی یەکەمیانە. ئەویش ئەوەیە کە تاریخ وای دێنێ، هەلومەرجی تاریخی، هەلومەرجی دەسەڵات، هەلومەرجی ئابووری وا دەکا کە یەکێک لەو زمانانە ئەولەوییەت پەیدا دەکا، تەسەلوت پەیدا دەکا بە جۆرێک لە جۆران وە پێش دەکەوێ. ئەوی دیکە ئەوەیە ئەگەر وا فەرز بکەین نەخێر هیچیان لە پێش هیچیانەوە نین، وەختێکی چەند

میللەت لە وڵاتێکی دا دەژین ناکرێ هەموویان هەموو زمانەکان فێربن، دەبێ یەکێکیان بکەنە زمانی موشتەرەکی هەمووان بۆ لێک حاڵیبوون. لەو حاڵەتەدا دەبێ ئەو میللەتەی کە لە هەمووان پترە زمانەکەی وان بکرێ [بە زمانی هاوبەش]، بە دەلیلی ئەوەی کە وادانێین وڵاتەکە ٢٠ میلیۆن جەمعیەتی هەیە، ١٠ میلیۆنی یەک زمانە، ٧ میلیۆنی زمانێکی دیکەیەو ٣ میلیۆنی زمانێکی دیکە، ئەگەر قەرار بێ زمانی ئەو میللەتەی بکەین بە زمانی هەمووان کە یەک میلیۆن جەمعییەتی هەیە دەبێ ١٩ میلیۆن زمانێکی غەیری زمانی دایکی خۆی فێربێ. بەڵام ئەگەر ئەوەی ١٠ میلیۆنییەکە بکەینە زمانی هەمووان، تەنیا ١٠ میلیۆن دەبێ زمانێکی غەیری زمانی زگماکیی خۆی فێربێ. ئەوەی کە مەربوتە بە ئێران دەزانین کە لە واقعدا هەر دووکیانی تێدا هەن، هەم تاریخ وای هێناوە، هەمیش لە ئێراندا لە سەر یەک فارس بە تەنیا زیاتر لە هەمووان نین بەڵام گەورەترین میللیەتە. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە زمانی فارسی ئەو شانسەی بۆ هاتۆتە پێشێ کە لە تاریخ دا (ئێستا) زۆر زیرەکتر بوون یا زۆرتر خزمەتیان پێ کردوە [نازانم]، لە تاریخ دا چەند دەورە سیلسلە پاشای ئێرانی غەیرە فارس بوون، غەزنەوییەکان، سەلجوقییەکان، سەفەوییەکان، زەندییەکان، ساسانییەکان ئەوانە هەموو غەیرە فارسن بەڵام هەموویان زمانی دەرباریان ، زمانی ڕەسمییان فارسی بووە. تەنانەت زمانی دەرباری ئیمپراتوری عوسمانی، فارسی بووە. زمان لە عێراقی عەرەبی، ماوەیەکی زۆر فارسی بووە. هەر لە دەورانی منداڵی من دا لە واقعدا ڕووناکبیرانی ئەو وەختی لە عێراقیش و تەنانەت لە بەشێکی زۆری ئێران فارسییان دەزانی. یانی ڕەخساوە کە ببێتە زمانی حاکم، زمانی گەورە، زمانی ئەوەی کە فارس پێی دەڵێ بەرتەر لە مەنتەقەدا.

## خزمەتەکانی کۆڕی پەروەردەو فێرکردن بە خوێندن بە زمانی کوردی




یەکێک لە چاوەڕوانییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شۆڕشی ئێران و دەسەڵاتی سیاسیی دوای سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە، دابین بوونی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی بوو کە لە مێژ سال بوو خەباتی بۆ دەکرد. گومانیشی تێدانیە بەڕەسمی ناسرانی زمانی کوردی و خوێندن بەم زمانە لە قوتابخانەکاندا لە ریزی پێشەوەی ویست و داخوازەکانی ئەم گەلەدا، هەر لە کۆنەوە بووە ."هێشتا بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شارەکان بوون کە حیزبی دیموکرات کەوتە فکری دانانی کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی. بە تایبەتی چونکە هیوایەکی هەرچەند زۆر کەمیش بەوە هەبوو کە ڕێژیم مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ منداڵانی کورد بەرەسمی بناسێ. بەڵام کاتێک دەوڵەت، کوردستانی خستە ژێر گەمارۆی ئابووری و مەدرەسەکانی لادێی داخستن و نەخۆشخانە و دەرمانگاکانی (کە هەر لە جێش دا زۆر کەم بوون) بێ دوکتور و دەرمان هێشتنەوە، ئەرکی حیزب قورستر بووو بیرکردنەوەی خێرا لە وەرێ خستنی قوتابخانەکانی لادێ و هێندێ نەخۆشخانە و دەرمانگا بۆ چارەسەری نەخۆش و بریندارەکان پێویستی‌یەکی زیاتری پەیدا کرد".(١) کۆمیتەیەکی سەرانسەری کە پێشتر بۆ دانانی کتێبی دەرسی ڕاسپێردرابوو، بەرلە دەرچوونی فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان لە گەلاوێژی ١٩٧٩ دا، هێندێک کۆبوونەوەی کردبوو و پێشنووسی کتێبێکی دەرسیی ئامادە کردبوو.(٢) بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستان و ڕووداوەکانی دواتر، لە ساڵی خوێندنی ١٣٥٩ـ ١٣٥٨ دا، پرسی خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی کوردستان دوا کەوت.

### دامەزرانی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی کوردستان

ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ ـ ١٣٥٩ (١٩٨١ ـ ١٩٨٠)، لە دوای دەورەی دووهەمی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان دەستی پێ کرد. ئەم شارو ناوچەو گوندانەی لە ژێر کونترۆڵی ڕێکخراوە سیاسییەکان و هێزی پێشمەرگە دابوون، لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە گەمارۆیەکی هەمە لایەنەیان خرایە سەر. قوتابخانەکان لەم شوێنانە داخرابوون، مامۆستاو قوتابی بێ مووچەو کتێب لە ماڵی خۆیان، بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانی کرانەوەی دەروویەک بوون و ئەم کاتە بەنرخانەی دەبوو لە سەر پۆل بە فێرکردن و فێربوونەوە تێپەڕیان کردبا، بە فیرۆ دەچوو. هومێد بە ڕێککەوتن لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی و هێزە سیاسییەکانی کوردستان نەمابوو. نەش دەکرا منداڵانی ناوچە ئازادەکان هەر وا لە چاوەڕوانیدا بمێننەوە. لێرەدا بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەرپرسایەتیی یەکەمی لە بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا هەبوو، "کۆڕی بەڕێوەبەریی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەری کوردستان"ی پێک هێنا.(٣)



لە ڕێگەی ئەم کۆڕەوە، کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکرات سەرپەرشتیی قوتابخانەکان و کارو باری پەروەردەو فێرکردنی گرتە ئەستۆ. "حیزبی دێموکرات لەم مەیدانەدا سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێناو خزمەتی باشی بە پەرەپێدانی زمان و فەرهەنگی کوردی و وەڕێخستنی قوتابخانەکان کرد.(٤)

سەدان لاوی چالاک و دڵپاک بەدەم بانگەوازی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنەوە هاتن و بە ناوی "مامۆستاکانی شۆڕش" دەرگای قوتابخانەکانیان لە سەرانسەری ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دا کردەوە.(٥)

هاوینی ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١ی زایینی)و بە شوێن پەسندکرانی گەڵاڵەی فێرکردن و بارهێنانی کوردستان لە کۆبوونەوەی پووشپەڕی هەمان ساڵی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، بە مەبەستی خەبات دژی نەزانی و بێسەوادی و پەرەپێدانی عیلم و زانست لە بەشە ڕزگارکراوەکانی کوردستان دا، لە لایەن بەڕێوەبەریی کۆڕی پەروەردەوە چەندین خوولی پێگەیاندنی "مامۆستای شۆڕش" پێک هات. هەتا ١٥ی خەرمانان ژمارەی ئەو کەسانەی کلاسەکانی ١٥ ڕۆژەی بارهێنانی مامۆستایانیان بە سەر کەوتوویی تێپەڕ کرد بریتی بوون لە:

بانە ١٦ کەس، بۆکان ٥٠ کەس، مەهاباد ٧٣ کەس، سەردەشت ٩٠ کەس، پیرانشار ٦٤ کەس، شنۆ ٩٠ کەس، نەغەدە ٢٥ کەس (سەرجەم ٤٠٨ کەس لە یەکەم نۆبەت دا دەورەی مامۆستایەتیی شۆڕشیان دیت).(٦)

بەم جۆرە لە ساڵی خوێندنی ١٣٦١ ـ ١٣٦٠ (١٩٨٢ ـ ١٩٨١)دا، کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان سەدان قوتابخانەی لە شارۆچکەو گوندەکانی ناوچە ئازادکراوەکان کردەوەو سیاسەتی داخستنی

قوتابخانەو نەخوێندەوار هێشتنەوەی خەڵکی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوەی پووچەڵ کردەوە.

کتێبە دەرسیەکان کە لەم ساڵەدا کەڵکیان لێ وەرگیراوە، هەر ئەو کتێبانە بوون کە لە شارو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیم دا خوێندراون. دیارە کۆڕی پەروەردەو فێرکردن هەر بۆ ئەم ساڵەش، فێربوونی خوێندنەوەو نووسینی کوردیی وەکوو دەرسێک لە بەرنامەی کاری ماموٚستاکانی شۆڕش دا دانا. لە یەکەم خوولی پێگەیاندنی ماموٚستایانی شۆڕشیش دا، دەرسێکی تایبەت بۆ ڕاهێنانی ماموٚستایان لەگەڵ خوێندنەوەو نووسینی کوردی گونجاند. ماموٚستایانی شۆڕش لە ساڵی خوێندنی ١٣٦١ . ١٣٦٠ بە یارمەتیی ئەو دەرسەو نامیلکەیەکی تایبەتی کە لە هێندێک ناوچە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کرابوو، وێڕای وتنەوەی دەرسەکانی دیکە بە قوتابییان، فێری خوێندنەوەو نووسین بە زمانی کوردییان دەکردن. لە بارەی شێوەی وتنەوەی کتێبە دەرسییەکان بە قوتابییان لەگەڵ ئەوەی کتێبەکان هی "وزارت ێموزش و پرورش جمهوری اسلامی ایران" بوون و بە زمانی فارسی نووسرابوون، بەڵام چونکەهەم ماموٚستاکان و هەم قوتابییان کورد بوون و خوێندن بە زمانی زگماکی یەکێک لە ئاواتە لەمێژینەکان بوو، شەرح کردنی وانەکان لە لایەن ماموٚستاو وڵامدانەوە لە لایەن قوتابییان، بە زمانی کوردی بوو.

بەم جۆرە لە دوای کۆماری کوردستان، "بۆ یەکەم جار منداڵانی کورد، بە کوردی دەرسیان خوێند. ماموٚستاو قوتابخانە لە سەنگەری فەرهەنگی دا، لەبەرامبەر هێرشی دوژمن ڕاوەستان و لە ژێر بارانەی گوللەبارانی هەوایی و زەوینی دا، کۆڵیان نەداو بەم جۆرە خزمەتێکی باشیان بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کرد." (٧)

"خەڵکی گوندەکانی کوردستانیش بە دانی یارمەتی و دابین کردنی بژێوو بەڕێوەچوونی ماموٚستایانی شۆڕش، ئەرکی نیشتمانپەروەری و نەتەوەخوازی و ئینسانیی خۆیان بۆ ڕاماڵینی نەخوێندەواری لە کوردستان دا دڵسۆزانەو بەرپرسانە بەڕێوە برد. هەزاران کیژو کوڕو لاو و پیری نەخوێندەواری کوردستان بە ڕۆژو بە شەو بەرەو قوتابخانەکان وەرێکەوتن و لە ژێر سێبەری دارو ئەشکەوت و کونەتەیارەو کەپرو دەوارو مزگەوت و کۆنە قوتابخانەکان دا، بۆ خوێندن بە زمانی زگماکی خۆیان ئاوردوویان بۆ سەنگەری ڕووناکی دەبرد.

تەنانەت لە گەلێک گوندو شوێن دا کە لە نیزامی دوو هەزارو پێنسەد ساڵەی نیزامی شاهەنشاهیی ئێران قەت خاوەنی فێرگەو قوتابخانە نەبوون، قوتابخانەی شۆڕشیان لە چەشنی خۆیدا لێ کرانەوە.

پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لەو حەرەکەتە پیرۆزە بێ وێنە بوو. بەڕاستی هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان، ئەوانەی نەخوێندەوار بوون، وێڕای تفەنگی سەر شانیان و فیشەکدانی قەدیان و توورەکە نانی کۆڵیان، کتێبی خوێندنی کوردیشیان لە کۆڵە پشتی دا بوو".٨

بۆ ساڵی خوێندنی ١٣٦٢ . ١٣٦١، ژمارەی قوتابییان و ژمارەی قوتابخانەکانیش زیادی کرد. لە گەڵ ئەوەی هێرشی ئەرتەش و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بەردەوام بوو و لەگەڵ هەر هێرشێک دا، ژمارەیەکی دیکە گوندو ناوچە دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەڵام پێشوازیی خەڵک لە کۆڕی پەروەردەو خوێندن بە زمانی کوردی و بایەخدان بە خوێندنی منداڵان و گەورە ساڵان لە پەرەگرتن دا بوو. خوولی تازە بۆ پەروەردە کردنی ماموٚستای نوێ و هەروەها بۆ پتر پێگەیاندنی ماموٚستایانی پێشوو کرانەوە.

ماموٚستایانی شۆڕش، زۆربەیان کادرو پێشمەرگەی حیزب بوون و شانبەشانی بەڕێوەبردنی ئەرکی پێشمەرگایەتی، کاری ماموٚستایەتیشیان دەکرد. لە زۆر شوێن هێندێ فەقێ و ماموٚستای ئایینییش وەک ماموٚستای شۆڕش دەرسیان دەگوتەوە. "لەو خوولانەدا کەکۆڕی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی ماموٚستای شۆڕش کردبوونیەوە [چۆنیەتیی فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی] کوردی، دەروونناسی، شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ قوتابی، کۆمەڵناسی، شێوەی وتنەوەی وانەی بیرکاری، هەڵسوکەوت لەگەڵ گوندنشینەکان، خۆ بە دوور گرتن لە بەکار هێنانی وشەی کوردیی داتاشراو، ڕوونکردنەوە لە سەر هەڵسوکەوت و سیاسەتەکانی ڕێژیمەکان بە مەبەستی تواندنەوەی گەلی کورد و لەنێوبردنی زمانی زگماکی، وەک دەرس بە ماموٚستایان دەگوترانەوە". یەکێکی دیکە لە مادەکانی ئەم خوولانە، چۆنیەتیی وتنەوەی کتێبی "خوێندنی زمانی کوردی" بوو کە لە سەر مێتۆدی "باغچەبان" دارێژرابوو.(٩)

لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٣٦٢ . ١٣٦١ کتێبی "خوێندنی زمانی کوردی" کە حیزبی دێموکرات لە وڵاتی لوبنان چاپی کردبوو، گەیشتە دەست ماموٚستایان و قوتابییانی ناوچە ئازادەکان. کۆڕی پەروەردە لە نەبوونی کتێبە دەرسییەکان بە زمانی کوردی، کەڵکی لە کتێبەکانی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی ئێران وەردەگرت. بەڵام "ئاخوندە[دەسەڵاتدارە]کان تەنانەت نەیاندەهێشت کتێبی فارسی بگاتە دەستی قوتابی¬یە کوردی خوێنەکان و بە هەموو تواناوە پێشیان بە هاتنی دەگرت".(١٠)

کۆڕی پەروەردە، بەرەبەرە کتێبی دەرسیی دیکەی بە زمانی کوردی ئامادە کردن. ئەم کتێبانە بریتی بوون لە:

١. "زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی

٢. "ئەژمێر" بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی

٣. "خوێندنی کوردی" بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی

٤. "زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی

٥. "ئەژمێر" بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی

٦. "ژیان و خەبات(١)" فێربوونی خوێندنەوەو نووسین، تایبەتی گەورەساڵان

٧. "ڕێنوێنی ماموٚستا" (بۆ کتێبی "ژیان و خەبات"، فێرکردنی خوێندنەوەو نووسینی کوردی بە شێوەی داهێنەر")

چوار کتێبی یەکەم لەم کتێبە ناوبراوانە، ساڵی ١٣٦١ (١٩٨٢) یان لە سەر نووسراوە. پێشەکیی ئەژمێرو زانستی ئەزموونی بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە مانگی ڕەزبەری هەمان ساڵدا (یەکەم مانگی کرانەوەی قوتابخانەکان) نووسراون. پێشەکیی "خوێندنەوەی کوردی" و "زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی دووهەمی سەرەتاییش لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٦١ دا نووسراون.

کتێبی ئەژمێر بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی، وەرگێڕدراوی کتێبی "حساب"ی فارسیی پۆلی یەکەمە.

کتێبی "زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتاییش وەرگێڕدراوی کتێبی "علوم"ی پۆلی یەکەمی فارسی¬یە کە کراوە بە کوردی. ئەحمەدی کاکە مەمی ئەم دوو کتێبەی کردوون بە کوردی و، سەلاح وەهاب پوور و عومەر ئەورامی کاری وێنەکێشان و خۆشنووسیی ئەم دوو کتێبەیان کردوە.(١١)

کتێبیی "ئەژمێر" و "زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی دووهەمی سەرەتاییش، وەرگێڕدراوی کتێبی "حساب" و "علوم"ی پۆلی دووهەم بە زمانی فارسین. کاری وێنەکێشان و خۆشنووسیی "زانستی ئەزموون" بۆ پۆلی دووهەم هەر دوو کەسەکەی پێشوو سەلاح وەهاب پوور(سامرەند) و عومەر ئەورامی (ئاسۆ) کردوویانە. کتێبی "ئەژمێر" بۆ پۆلی ٢ی سەرەتایی تاریخی پووشپەڕی ١٣٦٨ (١٩٨٩)ی لە سەرەو هیچ ئاماژەیەکیش بەوە نەکراوە کە بۆچی چاپی ئەم کتێبە لەگەڵ کتێبەکانی تردا نەبووە.

دوو کتێبەکەی تر (ژیان و خەبات و ڕێنوێنی ماموٚستا)، ساڵی ١٣٦٣ (١٩٨٤) چاپ کراون.

سەرچاوەکانی ئەم وتارە لە ئەرشیڤی "کوردستانگدا پارێزراون.

## زمانی خوێندن لە سەردەمی جمهووریی کوردستان دا

گەشە کردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، هەموو کات بایەخ دان بە زمانی کوردیی بەدواوە بووە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، دوای خەرمانانی ١٣٢٠ و لاوازبوونی دەسەڵاتی ڕێژیمی پاشایەتی لە کوردستان کە گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لێ کەوتەوە، جارێکی دیکە دەرەتان بۆ بووژانەوەی زمانی کوردی پێک هات. پێشوازیی ئۆگرانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە گۆڤاری "نیشتمان"ی کۆمەڵەی ژێکاف، تامەزرۆیی خەڵکی کوردستان بۆ خوێندنەوە بە زمانێک نیشان دەدا کە دوو دەیە بوو بە توندی سەرکوت کرابوو.




بایەخدان بە زمانی کوردی لەلایەن بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەو سەردەمەدا بە ڕادەیەک بوو کە لە یەکەم بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، گرنگییەکی تایبەتی بە زمانی کوردی درا. لە بەندی دووهەمی ئەم بەیاننامەیەدا داوای مافی خوێندن بە زمانی زگماکی کراوەو گوتراوە تەواوی کاروباری ئیدارەکان لە کوردستان دەبێ بەهۆی زمانی کوردییەوە بێ.(١)

ئەمە بەم مانایە بوو دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەیانزانی "زمان نیشانەی هەرە گرینگ و هەرە ئەساسیی فەرهەنگی هەموو نەتەوەیەکەو بە بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی ڕێگا خۆش دەکرێ بۆ ئەوە هەم گەلی کورد بە مافی خۆی بگا و هەم بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوەییش هەلومەرجێکی لەبار پێک بێ".(٢)

دوای ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی١٣٢٤ ، جمهووریی کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد دامەزراند، ئەم کۆمارە ئاواتێکی لەمێژینەی نەتەوەی کورد لەم بەشەی نیشتمانەکەی هێنایە دی: زمانی کوردی کرا بە زمانی ڕەسمی، کرا بە زمانی خوێندن و نووسین و لە ئیدارەکان دا کاری پێ کرا. تەنانەت خوتبەی ڕۆژانی جومعەش کرا بە کوردی. لە ڕێگای ڕۆژنامەی "کوردستان"ی زمانحاڵی کۆمارەوە، لەسەر ئەمری پێشەوا داوا لە خەڵکی مەهاباد کرا "هەر کەسێک کوڕو کچی هەبێ کە عومری ئیقتیزای خوێندن بکا، دەبێ بینێرێتە مەدرەسە" و ڕاشگەیەندرا کە لەمەودوا خوێندن لە مەدرەسەکان بە کوردی دەبێ: (٣)

جمهووریی کوردستان باوەشی بۆ ئەو کوردانە کردەوە کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە بۆ خزمەتی کۆمارو ئەم بەشە ئازادەی نیشتمانەکەیان ڕوویان کردبووە مەهاباد. لەم نێوەدا مامۆستایانێک کە ئەزموون و پسپۆریی وانە وتنەوە بە زمانی کوردییان لە باشووری کوردستان هەبوو، کەلکی زۆریان لێ وەرگیرا. خوێندن بە زمانی کوردی، سنووری پایتەختی بەزاند و شارەکانی دیکە بەتایبەتی شاری بۆکانیشی گرتەوە.

ئارچیبالد ڕۆژڤێلت لە بارەی دەرس وتنەوەی ئەو ڕۆژانەی مامۆستایان لە قوتابخانەکاندا دەنووسێ:

"سەرەتا مامۆستایانی کورد ناچار بوون لە پۆلەکانی دەرس گوتنەوەدا فارسی بەزار بۆ خوێندکاران وەرگێڕن. بەڵام پێش ڕووخانی کۆمار کتێبی فێرکردنی زمانی کوردی بۆ خوێندنی سەرەتایی چاپ کرابوون..... تەنانەت خولی ئێواران کرابۆوە بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری بۆ بە ساڵاچووەکان و، زمانی کوردیش بوو بە زمانی خوێندن."(٤)

دەسەڵاتی تازە دامەزراوی کورد، هەروا کە خوێندن بە زمانی زگماکی بە مافی بێ ئەم لاو ئەولای ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی دەزانی، لە دابینکردنی ئەم مافە بۆ کەمایەتییە نەتەوەیی یەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار غافڵ نەبوو.

لە ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ (٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦) لە شاری تەورێز پەیمانێکی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان دا لەلایەن دوو هەیئەتی ڕەسمییەوە بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی و جەعفەری پێشەرەوی مۆر کرا. لە بەندی ٦ی ئەو پەیماننامە ٧ بەندییە دا هاتوە:

"حکومەتی میللیی ئازەربایجان بۆ پێشخستنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی ئەو کوردانە کە لە خاکی ئازەربایجاندا دەژین و حکوومەتی میللیی کوردستانیش بۆ پێشخستنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی ئەو ئازەربایجانییانەی کە لە خاکی کوردستاندا دەژین، بە پێی توانا هەول دەدەن."(٥)

.....هاوکات لەگەڵ دامەزرانی قوتابخانە و بەڕێوە بردنی گەلێک چالاکیی دیکەی فەرهەنگی لە مەهاباد، قوتابخانە بۆ منداڵانی جوولەکەی نیشتەجێی ئەم شارەش دەستەبەرکرا. بۆ ئەوەی زمانی زگماکیی خۆیان فێربن و لە هەموو قۆناغەکانی فێرکاری و پەروەردەییدا لەگەڵ قوتابیانی دیکەی نیشتمان یەکسان و بێجیاوازی بن."(٦)

بە ڕووخانی کۆماری کوردستان چرای هومێدی کوردان لەم بەشەی نیشتمانەکەیان کوژایەوە. جارێکی دیکە ڕۆژگارێکی ڕەش لە مێژووی کورددا دەستی پێ کردەوە. نەک هەر کۆتایی بە خوێندن بە زمانی کوردی هات، بەڵکوو نووسین بە کوردی و چاپەمەنیی کوردی قاچاغ بوونەوە. پەهلەویی دووهەمیش وەک باوکی سیاسەتی زاڵکردنی زمانی فارسی و سەپاندنی وەک تاقە زمانی خوێندن لە ئێراندا درێژەدا. "سەپاندنی زمانی فارسی لە لایەن حکوومەتی پەهلەوییەوە بەسەر تەواوی ناوچەکانی ئێراندا، جیاکردنەوەی زمانی خویندن لە زمانی زۆرایەتیی خەڵک، سەپاندنی زمانی سێیەکی خەڵکی ئێران بەسەر دوولەسێی خەڵکی وڵات بوو... وڵات بەهۆی ڕاسیسم و دواکەوتوویی ڕێژیمی شایەتیی پەهلەوییەوە، بە تایبەتی بە هۆی دابڕانی دوولەسێی حەشیمەت لە دایک و زمانی دایکیان، نوقمی بەرەودواگەڕانەوەیەکی سەرسوڕهێنەر بوو کە نموونەکەی لە سەردەمی ئیستادا، لە هیچ وڵاتێکدا ناتوانین بەدی بکەین."(٧)

## ڕۆڵی ناوەندی فەرهەنگیی سۆما لە فێر کردنی خوێندنەوەو نووسینی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا



ئەم وتووێژە مانگی بەفرانباری ڕابردوو بە مەبەستی تیشک خستنە سەر کارو خزمەتەکانی ناوەندی سۆما لە بواری خوێندنی زمانی کوردی دا لەگەڵ جەماڵ پوور کەریم، مامۆستای پێشووی ئەم ناوەندە ئەنجام دراوە. لە پێشوازی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی دا بە باشمان زانی بڵاوی بکەینەوە:

**کوردستان: بەڕێزت چەند ساڵێک وەک مامۆستا و فێرکار لەگەڵ دامەزراوەی فەرهەنگیی سۆما کارت کردوە. تکایە ڕوونی بکەوە ئەم دامەزراوە، فێرکارو مامۆستایانی چۆن لە خۆی کۆ دەکردەوە؟**

جەماڵ پوورکەریم: ماوەی چوار ساڵ وەک مامۆستا لەگەڵ کۆمەڵی فەرهەنگیی سۆما کارم کردوە و دووساڵ بەرپرسی ئەم ناوەندە بووم لە شاری بانە. شێوەی کۆکردنەوەی مامۆستا و فێرکار لە سۆما دا بەو شێوەیە بوو کە سەرەتا لە ڕێگەی بڵاو کردنەوەی تراکت و ئاگاداری خەڵکمان ئاگادار دەکردەوە کە دەورەی فێرکاریی ڕێنووسی کوردی یان

ڕێزمان بەڕێوە دەچێ . داوامان لە خوازیاران دەکرد کە بەشداری بکەن و هەر کەسیش توانای خوێندن و نووسینی کوردی هەیە دەتوانێ لە تاقیکارییەکانی ئەم ناوەندە دا بەشدار بێ و بڕوانامە وەرگرێ و، دواتر هەر کام لە وەرگرانی بڕوانامەمان هان دەدا کە ئەگەر لە ماڵەکەی خۆی دا کە کەسێک فێر بکا ئێمە پاش ئیمتحان و تاقیکاری بڕوانامەی پێ دەبەخشین و لە ڕاستیدا ئەومان وەک مامۆستای ئەو کەسە لە سەر بڕوانامەکە دەنووسی.

**. فێرکار و مامۆستای ئەم دامەزراوە خۆبەخشانە کاریان دەکرد یا لە بەرامبەر کرێ (هەقدەست)و...؟**

مامۆستایانی ئەم ناوەندە خۆبەخشانە کاریان دەکرد، بەڵام لە هەر فێرخوازێک بڕە پارەی حەوت هەزار تمەن (وەک هەقی ناونووسی) وەردەگیراو دوو CD و کتێبێکی دەدرایە.

**. دامەزراوەی سۆما ئایا خولی تایبەتی پێک دێنا بۆ فێرکردن و ڕاهێنانی مامۆستایان و فێرکاران؟ چەند دەوەرە یا خول؟ مامۆستاکانی ئەو دەورانە کێ بوون؟**

لە ڕاستی دا خولی ڕاهێنان و فێر کردن بۆ مامۆستایان بوونی نەبوو. چونکە ئەوانەی لەم ناوەندەدا دەرسیان دەگوتەوە زۆربەی هەرەزۆریان لە شاعیران و نووسەرانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و تا ڕادەیەکی باش شارەزاییان بەسەر ڕێنووس و ڕێزمان دا هەبوو.

**. دامەزراوەی سۆما، ناوەندە ئەسڵییەکەی لە کوێ بوو، لە شار و ناوچەکان ئایا لقی تایبەت بە خۆی هەبوو؟**

ناوەندی ئەسڵیی سۆما لە شاری مەهاباد بوو و تا ئەو کاتەی ئەمن لە ڕۆژهەڵات بووم لە نزیکەی ١١ شاری دیکە نوێنەرایەتیمان هەبوو وەک: بۆکان، سەردەشت، شنۆ، نەغەدە، پیرانشار، سەقز، بانە، دیواندەرە، ماکۆ، دێولان، قەسری شیرین. جگە لەمەش لە زۆربەی دێهاتەکانی ئەم شارانە ئەم ناوەندە نوێنەرایەتیی دامەزراندبوو، بۆ وێنە بۆ خۆم کە لە شاری بانە بووم جگە لەوەی نوێنەرایەتیم بە زۆربەی هەرە زۆری دێهاتەکانی بانە دابوو، تەنانەت نوێنەرایەتیم بە زانکۆی زەنجان و کوردستان دابوو.




**. دامەزراوەی سۆما ئیجازەی تێکۆشانی هەبوو؟ لە چ چوارچێوەیەک دا؟ یا هەر لق و بنکەو کلاسێک کە لە هەر شارو ناوچەیەک پێک دەهات دەبوایە لە وەزارەتخانەکان (وەزارەتی ئیرشاد و....) ئیجازەی وەرگرتبا؟**

دامەزراوەی سۆما لە ساڵی ١٣٧٤ لەلایەن شووڕای عالی ئینقلابی فەرهەنگییەوە ئیجازەی پێ دراو دواتر وەک شیرکەتی تەعاونی لە ئیدارەی سەبتی ئەسناد و ئەملاک وەک شیرکەت سەبت کرا، بۆ هەر شارو ناوچەیەک کە دادەمەزرا تەنیا ناوەندی سۆما لە مەهاباد ئیجازەی دەردەکرد و پێویستی بە ئیرشاد یان وەزارتخانە نەبوو.

**. حەساسیەتی دەزگاکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بەو کلاسە کوردییانە چۆن بوو؟ ئایا لە بەردەم کاروبارتان دەبوونە ڕێگر؟**

بێ گومان ڕێژیم بەرامبەر بە دامەزراندنی ئەم کلاسانە حەساس بوو، تەنانەت نزیکەی دوو ساڵ لەلایەن ئیتلاعاتی مەهابادەوە (سەرەڕای ئەوەی "مجوز"مان هەبوو) ئیزنی کار کردنیان بە ئاشکرا نەدەدا و ئیزنی ڕێکلام و بڵاو کردنەوەی تراکتمان نەبوو، بەڵام وردەوردە ڕێگەکە بە کۆڵ نەدانی هاوڕێیان کرایەوە و ڕێگە تا ڕادەیەک خۆش بوو بۆ کار کردن.

**. ئێوە چۆن تەدریستان دەکرد، شوێنی وانە وتنەوە، خەڵک دابینی دەکرد یا دامەزراوەی سۆما؟ یا ئیدارەی حکوومەتی؟**

شوێنی وانە وتنەوەمان لەو شەهرییەیە دابین دەکرد کە لە فێرخوازانمان وەردەگرت و لە ڕاستیدا بە کرێمان دەگرت. بەڵام پێویستە ئەوە بڵێم کە خەڵک زۆر جار لە بواری ماددیەوە هاوکاریی سۆمایان دەکرد و تەنانەت کەسانی وا هەبوون کە شوێنی ئیجارەیان دەداینێ بەڵام کرێیان لێ وەرنەدەگرتین. بە هۆی ئەوەی هاوینان کەلاسەکان زۆر پڕ بوون و جێگەمان کەم بوو، بۆ وێنە لە شاری بانە داوام لە ئاموزش و پەروەرش کرد، دوو قوتابخانەم لەم ئیدارەیە وەرگرتبوو کە بەم حاڵەش جێگە کەم بوو، واتە پێشوازیی خەڵک زۆر بەرین بوو.

**. ئێوە بۆ وانە وتنەوە کەڵکتان لە چ کتێب و نامیلکەیەک وەردەگرت؟ ئەم کتێب و نامیلکانە چۆن ئامادە دەکران؟ ئایا بۆ چاپی ئەوانە ئیجازەی حکوومەتی پێویست بوو؟**

لە کتێبێک لە ئامادە کردنی ڕەحیم سوڵتانی بە ناوی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی و کتێبێکی دیکە بە ناوی ڕێنووسی کوردی بە پیتی لاتین و نامیلکەیەک بۆ ڕێزمان کەڵکمان وەر دەگرت و هاوکات لەلایەن خۆمەوە وەک دەرهێنەر بۆ هەموو وانەکان فیلمم ئامادە کردبوو و فێرخواز دەیتوانی بە CD یش لە ماڵەوە فێری ڕێنووسی کوردی ببێ و لەگەڵ ژیانی شاعیرانی کوردیش ئاشنا ببێ کە لە یازدە دەرس پێک هاتبوو، بەڵام ئیجازەی هیچ شوێنێکیان نەبوو.

**. وانە وتنەوەی هەر بۆ گەورە ساڵان بوو یا بۆ منداڵانیش؟ چ جیاوازییەک هەبوو لە شێوەی وانە وتنەوە بەوان؟ ئایا کتێبەکانیان جیاواز بوون؟ یا مێتۆدی تەدریسیان فەرقی هەبوو؟**

وانەوتنەوە بۆ هەموو ئەو کەسانە بوو کە ئەلفوبێی فارسیان دەناسی و تەمەن زۆر گرنگ نەبوو، هەمان بووە لە کەلاسێک دا منداڵێکی چوارەمی سەرەتایی و هەشمان بووە لیسانس و فوق دیپلۆم، بەڵام بە شێوەیەک وانەکان گوتراونەتەوە کە هیچ کامیان هەست بەوە نەکەن کە ماندوو دەبن.

**. قوتابییەکان چ خەرج و مخارجێکیان دەکەوتە سەرشان؟**

تەنیا شەهرییەکیان بۆ کتێب و سی دییەکان دەدا کە بریتی بوو لە حەوت هەزار تمەن بۆ دەورەی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی دەهەزار تمەن بۆ خولی ڕێنووسی کوردی بە پیتی لاتین پازدە هەزار تمەن بۆ خولی ڕێزمانی کوردی.

**. لە باری زەمانییەوە هەر خولێک یا کلاسێک چەند ڕۆژ یا مانگی دەخایاند؟ ڕۆژی چەند سەعات دەرستان دەگوت؟ تاقیکردنەوەکان بە چ شێوەیەک بوون؟ دامەزراوەی سۆما لە چەند قۆناغ دا، کاری فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی کوردیی دەکرد؟**

خولی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی یەک مانگی دەخایاند و ڕۆژی دوو سەعات بوو (هەموو ڕۆژێ). خولی ڕێنووس بە لاتین یەک مانگ و نیوی دەخایاند (ڕۆژی دوو سەعات). خولی ڕێزمان دوو مانگی دەخایاند ڕۆژی دوو سەعات و بەم خولانە فێرخواز بە تەواوی شارەزایی بە سەر نووسین و خوێندنەوە و بەشێک لە ڕێزمانی کوردیدا دەبوو.

**. پێشوازیی خەڵک لە خوێندنی کوردی چۆن بوو؟ زۆرتر چ توێژێک ڕووی لە خوێندنی کوردی دەکرد؟ لاوان، منداڵان یا گەورەساڵان ؟ خەڵکی لادێ یا شار؟ ئەی کچان و ژنان چۆن پێشوازییان دەکرد؟**

خەڵک سەرەتاکان لەوە دەترسا کە نەکا ئەگەر لەم خولانەدا بەشدار بێ لەلایەن ڕێژیمەوە بگیرێ. بەڵام وردەوردە ئەم ترسە ڕەویەوەو خەڵک زۆر بە گەرمی پێشوازی دەکرد و هەمیشە خولەکان بەردەوام بوون و

هیچ کات نەبووە کە سێ کەلاسی ٢٥ تا ٣٠ی کەسیمان نەبێ. توێژی لاوان بە گشتی زۆرتر ڕویان لە کەلاسەکان دەکردو لە دێهاتەکانیش نوێنەرایەتیمان هەبوو، لەوێش پێشوازیی هەم کچان هەم کوران زۆر باش بوو. بەڵام بەگشتی پێشوازیی کچان زیاتر بوو. هەروەها تەواوی کەلاسەکان بە شێوەی کوروکچ (تێکەڵاو) بەڕێوە دەچوو کە ڕێژیم بەوە زۆر حەساس بوو و تەنانەت چەند جارێک هۆشداریان دامێ کە نابێ ئاوا بێ، بەڵام بەخۆشیەوە گوێمان نەدانێ.

**. بێجگە لە دامەزراوەی سۆما، هیچ کۆمەڵە و ناوەندێکی دیکەی غەیرە دەوڵەتی هەبوو کاری فێرکردنی زمانی کوردی و خوێندن بە کوردی بکا؟**

ناوەندێکی ئەوتۆی دیکە نەبوو کە کاری فێرکردنی کوردی بکا، جاروبار نەبێ ئەنجومەنە ئەدەبیەکان ئەویش زۆر بە لاوازی خولی فێرکارییان دادەمەزراندو لە شاری بانە هیلالی ئەحمەریش ئەو کارەی کرد، بەڵام کەڵکی لە مامۆستایانی سۆما وەردەگرت.

**. بۆ خوت هەم بە زمانێکی دیکە لە قوتابخانە دەرست خوێندوە (واتە بێبەش بووی لە خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆت)، هەم بە زمانی زگماکی دەرست بە منداڵان گوتوە. رات لە سەر خوێندن بە زمانی زگماکی و بێبەشیی منداڵان لە خوێندن بە زمانی زگماکی چیە؟**

بە داخەوە نەمتوانی بە زمانی زگماکیم بخوێنم و لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییش دا ئەو مادەیەی قانوونی بنەرەتی لە بیر کراوە و گوێی پێ نادەن. بەڕاستی زۆر قورسە، زۆر سەختە منداڵێکی کورد کاتێ پێ دەنێتە قوتابخانە بە زۆر دەبێ بە ئاو بڵێ (ئێب) بە دایک بڵێ (مادر). ئەگەر جوان سەرنجی بدەینێ دەبینین کە یەکێک لە گەورەترین زوڵمەکانە کە لە منداڵ دەکرێ و ناچار دەکرێ بە زمانێک بخوێنێ کە لە گەڵی نامۆیە و ئەگەریش بیناسێ لە منداڵیەوە بە هۆی ئەوەی بە زمانی پاسدارو سەربازی ناسیوە لە خوڕا لێی دەترسێ. جوان لە بیرمە کە منداڵ بووم وساڵی دووی سەرەتایی بووم موعەلیمەکەمان کابرایەکی تورک بوو کە بە فارسییەکی ئەویش فارسییەک کە (ق) دەکا بە (گ) دەرسی پێ دەگوتینەوە، جگە لەوەی زمانەکەمان بەقەولی خۆمان پێ زمانی عەجەمان بوو، تا ڕادەیەکیش بە هۆی ئەوەی دایک و بابمان باسی پاسداری عەجەمی بۆ کردبووین. لێی دەترساین. هەموو کەسێک مافی خۆیەتی بە زمانێک بخوێنێ کە زمانی دایکیەتی. جێی داخە کە زۆربەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانن بە زمانی کوردی بنووسن یا ناتوانن کوردی بخوێننەوە. بەڵام خۆشحاڵم کە هەوڵێکی بەرین هەیە بۆ فێربوونی خوێندنەوەو نووسینی کوردی لەوێ.

## ٢١ی فێوریە، ڕۆژێک بۆ ڕاپەڕاندن

ع. وریا

گرنگیی زمانی دایک وەک یەکەمین زمان کە تاک بە هۆی ئەوەوە لە گەڵ دنیای دەوروبەری خۆی پێوەندی دەگرێ، لە مرۆڤی تێگەیشتوو و دیموکرات و، لە جیهانی پێشکەوتوو و مۆدێرن شاراوە نیە. دابینکردنی مافی خوێندن و فێر بوون بە زمانی دایک بۆ تاکەکان لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو و دیمۆکرات دا و، داننان بە مافەکانی تاک لە پێوەندی لەگەڵ زمانی زگماکی خۆی لە قانوونی ئەو وڵاتانە و، لە پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکان دا، بەڵگەیە بۆ گرنگیدانی مرۆڤایەتیی پێگەیشتوو بە زمانی زگماکی.




لە ٢١ی فێوریەی ئەمساڵ دا ١٠ ساڵ بەسەر ناودێرکرانی ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ڕادەبرێ. ١٠ ساڵە لە ڕۆژی ٢١ی فێوریەدا وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی یۆنسکۆ لە بنکەی ئەو ڕێکخراوە فەرهەنگییە جیهانییەدا، ڕێز لە زمانی زگماک دەگرن و گرنگیی فێربوون و فێرکردن بەم زمانەو بایەخی پارێزگاری لە زمانەکان دێننە بەرباس و، ئاوڕ لەو مافانە دەدەنەوە کە تاکەکان و نەتەوەکان بە پێی پەیماننامە نێونەتەوەییەکان لە بواری کەڵکوەرگرتن لە زمانی خۆیان دا هەیانە.

وڵاتی بەنگلادیش یەکەم وڵات بوو کە لە نوامبری ١٩٩٩دا بەرەسمی پێشنیاری بە یۆنسکۆ کرد کە ڕۆژی ٢١ی فێوریە بەم ناوە "ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک" ناودێر بکا. گەڵاڵەی پێشنیار کراو لە لایەن بەنگلادێشەوە لە سێهەمین کۆبوونەوەی ڕێکخراوی یۆنسکۆدا لە لایەن وڵاتانی ئەندامەوە پەسند کرا. هۆی ئەوە کە ئەم پێشنیارە لە لایەن بەنگلادیشەوە خرایە روو دەگەڕێتەوە بۆ قوربانیدانی ئەم وڵاتە لە ڕێی بەرەسمی ناسرانی زمانەکەیان لەم ڕۆژەدا. زمانی ئەم وڵاتە ١٥٠ میلیۆنییە، بەنگالییە. بەنگلادیش پێشتر موستەعمەرەی ئینگلستان بوو، هەر بەم هۆیەوەش زمانی ئینگلیزییش لەم وڵاتەدا برەوی زۆری هەبوو. لە ٢١ی فێوریەی ١٩٥٢دا، ئەو کاتەی بەنگلادیش بەشێک بوو لە پاکستان، خوێندکارانی بەنگلادیش داوایان کرد زمانی بەنگالی وەک زمانی رەسمیی وڵاتەکەیان بناسرێ. لە ئاکامی پێداگریی ئەوان لە سەر داواکەیان تێکهەڵچوون رووی دا و ٥ خوێندکاری بەنگلادیشی لە پێناوی داوای بەرەسمی ناسرانی زمانی نەتەوەکەیان دا شەهید کران. ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوە بەنگلادیش وەک یەکەم وڵات کە لە پێناوی زمانەکەی دا خەباتی کردوە، بناسرێ و هەر بەم بۆنەیەوەش، ڕۆژی ٢١ی فێوریە لە بەنگلادیش وەکوو "ڕۆژی شەهیدانی زمان" ناسراوە.


گومانی تێدا نیە کە کەم نەتەوەی جیهان هەیە بە قەرا کوردەکان لە پێناوی داوا کردنی مافە نەتەوەییەکانیان و یەک لەوان بە ڕەسمی ناسرانی زمانی کوردیدا خەباتیان کردبێ و قوربانییان دابێ. نەتەوەی کورد نەک هەر لە ڕابردوودا، بەڵکوو هەر ئێستاش لە سێ بەش لە چواربەشی نیشتمانەکەیدا، نە وەک نەتەوەیەک ددان بە بوونیدا نراوە نە زمانەکەی بەرەسمی ناسراوە. تا ئێستاش لە مافی سەرەتایی خوێندن بە زمانی زگماکی بێبەشە. کەس نازانێ ژمارەی ئەو تێکۆشەر و نیشتمانپەروەرە کوردانەی لە ڕێڕەوی خزمەتی زمانی کوردیدا و، سەبارەت بە فێرکردنی ئەم زمانەو نووسین بە کوردی، تووشی دەربەدەری و ئەشکەنجە و تەنانەت کوشتن و ئێعدام هاتوون چەندن؟ سەدان یا هەزاران؟!

بەڵام نەتەوەی کورد ئەگەر هەقی ئەو گلەیی‌یەشی هەبێ کە ناوی نەچۆتە نێو ڕیزی شێلگیرترین و پرقوربانیترین نەتەوە لە داکۆکی لە زمانەکەی و خەبات لە پێناوی بە ڕەسمی ناسرانی دا، دیسان هەر جێی خۆیەتی پێشوازی لە ٢١ی فێوریە بکا و ئەم ڕۆژە بکا بە دەرفەتێک بۆ هاوار لە چنگ ئەو ستەمە لە مێژینەیەی لە پێوەندی لەگەڵ زمانەکەی دا لێی دەکرێ.

له ١٠ ساڵی رابردوودا، له ئێرانیش وەک زۆر شوێنی جیهان، ئەو نەتەوانەی له خوێندن به زمانی زگماکی بێبەش کراون، یا ڕێگەی بووژاندنەوه و خزمەتی زمانەکەیان لێگیراوە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکیان کردوه به دەرفەتێک بۆ لەقاودانی بێبەشیی خۆیان و هێنانەگۆڕی داخوازه ڕەواکانیان لەم پێوەندییەدا. کەسایەتییه ڕووناکبیر و فەرهەنگییەکانی نەتەوە بندەستەکان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لەم بۆنەیەدا، دژی سەرکوتی زمانی و سەرکوتی نەتەوەیی دەنگ هەڵ دەبڕن. له ١٠ ساڵەی ناودێر کردنی ٢١ فێوریه وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی، با هەمووی ئێمه که بێبەشیی نەتەوەکەمان له خوێندن به زمانی خۆی و، بێ ڕێزی کردنی دەسەڵاتی وڵات به گرنگترین شوناسی نەتەوەییمان واته زمانەکەمان، خەمی هاوبەشمانە، با داوا بکەین ڕێز گرتن له ٢١ی فێوریه له چوارچێوەی کۆڕ و کۆمەڵی فەرهەنگی بچێتەدەر. با ئەم بۆنەیە بکەین به بۆنەیەکی گشتی و جەماوەری و، سەرجەم ڕۆڵەکانی نەتەوە بندەست و زمان پشتگوێخراوەکانی ئێران، له ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک دا، وەدەست بێن و بێزاریی خۆیان له سیاسەتی نەتەوەیی و زمانیی دەسەڵاتی شۆڤێنیستی ئێران دەربڕن. با داوای به ڕەسمی ناسینی زمانی ئەو نەتەوانه و پێویستیی خوێندن بەم زمانانه بکەین به داوای میلیۆنی و، بیکەین به هەوێنی هێنانی به میلیۆنان خەڵک بۆ نێو گۆڕەپانی خەباتێکی پیرۆز.

کوردستان و کورد

## زمانی دایکی چییه و بۆچی گرینگە؟



نووسەری بابەت به فارسیی: دکتورسدیقه عەدالەتی. وەرگێڕ: فاتح ئارەش.

پێشەکی له وەرگێرەوە: ئەم بابەتە له لایەن کەسێکەوه به ناوی دکتور صدیقه عدالتی که لەوه دەچێت ئازەری زمان بێت نووسراوه و هەواڵێکی ئینتێرنێتی له ڕێگای فەیس بووکەوه بۆ منی نارده بوو، له ڕوانگەی منەوه ناوەڕۆکی بابەتەکه زۆرگرنگ و زانستییانەیه و وام بەباش زانی که وەریگێڕمەوه بۆ کوردی وێڕای سووپاس بۆ خانمی عەدالەتی له پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی ساکار له وەرگێڕان دا داوای لێبوردن دەکەم.

له ڕۆژهەلاتی کوردستان دا زۆر بنەماڵە هەن که خۆیان به پێشکەوتوو دەزانن و شانازی بەوەوه دەکەن که منداڵەکەیان زمانی فارسیی دەزانێت بەڵام سەد وەشەیی (زگماکی) کوردی نازانێت، لێرە لەم باسەدا بۆمان دەردەکەوێت که ئەوانه نەک پێشکەوتوو نین بەڵکەو زۆر دواکەوتوون که دەوری نێگەتیڤیان له بارهێنانی کەسایەتی منداڵ/منداڵەکانی خۆیان داهەیه و لەوان کۆیله ساز دەکەن. جا خوێنەرانی بەڕێز ئێوەش دەتووانن بۆ زانیاری زیاتر بابەتی خوارەوه لەسەرخۆ بخوێننەوه.

زمانی زگماکی ( دایکیی) زمانێکه که له دایک، باب و نزیکانەوه فێری بووین، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی توێژەران منداڵ له کاتێک دا که له زگی دایکی دایه لەگەڵ زمانی دایکی ئاشنا دەبێت و قۆناخی هاتنه دونیاوەی بەگریان دەست پێ دەکات و ئەگەر به زمانی دایکی لەگەڵی بدوێت هێمن دەبێتەوه و گوێ بیس دەبێت.

منداڵ به تێپەربوونی کات و بیستنی هەمیشەیی زمانی دایکی فێردەبێت و دەستدەکات به دووپات کردنەوەی و کەم کەم هەوڵی ڕێزکردنی ڕستەی کورت کورت دەدات و له ئاکامدا دەست دەکات بەدوان به زمانی دایکی.

له ماوەیەکی کورت دا فێردەبێت تا به زمانی دایکی خۆی هەستی دەروونیی و پێداویستییەکانی لەگەڵ دەوروبەری خۆی بەیان کات و به زمانی دایکی پێوەندی له کۆمەڵگادا دادەمەزرێنی، هەر بەم زمانه کایه دەکات، پێدەکەنێت، دەگرێت و کێشه و ململانێیه دەکات. تەنیا به زمانی دایکییەتی که دەتووانێت دونیایی دەوروبەری خۆی بەناسێت و باسی لێوه بکات، قسەکردن بەزمانی دایکی دەتووانێت له تەنیایی دەربازیکات و خۆی سەربە تاقمێکی دیاری (تایبەت) له کۆمەڵگادا بزانێت، هەستی خۆ بەگرێدەراویی، خۆشەویستی و ئەوین، دڵنیاییی و بڕوا بەخۆبوونی تێدا پێدادەبێت و بەو هیوایەوه دەژێت.




ئەگەر بمانهەوێت ڕوونکردنەوەیەکی زانستییانەمان هەبێت، دەبێت بڵێین که قسەکردن له شێوەی بیرکردنەوەی دەروونییەوه (بیرگەریی-زاکیره) سەرچاوه دەگرێت. ئێمه (مرۆڤ) له کاتی بیرگەریی دا سەرەتا به شێوەیی بێدەنگ له دەروونەوه لەگەڵ خۆمان باس دەکەین دوایی دەست دەکەین به دوان، له ڕاستیی دا له کاتی دەم کردنەوه دا(کاتی قسەکردن دا) تەنیا بیرله شێوەی سەوتەکەمان (تۆن) دەکەینەوه. کاتێک که ئێمه به زمانی زگماکی قسەدەکەین پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ له نێوان زاکیره و دەم دا پێک دێت، لێردا دەمهەوێت هێندێک زیاتر لەم پێوەندییه دا ڕوونکردنەوەم هەبێت و بڵێم، کاتێک که مرۆڤ به زمانی دایکیی قسه دەکات له ڕاستیی دا پێوەندییەکی نەپچڕاو له نێوان دڵ، زاکیره و زارمان دا(دەم) پێک دێت، یانی ئەم لێدوانه ئەزموون و پێوەستکردنەوەی بیر سەردەمی ڕابردوومان زیندو دەکاتەوه. به گوتنی هەر وشەیەک هەستێکی دەروونی زیندو دەکەینەوه، خوشحال دەبین یان نارەحەت، تامەزرۆ دەبین یان چاوەڕوان دەمێنینەوه، به پێکهاتنی هەر ڕستەیەک له زاکیرەماندا ژیانەوەی دووبارەی هزرێکی دڵ دەست پێ دەکاتەوه و له ڕێگای دەم و زمانەوه هست و ئارەزوەکانی خۆمان بۆ خەڵکانی دیکه دووپات دەکەینەوه. هەر لەم ڕووانگەوەیە کاتێک که به زمانی دایکیی قسه دەکەین میکانیزمێکی سێ لایەنی له نێوان دەم، دڵ و زاکیرەماندا پێک دێت که لەگەڵ یاسایی سرووشتی مرۆڤ یەکدەگرێتەوه، دەتووانین بڵێین که زمانی زگماکی کلیلێکه که له کردنەوه و پیشاندانی جیهانی دەروونیمان دا دەورێکی سەرەکی هەیه.

عەیب، بەهرە، حەیا و هونەر هەموو نهێنیەکانی دەروونیمان له کاتێکدا دیاری دەدات که ئێمه به زمانی دایکیمان قسه دەکەین.

منداڵ له تەمەنی پەنج ساڵەیی دا هەشتا له سەدی ئەو زانیارییانه که له ژیانی دا پێویستی پێیەتی له ماڵ دا له نێو بنەماڵەکەیی دا فێریان دەبێت و له تەمەنی ٦ تا ٧ ساڵەیی دا که سەردەمی ڕۆیشتن بۆ قووتابخانەیه دوو ڕێگای جیاواز له بەردەمی دا سەر هەڵدەدەن که بۆ باس لێوه کردن وهەڵسەنگاندن بەکەڵکن:

١- منداڵێک که دەڕوات بۆ قووتانخانەی زمانی زگماکی.

٢- منداڵێک کە دەڕوات بۆ قووتابخانەیەک کە بە تەواویی لەگەڵ زمانی دایکیی جیاوازی هەیە.

قوتابخانە زۆر کاریگەری لە سەر دروست بوونی کەسایەتیی منداڵ هەیە و پردێکە لە نێوان بنەماڵە و کۆمەڵگادا، یانی قوتابخانە تەواوکەری زانیاریەکانی منداڵ لە باوەشی بنەماڵەکەیدایە و ئەو زانیارییانە زانستییانە دەکاتەوە، هەروەها ئەو لە باری بەدەنیی و رۆحییەوە پەروەردە و ئامادە دەکات بۆ کار و ژیان لە کۆمەڵگادا.

هەستێکی خۆناسیی(ناسنامەیی) کە منداڵ لە باوەشی بنەماڵەکەی دا پێدایی دەکات دەبێتە هۆکارێک کە ئەو منداڵە زیاتر خۆی بە بنەماڵە و نەتەوەکەیەوە گرێدراو بزانێت، لە هەمان کات دا ئەو خۆناسییییە کە هەستی نیشتمانپەروەریی و خۆ بە لێپرسراوەیی لە ڕابیتە دەگەڵ کۆمەڵگاکەیی تێدا پەیدا دەکات.

لێرە لە سەرەتا دا باس لە ئاکام و کارتێکەری حالەتێک دەکەین کە منداڵ لە قووتابخانەی زمانی دایکیی لە گەڵی بەرەو روو دەبێتەوە، هەرچەند بەداخەوە کە ئێمە شارەزایی مان لە سەر ئەم حالەتە نییە، بەڵام ئەوە شتێک بووە کە ئێمە هەمیشە تامەزرویی بووین. لە سەرەتا کە منداڵ سەردەکات بە قووتابخانە دا، ئەم سەردەمە سەردەمێکە کە منداڵ بۆ جاری یەکەم لە بنەماڵە و نزیکانی خۆی دوور دەکەوێتەوە، شێوە هەستێکی تەنیایی لێ پێدا دەبێت و بەو وەزعە رۆحییەوە دەرواتە ژوری قووتابخانەیەک کە کەسێک لەوێدا نا ناسێتەوە، دوایی ماوەیەک مامۆستای قووتابخانەکە دێتە ژورێ و دەست دەکات بە قسە کردن، مامۆستا جێگەی تایبەتیی خۆی هەیە و منداڵیش هێندێک لێیی دەترسێن و ئەو منداڵەش لەو دەترسێت.

ئەو منداڵە لەو حالەتەدا لەگەڵ زۆر کێشەیی تەنیایی و نارەحەتی دووری لە بنەماڵەکەی بەرەورووە، بەڵام هێزێکی یارمەتیدەری لەگەڵە کە دەبێتە هۆی پێوەندی ئەو لەگەڵ ئەو نە ناسراوانە و هۆکارێکی دابین کردنی وەزەو تووان لەو دا، ئەم هێزە یارمەتیی دەرە زمانی دایکیی منداڵەکەیە کە وەک ئامرازێکی زۆرکاریگەر لە ژیانی ئەو دا لەو سەردەمە دا دەوری تایبەتی خۆی دەبینێ و بە زمانی دایکیی لەگەڵ ئەو خەڵکە نەناسراوانە دا پێوەندی دروست دەکات.

مامۆستاکە ناناسێت بەڵام زمانێک کە مامۆستا قسەی پێدەکات بۆ منداڵەکە ناسراوە و زۆر بەباشی لێی تێدەگات و لە ژێر کارتێکەری ئەو زمانەیە کە ئەو منداڵە هەست دەکات کە مامۆستاکەش تاکێکە لە تاکی نەتەوەکەی خۆی و لە دەرسەکەش بەباشی تێدەگات چونکە بە زمانی دایکیەتیی.

زمانێک کە مامۆستاکە بەکاری دێنێت زمانێکە کە بۆ منداڵەکە ناسراوە زۆر بەگورجی دەتووانێت جوابی پرسیارەکانی مامۆستا بداتەوە و خۆی لەگەڵ وەزعی مەوجوود رێکخات و دەبێتە هۆی ئامادە بوونی زاکیرەی منداڵەکە، لە هەمان کات دا دەبێتە هۆکارێک بۆ یارمەتیی رۆحی منداڵەکە و کردنەوەی دەرگای تێکۆشان بە رووی دا.

منداڵەکە ئەو ئیمکاناتەیی هەیە کە لە سەر قسەکانی مامۆستا شیکاریی هەبێت و لێیان بکۆڵێتەوە و پرسیاری بەجێ بکات، لەم بوارە دایە کە منداڵ هێزی لێکۆڵینەوە و ژێر و رووکردنی گەشە دەکات و توانایی دەگاتە قۆناخی پێویست.

چونکە فێرکردن بە زمانی زگماییە هەستی بەخۆباوەڕیی، هەستی بە هەند گرتنی بنەماڵە و بەهایی نەتەوایەتیی لەو دا زیاتر دەستەبەر دەکات و لە سەر ئەو ئەساسانە کەسایەتی خۆی دادەمەرزێنێت.

ئێستاکە با بزانین ئەگەر فێرکردن بە زمانی دایکیی نەبێت چ ڕوو دەدات.

لە سەرەتا دا بۆچ دەبێت فێرکردن(خوێندن) بە زمانی زگماکی نەبێت؟

لە هەر وڵاتێک دا کە مرۆڤەکان لە بارهێنان و فێرکردن بە زمانی دایکیی خۆیان بێبەش دەبن ئەوە بەو مانایە کە بناغەی ئەو وڵاتە لە سەر چەوسانەوەیی سیاسیی، زوڵم و زۆر و سەرکوت دانراوە، لەو وڵاتە چەوسانەوە هەیە، لەو وڵاتە دا زمانێک، کۆمەڵێک خەڵک بە سەر زمانەکانی دیکە و خەڵکانی دیکە دا باڵادەستییان هەیە و بڕیاردەڕن.

ئەوە بەو مانایە کە لە لاپەڕەکانی مێژوویی ئەو وڵاتە دا لە مێژزەمانە بڕیاری "استثماری" تاواندەنەوەی ئەو مرۆڤانە کە لە دەسەڵات دا نین گڵاڵە کراوە.

بۆ تاواندەنەوە و لە نێو بردنی کۆمەڵێک خەڵک سێ رێگای گرینگ هەن:

١- لە نێو بردنی نەسلی ئەوان لە رێگای فیزیکییەوە بە بۆمبێکی ژەهراویی کە ئەو کارە لە وڵاتی ئێمە دا ئیمکانی نییە چوونکە نتەوەکانی ژێردەست(غەیرە فارس) لە هەموو وڵات دا بلاو بوونەتەوە.

٢- ناو بردنی ئەگەری (هیپۆتێزم) گۆڕینی ژێنی بیخەوش (ژێن- شتێکە کە لە سلولی مرۆڤەکاندایە) و خوێنی خاوێن:

ئەو رێبازە لە وڵاتی ئێمە دا کاری لە سەرکرا بەڵام ئێستاکە جێگەی سرنج نەماوە بەو هۆیەوە کە مرۆڤەکان بە درێژایی مێژوو لە هاتووچۆ دا بوون و ئەم تێکەلاوییە هۆکارێک بووە بۆ نەمانی ژێن خاوێن و ئەگەر ژێنی خاوێنیش مابێت ئەوە ژێنی نێگەتیفە و زانایان و ژێن ناسەکان سەلماندویانە کە ئەوانە وا هەڵگریی ژێنی خاوێنن ڕادەی بیرکردنەوە و توانایان زۆر لە خوارە و لە هەمبەر نەخۆشییە جۆرباجۆرەکاندا ناتووانن زۆر خۆ ڕاگرن.

٣- لە نێو بردن لە رێگای ژێنەکانی مەدەنی(موڵکی) و کولتوورییەوە.

### ژێنەکانی کولتووری کامەن؟

ژێنی کولتووریی و مەدەنی بەو شارستانییەت و کەلەپورانە دەڵێن کە مرۆڤەکان لە رابوردووانیی خۆیانەوە وەک بەهایی نەتەوەیی یان بنەماڵەیی بە میراس بۆیان ماوەتەوە، ئەمەش ئەو شتەیە کە ڕامیاریکارانی نەتەوە و زمانی دەسەڵاتدار بڕیارو هەوڵی لە ناوبردنییان بۆ داوەو پرۆسەیی تێکپێچانەوەیان بۆیی هەبووە وهەیە.

نەتەوەیی دەسەڵاتدار بۆ سڕینەوەی نەتەوەیی ژێردەستیی خۆی دەیهەوێت لە رێگای قەدەغە کردنی زمانناسیی ئەو نەتەوەوە مێژوو، کولتوور و ناسنامەیی لە نێو بەرێت و ئەوان بە شێوەیی کۆیلە و مرۆڤی پلەی دووهەم دەربێنێ و لەکۆتایی دا هەویەتی نەتەوایەتییان لە مێژوو بسڕێتەوە، نەتەوە یەک لەنێو دەچێت کە زمانی دایکیی خۆی لەبیرکات و نەتووانێت بە زمانی زگماکی قسە بکات.

لە ڕاستیی دا لە رۆژی یەکەمی قووتابخانەی تاکە زمانییەوە پرۆسەیی تاواندەنەوەیی نەتەوە و زمانی ژێردەست دەست پێ دەکات و هەرچەند ئەو پرۆسە بەردەوام بێت خەتەری تاواندەوەی فیزیکی نەتەوەیی ژێردەست زیاتر و زیاتر دەبێت.

منداڵ رۆژی یەکەم کە دەڕوات بۆ قووتابخانە مامۆستا دێتە ژورەوە و دەست دەکات بە قسە کردن، بەڵام منداڵەکە بە هۆی ئەوەوە کە زمانی مامۆستاکە زمانی دایکیی نییە هیچی لێ تێناگات، حالەتێکی زۆر نالەبار ڕوویی تێدەکات و گیرۆدە دەبێت، زمانێک کە لە دایک و بابییەوە فێر بووە و جێگایی شانازیەتی لێرەدا بەکارنایەت و بایی نییە، پێیان گوتە بوو برۆ بۆ قووتابخانە تا ببیت بە مرۆڤێکی حیسابی و رێزدار، بەڵام بۆ بوون بە مرۆڤێکی حیسابی زمانی ئەو بایی نییە و دەبێت بە زمانێکی بێگانە دەرس بخوێنێ، بۆ بوون بە مرۆڤێکی رێزدار دەبێت بە زمانی دەسەڵاتدار قسە بکات، ئەمە یانی چی؟ یانی ئەوانە کە توانی فێر بوونی زمانی دەسەڵاتداریان نییە وەک مرۆڤ حیسابیان بۆ ناکرێت یان مرۆڤ نین!

ئاکامی ئەم کارە بۆ منداڵ دەبێت بەوە کە هەموو ئەو کەسانە کە وا بە زمانی دایکیی ئەو قسە دەکەن لە دەروونی دا بەها و رێزیان نەمێنێت، ئەم شێوە بیرکردنەوە تاڵە هەرسات و کات منداڵەکە ئازار دەدات و ئاکامەکەی دەبێت بەوە کە هەر سات و زەمان برواو هەستێک کە بە زمان، بنەماڵە و کولتووریی هەیی بووە لە دەروونی دا بمرێت، هەر رۆژە زیاتر و زیاتر سووکایەتیی پێدەکرێت و وردە وردە دوایی ماوەیەکی

کورت ناسنامەیەک کە لە بنەماڵەکەیەوە وەرگرتبوو لەنێو دەچێت، لە ئاکامدا پێوەندیی و بروایی بە بنەماڵە و نەتەوەکەی نامێنێت.

لەو ڕووەوە کە منداڵ زمانی مامۆستاکەی نازانێت ناتووانێت ئەو بابەتانە کە ئەو دەرسییان دەدات بە باشی وەرگرێت، لە مامۆستا باش تێناگات و ناتووانێت قسەکانی ئەو ژیرو رووکات، ناتووانێت پرسیاری بەکەڵک بکات، ئەگەر شتێک حاڵی بێت ناتووانێت بە زمان بەیانی کات و بۆ کەسانی دیکە شیبیان کاتەوە چونکە زاکیرە و زمانی بەیانی لێک جودا کراونەتەوە و شێوە تێکەڵاوییەکی تێدا دروست بووە، بە زمانی دایکیی تێدەگات بەڵام تووانی بەیانی تێگەیشتنەکەیی نەماوە بەکورتی پێوەندیی نێوان زاکیرە، دڵ (هەناو) و زمان (دەم) دەپچڕێت و ئەمە زیانێکی قەربوو نەکراوەیە بۆ پێگەیشتنی مرۆڤە و ئاسەواری زۆر خراپی لە سەر هەناو، هەست و کەسایەتی ئەو دەبێت.

هەموو ئەم ڕاستییانە ئەوەمان پیشاندەدات کە بێبەش کردنی منداڵ لە خوێندن بە زمانی زگماکی ئاکامەکەی دەبێت بەوە کە:

زۆربەی ئەو منداڵانە کە لە قووتابخانە بە زمانی دایکیی دەرس ناخوێنن هێزی بروابەخۆ بوون لە دەست دەدەن و هەر لە سەرەتاوە مەیلی ڕۆیشتنیان بۆ قووتابخانە زۆر کەمە و ڕادەیی سەرپێچی کردن زۆرە، ئەمە حاڵەتانە دەبنە هۆکارهایەک بۆ ئەوەی کە ژمارەی نەخوێندەوار لەو وڵاتانەدا کە خوێندن بە زمانی زگماکی ئیمکانی نییە زۆر لە سەرتربێت تا ئەو وڵاتانەیی کە خوێندن بە زمانی زگماکییە.

بەو هۆیەوەوە کە منداڵ زمانی مامۆستاکەیی نازانێت بەشێکی زۆرکەمی دەرسەکە تێدەگات و ئەمە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە ئەم جۆرە منداڵانە هێواش هێواش هێزی بڕوا بەخۆبوون لە دەست بدەن.

چونکە ئەم تاقمە منداڵانە هێزی بڕوا بە خۆ، بنەماڵە و گرێدراویی کۆمەڵایەتییان بە نەتەوەکەیان لاواز دەبێت بە ناچاری دەکەونە دوایی پێداکردنی هەوێتێکی دیکەوە.

بەهۆی ئەوەوە کە زمانی تێگەیشتنی ئەم منداڵانە لەگەڵ زمانێک کە لە قووتابخانە دا قسەیی پێدەکەن(زمانی بەیان) بێگانەیە ناتووانن ئەو گوتار و بابەتانەیی کەوا لێی تێدەگەن بە شێوەیی ئاسایی شیکاریی و توێژنەوەیان لە سەری هەبێت یان پرسیاری لێ دروست کەن، دەبێت بڵێن لە ئاکام دا ئەم منداڵانە دەبنە قەشمەر و مرۆڤێکی قسە دووپات کەرەوە، بە کورتی وەک تووتییان لێدێت.

ئەگەربمانهەوێت کورت و کراوە باسکەین دەبێت بڵێم منداڵی ئەم چەشنە نەتەوانە لە ئاکام دا لەگەڵ کەلەپوور و میراتی کولتوریی، بیرو و کردار، زمان و هویەتی ڕابوردوانی خۆیان بیگانە دەبنەوە و بە گوێرە پرۆسەیەک کە بۆیان گڵاڵە کراوە دەیانکەن بە نەسلێکی(بەرەیەک) ئامادە بۆ قبووڵی کۆیلەیەتی، نەسلێک تەنها کاتێک دەگوردرێت بە کۆیلە کە لە زمانی دایکیی، کولتوور و مێژوویی خۆیی جودا کرێتەوە.

هەرسەرکەوتووبن.

رۆژهەڵات تایمز

## زمانی زگماکی بنەرەتیترین مافی سروشتی مرۆڤە



رەزا ئەمینی

زمانی زگماکی بە تەنیا کەرەسەی پەیوەندی بۆ مرۆڤ نییە، بەلکوو ئامرازی دەربرینی هەست و هزرو تێگەیاندنیشە. زمانی زگماکی بنەمایترین مافی سروشتیە، کە مرۆڤ دەکاتە خاوەن تایبەتمەندی شوناس و کەسایەتی..

مرۆڤ لە ساتەکانی یەکەمی ژیانی و لە ناو جەستەی دایکیدا خاوەنی زمانەو لە دەربرینەکانی دایکی تێدەگا. زانایانی زانستە ئەزموونی و پزشکیەکان، لە سەر ئەو بۆچوونەن: منداڵ لە زگی دایکیدا یەکەم دەرگای تێگەیشتنی لە ڕێگەی ئەو وشانەوەیە، کە دایکی دەریان دەبڕێ و دەرگای زمانی بە رووودا دەکرێتەوەو ئەمەش ئاماژەیە بە پەیوەندی ئورگانیک و سروشتی مرۆڤ بە زمانی دایکێوە. بۆیە زەوتکردنی ئەم مافە واتای خاپوور کردنی سروشتی ژیان و هەڵدانی مرۆڤە.

دواتر کە مندال پێی نایە جیهانی دووهەمی ژیانیو تێکەڵ بە بنەماڵەو کۆمەڵگا بوو، لە ڕێگەی زمانەوە لە مافی زیاتر لە سەر بنچینەی تێگەیشتنی بەربڵاوتر بەهرەمەند دەبێ. تا دەگاتە قۆناغی چوونە قوتابخانە، بە هۆی زمانی زگماکی پەروەردەو بار دێ. هەست و سۆزەکانی دەرک دەکاو ئەندیشەکانی دەردەبڕێ و بناغەی ژیانی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێنێ، کە چوو بۆ قوتابخانە گوێ لەو رەستەو وشانە هەڵدەخا، کە لە زمانی دایکێوە پێیگەیشتووە. لە قوتابخانە لە دۆخێکی سیستماتیکی پەروەردەیی، دووپاتو چەند پاتیان دەکاتەوەو چەشنێک هەست بە ئارامیو متمانە پەیداکردنی، بە کۆمەڵگا تێدا پێکدێ. قوتابخانە بۆی دەبێتە پالپشتی گرینگی ژیانی و رەوتی قەوارە گرتنی شوناس و کەسەیاتی گەشە دەستێنێ و هزرو تێگەیشتنی بەرە پێش دەروا. تایبەتمەندی ئەو ژیانەی تێیدا هەست بە خۆشی بکا لە دەروونی دا بە هێزتر دەبێ. لە سەر ئەو بنەمایەش کۆمەڵگا لەو تاکانە پێکدێ، کە کەسایەتیان بە شێوازی سروشتی گەشەی کردووەو لە کەش وهەوای سالمی کەلتووری دا پەروەردە و بار هاتوون.

بەڵام دۆخەکە لە حالەتی پێچەوانەدا تەواو بەراوەژوویە. چوونکە ئەو منداڵانەی لە مافی خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی بێبەش دەکرێن، دووچاری سەرلێشێواوی دەبن. کەسایەتیان پێخوست دەبێ. دەرگای تێگەیشتن و زانست لە سەریان گاڵە دەدرێ. ئەو زمانە نامۆیەی لە قوتابخانە بە سەریان دا دەسەپێ، لێی تێناگەن. ناتوانن کەمترین تێگەیشتنیشیان بدرکێنن. بە واتایەک هەم کەڕن هەم لاڵ. ئەوەیە کە کەسایەتییان لێدەستێندرێتەوە و سۆزو هەستیان خامۆش دەکرێ. پێویستییان بە زانیاری زیاترە، تا لە موحیتی خۆیان تێبگەن. بەڵام لە کەرەسەی پێویست کە زمانە بێ بەشن. بۆیە بێ هیوایی و جارزی لە ژیان و هەستی یاغی بوون، لە ناخیاندا چەکەرە دەکاو بەر دەوام بە دووی شوناس و کەسایەتی وونبووی خۆیاندان. لەبواری دەروونیەوە تێکدەروخێن. ئەو متمانەی لە بنەمالەوە لە سەر قوتابخانە پێیاندەدرێ بروای پێناکەن.

لێکۆلینەوە و ئەزموونە زانستیکان دەریانخستووە. ئەم منداڵانەی لە مافی زمانی زگماکی بێبەشن. لە بەراوەرد لە گەڵ ئەو منداڵانەی لەو مافە بەهرەمەندن، لە هەر بارێکەوە جیاوازن و ئەم جیاوازییەش لە برگەکانی دواتر دا پتر خۆی دەردەخاو ئەنجامەکەی دەبێتە کۆمەڵگایەکی ناعادڵانە. کە تاکەکان خاوەن مافی یەکسان نین. ئەمەش دەبێتە، هۆی نائارامی و تێکهەڵچوونە نەتەوەیی و ئەتنیکیەکان. لە روویەکی تریشەوە، بەشێک لە ئەندیشەو کەلتوورەکانی مرۆڤایەتی دەکوژرێ و زیانی قەرەبوو نەکراو بە شارستانیەتو پێشکەوتنی مرۆڤ دەگەیەندرێ.

تەنیا ڕێگە چارەی ئەم ئاریشەیە، پێدانەوەی مافی زمانی زگماکی بە هەموو گەلانە. کەڵکوەرگرتن لەو مافە لە خوێندن و نووسیندا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو گەشەستاندنی زیاتر دەباو ئاشتی و یەکسانی لە نێوان کەلتووره جیاوازەکاندا پێکدێنێ.

ئەرکی هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگایە بۆ وەدەست خستنەوەی مافی سروشتی زمانی زگماکی تێبکۆشێ و ئیزن نەدا ، دەسەڵاتە لارێکان بە مەبەستی سیاسی شوناس و کەسایەتی لێ زەوت بکەن.

دایکانی کورد پێویستە مندالەکانیان بە زمانی پاراوی کوردی پەروەردە بکەن. چوونکە دایک یەکەم پەیژەی، وانەو ژیانە و مرۆڤ یەکەم ئەلف و بێیەکانی ژیانی بە سەربەرزی لەو قوتابخانەوە فێر دەبێ.

رۆژهەڵات تایمز

# پاراستن و گەشە پێدانی زمانی کوردی




گردآورنده : مصلح محمودی

پێنج سەد هەزار ساڵە کە مرۆڤ وەزمان هاتووە، وە دەهەزار ساڵیش لە تەمەنی هەموو خەت و هێڵێک تێپەڕ دەبێ و هەر ئێستاش سێ هەزار زمان- بیجگەلە زاراوەکان- حەوت میلیارد ئینسان بە یەکترەوە شەتەک دەدا و لە سورِی نێو دڵی یەکیان حاڵی دەکا. بە بڕوای زمانەوانەکان، بێ هەڵ وگێڤ و خۆ هەڵکیشان یەکێک لەو زمانە لە میژینانەی کە هەزاران ساڵە هەیە و ئەورۆکەش زیاتر لە چل میلیۆن ئینسان پێی دەدوێن زمانی کوردییە. زمان ناس و ڕۆژهەڵات ناسی گەورەی ڕووسی "مینۆرسکی"دەڵێ: "زمانی کوردی زمانێکی تایبەتیە و سەربەخۆیە، چونکە یاسای فۆنێتیک و سینتەکسی تایبەت بە خۆی هەیە." دیارە زۆرێک لە زمان ناسانی گەورە و سەردەرچووی دونیا کوردی یان بە زمانێکی سەربەخۆ ئەژماردووە و لەو بوارەدا ڕای تایبەتیان دەربڕیوە بۆنموونە "ئۆرانسکی"زمان ناسی ڕووسی، پرۆفسۆر"محەممەد دەبیرموقەددەم" زمان ناسی بەناوبانگی ئێرانی.

زمان وەکوو هەمووشتێکی تر هەڵدەدا و پێش ئەکەوێ، کە ئەگەر وا نەبێ لە ناو دەچێ. "کوردی"ش وەکوو زمانێکی سەربەخۆ بە تەواوی تایبەتمەندیەکانی خۆیەوە، بە درێژایی مێژوو گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە و لەگەڵ زەمان هاتۆتە پێشێ. بەڵام هەموو لایەنەکانی زمانی کوردی بەیەک میزان هەڵی نەداوە. بۆ نموونە لە لایەنی ئەدەبی زۆر پێش کەوتووە و پەرەی سەندووە، بەڵام لایەنە عیلمی و زانستیەکانی وەکوو پزیشکی،ئابووری و... بەو جۆرە نین.

پێش کەوتنی لایەنی ئەدەبی زمان و ئەدەبیاتی کوردی نسبەت بە دیتر بوارەکان، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکار کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەین: ئەدەبیاتی کوردی لە ناو خەڵکی کوردزمانا هەر لە مێژەوە جێگایەکی تایبەت و گرنگی بووە، گەرچی لە چاو هەندێک لەزمانەکانی کە، ماوەیەکی زۆر نیە ئاسەوارەکان دەنوسرێنەوە. بەڵام ئەدەبی کوردی بە تایبەت لە بواری شێعر و هەڵبەست دا زۆر دەوڵەمەندە. شێعر و هەڵبەست وچیرۆک بە شێوەی فۆلکلۆر سینگ بە سینگ و نەوە بە نەوە گەیشتۆتە دەس داهاتوان و بەم شێوەیە تا ڕادەیەکی زۆر ئەم بەشانە لە ئەدەبیاتی کوردی ماونەتەوە.

لەدوای دامەزرانی خەت و ڕێنووسی زمانی کوردی زۆربەی نووسراوەکان ئەدەبی بوون. شایەد یەکێ لە هۆکارەکانی زیاتر نووسین و گەشە پێدانی ئەدەبیات ئەوەبێ کە لە نێو خەڵکا بووە و بەری نەگیراوە.

لە دوای ئەوەش کە بارودۆخی گونجاو بۆ پێش کەوتنی هەموو بابەتەکانی زمانی کوردی بە هۆی دەسەڵاتی سیاسی و ئاگاداری خەڵک و ... وەدی هات دیسان بوواری ئەدەبی سەرنجی زۆربەی چالاکانی زمان ناس و نووسەرانی بە خۆی ڕاکێشاوە. بۆ دەرخستنی ڕاستی ئەم قسەیەش دەتوانین ئاماژە بکەینە سەر ئەو کۆبوونەوانەی لە کوردستان و وڵاتەکانی ترەوە کە سەبارەت بە زمان و ئەدەبی کوردی بەڕێوە چوون، یا زۆر بوونی ژمارەی ئەو ئاسەوارە ئەدەبیانەی کە لە چاپ دراون وە یا ئیش کردنی زۆربەی مامۆستایانی زمان ناس لە بوواری ئەدەبیەوە. کە لێرەدا ناتوانین باسی هەموویان بکەین.

بۆچی بواری ئەدەبی زمانی کوردی زۆرتر بایەخی پێ دراوە؟

شایەد یەکێ لە هۆکارەکان ئەوە بێ کە ئەدەبیاتی کورد هی خۆیەتی واتە لە ناخی خۆی هەڵقوڵیوە. ئەدەبیاتی نووسراوەی کوردی توانیویەتی لە ماوەیەکی کەم دا خۆی لە جیهانا مەترەح بکا. ئەدەبیاتی کوردی شاعیران و نووسەرانێکی تیا هەڵکەوتووە کە ئاسەوارەکانیان بە چەند زمانی دیکە وەرگێڕاون و توانیویانە بچنە ئاستی جیهانیەوە.

بۆ وێنە شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵلا پەشێو، شێرزاد حەسەن و...

بەڵام لە بواری زانستی زمانی کوردی، بە قەد لایەنی ئەدەبی کار نەکراوە بە جورێک کە ئەگەر کەسێ بیهەوێ لەو بووارەدا ئیش بکات دەبێتە ڕچەشکێن.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە : کێ بەرپرسی ئەم حاڵەتەیە؟ مەسەلەن نەتوانین بە ئاسانی کتێبێکی پزیشکی بە زمانی کوردی بدۆزینەوە. کە وایە بەر پرسی دەس پێ کردن و درێژە پێ دان بەم کارە واتە پێشکەوتنی لایەنە زانستیەکانی کوردی کێیە؟




دیارە کەسێ کە بیهەوێ دەقێکی پسپۆڕی لە هەر بوارێکدا بنووسێ یەکەم دەبێ لەو بووارەدا پسپۆڕ بێ دووهەم دەبێ زمانی نووسینەکەی بە تەواوی بزانێ. بەس نابێ چاوەڕوان بین کەسێ کە فیزیکی خوێندووە کتێبێکی کۆمەڵناسی بنووسێ یا وەربگێڕێ. بەڵام ئەگەر هەر کەس لە ڕشتەی خۆیدا لە هەمان کاتدا بۆ زمانەکەی خۆی هەوڵ بدا هەم ئەو ڕشتەیە و هەم زمانەکەی پێکەوە پەرە دەسێنن یا لانی کەم زمانی زگماکی خۆی پێش دەکەوێ.

خوێندکاران و مامۆستایان وەکوو ئەندامانی زانستی کۆمەڵگا زۆر زیاتر لەم بارەیەوە بەرپرسن. جا ئێمەی خوێندکاریش کە دەورانی خوێندکاریمان هەلێکی گونجاوە بۆ فێربوون و موتالەعە، باش وایە هەر لە ئێستاوە بەچاوێکی دڵسۆزانە تماشای زمانی زگماکی خۆمان بکەین و تا ئەو جێیە لە توانامان دا هەیە هەوڵ دەین بۆ ڕاگرتن و پەرەسەندنی زمانی کوردی.

هەڵبەت چاوەڕوانی ئەوە لە خوێندکار ناکرێ کە دەقی عیلمی بە زمانی خۆی وەرگێڕێ. وەرگێڕان یا نووسینی دەقی عیلمی، هەر کام پێویستی بە ئاستی زانستی باڵا هەیە. بۆ وەرگێڕان و بەرهەم هێنانی زانست بە زمانی کوردی نابێ خۆوێژی بکەی و زمان بئاڵۆزێنی، بەڵکو دەبێ لە فەرهەنگستانی زمانی کوردی وشە و ڕستەی گونجاو بە جێی وشە بێگانەکان دانێی و لە بەر دەستی نووسەران و وەرگێڕان دا دابینی. دیارە لە بەینی خوێندکاراندا کەسانێ هەن کە دەیان هەوێ درێژە بە خوێندن بدەن ئەگەر لە پاڵ ئەوەش دا هەوڵ بدەن عیلمەکەیان بە زمانی خۆیان بلێنەوە ئیشێکی گەورەیان بۆ گەل و زمانەکەی خۆیان کردووە. ئەم کارە هەم خزمەت بە زمانی زگماکە هەم بەو هاوزمانانەی کە تەنیا دەتوانن بە زمانەکەی خۆیان وت و وێژ بکەن و بنووسن و بخوێننەوە. وە هەروەها هەنگاوێکی گەورەیە بۆ پێش کەوتن و بەربڵاوی زیاتری زمانی کوردی.

ئەفسەر تازەمەولوود . خویندکاری زانستگای کوردستان ، سنە

پێنوس

# لاوان و منداڵانی کورد لە دەرەوەی وڵات هەڕەشەی لە بیر چونەوەی زمانی زگماکییان لە سەرە!



نووسینی: ئەیوب ڕەحمانی

بێجگە لە کوردستانیانی هەرێمی باشور کە توانیویانە لە ڕابردودا لە خوێندنگاکان بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن، هیچکام لە کوردستانیانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان نەیانتوانیوە یا خۆ بۆیان نەبوە کە بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن و ئەمەش زەربەیێکی کاریگەر بوە لە ڕابوردودا بۆ لە ناو چون و گەشە نەسەندنی زمانی کوردی بە هەمو دیالێکتەکانیەوە و گەشە نەسەندنی فەرهەنگ و کولتور و ئەدەبییاتیی کوردی بەو شێوەی کە شیاوی پێشکەوتن و گەشە سەندن بێت. لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر چی بۆ ماوەیێک لە کاتی دەسەلاتداریتیی رەزا خانی پەهلەوی نە تەنیا قسە کردن و نوسین و خویندن بە کوردی مەمنوع کرابو بەڵکو لە بەر کردنی جل و بەرگی کوردیش مەمنوع کراوە و دەگێڕنەوە کە کوردەکان پێیان عەیب بوە شەڕواڵ لە پێ کەن، بۆیە دەچون ٢ زیبی درێژیان لەم لاو و لەولای قاچی پانتۆلە کوردیەکەیان هەڵدەدوریی و لە کاتی دیتنی ئاژدانێکی شارەبانی یا خۆ ژاندارمری، زیبەکەیان هەل دەکێشا و پانتۆڵەکەیان وەک شەڕواڵ لێ دەکرد و پاش ون بونی ئاژدانەکان زیبەکەیان دەکردەوە و دەیانکردەوە بە پانتۆڵی کوردی! بەلام دوای نەمانی ڕەزا خان و کاتی مەحەمەد شای کوڕیی گۆیا هێندێک ئاسانکاری بۆ کوردەکان کراوە و جل و بەرگی کوردی و قسە کردنیش ئازاد کراوە بەڵام خوێندن و نوسین هەر مەمنوع بوە و کە تا ئێستاش هەر بەردەوامە. ئەڵبەت لە کاتی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی و سەرۆک کۆمارییی خاتەمیدا بڕیارێک درا کە کوردەکان دەتوانن لە زانستگاکان کوردی بخوێنن، بەڵام نازانم ئایا ئەم بڕیارە جێ بە جێ کرا یا خۆ ئەویش هەر لە وەعدە پڕ و پوچەکانی ئەو کابرایە بو بۆ هەڵخەڵەتاندنی کوردەکان. دیارە ئەمەش لە یاد نەکەین کە لە کاتیی کۆماری کوردستاندا بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد هەمو شتێک لەو هەرێمە بە زمانی کوردی دەکرا و لەم ماوە کورتەدا دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار و پەرتوک و وەرگێرانی کوردی سەریان هەڵدا. هەروەها دوای شۆڕشی کۆمەڵایەتیی نەتەوەکانی ناو ئیران لە ساڵیی ٧٩ی زاییینیدا و ڕوخانی محەمەد شا کاتێک کە شارە کوردیەکان لە دەست پێشمەرگەدا بون، لەم ماوە کورتەشدا زمانی کوردی توانی هێندێک پێشکەوتن لە باری ڕۆژنامە و گۆڤار و سرود و گۆرانی بە خۆیەوە ببینێت کە دواتر بە دوای پاشەکشەی پێشمەرگە لە شارە کوردیەکان، ئەمەش نەما و هەمو شتێک گەرایەوە سەر جاری جارن و وەک کاتی محەمەد شای پەهلەوی لێهاتەوە!

لە هەرێمی باکور و ڕۆژئاوای کوردستان لە ژێر دەسەڵاتدارێتی دوو حکومەتی فاشیستی تورکیە و سوریە، زمانی زگماکی کوردەکان و جل و بەرگ و دەتونم بڵێم تەقریبەن هەر هەمو مافێک کە مرۆڤی کورد دەبو ببیێت بە تەواوی لییان زەوت کرابون و تا ئەم دەیەی ئاخر کە پارتی کرێکارانی کوردستان توانیی تلویزیۆنێک دابمەزرێنێت، کوردەکانی ئەو دوو هەریمە بە تایبەت منداڵانیان و لاوانیان کوردیان هەر نە دەزانی و هەر منداڵێک لە قوتابخانە یا خویندنگا وشەی کوردی بەکار بهێنایە، یەکسەر یەخەی بنەماڵەکەیان دەگرت و ڕاپێچی گرتوخانەیان دەکردن، بۆیە بنەماڵەکانیش هەوڵییان دەدا لە ماڵەوە تورکی یا عەرەبی بدوێن بۆ ئەوەی کە لە ڕێگای منداڵەکانیانەوە توشی ئەم گێچەڵە فاشیستیەی داگیرکەرانیی کوردستان نەبنەوە!

ئەمە زۆر بە کورتی پێشینەیێکە بۆ ئەوەی بزانین کە ئێمەی کورد چەندە لە لایەن داگیرکەرانەوە توشی هەمو جۆرە جێنۆسایدێک و لە وانەش جینۆسایدی نەتەوەیی، زمانی، کولتوری و هتد بوین و من لە ڕابردودا لە زنجیرە نوسراوەیێکدا ئەمەم ناو لی نابو ئاپارتاید و پێشم وابێت کە ئەو ناوە پڕ بە پێستی هەمو داگیر کەرانی کوردستانە، ئەوانە بە بی جیاوازی هەر هەموویانی ڕژێمی فاشیستی و ئاپارتایدین و گەلی کوردستانیش پێویستە کە لە دەست ئەم ڕژێمە کۆنەپەرەستانە بۆ هەمیشە ڕزگاری بێت و بە مافی ئینسانی و بێ ئەم لاو ئەو لای خۆی کە سەربەخۆییە بگات!

ئەگەر لاوان و منداڵانی کورد لە ڕۆژهەڵات و باکور و ڕۆژئاوای کوردستان مافی خوێندن و نوسینیان بە زمانی زگماکی نیە، بەلام لە ناو کۆمەڵگادا، لە خویندنگاکان، لە مەکتەبە و قوتابخانەکان، لە ناو بازار و هتد کەم تا زۆر بە کوردی پیکەوە دەدوێن و دەتوانن قسە کردن بە کوردی بە جوانی فێر ببن، ئەگەر چی ئەمەش وەک لە سەرەوە باسم کرد ئاپارتاید بونی دەسەڵاتدارانی کوردستان بە باشی دەسەلمێنێت و ڕەگەز کوژییە و بە هیچ کلۆجێک تەواو و کەفاف نیە، بەڵام لە هیچ باشترە. ئەوەی کە زۆر جێگای نیگەرانیە منداڵان و لاوانی کوردستانن کە لە دەرەوەی وڵات دەژین. ئەم لاو و منداڵانە ئەگەر چی هێندێکیان و نەک زۆربەیان لە ماڵەوە بە کوردی قسەیان لەگەل دەکرێت و دایک و باوکەکانیان بە هەست بە مەسئولیەتەوە هەول دەدەن منداڵەکانیان فێری کوردی بکەن، بەلام لە هێندێک لە بنەماڵەکاندا ئەم هەستە کەمترە یا نیە، دایک و باوکان هەر بە زمانی ئەو وڵاتەی کە تییدا دەژین لە گەڵ منداڵەکانیان ئەدوێن و ئەو منداڵە کوردانە هێندێک لە باری زمانیی زگماکی خۆیانەوە دوادەکەون. دیارە لە ناو هێندێک لە بنەماڵەکانیش دایک و باوک لە دوو نەتەوەی جیاوازن، بەلام ئەگەر ئەمانیش هەر دووکیان هەست بە مەسئولیەت بکەن، دەتوانن هەر دوک زمانەکە فیری منداڵەکە بکەن. لە هێندێک لە وڵاتان و لەوانە وڵاتی سۆئێد خوێندنی زمانی زگماکی بۆ بێگانەکان ئەهمیەتی پێ دەدریت، بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی جیهان ئەمە نیە و دایک و باوکەکان پیویستە کە خۆیان هەوڵ بدەن منداڵەکانیان فێری زمانی زگماکی بکەن و ئەگەر توانایان هەیە ڕۆژانە بە پیی توانا کاتی بۆ تەرخان بکەن و لەم بوارەدا یارمەتیی منداڵەکانیان بدەن یا خۆ هەول بدەن مامۆستایێکی زمانی کوردی بۆ منداڵەکانیان بە تاک یا بە کۆمەڵ پەیدا بکەن. لێکۆڵینەوە زانستیەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە هەر منداڵێک کە فێری زمانی زگماکیی خۆی نەبێت، بۆ فێر بونیی زمانەکانی دیکەش کێشەی دەبێت یا خۆ لە باریی فێر بونەوە وەک ئەو منداڵانە دەرناچێت کە زمانیی زگماکیی خۆیان دەزانن. هەروەها لە باریی زانستیەوە سەلمێندراوە کە منداڵان لە کاتێک دا کە لە سەرەتاکانیی ژیانیاندا بە سەر دەبەن دەتوان هاوکات چەند زمان فێر ببن و ئەگەر لەم بوارەشدا واتە فیر بونیی چەند زمان سەرکەوتوو بوون، ئەوا لە بواریی فێربوندا لە ڕەدەکانیی دیکەیی دەرسییدا لە هاورێکانیی خۆیان وەپێش دەکەون، بۆیە زۆر پێویستە کە منداڵان و لاوانی کوردیش فێری زمانیی زگماکیی خۆیان و ئەگەر بۆیان کرا هەر لە منداڵیەوە ٢-٣ زمان فێر ببن!!




یەکێک لەو ڕەوشتانەی کە من پێم وابیت لاوان بە باشی فێری زمان دەکات، مۆسیقا و گۆرانیە بە سەبکیی نوێ و ئەوەی کە لاوەکان حەزییان لییەتیی.

با پێش لەوەی کە ئەم باسە شیی بکەمەوە، ڕونکردنەوەیێک بدەم و ئەویش ئەوەیە کە ئەمەی من باسیی دەکەم بەو مانایە نیە کە ئیمە ئیتر گۆرانیی و مۆسیقا فۆلکلۆریی و کلاسیکەکان لە بیر خۆمان بەرینەوە و بەس بە تەنییا وەدوا سەبکیی نوێی گۆرانیی و مۆسیقا بکەوین، بەڵکو بە پێچەوانە زۆر پێویستە کە فولکلۆر بە باشی بپارێزرێت و ڕێز و حورمەتیی خۆی هەبێت و گەشە بستێنێت!

بەڵام بۆ لاوان و تازە پێگەیشتوان، بە تایبەت ئەوانەی وا لە دەرەوەی ولات ئەژین و زۆر لاو و منداڵیش ڕەنگە هەر کوردستانییان نەدیبێت و لە دورەوە ناویی کوردستانیان بیستبێت، ئەمانە بە زۆری حەزییان لە مۆسیقای نوێی ڕۆژئاوایی و تێکنۆ و هیپ پۆپ و ئەمانەیە. ئەم لاو و منداڵانە حەزیان لە مۆسیقای توند و خێرای دیسکۆیە، تا ئەوەی کە لە ماڵەوە دانیشن و گوێ لە سرود و گۆرانیەکانی دەورانی شۆڕشی دایک و باوکانیان بگرن. ڕەنگە ئەو ئاوازە کۆنانە کە ئێمە و مانان حەزمان لییانە و دەیان بیرەوەریمان لێیان هەیە بۆ ئەوان هیچ مانا و مەفهومێکی نەبێت. خۆ دیارە ئەگەر بتوانرێت تێیان بگەیێنرێت و قەناعەتییان پێ بهێنرێت کە ئەوانیش گوێ لەم فولکلۆرانە بگرن و تێیان بگەن هیچ زەرەریکی نەبێت و بگرە بە قازانجیش بێت، بەلام ئەی ئەگەر نەیان ویست؟ خۆ بە زۆر ناکرێت!

بۆیە زۆر پیویستە کە هونەرمەندانی کورد، شاعیران، گۆرانیی بێژان، مۆسیقا زانان لە هەوڵی ئەوەدا بن کە لە پاڵ پەرەپێدان بە مۆسیقای فولکلۆر و کلاسیک، مۆسیقای کوردیی توندی دیسکۆش بەرهەم بینن، بۆ ئەوەی کە ئەم لاوانە لەو ڕێگایەوە بتوانن لە گەڵ ڕەقس و سەمای غەیرە هەڵپەرکێ زمانەکەی خۆشیان فێر ببن و دیارە لەم ڕێگایەوە دەتوانن زمانیی زگماکی خۆیان بە خەڵکانی دیکەی غەیرە کوردیش بناسێنن. زۆربەی ولاتانیی جیهان بە زمانیی خۆیان مۆسیقایی دیسکۆیان هەیە. کاتێک دەچیتە ناو دیسکۆی ئێرانیەکان، ئەگەر چیی نەک زۆر، بەلام مۆسیقایی توندییان هەیە. ئەڵبەت کوردیشمۆسیقای هەڵپەرکێی توندی زۆری هەیە، بەلام هەمو کاس ناتوانێت پێیان هەڵپەرێت، بۆیە مەسەلەی گلۆبالیزم مۆسیقاش دەگریتەوە و کوردەکانیش پێویستە کە لەم بوارەدا ئەوەندەی تر وەدوا نەکەون. ڕوسەکان، یوگۆسلاڤەکان، ئاڵمانەکان، تورکەکان، ئینگلیسیەکان، لەهیستانیەکان، چێکەکان، ڕۆمانیەکان و بە کورتیی هەر هەمو نەتەوەیێک مۆسیقای خێرای هەیە و لە دیسکۆکانیی خۆیان دای دەنێن و لاوەکانیشیان لە ناو دیسکۆکاندا یا خۆ بە کڕینی CD و بە وتنەوەی چەند بارە و سەدبارەی ئەو گۆرانیانە و بە لە بەر کردنیان بە باشی فێری زمانیی زگماکیی خۆیان دەبن و وەک لاوی کورد لەم بارەوە توشی کەلێن نابن.

هەر وەک لە سەرەوەتر باسم کرد، لاوانیی کورد لە دەرەوەی ولات بەس لە ماڵەوە و لە گەڵ کەس و کارییان بە کوردی دەدوێن، تەواوی ڕۆژ لە دەرەوە بە زمانیی ولاتیی خانەخوێ ئەدوێن و ئەگەر مۆسیقای کوردی، ئەوەی کە حەزیان لێیەتیی فریایان نەکەوێت، زمانی زگماکیی خۆیان فێر نابن و یا کێشەی گەورەیان لە گەڵیدا دەبێت. من ناڵێم کە بەس بە مۆسیقای سەریع هەمو کێشەی زمانەوانییان تەواو دەبێت، نا، بەڵام زۆریان یارمەتیی دەدات و دەشتوانن بە خۆیان و زمانەکەیان بنازن!!

گیارەنگ

١٥ی ڕەزبەری ٢٧٠٨

## زمانی زگماکی یان زمانی دایک؟




مستەفا شێخە


(بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی)

زمانی زگماکی یان زمانی دایک ئەو زمانەیە کە مرۆڤ لە کاتی لەدایکبوونی یان بەرلە لەدایک بوونیشی قسەی پێ دەکات. ئاخر هێندێک لە زانایان لەڕادە بەدەر قایشی لێدەکێشن و دەڵێن منداڵبەرلەوەی لەدایک بیت، کاریگەریی زمانی دایکی لەسەرە. منی نەخوێندەواری کۆڵەوار جاری وایە دەکەومە سەردوورێیانو سێ ڕێیان و چوارڕێیانی وا، کە سەرم لێ دەشێوێت و نازانم کامیان راستەڕێیە و کامیان بنبەستە و دەترسم لە یەکێک لە بنبەستەکاندا، بەسەر قاقای فشەکەرانی بنەبانی بنبەستەکەدا بکەوم.

ئەگەر خۆتان لە پایتەختە نازدارەکەی خۆمان دەژین، چاوێک لەو تابلۆیانە بکەن کە ناوی سێ ڕێیان یان چوار ڕێیانەکانی شاری هەولێریان لێ نووسراوە. ئەگەر لە شوێنێکی دیکەی ئەم دونیا بێوەفایەشن، هەرنەبێ برادەرێک یان برادەری برادەرێکتان لە هەولێر هەیە. بێ سێودوو لێکردن تەلەفۆنێکی بۆ بکەن، بپرسن ئەگەر تەلەفۆنەکە بێئاکام بوو، دەست بدەنە کوتە خەڵوزێک و لەجیاتی رووی بەندەی ... ، رووی ئەم نووسراوەیە ڕەش بکەنەوە. ئەگەر زەحمەتی ئەلۆئەلۆکە ناکێشن و ئەو خوێنەرانەی لە هەولێریشن وەک من سەر فەیسبووکیان پێ لەسەر شەقامەکان خۆشترە، با هەر لێرە بۆتانی بگێرمەوە.

یەکەمجار کە سەیری یەکەم تابلۆی سەر یەکێک لە سێ ڕێیانەکانم کرد، دیتم جیاتی سێ ڕێیان، نووسراوە "سێ ڕیان". هەستم بەوەکرد لەم نزیکانە سێ کەس خەریکی ریتنن، بەلام کە سەیری زەمان یان کاتی فرمانی "ڕیان"م کرد کە لە چاوگی "ڕین" بە مانای پیسایی کردن وەرگیراوە، زانیم رابردووە و ئەوانەی ڕیاون، ڕەنگە بۆ خۆشوشتنەوە روویان کردبێتە نزیکترین ئاودەستی ئەم ناوە. کاتێک سەرنجم دایە دەندەڵەی سنگی تابلۆی سەر سێڕیان و چوارڕیانەکانی دیکە، ئەوانیش بە فرمان یان فێعلی رابردوو نووسرابوون و ئەوانەی هەوڵی پیسکردنی ژینگەیان دابوو، لەوێ نەمابوون.

هەر ئەم هەولێرەی خۆمان، بەزمی لەوە خۆشتریشی تێدایە. لەبەر دەرگای هێندێک لە چێشتفرۆش وچێشتخانەی ئەم شارە، نەفەرێکی هەیکەلی راوەستاوە و وێڕای پێداهەڵگوتن بەو چێشتانەی وەک "مریشک" و" برنج و مەرەگە" و "تەشریب" و" قۆزی"، فەرموو لە ڕێبوارانی سەر شوستەکان بۆ ناو "مطعم"ەکان دەکات و تۆی ڕێبواریش دەفەرمووی یان نافەرمووی، کەیفی خۆتە، بەلام لە هەردوو حاڵەتدا ئەگەر سکت تێر نەبێت تەشریفی لیکاوی مبارەکت ناچارت دەکات قووتی بدەیەوە. دوای قووتدانی لیکاوەکە سەیری جامخانەی ئەو دووکانانە بکە، ئەوانیش وشەی "قۆزی"یان بێ حەوتەکە لەسەریان نووسراوە کە پێم‌وایە تا ئێستا کەس ئەم جۆرە "قۆزیە"ی بە کوڵاوی و بە برژاوی نەدیتووە و کەسیش حەز ناکات ببیینێت.

داوای لێبووردن لە خوێنەری خۆشەویست دەکەم و هیوادارم ئەوە وا لێک نەدەنەوە کە من لەخۆڕا لە بابەتی زمان لامداوە و زیاتر تاوان لە درێژ دادڕیەکەمە. بە داوای لێبووردنەوە، دەگەڕێمەوە سەر زمانەکە. وەک لەسەرەوە باسم کرد، من تووشی بنبەست هاتووم، نازانم نە زمانی دایکە و نە زمانی زگماکی و ناشزانم منداڵ بەر لەدایک بوون هەست بە زمانی دایک یان زگماکی دەکات یان نا. زیاتر لەم بزبەستە دا بیر لە "دایک" دەکەمەوە و دیارە "دایکی بێ باوک وەک قەبرستانی بێکێلە و دوای ماوەیەک ئاسەواری نامێنێت."

بە پێی ئەم تیۆرە کە لەمەو دوا خاوەنی هەر بۆخۆمم و دەبێ بە ناوی خۆم لە کتێبی"گینس"دا تۆمار بکرێت، لە تێکەڵ و پێکەڵ بوونی زمانی زگماکیدا باوک تاوانبارە، نەک دایک، جارێکی دیکە تیۆرەکە دەڵێمەوە: "دایکی بێ باوک واتە بێ هاوسەر، وەک قەبری بێکێلە و دوای ماوەیەک ئاسەواریشی نامێنێت."

بۆ پڕاکتیزەکردنی تیۆرەکەم، پیاوێک دەکەمە نموونە کە بە ئاشکرا سێ هاوسەری مێینەی هەیە(بۆیە گوتم "مێینە"، وردە ترسێکم لە نفووزی کەلتووری ڕۆژئاوا هەیە). ڕەنگە وا هەڵبکەوێت، ئەو سێ خانمە سەر بە سێ نەتەوەی جیاواز بن. دیسان بۆ پڕاکتیزە کردنی تیۆرەکەمان هیچ شوێنێک لەم هەولێرەی خۆمان بە باشتر نازانم. شوکر بۆخوا هەردێت ماشێنی مۆدێل نوێ زۆر دەبێت و باڵەخانەی بەرز سەربەرز دەکەنەوە و جۆرەکانی پاساژ و مۆڵیش بە پێی فیلانە. لە باکووری شار، سۆفی مۆڵ خەریکی تەسبیحاتی دینار و دۆلارە و لە باشووری شاریش، نازەمۆڵ ناز بەسەر "گەلا" و "وەرەقەدا" دەکات. جا لە وەها شارێکدا بۆ دەبێ پیاوی وامان نەبێت، سنوورە جۆراوجۆرەکان ببرێت و ژنێک لە تاران و یەک لە بەغدا و یەکیش لە ئەنکەرە نەهێنێت و بە جانتای پڕ لە دینار و دۆلارەوە لە مۆڵەکەی باشووری شار نازیان بەڕووی خەڵکدا

نەدات و لە مۆڵەکەی باکووریش بە گژ سۆفیان دانەکات.

ئەوکات ئەگەر ئەم سێ "خانم" و " ست" و "بایان"نانە هەریەکەو چەند منداڵێکیان ببێت، تیۆرەکەم سەری لێدەشێوێت کە ئاخۆ ئەم منداڵانە بە زمانی دایکیان قسە دەکەن یان هی باوکیان. زمانی زگماکی هی باوکە یان هی دایک؟

پەندێکی کۆنی کوردی دەڵێت مامان براز بزر کرد و خاڵان خوارزا مەزن کرد. من زیاتر سەرم لەم پەندەی دیکە سوڕماوە کە دەڵێت: پیاو ئەگەر ناچار بوو بە حەریفی دایکی دەڵێت خاڵە.

وەی خاڵە گیان

## زمانی زگماکی، شوناسی نەتەوەیی




وریا رەحمانی

رۆژی ٢١ی فێورییە ڕێکەوتی ٢ی رەشەمەی هەموو ساڵێک لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە وەک رۆژی زمانی زگماکی (زمانی دایک) ناودێر کراوە و ڕێزی لێ دەگیرێ. هۆی ناودێرکردنی ئەو رۆژەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کارەساتە دڵتەزێنەی کە لە ٢١ی فێورییەی ساڵی ١٩٥٢ی زایینی لە وڵاتی بەنگلادێش کە ئەوکات بە پاکستانی رۆژهەڵات دەناسرا رووی دا و لە ئاکامی ڕاپەڕینێکی خوێندکاری لە زانکۆکانی ئەو وڵاتە کە بۆ ناساندنی زمانی بەنگالی وەک زمانی رەسمیی وڵات پێک هاتبوو، لەگەڵ هێرشی توندی هێزە ئەمنییەتییەکان دا رووبەڕوو بوونەوە، و ٥ کەس لەو خوێندکارە ئازادیخوازو وەتەن پەرستانە گیانیان لە دەست دا. هەر بۆیەش ڕێکخراوی یونسکۆ لەسەر داوای وڵاتی بەنگلادێش و بە نیشانەی ڕێزدانان بۆ یادی پیرۆزی ئەو خوێندکارە شەهیدانە رۆژی ٢١ی فێورییەی وەک رۆژی جیهانی زمانی زگماکی لە هەموو دنیادا ناساند.

ئەگەر نەڵێین گرینگترین، بە دڵنیاییەوە یەکێک لە هەرە تایبەتمەندییە گرینگەکانی شوناسی هەر نەتەوەیەکی زیندوو، زمانەکەیەتی. زمانێک کە لە سەرەتای لەدایکبوونی هەر مرۆڤێکەوە فرچکی ژیانی پێوە دەگرێ و لەم کاناڵەوە لەگەڵ دنیای دەوروبەری خۆی پێوەندییەکی واتابەخشانە پێک دێنێ و بەو لێک تێگەیشتنەی کە پێویستیی گەشەی هەر تاکێکە لەنێو کۆمەڵگەدا دەگات.

زمان، وەک نوێنگەی شوناسی مرۆڤ و بەستێنی پێوەندیی مرۆڤایەتی، رەنگدانەوەی فەرهەنگی ئەو خەڵکەیە، کە قسەی پێ دەکەن. لەو راستایەدا دەورو کاریگەریی زمانی زگماکی (زمانی دایک) وەک پێویستی و نیازێکی حاشاهەڵنەگرانە و بەردەوام، شوێنی تایبەتیی خۆی هەیە و هەرچی زیاتر خۆی دەنوێنێ. کەچی هێندێک جار دەسەڵاتدارانی وڵاتانێکی سەرکوتکەری وەک ئێران بە درێژایی مێژوو بە هۆی کۆمەڵێک فاکتۆری سیاسیی تایبەتەوە، رێ لە گەشە و ئەزموونی زمانە جیاوازەکانی نێو چوارچێوەی سنوورەکانی ژێر دەسەڵاتداریتیی خۆیاندا دەگرن و هەوڵێکی بەرین و ماندوو نەناسانەیان بۆ ئیستحالە و تواندنەوەی فەرهەنگ و شوناسی نەتەوە جۆراوجۆرەکان، لەرێی پێشگیری کردن لە گەشەی فەرهەنگ و زمانی نەتەوەیی و ڕێگەنەدان بە پەروەردەی جیاواز وەگەڕ خستووە و لەکاری دەکەن.




ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە مادەی ١٥ی یاسای گشتیی ئێراندا راشکاوانە باس لە خوێندن و نووسینی هەموو نەتەوە جیاوازەکان بە زمانی خۆیان هاوکات لەگەڵ زمانی فارسی وەک زمانی رەسمیی وڵات کراوە و بە واتای مافێکی سەلمێنراو لەبەر چاو گیراوە. بەڵام ئەوە تەنیا لە چوارچێوەی بڕیارێکی گشتی داماوەتەوە و هەرگیز هەوڵێکی جیددیی بۆ بەکردەوەکرانی نەدراوە.

لێکۆڵینەوە زانستییەکان نیشانیان داوە ئەو مرۆڤ و نەتەوانەی کە ئیمکانی پەروەردەبوونیان بە زمانی زگماکی خۆیان هەیە ئەگەری پێگەیشتن و گەشەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و سیاسییان لە رەوتی بەرەوپێشی تاکەکەسی و نەتەوەیی و جیهانی دا زیاتر دەبێ. ڕێکخراوی یونسکۆ لە راگەیێندراوێکی خۆی دا دەڵێ: پێویستە هەمووان هەوڵی جیددی بدەین بۆوەی هەموو زمانە جیاوازەکانی دنیا ئیمکانی ژیانیان هەبێ و بمێننەوە. چون ئەوە بە لەبەرچاو گرتنی دەوری زمان لە پێکهاتەی شوناسی تاک و نەتەوەکان دا جوانی و گەشەیەکی بەرفراوانتر بە فەرهەنگی گشتیی جیهانی دەبەخشێ. «یوهان ئاموس کۆمێنیوس» کە بە باوکی پەروەردەی نوێ لە جیهان دا ناسراوە پێی وایە پێویستە مرۆڤ هەر لە سەرەتای منداڵییەوە لەگەڵ چەمک و پێناسەی دیاردەکان ئاشنا بکرێ. واتە فێری مانا و ماهییەتی

راستەوخۆی دیاردە و شتەکان بکرێ و لەو راستایەشدا بەردەوام لەسەر پێویستی و نیازی کەڵک وەرگرتن لە زمانی زگماکی پێداگریی کردووە. «ئاموس کۆمێنیوس» دەڵێ: دەبێ سیستمی پەروەردە تا تەمەنی ١٢ ساڵێ تەنیا لە رێێ زمانی زگماکییەوە بێ و ئینجا لەدوای ئەو تەمەنەوەیە، کە پەروەردە بوون بە زمانی جیاواز لە زمانی ئەسڵێ دەتوانێ کاریگەریی باش و ئەرێنی هەبێ.

بە نیسبەت وڵاتی ئێرانەوە پرۆژەی نەتەوەسازی کە لە پێش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ەوە دەستی پێکردبوو و لە پاش شۆڕشیشەوە لەرێی یەکسانسازیی دینی و نەتەوەییەوە برەوی زیاتری پێ دەدرا، هەموو زمانە جۆراوجۆرەکانی نێو پێکهاتەی گشتیی ئێرانی نادیدە گرت و تەنیا زمانی فارسیی وەک زمانی رەسمیی ناساند. وەها رویکردێکی نەگونجاو و نادرووست زیانێکی زۆری بە بنەما فەرهەنگییەکانی گەلانی ئێران بە گشتی گەیاند و پێشی بەوە گرت کە لە ئاستی جیهانی دا پێگەی شیاوی خۆی بەدەست بێنێ و لە بەستێنێکی بەرین و بەربڵاوانەتردا بدرەوشێتەوە.

«کوشێرۆ ماتسۆرا» سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی یونسکۆ، لە تویێ راگەیێندراوێک دا کە بە بۆنەی رۆژی جیهانیی زمانی زگماکییەوە دەریکردووە دەڵێ: بە پێی ئەزموونەکان، زمان وەک هۆکاری سەرەکیی شوناسە تاکەکەسی و نەتەوەییەکان، بەستێنی بەرینی دەستەبەربوونی ئامانجە پەروەردەییەکان لە راستای گەشەی هەرچی زیاتری کۆمەڵگەکان دایە و ڕێکخراوی یونسکۆ لە راستای پێناسەی چراوچێوەکانی کارکردی زمانی زگماکی دا ئاماژە بەوە دەکا کە »فەرهەنگێکی ئاشتی خوازانە، تەنیا لە فەزایەک دا دەتوانێ درووست بێ کە تێیدا هەمووان مافی ئەوەیان هەبێ بە شێوەیەکی هەمە چەشن و ئازادانە لە هەموو بوارەکانی ژیان دا زمانی دایکیی خۆیان بەکار بێنن و کەڵکی لێ وەرگرن.

لە دنیای سەردەم دا ئیتر ژمارەیەکی بەرچاوی کاربەدەستان و هەڵسوڕاوانی ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی هاتوونەتە سەر ئەم باوەڕەی کە زمان لە ناوەندی هەموو رەهەندە جۆاوجۆرەکانی ژیانی

کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی دایە و چیتر نکۆڵی لە بایەخە کردارییەکانی ناکرێ هەر بۆیەش پێویستە حکوومەتەکان ڕێوشوێنێکی وا ڕەچاو بکەن کە لە چوارچێوەی سیستمە پەروەردەییە ڕەسمی و غەیرە ڕەسمییەکانیان دا پێکەوەژیانێکی گونجاو بۆ هەموو زمانە جیاوازەکانی نێو وڵاتەکانیان دەستەبەر بکەن. لەڕاستیدا ئەگەرچی جاران دروشم و داخوازیی زمانی زگماکی تەنیا وەک گوتاری بەشێک لە خەلک و ڕووناکبیران وابوو، کەچی بە ئەرخەیانییەوە ئێستا وەها بە شێوەیەکی بەربڵاو و هەمەلایەنە ریشەی قورسی داکوتاوە کە تەنانەت لە نێو کۆمەڵانی خەڵکیش دا وەک گوتار و داخوازییەکی گشتی و مافێکی ڕەوای ئینسانی و نەتەوەیی لێ هاتووە و ڕۆژبەرۆژیش بەرجەستەتر دەبێتەوە. وێدەچی ئیتر لە سەردەمی بەجیهانیبوون و وێڕای ئەو گەشە بێ سنوورەی ڕاگەیاندن و زانیارییەکان لە ئاستی نێونەتەوەیی دا، چیدیکە حکوومەتە سەرکوتکەرەکانی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران نەتوانن تاک و کۆمەڵی کوردەواری لە دەست پێڕاگەیشتن بە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک یەکێک لە سەرەکیترین ماف و داخوازییە ڕەوا و نەتەوەییەکانیان دوور بخەنەوە و پێشی پێ بگرن. هەر بۆیەش پێویستە کە هەمووهان هەردەم بە یەکەوە لە خەباتێکی بەرین و چالاکانەی بەردەوام دابین بۆ دەستەبەرکردن و گەیشتن بە ماف و ئامانجە ڕەوا و مرۆڤانەکەمان و یەک لەوان خوێندن بە زمانی زگماکیمان واتە زمانی شیرینی کوردی و گونجاندنی ئەو زمانە لە توێی سیستمی پەروەردەیی، لە قوتابخانەکانی وڵاتدا. بەڵام نابێ تا ئەو کاتەش هەرگیز دەستەوەستان ڕاوەستین و پێویستە کە هەر کامێکمان لە نێو بنەماڵە و خێزانەکەی خۆمان دا، ماڵەوەمان وەک قوتابخانەیەکی فێرکاری زمانی کوردی بۆ منداڵەکانمان لێ بکەین و بە هەموو جۆرێک و لە هەر لایەکەوە هەوڵی جیدی بدەین بۆ فێرکردنی نەوەکانی داهاتوومان بە فەرهەنگ و زمانی ڕەسەنی کوردی، کە خۆی هەنگاوێکی یەکجار گرینگ و پێشڕەوانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە یەکجارەکییەکان و ڕزگاری نەتەوەییمان.

کوردستان و کورد

٢٠١١ / ٣ / ٧

## باسێک لە سە رزمانی زگماکی



بە بۆنەی ٢ی ڕەشەممەرۆژی جیهانی زمانی زگماکی

نووسین: ڕەزا ئەمینی

نگارش در تاریخ توسط چاوەڕوانباسێک لە سەر زمانی زگماکی

بەشی یەکەم: گرینگی زمان بۆ مرۆڤ و پێشکەوتنەکانی

بەشی دووهەم: ئێران وڵاتی فرە نەتەوەیی یەک زمانو یەک نەتەوەیە

بەشی سێهەم: کوردوکێشەی زمانی دایکی

بەشی یەکەم:

### گرینگی زمان بۆ مرۆڤ و پێشکەوتنەکانی

زمان بڕبڕەی پشتی نەتەوەکانە. "ئۆرگانیسکی" بۆ پێناسەکردنی نەتەوە، زمان بە کۆڵەکەی هەر ناسیۆنێک دێنێتە ئەژمار.

وەک دەڵێن : لە ناو چوونی هەر زمانێک، بە واتای تێداچوونی بەشێک لە فەرهەنگی مرۆڤایەتییە.

خاتوو د:"سەدیقە عەدالەتی" مامۆستای زانکۆی هامبورک، لە وتارێک دا لە ژێر زمانی زگماکی چییەو خاوەن کام گرینگییە؟ دەڵێ:

"کاتێ بە زمانی زگماکی دەئاخەوین. لە ڕاستیدا لە نێوان دڵو هزرو زمانمان، پێوەندی چڕو پڕپێکدێ. چوونکە ئەم قسانە ساتەکانی ژیان و ئەزموونەکانی ڕابردوومان بیر دەخەنەوەو لە هزرو دەروونماندا چەکەرە دەکەن.بە هەر وشەیەک هەستمان دەردەبڕین. کەیف خۆشو تەمبار دەبینو چاوەڕوان دەمێنین . بە زیندوو بوونەوەی ڕەستە گەلێک کە لە هزرماندا قەوارەیان گرتووە، شاراوەکانی دەروونمان گیانیان وەبەردادێ. لە ڕێگەی زمانەوە گشت هەستو ئەندیشەکانمان دەدرکێنو دەورو بەرمانی لێتێدەگەیەنین."

مافی زمانی زگماکی، یەکێ لەو چەمکانەیە، کە بە هۆی سیستمی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان لە نەتەوە بێ دەسەڵاتەکان زەوت کراوە. بکوژانی فەرهەنگ، زمانی زگماکیو ئەندیشەی گەلان بۆ هەرچی سانتریالیزەتر کردنەوەی دەسەڵات، لە بنەماڕا دەستیان داوەتە قۆرغکردنی کەلتوورە جیاوازەکانو بەردەوام، لە پرۆسێسی فەرهەنگی هێرشبەرانە دا لە هەوڵی ئاسمیلە کردنی نەتەوەکانی داکۆکیکاری مافی فەرهەنگی دا بوون. ئەم ڕەوشە نادادپەروەرانەیە بۆتە هۆی بەربەست ڕێکخستنو لە ناو چوونی جیباوازییە کەلتووریو ڕۆشنبیرییەکانو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تووشی خەساری قەرەبوو نەکراو کردوە.

لێکۆلینەوەی شارەزایانی ئەم بوارە پێمان دەڵێن: لە نیزیک بە (٧٠٠٠) زمانی دونیا، نیوەیان واتا پتر لە (٣٠٠٠) زمان لە گەڵ مەترسی مردن ڕووبەڕوون. چوونکە زۆرێک لەو زمانانە کەمتر لە (١٠٠٠٠٠)کەس تەنانەت بگرە کەمتر لە (١٠٠٠) کەس قسەیان پێدەکەن.

لە ئەتڵەسی زمانەکانی لە مەترسی مەرگدا یونیسکۆ ڕاگەیاندووە کە لە لاکۆناس هەڵکەوتوو لە وڵاتی پرۆ (٨) کەس بە زمانی چامیکۆرۆ قسە دەکەن" ناتالیا" ژنە بە ساڵاچووی ئەم هەرێمە لە هەڵبەستێکدا، بە هۆی لە ناو چوونی زمانەکەی هەستی ماتەمینی خۆی بەو شێوەیە دەردەبڕێ:

"ئەمن بە زمانی چامیکۆرۆ خەون دەبینم

بەڵام ناتوانم خەونەکانم بۆ کەس بدرکێنم

چوونکە ئیتر کەس نەماوە

کەسیک شک نابەم بە زمانی چامیکۆرۆ قسە بکا"

"کوئیچیرۆ ماتسورا" سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی یۆنیسکۆ دەڵێ:

" تا چەند بەرەی داهاتوو وێدەچێ لەو (٧٠٠٠) زمانە نیوەیان لە ناو بچن. کەمتر لە یەک لە چواری ئەم زمانانە لە شوێنە پەروەردەییەکان دەرسیان پێدەخوێندرێو لە ئینترنیتو ڕاکەیاندراوە گشتیەکاندا

کەڵکیان لێوەردەگیرێ. سەدان زمان هەن کە تەنیا لە سەر زمانی خەڵکەوەن‌و لە هیچ شوێنێکی پەروەردەو راهینان یا راگەیەنەرە گشتی‌و ئیلکترۆنیکیەکان کەڵکیان لێوەرناگیردرێ! ئەو هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٨ لە دەولەتەکانی جیهانی ویست لە سیستمی پەروەردەو بارهێنانی فەرمی‌و نافەرمی‌و کارو بارە ئیجراییەکانیان بەرنامە کەلێک بگونجێنن کە پێکەوە ژیانی بە ئاشتی گەلان مسۆگەر بکات‌و هەموو لە مافی یەکسان لەو بارەوە بەهرەمەند بن، تا مافی هاووڵاتیان دابین بکرێ"

بۆ چارە سەری ئەم ئاریشە نێونەتەوەییە ساڵی ١٩٩٩ی زایینی وڵاتی بنگلادش کە خەساری بەرچاوی بە هۆی نەبوونی مافی زگماکی دیبووو بە خوینداان لە سالی ١٩٧١دا توانی بە سەربەخۆیی بگاو زمانەکەی لە مەترسی مەرگ نەجات بدا پێشنیاری بە لقی فەرهەنگی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان واتە یۆنیسکۆ کرد کە رۆژی ٢ی ڕەشەمە(٢١فیوریە) بە رۆژی نێونەتەوەیی زمانی زگماکی دیاری بکرێ. لە درێژەی ئەم هەوڵانەدابوو کە ساڵی ٢٠٠٨ وەک ساڵی زمانی زگماکی لە لایەن یۆنیسکۆوە دیاری کراو هەر ئەو ڕێکخراوە بە ئامانجی پێکهێنانی کەشێکی شیاو بۆ هەموو زمانەکانی جیهان سیستمی پەروەردەو بارهێنانی فرە زمانی بە وڵاتانی فرە نەتەوەی دونیا پێشنیار کردو وڵاتانی ئامریکا، هیند، کانادا، سویس، نۆروێژ، هولەند بە زوویی بەرەو پیری پرۆژەکەوە چوون‌و گرینگیان بە پرسەکە دا.

بەم چەشنە پاراستنی زمانە هەریمیەکان، کەوتۆتە خانەی مافپەروەرانە. هەنووکە ئەو نەتەوانەی زمانیان لە مەترسی لە ناو چووندایە دەتوانن بۆ وەدەست خستنەوەی ئەم مافە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و ڕێکخراوی یۆنیسکۆ داکۆکیکارێتی . سکاڵا بە دژی پێشێلکەرانی مافە رەواکەیان بکەن‌و بە ر بە توانەوەی نەتەوەیی خۆیان بگرن.

لەو ولاتانەی لە دەسەڵاتی پلۆراڵ – دیمۆکراتیک بەهرەمەندن‌و نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە قەوارەی سیاسی فیدراڵ بە تەبایی ژیان دەکەن‌و تێلۆرانس‌و ویکهەڵکردن رەوشیانە. لە پەنا زمانی فەرمی وڵاتەکە زمانە ناوچەیەکان فەرمین‌و لە قوتابخانەکان‌و سیستمی پەروەردەی دەولەتدا بە تەواوی کەڵک لە زمانی زگماکی هەر ناوچەیەک وەردەگیردرێ. بڵاڤۆکو ڕۆژنامەو میدیاکان بە زمانی ناوچەی خۆیان‌و لە سەر بوودجەی گشتی وڵات بەرێوە دەچن‌و چەشنێک پلۆرالیزمی فەرهەنگی لە پراکتیک دا بەرێوە دەچێ .ئەوەش واتای کۆلکە زێرینەی کەلتووری و فەرهەنگی بەو وڵاتانە بەخشیوەو پێشکەوتنی بەرچاوی هەمەجۆریشی بۆ بە دیاری هێناون.

مافی خوێندن بە زمانی زگماکی لە وڵاتانی ئیسکاندیناوی بە تایبەتی نۆروێژو سوئێد بە تەواوی یاسایی کراوە و کەمترین رێژەی حەشیمەتی هەر نەتەوەیەک دەتوانن کەڵک لەو مافە مرۆڤتەوەرانەیە وەربگرن‌و دەسەڵاتیش وەک ناوەندێکی خزمەتگوزاری هاو وڵاتیان لە بەرێوە بردنی یاساکەدا هەر ئاسانکارێک وەرێدەخا.

به بۆنەی ٢ی رەشەمەرۆژی جیهانی زمانی زگماکی

بەشی دووهەم:

## ئێران وڵاتی فرە نەتەوەیی یەک زمان‌و یەک نەتەوەیە

وڵاتی ئێران خاوەن پێکهاتە گەلی نەتەوەیی، ئەتنیکی ، زمانی، کەلتووری‌و ئایینی رەنگاڵەیەو زۆرتر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست پێویستی بە گرینگیدانی پرسی چەشناو چەشنی زمانییە.

لە گەڵ ئەوەی دا نەتەوە گەلی توورک، کورد، بەلووچ، لۆر، عەرەب، فارس‌و کەمینە ئیتنیکییەکانی مەسیحی، ئاشۆری، ئەرمەنی‌و... پێکهاتەی نەتەوەیی – ئتنیکی ئێران پێکدێنن. دەسەڵاتە خۆسەپێنەکانی ئێران لە سەد ساڵی رابردوودا تەنیا زمانی فارسییان بە سەر نەتەوەکانی ئێران داسەپاندووەو بەشی هەرکام لە نەتەوە غەیرە فارسەکان لە بواری فەرهەنگێوە (٠) بووە.سیستمی دەسەڵاتدارەتی ناوەندگەرا کە لە سەرچاوەی لیخنی سیاسەتی شوینیزمی نەتەوەی باڵادەستی فارسەوەو لە پەراوێز خستنی نەتەوەکانی تر پاراو کراوە دەرەتانی هەڵدان‌و باڵاکردنی فەرهەنگە چەشناو چەشنەکانی ئێرانی بەربەست کردووە.




دیکتاتۆرەکانی ئێران بە برۆبیانووی پاراستنی تەواویەتی خاکی ئێران خۆیان لە قەرەی گەنجینەی پڕپیتو بەرەکەتی فەرهەنگی ئەو وڵاتە نەداوە بەوەندەش نەوەستاون بەڵکە بنەمای فەرهەنگو ڕۆشنبیری گەلانی بندەستی ئێرانیان خاپوور کردووە.

ڕەزا خان ئەو ناسیۆنالیستە شووینیستە فارسە بوو کە ئامانجەکانی شۆرشی مەشرووتەخوازی (١٩٠٦ ز) کە لە گەل خۆی دا دیسکۆرسی فرە فەرهەنگ گەرایی هێنابوو ، لە ناو برد. لە گەڵ هاتنی ڕەزا خان قەوارەی سیستمی کۆمەڵگای ئێران کە چەشنێک فیدرالیزمی نەریتی بوو لە بەر یەک هەڵوەشاو ژێستی ئاریائیزمی ڕەزا خانی میر پەنج بەرهەمەکەی دامەزراندنی وڵاتی ناوەند گەرای ئێران و زەمینە خۆشبوون بۆ دروشمی یەک وڵات یەک نەتەوە کە ئاڵا هەڵگرەکەی هەر ئەو بوو بە ئەنجام گەیشت.

ئەم دروشمە ئێران وێرانکەرە دەستی هێرشکارانەی بۆ سەر نەتەوە غەیرە فارسەکان ئاوەڵاکردو بەم جۆرە ئیرادەی راسیستی بە سەر جیاوازی خوازی فەرهەنگی دا زاڵ بووو ئەمەش بە سەرتایەکی نوێ لە دەسپێکی ڕەوشی ژینۆسایدی سپی دێتە ئەژمار کە دیکتاتۆری دوای ڕەزاخانیش واتە ڕەزا پەهلەوی سەر لە نوێ بۆ وەبەرهەمهێنانەوەی ئە م ڕەوشە درێژە پێدەرو پەرەپێدەری سیاسەتی زاڵکردنی نەتەوەی باڵادەستی فارس بوو.

لە گەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی پتر لە هەر دوو دیکتاتۆر هەوڵی سڕینەوەی زمانی نەتەوەکانی ئێرانی داو ئەم دەسەڵاتە بە هێنانی ئیدئۆلۆژی پان ئیسڵامیستی کە لە بنەمادا دژایەتی لە گەڵ هەر زمان‌و فەرهەنگێکی ترە بیرۆکەی "امت واحد اسلامی" کردە گۆپاڵی سەرکووتی فەرهەنگە جیاواز بیرەکان.تێکەڵاو کردنی دین‌و دەوڵەت‌و بەکار هێنانی لە کردەوە دا و ئامانجی هەناردنی شۆرشی ئیسڵامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران لە راستی دا کپکردنی دەنگو ڕەنگو زمانەکانی نافارسی بوو. ئەم دۆخە نالەبارە دەرگای نیوە کراوەی پەرەگرتوویی فەرهەنگی گەلانی ئێران کە بە هۆی خەباتی دەیان ساڵەی ئەوانەوە و لە شۆرشی مەشرووتەوە دەستی پێکردبوو و لە بەرانبەر دوو سیستمی پەهلەوی دا بەربەرەکانی نواندبوو و لە گەڵ شۆرشی گەلانی ئێران لە سالی ١٣٥٧دا دەڵاقەی روو لە رزگاری بە سەر دا کرا بۆوە بە هاتنی کۆماری ئیسلامی بە هەمیشە پێشکەوتنی زمانی زگماکی دەرگای لە سەر گاڵە درا. تایبەتمەندی مەترسیدار لەو بارەوە ئەوەبوو کە بە ناوی ئیسلام‌و ئایینەوە ئەم جیاوازییانە دەرەتانی خاپوور بوونیان بە یاسایی کرا.

لە دەسەڵاتی ئایینی تاراندا دوو بەندی ١٥ و ١٩ لە یاسای بنەرەتی ئێراندا گونجێندران ئەویش تەنیا لە چوارچێوەی دروشمدا لە حەقیقەت دا ئەم دەسکەوتەش بەرهەمی خەباتی گەلانی بندەست لە ساڵەکانی ٥٧و٥٨ دابوو و کۆماری ئیسلامی ویستی لەم رێگەوە خۆ لە چەنگ ئەو قەیرانە دەرباز بکا . بەڵگەی سەلمێنەری ئەم ئیدعایەش جێ بە جێ نەبوونی ئەم دوو بەندە لە یاسای بنەرەتی ئێرانە چوونکە پێیان وابووە جێ خستنی ئەو بەندانە زیان بە لەبەریەک هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەکەیان دەگەیەنێ.

هەنووکە لە گەڵ ئەوەی زۆر نەتەوەی تر لە ئێراندان‌و غەیرە فارسن بەڵام زمانی فەرمی ئەو وڵاتە فارسییەو لە ناوچە جیاوازەکاندا مافی خوێندن‌و نووسین بە زمانی زگماکی لە سیستمی پەروەردەو بارهێناندا

یاساغە.

ئاکامی سیاسەتی ڕەگەزی یەک زمان، یەک نەتەوە، یەک وڵاتی ناوەندگەرا لە درێژەی ئەم نیزیک بە هەشتا ساڵە دا بۆتە هۆکاری کێشەو گرفت گەلی نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتی بەرین کە زیانەکانی بە ئاسانی قەرەبوو ناکرێتەوەو ئەم دۆخە نارێکوپێک بوونی هەڵدانی ئابووری، سیاسی ، کۆمەڵایەتی،فەرهەنگی‌و...پێکهێناوەو ناعەدالەتی بەرچاو بە کۆمەڵگای ئێرانەوە دیارە.

منداڵانی غەیرە فارسی ئێرانی لە ڕۆژی یەکەمی چوونیان بۆ قوتابخانە لە زمانی‌زگماکی بێ بەشن.ناچارن بە زمانی بێگانە دەرس بخوێنن ئەوەش بۆتە هۆی لێئەستاندنەوەی شوناس‌و کەسایەتیان و لە کۆمەڵگاو نەتەوەی خۆیان دادەبڕێن . گرفتەکانی پێوەندیدار بەو کەشە ناسالمە گەلێک زۆرن بە چەشنێ کە ئەو منداڵانە ناتوانن ئۆگری بنەماییان بە فیر بوونی زانست هەبێ. بۆیە ئاستی ڕۆشنبیرییان لاواز دەبێ‌و بە زەحمەت بەو زمانە نادایکییەیان دەتوانن زانیارییان بەرنە بان.ئەم وەزعە ناتەندروستە فەرهەنگییە لانی کەم تا بڕینی قۆناغی سەرەتایی خوێندن بەردەوامە و لە ئاستەکانی سەرەوەتریش شوێندانەری نەرێنی خۆی هەر دادەنێ. مامۆستاو قوتابیانی غەیرە فارس بە تامەزرۆیەوە لە پۆلەکاندا ناتوانن ئاڵ‌و وێری زانست بکەن چوونکە متمانەیان بە زمانی بێگانە نییە.

تەنیا ڕێکاری دەرباز بوون لە و قەیرانە گشتییە ئیرادەی هەموو نەتەوەکان بۆ چەسپاندنی مافی زمانی زگماکیە. بە فەرمی بوونی ئەم گرینگیە بەرژەوەندی هەموو گەلانی ئێران بۆ ژیانی بە ئاسوودەیی و بە دوور لە چەوسانەوەی فەرهەنگی مسۆگەر دەکا.

**بەشی سێهەم:**

**کوردوکێشەی زمانی دایکی**

زمانی کوردی شێوازی ئاخافتنی گەلێکی پتر لە( ٤٠٠٠٠٠٠٠ )میلیۆن کەسیە. کە لە ڕادەیەی نێونەتەوەیی دا هیچ زمانێ بەو حەشیمەتە زۆرەوە نەکەوتۆتە بەر پەلاماری لە ناو چوون. ساماندارى ئەو زمانە لە شێوەی دیالکتیکی جۆراوجۆر دایە. کە لە بەر نەبوونی دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی، بە هەژاری ماوەتەوەو بە دەگمەن بەهرە هزری‌و ئەدەبییەکانی بۆ زمانی تر وەرگێردراونەتەوە.

گوشاری بەربڵاوی داگیرکەرانی کوردستان بۆ تێکو پێک دانی ئەم گەنجینە کەلتوورییە، تراژیدیای نەتەوەی کوردی قووڵتر کردۆتەوە.

بە فەرمی کردنی ئەو زمانە، خەونی لە مێژینەی کورد بووەو دەریایەکی خوێن‌و خەبات بۆ وەرێخراوە.

لە چوار چێوەی دەسەڵاتی وڵاتانی ئێران، تورکیە، عێراق، سوریە کە کوردیان بە سەر دا کەرت کراوە. بە توندی پەلاماری زمانی کوردی دراوە.

ڕەوتی سڕینەوەی لەو بابەتە مێژووی دوورو درێژی هەیە. بەو پێیەش مێژووی پانو پۆر لە خەبات بۆ پارێزگاری کردنی لە ئارا دا بووە. بە فرتو فێڵی جۆراو جۆر، بۆ تەکاندنەوەی شوناس‌و زمانی کورد، لە شێواز گەلی جیاواز کەڵک وەرگیراوەو گەلە کۆمەگی لێکراوە، تا کۆڵەکەی زمانیمان بە سەرمان دا بڕوخێنن.

هەنووکە ئەم پرسە هەم بۆ کورد و هەم بۆ بکوژانی ئەو نەتەوەیە بۆتە بابەتی سیاسی، چوونکە ڕەوشی سڕینەوەی سیستماتیکی ئەم زمانە بە توندی لە ڕێدایە.کورد ناچار بووە لەو بارەوە خوێنی زۆر بدا.

لە تورکیە ڕەوتی ئاسمیلەکردن‌و قەلاچۆی کورد، بە هێرش بۆ سەر زمانی کوردی لە لایەن "کەمال ئاتاتورک"وە دەستپێدەکا قۆناغی مەترسیدار دەبڕێ.لە ساڵی ٢٠٠٩کە کوردەکان دەسەڵاتی ئەو وڵاتە ناچار بە پاشەکشەی ئیستراتیژیک دەکەن‌و وازی پێ لە ئیدعای بێ بنەمای "کورد بە تورکی کێوی دانان" دێنن ملیان پێ بە ڕێفۆرمێکی رووکەش دەدەن‌و برێ مافی فەرهەنگیان لێدەستێننەوە. هەرچەند دەسکەوتەکان زۆر بنەمای نابن‌و ناتوانن، کۆمەگی شیاو بە مافی فەرهەنگی کورد بکەن. بەڵام لە جێی خۆی دا ستۆپێکی دەمکوت بۆ بەر گرتن بە ژینۆسایدی سپی دەخەنە بەر دەم دەسەڵاتەوە.




ساڵی ٢٠٠٩و لە ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی دا،" ئەحمەد تورک" سەرۆکی پارتی" DTP" بەرانبەر کۆمەڵێ ڕەگەزپەرستی ناو پارڵمانی تورکیە، بە زمانی کوردی هاتە قسەو تابۆی قەدەغەبوونی زمانی کوردی لە پارڵمانداو بۆ دووهەم جار شکاند. تابۆیەک کە پێشووتر "لیلا زانا" شکاندبووی و تەنیا بە تاوانی کوردی قسەکردن ١٥ساڵ بەندی بەسەر دا سەپابوو.

لە گەل هەمووی ئەوانە. هەنووکە مافی خوێندن‌و نووسین بە کوردی، لە سیستمی پەروەردەو بارهێنانی ئەو وڵاتە یاساغە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی سەپاندنی سیستمی ئیدئۆلۆژیک – توتالیتری دەسەڵاتەوە، بە توندی لە گەڵ مەترسی لە ناو چوونی زمانی کوردی بەرەوروویە.دوو جەمسەری هێرشبەری، ئیدئۆلۆژی ئایینی و شووینیزمی فارس، کوردی لە بەر دم کێشەی دوو قاتی داناوە.

منداڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بەش بڕاون . مامۆستاو پسپۆرانی ناوەندە، پەروەردەیی‌و بارهێنانییەکان، دەبێ بە زمانی نەتەوەی باڵادەستی فارس وانە بڵێنەوە.

سەرنج ڕاکێش ئەوەیە! کۆمەڵێ شوینیست – ڕاسیست، زمانی کوردی بە بن زاراوەی زمانی فارسی کە پڕە لە وشەی عەرەبی دێننە ئەژمار!...

کاریگەری سیاسەتی سەقەتی فەرهەنگی دەسەڵات لە ئێراندا، شێوەی ئاخافتنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی گۆڕیوە. لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زمانی کوردی تام‌و بۆنی کوردانەی کەم پێوە ماوە. بە وتەی هەندێکان" کلاسی دابەزیوە"

ئەگەر زمانی کوردی نیوەنووزەیەکی وەبەرماوە. بە هۆی پاراستنی لە ناوچە لادییەکان‌و خەباتی حیزب‌و ڕێکخراوەکانی تاراوگەو کۆرو کۆمەڵە ئەدەبی‌و فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەکانی ناوەندی شارەکانە. کە کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی لە هەوڵی کوێرکردنەوەی ئەم دەرووییەش دا بووەو ویستوویەتی، ئیرادەی ئایینی نووسین‌و کوردی تێکدان بە سەر ڕۆژنامەڤانان‌و نوسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بسەپێنێ. زۆر گۆڤارو بڵاڤکی کوردی، کە پڕن لە ئەدەبیاتی پڕو پووچی ئایینی‌و وشەی زۆڵی کوردی ئیزنی بڵاو کردنەوەی بە تیراژی زۆرو بودجەی بۆریان پێدەدرێ، تا زمانی کوردی پێ بشێوێندرێ.

دەنگو ڕەنگی کۆماری ئیسلامی بە زمانی کوردی، زۆرترین پیلانی بۆ تێکدانی زمانی کوردی تێدا بە کار دەبرێ. کە ناوی هەموو ئەو غەدرانەش بە خزمەتکردن دەنرخێندرێ!

جێگای کەیف خۆشییە. لە گەڵ هەموو ئەو پیلانانە کە کۆماری ئیسلامی بەڕێوەیان دەبا. دەرەتانێک بۆ ڕزگاری زمانی کوردی لە ژێر ستەمی ئەدەبیاتی ئایینی‌و شوینیزمی فارسی هەرماوەو ڕێبواران‌و سوارچاکانی ئەم گۆرەپانەی خەبات شل و شەکەت نایەنە بەرچاو.

لە سورییەش دۆخەکە بەو تراژیدیایە بەڕێوە دەچێ و دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بە چڕوپڕی، سەرقاڵی سڕینەوەی ئاسەواری کوردو زمانەکەیەتی.

گەلی کورد لە عێراقدا بە هۆی پێشێلکردنی مافو ئازادییەکانی لە لایەن دیکتاتۆرەکانەوە، بە تەواوی هەوڵی لە ناو بردنی دراوە. لە گەڵ بە دەسەڵات گەیشتنو خاوەنداریێتی سەروەریی نەتەوەیی خۆیان لە ساڵی 1991 دا مافی پاراستنی فەرهەنگو زمانیان کە پێشووتر لێ زەوت کرابووو توانیان بە هۆی دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان وەدەست بخەنەوە.بەر لەوە لە مافی زمانی زکماکی بێ بەش بوون. هەنووکە لە قوتابخانەکاندا بە زمانی کوردی دەرس دەخوێندرێو لە سیستمی پەروەردەو بارهێنانی عێراقی فیدرالدا مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ کورد بە فەرمی ناسراوەو یەکێ لە دوو زمانە فەرمییەکەی ئەو وڵاتەیە.بەم جۆرە بەر بە توانەوەی نەتەوەیی گیراوەو بەشێ لەو خەسارانەی ڕەوتی لە ناو چوونی ئەدەب، کەلتوور، فەرهەنگو زمانی کوردی قەرەبوو کراونەتەوە.

٢ی ڕەشەمەمە، دەرەتانی لەباری خۆڕێکخستنەوەی کوردو وەگەرخستنەوەی هەوڵی هەموو لایەنەیەتی. تا ئاریشەی زمانی کوردی بەرێتە نێو کۆڕو کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکانو ڕێکخراوی یۆنیسکۆ لەو مەترسیانە ئاگادار کاتەوە کە بە هۆی سیاسەتی شووینیستی داگیر کەرانی کوردستان، مەترسی لە ناو چوونی ئەدەبو کەلتوورو زمانی کوردی لە ئارا دایە.

پترین ئەرک لەو بارەوە دەکەوێتە سەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستانو ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کورد لە هەموو پارچەکاندا.

ڕێکخراوو لایەنەکانی بەرهەڵستکاری دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی داگیرکەری کوردستان، پێویستە بە پلاتفۆرمی هاوبەش بێنە، ئەو گۆرەپانە لە خەباتو داکۆکیکاری بەرگرتن بە فەوتانی زمانی کوردی بن کوردستانییەکان دەتوانن. ئاکسیۆنو کەمپەینی میلیۆنی وەرێ خەن و کێشەکەیان لە بەردم کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی دابنێن.

ڕووناکبیرانو دلسۆزانی فەرهەنگو ئۆگرانی زمانی زگماکی، ئەرکیانە کۆمەڵانی خەڵک بە دژی هێرشی فەرهەنگی ئامادە بگەن.

بە بۆنەی ٢ی ڕەشەمەمەرۆژی جیهانی زمانی زگماکی

کوتایی بەشی سێهەمو دوایین بەش

نووسین: ڕەزا ئەمینی

ژێدەر:

١ - جریانهای قومی در ایران ریشەدار هستند . یوسف عزیزی بی گرف در گفتگو با هفته نامه عصر کارون

٢ - کودک و زبان مادری صدیقە عدالتی

٣- ئامارەکان لە ئینترنیت وەرگیراوە

٤- لە ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکیدا زمانی کوردی پەرلەمانی تورکیای هەژاند مادنیوز

٥ - روز جهانی زبان مادری«مقاله»

٦ - منبع:دویچە ولە بان مادری روز جهانی زبان مادری، تنگناها و دستاوردهابە قلم : بیژن برهمندیتاریخ انتشار مقاله ٢٠٠٩/٠٢/٢٣ بە روز شده ٢٠٠٩١۴/٠٣/٢٩:

ویبلاگی چاوڕوان

## نەتەوە و زمان




بە بۆنەی ٢١ی فێبرییە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکیەوە سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد

ڕۆژی ٢ی ڕەشەمە بەرامبەر بە ٢١ی فێبرییە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی واتە زمانی دایکە. پاش سەربەخۆیی وڵاتی پاکستان ئەم وڵاتە کە لە دوو بەشی پاکستانی ڕۆژهەڵات و پاکستانی ڕۆژئاوا پێک دەهات زمانی ئۆردوو کە زمانی پاکستانی ڕۆژئاوا بوو، کرا بە زمانی فەرمیی ئەم وڵاتە.

لە حاڵێکدا زمانی دانیشتووانی پاکستانی ڕۆژهەڵات (بەنگلادشی ئێستا) بەنگالی بوو. بە فەرمی ڕاگەیاندنی زمانی ئۆردوو لەم وڵاتەدا مەترسی یەک بوو بۆ سەر زمانی بەنگالی و تێداچوونی ئەم زمانە. هەر بۆیەش ئەم فاکتەرە و کۆمەڵێک فاکتەری دیکەی وەک جیاوازیدانان و هەژاری بووە هۆی نارەزایەتیی بەنگالییەکان و سەرەنجام لە ڕۆژی ٢١ی فێبرییەی ساڵی ١٩٥٢دا حکوومەتی پاکستان کۆمەڵێک لە نارازییەکانی گوللەباران کرد. تاوانی ئەو کەسانە جیا لە دیفاع لە زمانی زگماکی شتێکی دیکە نەبوو.

لە سەر داوای وڵاتی بەنگلادش ڕێکخراوی یونسکۆ لە نوامبری ١٩٩٩دا ئەم ڕۆژەی بە ناوی ڕۆژی زمانی زگماکی ناودێر کرد.

وڵاتی ئێران لەو وڵاتانەیە کە پشتیوانیی خۆی لەم گەڵاڵەیەی بەنگلادش دەربڕیوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە نەتەوە نافارسەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێران لە خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکیی خۆیان بێبەری کراون و هەتا ئێستا بە هەزاران شەهیدیان لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوەیی و یەک لە داخوازییە سەرەکی یەکانیان، ئازادیی خوێندن و نووسین بە زمانی خۆیان، پێشکەش بە نیشتمانەکەیان کردوە.چونکە هەرکاتێک بە مەبەستی داکۆکی لەم زمانە زگماکییان ڕاپەڕیون و بە شێوەی هێمنانە و ئاشتیخوازانە داوایان لە دەسەڵاتداران کردوە کە ئیزنی خوێندنیان بە زمانی خۆیان پێ بدرێ، ئەوا ڕووبەڕووی دڕندانەترین کردەوە بوونەتەوە. هەر بۆیەش ئەگەر ڕۆژێک نەتەوەی کورد بخوازێ لە نێو ڕۆژەکانی ساڵ یەکێکیان بۆ ڕێزگرتن و یادکردنەوە ئەو کەسانە هەڵ بژێرێ‌کە لە ڕێگەی پاراستن و زیندوو ڕاگرتن و پەرەپێدانی زمانەکەی‌وەک یەکێک لە داخوازییە نەتەوەیی یەکانی دا شەهید بوون، دەبێ هەر هەموو ڕۆژەکانی ساڵ بکاتە ڕۆژی یادکردنەوەی شەهیدانی ئەم ڕێگەیە. چونکە هەروەکی هیچ بستە خاکێک نیە شەهیدێکی ڕێگەی ئازادیی تێدا نەنێژرابێ هیچ ڕۆژێکیش نیە کە شەهیدێکمان تێیدا نەدابێ.

بەڵام بە ڕاستی دوژمنانی کورد و نەتەوە ژێر دەستەکانی دیکەی ئێران بۆ چی ڕێگا نادەن ئەو نەتەوانە بە زمانی زگماکییان بنووسن و بخوێنن؟


"ژاک لاکان" دەڵێ هیچ شتێک لە دەرەوەی زمان بوونی نیە. واتە هەموو بوون و بوونەوەرێک لە چوارچێوەی زمان دا دەبێ لە خۆی بگەرێ و خۆی‌و جیهانی خۆی بناسێ و تەفسیر و تەعبیری لێ بکا. ناسینی جیهان لە ئاوێنەی زمان دا یەکەم هەنگاوە بۆ شکاندنی سنوورەکانی تێگەیشتن. لە لایەکیشەوە دەبینین لەو چوار ڕەگەزە ماددی و عەینی یەی بۆ پێناسەکردنی نەتەوە لەبەرچاوگیراوە واتە: زمان، خاک، مێژوو و کولتوور، زمان بە پێی تایبەتمەندییەکانی خۆی دەکرێ لە هەموان گرینگتر بێ. ئەزموونە مێژووییەکانیش دەریان خستوە کە ئەو نەتەوانەی زمانی زگماکیی خۆیان دەدۆڕێنن و بە هەر هۆیەک فەرامۆشی دەکەن

وردە وردە جەوهەری خاک و کولتوور و مێژووەکەشیان بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەڕوا و لە بنەواشەی خۆی دوور دەکەوێتەوە. "قیبتی"یەکان و بەشێک لە گەلانی ئاناتۆلی نموونەی بەرچاوی ئەم بابەتەن. ئەگەر میللەتێک زمانێکی نەبێ کە مێژووی خۆی پێ بنووسێتەوە و باسی نیشتمانەکەی پێبکا و کولتوورەکەی خۆی بەهەموو ڕەهەند و لایەنەکانیەوە پێ وەسف بکاو بەوزمانە باس لە خەم و ئازار و ئاوات و جیهانبینیی خۆی بکا، ئەوا جەستەیەکی بێ ڕۆحە. تەنانەت ڕۆحێکی بێجەستەش نیە. هەرچەندە زمان بە ڕۆح و گیانی نەتەوە زانراوە. زمان و نەتەوە پەیوەندییەکی چڕوپڕو لێک دانەبڕاویان پێکەوە هەیە و هەرکام بۆ ئەوی دیکە جەستە و گیانە. واتە هەر بەوجۆرەی ئەگەر نەتەوە نەبێ زمان نابێ ئەگەر زمانیش نەمێنێ شتێک بەناوی نەتەوە بوونی نابێ.

لە رادیۆی دەنگی کوردستان بلاَو بۆتەوە

ماڵپەری گیارەنگ

## بۆچی نابێ بە زمانی زگماکی خۆم بخوێنم؟!!



شۆڕش گوڵکار

لە هەر کۆمەلگایەدا کە مرۆڤ لە فێربوون و بارهێنان بە زمانی زگماکی خۆی بێبەش بێ ....

لە هەر کۆمەلگایەدا کە مرۆڤ لە فێربوون و بارهێنان بە زمانی زگماکی خۆی بێبەش بێ , نیشانەی زوڵم و سەرەڕۆی سیاسی وکۆمەڵایەتی ونادادپەروەریە لەو وڵاتە, چوونکە زمانێک بە سەر زمانەکانی دیکە زاڵ دەبێ , کە ئەمەش مانای ئەوەیە کە لەو کۆمەڵگایەدا چەوساندنەوەی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی فەرهەنگوو کلتوور و ناسنامەی ئەو میللەتە, پیلانی لە پێش داڕێژراوە.

هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی تاران بۆ لە نێو بردنی نەتەوەکانی دیکەی غەیرە فارس کەڵک لە قەدەخەکردن و غەیرەیاسایی کردنی زمانی ئەو نەتەوانە دەگرن و بەو چەشنە دەیانهەوێ فەرهەنگ ومێژوو ناسنامەی وان لە نێو بەرن و بیانکەنە کۆیلەو مرۆڤ گەلی پلە دوو و لە ئاکامدا نێویان لە سەر لاپەڕەی مێژوو بسڕنەوە , چوونکە ئەوان ئەوە بە چاکی دەزانن کە نەتەوەیەک کاتێک هەرەس دێنێتوو نێوی لە مێژوو ئەسڕێتەوە کە زمانی زگماکی خۆی لە بیرکردبێ.

ئەوان بۆ گەیشتن بەم مەبەستە گوێ بە هیچ یاساورێسایەکی نێونەتەوەی نادەن و تەنانەت ویژدان و ئەخلاقی مرۆڤایەتیش لە بەر چاو ناگرن و گوێ خۆیشیان لێ ئاخنیوە و بەردەوامن لە سەر ئەم کارە دزێوەیان و هەرکاتیش نەتەوەی ژێرچەپۆکەو زوڵم لێکراوی کورد داکۆکی بکات لە سەرەتاییترین مافی خۆی کە خوێندنە بە زمانی زگماکی, بەچەواشەکاریەوە پێ دەڵێن کە سەردەمی ئەم قسانە تێپەڕیوە, هەنووکە سەردەمی "جیهانی بوونە"و زمانیش تەنیا کەرەسەی ئاخاوتن و لەیەک تێگەیشتنە ئیدی هیچ جیاوازیکیشی نیە ئەنگۆ بە چ زمانێک قسان بکەی وبنووسی! بەڵام ئەمە بۆچوونێکی فێڵبازانەیە چوونکە زمان تەنیا ڕۆڵ وئەرکی ئاخاوتن و لە یەک تێگەیشتن نییە, بەڵکوو دەلاقەی زەینی مرۆڤە بەرەو پەڕاپەڕی دەورووبەری و بناخەی زەینی ئەو !

هەروەها مرۆڤ بە زمانەوە مرۆڤە کە دەورووبەری هەست پێ دەکاتوو پێکهاتەی فیکری شکڵ دەگرێ, چوونکە زمان کەرەسەی رووناکبیری وداهێنانە.

مەخابن ئەم کردەوەوچەوساندنەوە سیستماتیکەی کە لە لایەن حکومەتی ناوەندیەوە بەڕێوەدەچێ لە بواری زانستی وپەروەردەکردنەوە گەورەترین کۆسپ لە سەر ڕێگای گەشەکردنی منداڵانی کورد دروست دەکات,چوونکە منداڵێک ئەگەر بە زمانی زگماکی خۆی نەخوێنێ ,سروشتیە کە ناتوانێتیش هاوئاهەنگی لە نێوان فیکر و زمانیدا دروست بکا و تووشی خودسانسۆری و شەرمێونی دەبێ , لە ئاکامدا منداڵ وابە باش دەزانێ کە لەوەها کەش و هەوایەکدا کە بۆ ئەو نامۆیە یان بێ دەنگ بێ یان کەمتر قسان بکا, چوونکە بەردەوام لە لایەن نەتەوەی باڵادەستەوە لە پەراوێز خراوە کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە تووشی خۆ بەکەم گرتن بێ و تەنانەت نەوێرێ بیروبۆچوونی خۆی بە ئاسانی دەربڕێ چوونکە هەست دەکات بەرلەوەی گوێ بە بۆچوونەکەی بدەن بە شێوەزاری قسان کردنەکەی گاڵتە دەکەن و پێ دەکەنن.

هەروەها جێگای ئاماژەیە کە منداڵی خوشترین وەرزی ژیانی هەر مرۆڤێکە, وەرزێک کە خاوێنی و کامەرانی وجوانی تێدایە و تێکدانی ئەم وەرزەش تەنیا لە دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ و شوێنیستوو بە رواڵەت مرۆڤ دەوەشێتەوە,کە بە بێ بەشکردنی ملیونها منداڵی تامەزرۆی خوێندن بە زمانی زگماکی ,بوونەتە مەزنترین پێشێل کەری مافی مرۆڤ.

لە کۆتاییدا نابێ ئەم شتە گرینگەش لە بیربکەین کە پاراستنی زمانی زگماکی لەلایەن نەتەوەی بن دەست وزوڵم لێ کراوەوە وەکوو ئەوە وایە کە بەندییەک لە بەندیخانە بێت وکلیلی دەرکەی بەندیخانەکەش لە گیرفانیدابێ.

برۆسکە

## زمان و ڕەگەزپەرەستی ..؟




.. بۆچوونێکی سەیر کە لە نێو کورداندا بۆتە باو و وەکوو باوەڕێک تان و پۆی سەندۆتەوە، ئەوەیە کە زانین و فێربوون و نووسین بە زمانی کوردی بە ڕەگەزپەرەستی دەزانن! نازانم چی و کێ سەرچاوەی ئەم باوەڕەیە کە لە لایەن زۆربەی کوردەوە جا چ لە دەرەوەی وڵات بن چ لە ژوورێ، زۆری پشت پێ دەبەسترێ ...

.. بڵێی ئەوانەی لە سەر ئەو باوەڕەن، بۆ تەنیا جارێکیش ئەم پرسیارەیان لە خۆیان کردبێ، ئاخۆ دەتوانن هەر کەسێک کە بە زمانی زگماکی خۆی قسە دەکا، جا سەر بە هەر نەتەوە و وڵاتێک بێ، بە ڕەگەز پەرەست تاوانبار بکەن؟ باشە تۆ دەتوانی کەسێکی تورک زمان، فارسی زمان، ئینگلیزی زمان یان هەر کەسێکی تر کە بە زمانی زگماکی خۆی قسە دەکا، مۆری ڕەگەزپەرەستی لە نێوچاوان دەی؟ بۆ ئەگەر کوردەکە بە زمانی خۆی قسەی کرد، ڕەگەزپەرەستە؟؟ دەڵێن " دار تا خۆرەی لە خۆ نەبێ نارزێ "، خۆ ئەگەر کەسێکی خەڵکی هەر وڵاتێکی تر ئەم قسەیەت پێ بڵێ هێندە ژانی نیە تا کەسێکی خۆماڵی !.. تەنیا ئەوەی کە من سەری لێدەرناکەم ئەوەیە کە زانینی زمان چ پەیوەندیەکی بە ڕەگەزپەرەستیەوە هەیە؟ زمان یەکێ لەو تایبەتمەندیانەی کە مرۆڤ لە گیانلەبەرەکانی تر جیا دەکاتەوە، بەڵام بە پێی ئەم بۆچوونە تازە، ئیدی کەس مافی ئەوەی نیە بە زمانی خۆی قسە بکا!

.. سروشت کاتێ جوانە کە هەر شتێک لە سەر جێی خۆی بێ و هەر شتێک بە جوانی خۆیەوە جوانە .. چۆنە ئەگەر دار گەڵای ڕەش دەر بکا یان لە سەر پەڕەی گوڵ دڕوو شین بێ لە جیات لە سەر لاسکی گوڵ؟ ڕەنگاوڕەنگی نەتەوەکانیش بەوەوە جوانە کە هەر نەتەوەیەک لە گەڵ ئەوەی تر جیاوازە و هەر کامەی زمان و فەرهەنگ و کەلەپووری تایبەت بە خۆی هەیە. پاراستنی ئەم تایبەتمەندیانەش بە مانای ڕەگەزپەرەستی نیە، بەڵکو پاراستنی ئەم جیاوازیانەیە بۆ ناساندنیان بە یەکتر.

.. پێم خۆش بوو بزانم ئەو کەسانەی فارسی، عەرەبی یان تورکی قسەکردن و کوردی لە بیرکردن بە پێشکەوتوویی و دوور لە ڕەگەزپەرەستی دەزانن، ئاخۆ بۆ تەنیا جارێکیش لە کەسێکی سەر بە ئەو نەتەوانەیان پرسیار کردوە، ئاخۆ ئەوان حازرن زمانی زگماکی خۆیان لە بیر بکەن و کوردی بکەن بە زمانی خۆیان؟ بێگومان وەڵامەکەی "نا" یە، چون هیچ کەسێک حازر نیە یەکێ لە تایبەتمەندیەکانی نەتەوەکەی کە ناسنامەیەکی جیاوازی دەداتێ و دەتوانێ خۆی پێ بناسێنێ لە نێو خەڵکانی تر دا، بۆ هەمیشە لە بیر بکات. فێربوونی زمانێکی جیاواز لە گەڵ فێربوونی ئەو زمانە و لە بیرکردنی زمانەکەی خۆت، تۆفیری زۆرە!!

.. بە قەولی " تەوار " پێم وایە ئێمە هەموو شتێک تێکەڵ دەکەین .. بڵێی ڕۆژێک بێ لە لای ئێمەش هەر شتێک مانای خۆی هەبێت و قەدری بایەخەکان بگرین و بە چاوی خۆمان لە شتەکان بڕوانین و لێکیان دەینەوە، نە لە چاوی کەسانێکی ترەوە سەیری دنیا بکەین؟

ڕەشماڵ وبیڵاگ

## زمانی شیرینی دایک و کەمتەر خەمی کوردانی دەرەوەی وڵات.



سمکۆ بێکەس .


زمان یەکێک لە گرینگترین شوناسی هەر نەتەوەیەکە بۆیە گەلی کورد بە زمانی کوردی و زاراوەی جیا جیا قسە دەکات و هەر ئەم قسە کردنە بوەتە هەوێنی ئەلف و بێ کوردی و نوسینی کوردی ئاسان کردووە کە بە سەدان هەزار کتیبی کوردی ئیستا لە بەر دەست دایە لە هەموو بوارەکان دا.

تەنیا بەشێک لە چوارپارچەی کوردستان کە باشوری کوردستانە لە مێژ ساڵە خوێندن بە زمانی کوردی رسمی یە و لە پارچەکانی تری کوردستان دابە داخەوە کوردی خویندن و نوسین هەر بڤەیە، نامهەوێ باسەکەم بۆ ئەم بابەتە تەرخان بکەم ، چونکە ئەوەی من دەمهەوێ لە سەری بدوێم زمانی کوردی لە ناو کوردانی دەرەوەی وڵاتە.

بە لە بەر چاو گرتنی ئەو ماوەی کە من لە دەرەوەم کە یازدە ساڵە و لە نزیکەوە لە گەڵ زۆربەی هەرە زۆری کوردەکان دا هات و چو و ناسینم هەیە. دەتوانم ئاکامی زمانی کوردی لە بۆ چونی خۆمەوە بەم شێوە هەڵ سەنگێنم

بە داخەوە دەبێ بڵێم زۆربەی هەرە زۆری دایک و باوکەکان نەک هیچیان بۆ منداڵەکانیان نەکردووە بەڵکو ناراستەو خۆ بونەتە هۆیی فەوتان و نەمانی زمانی کوردی.

بۆ نمونە لە سەدا نەوەد و نۆی منداڵانی تەراوگە ناتوانن کوردی هەر بخوێننەوە و دەتوانم بڵێم لە سەدا پەنجای هەر ناتوانن بە کوردی قسە بکەن تەنیا لە چەند وشە یان چەندرستەی تێک و پێک شکاو و تێکەڵ و پێکەڵ کە سەرو بنی قسەکان دیار نین.




بۆیە منداڵەکان بە زۆری لە نێوان خۆیان دا و تەنانەت جار و باریش لە گەل بنەماڵەکانیان تەنیا بە زمانی ئەو وڵاتە قسە دەکەن کە تێدا دەژین داخوا کێشەکان چین و بۆ وایە.

### کێشەی یەکەم

لە دەرەوە زۆربەی هەرە زۆری بنەماڵەکان ناچارن منداڵەکانیان بنێرنە داینگاکان کە لەوێ یەکەم شت ئەوەیە کە لە نێوان منداڵانی تردا تێکەڵ دەبن ومنداڵ ناچارە بە زمانی ئەم وڵاتە شارەزابێت و هەر لە گەل پشکوتنی زمانی بە وشەو قسە کردنی ئەم وڵاتە ئاشنا دەبێت و زمانی ئەم وڵاتە بە کار دێنێ. بۆیە زمانی دایکی لا ئەستەم دەبێت ئەگەر بنەماڵەکان هەوڵی جیدی نەدەن بۆ فێر کردنی منداڵەکانیان ئەوە فێر نابن.

من لە وڵاتی نۆرویژ دەژیم و بە پێ قانونی ئەم وڵاتە لە ناو قوتابخانە رەسمی یەکان دا ئیزن نادرێ زمانی دایکی لە پاڵ زمانی ئەم وڵاتە دا بخوێندرێ، واتە دەکرێ ماموستای کوردی بە قەولی ئەوان ماموستای زمانی دایک هەبێت بۆ منداڵەکان بەڵام ، دەبێ ئەو دەرسانەیان بۆ شەرح بکات کە ڕۆژانە دەی خوێنن کە تایبەتن بە دەرسەکانی قوتابخانە و بە هیچ شێوەیەک منداڵ بۆیی نی یە کتێبێکی ئەلف و بێ زمانی کوردی ببات و لە و کاتژمێرە کە لە حەوتوو دا بۆ زمانی دایک تەرخان کراوە ئەوە بخوێنێ، بۆیە ناراستەو خۆ ئەم وڵاتە لەم بەشەدا ڕێگرە لە خوێندنی زمانی دایک لە پاڵ زمان و خوێندنی ئەم وڵاتەدا.

بەڵام لە گەل ئەوەش دا ڕێگەیەکی تریان بۆ چارەسەری ئەم گرفتە کردوەتەوە کەئیزن بە هەر کەس و ڕیکخراوێکی کۆمەڵایەتی دەدات و تەنانەت یارەمەتیان دەدات گەر بیان هەوێ کلاسێکی زمانی دایک دابمەزرێنن جا لە هەر نەتەوە و زمانێک بن ، بۆیە کوردەکان بە ئاسانی دەتوانن گەر بیان هەوێ ، شوین و ئیمکاناتی دەرسی بۆ منداڵە کوردەکان فەراهەم بکەن لە ڕێگەی دەزگا پێوەند دارەکان و بێ هێچ کێشەیەک تەنیا ، کەمێک کاری ئیداری دەوێ و فیداکاری چەند کوردێکی دڵسوز و لە خۆ بردوو کە بتوانن وەک هاوکاری دەرس بڵێنەوە. یان داوای هاوکاری بکەن لەم وڵاتانە و ئەوانیش بە پێ ئیمکان هەم ئیمکاناتی دەرسی و هەم شوێن دابین دەکەن بۆ ئەم کارە. کە بە داخەوە زۆر جار هەم شوێن دابین کراوە هەم کەسێکی خۆبەخش ئامادە بووە وەک ماموستا دەرس بڵێتەوە بەڵام منداڵەکان ئامادە نەبوون بچنە ناو کلاسی زمانی دایکەوە یان تەنیا چەند منداڵێک لە یەکەم ڕۆژەکان هاتوون و دواتر ماموستاماوەتەوە لە گەل مێز و کورسیەکان و کلاسێکی خاڵی، کە ئەمە جێگەی داخە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کورد نەی توانیوە گرینگی زمانی دایک بزانێ بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات.





**کێشەی دوهەم.**

بنەماڵەکان و منداڵەکانن. بە هۆیی ژیانی سەختی ئەم وڵاتانە دەبێ بەردەوام دایک و باوک کار بکەن تا بتوانن خەرجی ژیان گوزەران و کرێ خانوو و کارەبا و زۆر شتی تر دابین بکەن ، بۆیە کاتیان زۆر کەم دەبێت تا بتوانن تەرخانی بکەن بۆ منداڵەکانیان و بە تایبەت گەر بۆ نمونە شوێنێک وەک قوتابخانە بکرێتەوە لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شارێک دا ، هات و چو ئاسان نابێت چونکە هەر کوردە و لە گەڕەکێک و تەنانەت شارێکی ترە و دووری ڕێگە کە و نەبوونی کات ، دەبێتە هۆیی ئەوەی کە هەموو کەس بە ئاسانی نەتوانێ هەوڵ بۆ چارەسەی ئەم کێشەیە بدات تا بتوانن هاوکاربن بۆ فێر بوونی زمانی شیرینی دایک بۆ منداڵەکانیان.




**کێشەی سێهەم**

لەلایەکی ترەوە بە داخەوە منداڵەکانن کە لە سەدا یەکی ئارەزویی خویندنی زمانی دایکی نی یە و گەر دایک و باوکەکە هەوڵێکی زۆریش بدەن و کار ئاسانیان بۆ بکەن منداڵەکەیان نایهەوێ و ئامادە نین لە کلاسی زمانی دایک دا بەشدا بن و بۆیان گرینگ نی یە بە داخەوە زۆر بێ بایەخ سەیری زمانی دایک دەکەن چونکە بە قسەی زۆرێک لەوان وا باشترە بە سەر زمانی ئەم وڵاتەدا زاڵ بن کە تێیدا دەژین دەتوانم بڵێم لە سەدا نەوەدی زیاتر هەر سەیری تەلەفزیونی کوردی ناکەن و هەواڵەکانی کوردستان هەر بۆیان گرینگ نی یە، بۆیە ئەمە کارەساتێکی یەکجار سەختە کە بە سەر ئێمەی کورد دا تێپەردەبێت کە بە سەدان هەزار کورد لە وڵاتانی ئوروپایی دا دەژین.

بە سەرنجدان بەم خاڵانەی سەرەوە بە داخەوە زۆربەی هەرە زۆری بنەماڵەکان لەو پروسە گرینگەدا شکستیان خواردووە، و هەر ئەوە بوەتە هویی ئەوە کە منداڵانی ئیرە بە داخەوە زمانی دایک نازانن و ناتوانن نە بەباشی قسەی پێ بکەن نە پێ بنوسن و نە بیخویننەوە، بۆیە ئەمە دەکەوێتە سەر کەم کارایی کوردەکانی دانیشتوی ئەم واڵاتانە، کە بە داخەوە ئیکجار زۆرن ئەو بنەماڵانەی کە گوێ نادەنە ئەم پرسە گرینگە و زمانی شیرینی دایک چەند ساڵێکی تر لەم واڵاتانە بەرەوفەوتان دەچێ و ئیتر کوردەکان بە زمانی ئیشارە و زمانی بیگانە تەنیا قسە دەکەن لە گەل یەکتر.

بۆیە هیوادارم کوردەکانی دەرەوەی وڵات خەمی ئەم کێشە گرینگە بخون و هەوڵی جیدی بدرێ بۆ زیندو ڕاگرتنی زمانی شیرنی دایک لە ناو بنەماڵەکانمان دا و لە ناو کوردانی دەرەوەی وڵات دا کە لە ئەو پەری پشت گوێ خستن دایە و ئیتر بە داخەوە گرینگی پێ نادرێ.

ماڵپەری خاکەلیوە

## زمانی دایک




**هیوا ئەحمەدی**

بەر لە باس کردن لەسەر زمانی دایک، پێویستە سووکە ئاوڕێک وەسەر خودی زمان بدەینەوە و لەو پێوەندییەدا بە چەند ڕوانگەی جیاوازدا تێپەڕین کە لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە پێناسە کراوە.

١ . پێناسەی زمان

٢ . زمانی دایک

٣ . زمانی کوردی

---

**پێناسەی زمان؛**

بۆ ئەوەی کە بە باشی زمان بناسین و بزانین مانا و چەمکی زمان لە زانستی زمانناسیدا چۆن لێکدراوەتەوە، سەرەتا بە پێناسەیەکی کورتی زمانەوانییدا تێدەپەڕین و پاشان سەر بە وردەکارییەکانی زانستی زمانەوانیی دادەکەین.

دەڵێن:

ئەلف ) زمان وەسیلەی دەربڕین و بەیانی ئەندێشە و فکرە.

ب) دیاردەیەکی پاوانخوازانەی تاکە کە پرۆسەی " تکامل" ی کۆمەڵ دەپێوێ و بەرەو داهاتووی ڕادەگوێزێ.

پ) زمان ئامرازی دەربڕینی هەستە بۆگەیشتن بە مەبەست ( وەک تینوێتی؛ یانی کاتێک مرۆڤ تینوو دەبێ ئەوە یانی هەست بە تینوو بوون دەکات، پاشان داوای ئاو دەکات یانی هەستی دەر دەبڕێ. ئەوجار ئاوێ دەخواتەوە بۆ ئەوەی بە مەبەستی خۆی ـ کە لابردنی تینوویەتییە . بگات )

ت) زمان ئەداتی دەربڕین و ئامرازی هەستە کە مانا و فکر و فەرهەنگ و مێژووی کۆمەڵگا دەردەخا و بە تێپەڕ بوونی زەمان، زمان ئەمانەتەکان بۆ مرۆڤ هەڵدەگرێ و نهێنییەکانی دەپارێزێ.

د) زمان بوونەوەرێکی سەرەتایی و زگماکە کە ریشاڵی بەنێو قوڵایی کولتووردا بڵاوکردۆتەوە و هەربۆیەش هەموو گەشە کردنەکانی کولتوور و کۆمەڵگا لە سەر زمان تەواو دەبێ و دەبڕێتەوە.

ئێستا کە بە کورتی زمان پێناسە کرا و تا ڕادەیەک روون بۆوە کە کار و ئەرکی زمان چییە، دەبێ لە وردەکاری و هۆکارەکانی زمان ورد بینەوە کە ئاخۆ چۆناوچۆن دەکرێ زمان ببێتە کەرەسەی تێگەیاندنی مرۆڤ و ئەمانەتەکانی بۆ ڕاگوێزێت

زمانناسیی تیئۆریک (Theoratical Linguistics)

ئەم بەشە باوترین بەشی زمانناسی و بەشێکی گرینگی زۆربەی هەرە زۆری کۆلێژەکانی زمانناسییە. ئەم لکەی زمانناسیی لە زمان وەکوو دیاردەیەکی ئینسانیی و کەرەسەیەکی پێوەندی گرتن دەکۆڵێتەوە.

## ڕۆژی زمانی زگماکی و ئەرکی لاوان



چیا کوردستانی

٢١ فێوریە بەرامبەر بە ٢ی ڕەشەمە یازدەهەمین ساڵرۆژی زمانی زکماکی بوو، بە پێشنیاری بەنگلادیش یازدە ساڵ لەمەوبەر یونێسکۆ ڕۆژی ٢١ی فێوریەی بە ڕۆژی زمانی زکماکی ناساند و ئەو ناو لێنان و ناساندنە لە ڕووداوێک دا کە لە ٢١ی فێوریەی ساڵی ١٩٥٢ ڕووی داوە سەرچاوەی گرتووە کە لەوەها ڕۆژێک دا پێنج خوێندکاری بەنگلادیشی لە خەبات لە پێناوی بە فەرمی ناساندنی زمانی زکماکی واتە زمانی بەنگالی لە وڵاتی "پاکستانی ڕۆژهەڵات"ی ئەو کاتو بێنگلادشی ئێستا گیانیان لەدەست دا.

ئەوە خۆی لەخۆیدا نیشانەی بایەخ دان بە زمانی زکماکی یە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کە زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهان تێی دا ئەندامن. زۆربەی زۆری وڵاتانی ئەندام لەم ڕێکخراوەشدا کە دانیشتوانەکانیان بە زمانی جۆراوجۆر دەدوێن هەموو ئەو زمانانە لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندی ئەو وڵاتانەوە بە فەرمی ناسراون و گرینگیان بە زمانی زکماکی داوە. ئێستاش لە وڵاتی ئێران کە چەندین نەتەوەی جۆراوجۆری بە زمانی جیاوازەوە تێدا دەژی تەنیا زمانی فارسی بە زمانی فەرمی ئەم وڵاتە ناسراوە و زمانەکانی دیکە بە فەرمی نەناسراون و پشت گوێ خراون. لەگەڵ ئەوەدا کە کورد بۆ بەدەست هێنانی مافە نەتەوەییەکانی لە ئێراندا هەمیشە لە خەبات و تێکۆشاندا بووە هەزاران کەسی لەم پێناوەدا گیانیان بەخت کردووە، بەڵام بەداخەوە نەیتوانیوە بە لانی کەمی ئەو مافانە بگات. لاوانی کورد لە خوێندنگە و زانکۆکاندا دەبێ بە زمانی فارسی بخوێنن و ئەوە لە کاتێک دایە کە خوێندن بە زمانی زکماکی مافێکی سەرەتایی هەر مرۆڤێکە بەڵام لە وڵاتی ئێران کە ڕێژیمێکی دژ بە مافە بنەرەتیەکانی مرۆڤ لەسەرکارە کە ئەو مافەو زۆربەی زۆری مافەکانی کوردی پێشێل کردووە لە کاتێک دا کە لێکۆلینەوەکان دەریان خستووە کە خوێندن بە زمانی زکماکی رادەی زووتر تێگەیشتن و فێر بوون ئاسانتر دەکات، هەرچەند فێر بوونی زمانەکانی دیکەش پێویستە، بەڵام مرۆڤ سەرەتا دەبێ زمانی زگماکی خۆی فێر بێ و پێی بخوێنی دواتر فێری زمانەکانی تر بێ.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەو راستی یەی کە هەنووکە حیزبە کوردیەکان پرسێکی جیددی نین بۆ رژیمی زاڵ بەسەر ئێراندا و بە هۆی ئەوە کە ناکرێ ئێمەی لاو چاوەڕێ بکەین تاکوو حیزبە کوردیەکان دەبنە پرسێکی جیددی بۆ رژیم چونکە ئەوە شتیکە کە روون و دیار نیە، جا لەبەر ئەوە ئەرکی ئێمەی لاو ئەوەیە کە نابێ هەر چاو لە دەستی حیزبە کوردیەکان بین تاکوو ئەو مافانەمان بۆ بێننە دی و دەبێ لاوان هەنگاو بە هەنگاو بچنە پێش و داوای مافەکانیان بکەن بە شێوەی مەدەنی بۆ وێنە بە نیسبەت پرسی بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی یان خوێندن و نوسین بە زمانی کوردی دەبێ هەموو خەڵکی کوردستان بە بێ جیاوازی وشیار بکەنەوە و لەو هەلومەرجانەی (بۆ وێنە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و بزووتنەوەی سەوز و....)کە دێنە پێش بە باشترین شێوە کەڵک وەرگرین و چاو نەترسانە داوای بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی بکەین.

لاوان دەبێ بە بەرنامەیەکی پتەو توکمە رێورەسمی تایبەتی لە ڕۆژی جیهانی زمانی دایک لە هەموو شارەکانی کوردستان پێک بێنن و گشتگیری بکەن نەک تەنیا لە چەند شاری کوردستان دا کورتی بکەنەوە، لە ڕێگای نوسین و بڵاو کراوەوە خەڵک لەو مافە سەرەتاییە وەکوو هەموو مافە پێشێل کراوەکانی دیکە وشیار بکەنەوە، چونکە ناوشیاری خەڵک لە مافەکانیان هۆکاری سەرەکی بێدەنگ بوونیانە لە ئاست بەردەوام بوونی پێشێل کرانی مافەکانیان، بۆیە دەبێ گرنگی یەکی بەرچاو بە وشیار کردنەوەی خەڵک بدرێ بۆ ئەمەش پێویستە بە ڕێگایەکی مەدەنیانە بچنە پێش و گرتن و سزادان چۆکیان پێدانەداو لەم ڕێگایەدا بەردەوام بن و متمانەیان بە ئیرادەی خۆیان هەبێ و دەبێ بە پشت بەستن بە هێز و ئیرادەی خۆیان هەورازو نشێوەکان ببڕن تاکوو چی دیکە زمانمان لە ئێراندا کە ئەگەر لە زمانەکانی دیکە بەهێزتر نەبێ کەمتر نیە پشت گوێ نەخرێ.

بەو هیوایە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بە فرمی بناسرێ

ڕۆژهەڵات تایمز

## ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک



هاشم ڕەزایی

ئەم نووسراوەیە ساڵی ٢٠١١، بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، بڵاوکرایەوە. بەهۆی ئەوەی زمانی دایک لە پەروەردە و فێرکردن و پێناسەی کەسایەتی دەورێکی گرینگی هەیە، دیسان بڵاودەکرێتەوە

ڕۆژی ٢١ی فێڤریێ ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکە. ئەم ڕۆژە، بە پێشنیازی وڵاتی بەنگلادێش، لەساڵی ١٩٩٩ ، لە لایەن ڕێکخراوی یونێسکۆوە، ڕێکخراوی زانستی و فەرهەنگیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان(UN)، بە نێوی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ناسراوە. لەو کاتەوە، لە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهاندا، ئەم ڕۆژە جێژن دەگیرێت.

بە پێی لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخراوی SLI (Summer Institute of Linguistics) ، کە زیاتر لە ٧٠ ساڵە لێکۆڵینەوە لەسەر زمان و دیالێکت دەکات،، نێزیک بە ٧٠٠٠ زمان لە جیهاندا هەیە. نزیکەی ٩٥ %ی ئەم زمانانە تەنیا لەلایەن ٦% لە خەڵکی ئەم جیهانەوە ئاخاوتنی پێ دەکرێ و کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

ناوەندێکیتر بە نێوی: Atlas of the worlds languages in danger of disappearing)) مەترسیی ئەوەی هەیە کە نزیک بە نیوەی ئەم زمانانە لە ساڵەکانی داهاتوودا لەناو دەچن و دەفەوتێن بە چەشنێک، کە بە هەر دوو حەوتوو زمانێک لە ناو دەچێت. ئەم زمانانە، ئەوانە دەگرێتەوە کە زمانی ڕەسمی نیین، مناڵان لە فێرگەکاندا بۆ خوێندن بە کەڵکی ناهێنن و خەڵکانی کەم بۆ ئاخاوتن کەڵکی لێ وەردەگرن. هەر لەم ڕوانگەیەوەیە کە ڕێکخراوی یونێسکۆ، بە هەستکردن بە لەناوچوونی ئەم زمانانە، کە زمانی نەتەوە کەمایەتییەکانە، لە سەر ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، بۆ پاراستنیان و زیندووکردنەوەی ئەم زمانانە پێ دادەگرێت.

ڕۆژی ٢١ی فێڤریێ لە بەشێک لە وڵاتانی جیهان بەگەرمی ڕێزی لێ دەگیرێت. لە ئێرانیش، لەم ساڵانەی دواییدا لە شارەکانی وەک تەورێز، تاران، ئەهواز و ورمێ ئەم ڕۆژە جێژن گیراوە و هەتا دێت ئەم ڕەوتە زیاتر پەرە دەگرێت.

ئەگەر سەرنجی چەند وڵاتێک بدەین کە وڵاتی فرەنەتەوەیین، دەبینین کە لە زۆربەی ئەم وڵاتانە، چەندین زمان وەک زمانی ڕەسمی پەسند کراون. لە وڵاتی هیند، کە نزیک بە ٤٠٠ زمانی تێدایە، ١٩ زمان زمانی ڕەسمییە، لە ئەفریقای باشوور ١١ زمانی ڕەسمی، لە عێراق ٢ زمانی ڕەسمی (کوردی و عەرەبی) ، لە ئەفغانستان ٣ زمانی لە فنلاند ٢ زمانی ڕەسمی ( فنلاندی و سوێدی) و ئەوە لە کاتێکدایە کە





سوێدیزمانانی وڵاتی فنلاند، تەنیا ٦%ی دانیشتووانی ئە وڵاتە پێک دەهێنن.

ئەو کەسانەی کە مەجالی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردییان نەبووە، لە کاتێکدا کە نووسراوەی کوردییان لە بەردەستە و توانای خوێندنەوەیان نییە، و یان ئەوەی کە ناتوانن بەیانی سیاسی و هەستی دەروونییانی پێ دەرببڕن، لە ناخی دەروونەوە عاجزن و کاریگەریی ڕەوانیی ناخۆشی لەسەر داناون و دادەنێت. کاتێک کە ڕوخسەت بە زمانی دایک نەدرێت. لە قسەکردن و نووسین بە زمانی غەیرە زگماک، هەمیشە بۆ وشەیەک، کە مەبەستی ڕاستەقینەی تۆ بگەیەنێت، دادەمێنیت و لە ڕاستیدا زمانت ئۆتۆماتیک نابێت.

زمان، سەرەڕای ئەوەی کە ئامرازێکە بۆ پێوەندیگرتن، هاوکاتیش، ئامرازێکە بۆ بیرکردنەوە، بۆ فۆرمپێدان بە سیستەمی فیکری مناڵ و فێربوون، ئامرازێکە بۆ بەیانی پێناسەکردنی مرۆڤ ، بەو گروپە کۆمەڵایەتییەی کە خۆی پێوە دەناسێنی(identity، وەک کورد، تورک، عەرب، فارس و هتد)، ئامرازێکە بۆ بەیانی فەرهەنگ و ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکان. زۆربەی زمانناسانی جیهان، بە لانی کەمەوە، لە سەر ئەم چوار خاڵە گرنگە هاوبیر و هاوڕان.

کاریگەریی زمانی دایک لەسەر فێربوون و گەشەی فیکری و فۆرمپێدان بە کەسایەتیی مناڵانی خوێندکار، بە تایبەتی لەم ٣٠ ساڵەی دواییدا، جێگای سەرنجی زۆربەی زمانناسان بووە. هەموو توێژینەوەیەک کە لەم بارەوە کراوە، بە تێکرایی جەخت دەخەنە سەر ڕۆڵ و دەوری زمانی دایک بۆ فێربوون و گەشەی بیر و مێشک. بۆ وێنە ٢ کەس بە نێوی ( Virgina Collier ،Wayne Thomas ) لە ئەمریکا، لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەوە کرد کە ئەگەر ڕوخسەت بە مناڵ بدەن کە بە زمانی دایک فێری خوێندن و نووسین بێت ئاکامەکەی چۆن دەبێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە یەکێک لە بەرینترین و وردترین لێکۆڵینەوە بووە کە لەم بووارەدا کراوە، نزیک بە ٥٠٠٠٠ خوێندکاری تێدا بەشدار بووە و زیاتر لە ٢٠ ساڵی خایاندووە. ئاکامەکەی ئەوە بووە کە:

ا : ئەو مناڵە خوێندکارانەی کە بە زمانی دایک و زمانی ئینگلیسی خوێندوویانە، سەرکەوتووتر بوون لەو خوێندکارانەی کە تەنیا بە زمانی ئینگلیسی خوێندوویانە.

ب : ئەو خوێندکارانەی کە زمانی دایکیان ئینگلیسی نەبووە و بە ئینگلیسی خوێندوویانە، لە ساڵەکانی هەوەڵی خوێندندا سەرکەوتوو بوون. بەڵام لە ئاستی خوێندنی باڵادا، کە پێویستیی بە ئاستێکی ئاکادیمیی زمان هەیە، تێدا دەمێنن و دوا دەکەون.

بە ڕاشکاوی، دەتوانم بڵێم کە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی نییە کە جەخت نەخاتە سەر دەور و نەخشی زمانی دایک. هەر بەم بۆنەیەشەوە بێت، پێویستە کە دایک و باوکان پێ دابگرن لەسەر خوێندنی مناڵانیان بە زمانی دایکی خۆیان.

لە لایەکی ترەوە، سەرەتاییترین مافی مرۆڤ ئەوەیە کە مناڵ بە زمانی دایکی خۆی بخوێنێت. نکوولیکردن لەم مافە، پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە. هەر لەم ڕووەوە، لە ساڵی ١٩٨٩دا لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڕیارێک دەرچوو، کە لە لایەن هەموو ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەوە پەسەند کرا. یەکێک لە بەشەکانی ئەم بڕیارنامەیە، کە بریتییە لە ٥٤ مادده، لە بەندی ٣٠ لایەنگری لە کەمایەتییەکان دەڵێ:

" ئەو مناڵانەی کە سەر بە کەمایەتییەکانی ئایینی، قەومی و یا زمانیین مافی ئەوەیان هەیە کە، بە کۆ یان تاک، لە زمان، فەرهەنگ و ئایینی خۆیان کەڵک وەرگرن و بە کاری بێنن " .

لە پاڵ ئەمەدا دەبینین کە دەوڵەتی تورکییە لە یاسای بنچینەیی ( قانون اساسی) لە بەندی ٤٢دا دەڵێ :" هیچ زمانێک، بێجگە لە زمانی تورکی، نابێت وەک زمانی دایک، بو خوێندن و وانەوتنەوە بۆ هاووڵاتی و شارومەندی تورکییە، لە بنکە و فێرگەکاندا کەڵکی لێ وەرگیرێت" .

یاسای بنچینەییی ڕێژیمی جمهووری ئیسلامییش لە بەندی ١٥دا دەڵێ:

" زمان و خەتتی ڕەسمی و هاوبەشی خەڵکی ( زمان، خەت، مێژوو و ئالای وڵات) ئێران فارسییە.

لە سووریایش، لە ساڵەکانی ١٩٤٦ەوە، دوای دەرچوونی هێزەکانی فەرانسە لەم وڵاتە، زمانی کوردی وەک هەموو دیاردەکانی فەرهەنگی کوردی قەدەغە کرا.

هەر کەسێک، کە خۆی بە دێمۆکرات، ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز دەزانێت، ئەرکی سەرشانیەتی کە لەم مافە سەرەتاییە، مافی خوێندن بە زمانی دایک، داکۆکی و پشتیوانی بکات. ئەگەر بڕوا بە " مافی دەربڕینی بیروباوەڕ" هەیە، ئەوەش ( مافی خوێندن بە زمانی خۆ) بەشێکی جیانەکراوەیە لەم عەقیدەیە.

جێگای خۆیەتی کە هەڵسووڕێنەرانی سیاسی، حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، لایەنگرانی مافیمرۆڤ بە پێداگرتنی زیاتر و قورستر، لەسەر ئەم مافە بدوێن. ئەوە پێوەرێکە بۆ هەڵسەنگاندنی ئازادیخوازی، پێشکەوتوویی و عەداڵەتخوازی .

ڕووانگە

## **هەڵە چێنی** به بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی

مستەفا شێخە

«ئیشتیباهی غەیری موەجەهی کوردان لە بەرانبەر ئەسلی ١٥ی قانونی ئەساسیی ئێراندا»



دوای پیروزیی ئینقلابی ئەقشاری موختەلفی ئێران بە ڕەهبەریی بادرایەتی ئیمام. هەر لە ئیبتدای ئەم ئینقلابە عەزیمەدا ئۆممەتی هەمیشە دەرسەحنەی ئێران ڕەئی موسبەتیان بە جەمهوریی ئیسلامی دا و لە نێوان تاغووت و ئیسلامدا ئیسلامیان ئینتیخاب کرد.

دوای ئینتیخابی ئیسلام، ئۆممەتی هەمیشە دەرسەحنە بە کووری چاوی زیدی ئینقلاب و جەنایەتکارانی جەهانی، قانوونی ئەساسی جەمهوریی ئیسلامیش لە تەسویب گوزەرا و جارێکی دیکە پووزەی دوشمەنانی ئێرانی یەک پارچەی بە خاک ماڵی. وەلایەتی بادرایەتی فەقیه وەک ئەسلی تەغییرناپەزیری ئیسلام، قانوونی ئەساسیی خستە ژێر چەتری خۆی و ئێستاش هەروا لە گەزەندی دوشمەنان حیفزی دەکات.

قانوونی ئەساسی لە ژێر چەتری وەلایەتی فەقیهـ دا بە تەوری موستەمڕ تەمامی شئووناتی زیندەگی ساکنینی ئەم مەرزو بوومەی لە یاد نەبردووە و نەزارەتی بەسەر هەموو جێگەیەکی دانەدانەی ئەعزای ئۆممەتی ئیسلامیدا هەیە. موتەئسیفانە دوای پیروزی ئینقلاب تێعدادێک ئەجیرشودەی بیگانە دەر راستای ئەمیالی شەیتانی دوشمەنانی سەوگەند خوردەی ئیسلام بەرعەلەیهی نیزامی موقەددەسی ئیسلامی قەدیان عەلەم کرد کە دوای ئەوەی لە نەدامەتگاکاندا هەر کودام لە ئەعزای بەدەنیان زەرەباتی مەخسووسی خۆی وێکەوت، ئیرشاد کران و ئەوانی دیکە لە ژێر دەستی عەدالەت رایانکرد.



# پاراستن و خزمەتی زمان، ئەرکی نەتەوەییە.



قانوونی ئەساسیی جەمهوری ئیسلامی موشتی دەندانشێکەنی لە لووتی ئەو کەسانەدا کە چاویان بەم قانوونە جوان و ڕێکوپێکە هەڵنایەت.

ئەسلی ١٥ی قانوونی ئەساسی کە زۆر بە سەراحەتەوە باس لە لەهجەها و گوێیشهای ئێران دەکات، ئیجازەی بە گوێیشهای کوردی، ئازەری، بەلووچی و دیگەر گوێیشهایی مەحەلی داوە بە کەیفی خۆیان مەراسماتی وەک مەولوودیخانی و مەوعیزەی ڕەوحانیونی موحتەڕەم بە لەهجە و گوێیشهایی خۆیان ئیجرا بکەن.

جەمهوری ئیسلامی بە شەفقەتەوە و بە نیگاهێکی تۆئەم با تەڕەحوم ڕووی کردووەتە هەموو قەومیەتەکانی ئێران و ئەسلی پازدەی لە قانوونی ئەساسیدا گونجاندووە. بە پێی ئەم ئەسلە:

«زەبانی ڕەسمی و خەتی موشتەرەکی ئێرانیەکان فارسییە و ئەسناد و متونی ڕەسمی و کوتوبی دەرسی بەم زمان و خەتە دەنووسرێن، وەلی ئیستیفادە لە زەبانهای مەحەلی و قەومی لە مەتبوعات و ڕەسانەهای گروهیدا و هەمچونین تەدریسی ئەدەبیاتی ئەوان لە مەدارس لە تەنیشت زمانی فارسی ئازادە.»

دیقەت لە ئاخیری ئەم ئەسلە بکەن، بە سەراحەتەوە کەلیمەی ئازادی بەکار بردووە. باس لە ئازادی دەکات.

جا تۆخودا لەم بورهە حەساسەدا کە ئیستیکباری جەهانی خەریکە بیانوومان پێدەگرێت، تەوەجۆهـ بە تەوتئەهایی ئاشکار و پەنهانی بیگانەگان بکەن. جارێکی دیکە خەریکە بە بیانووی دیفاع لە زەبانی مادەری، دەستی شەیتانی بزورگ لە ئاستینی زیدی ئینقلاب دێتە دەر. کەس‌نییە بە ئەو لەخودا بێخەبەرانە بڵێ ئاخر ئێمە کە بە گوێیشی کوردی قسە دەکەین، زمانەکەمان چ عەیبێکی هەیە؟ کێ بۆتە سەددی ڕاهمان کە خدمەتی پێ نەکەین؟ ئێستاش من پێشنهاد دەکەم هەموومان لە جەواری ئەسلی ١٥ی قانونی ئەساسی خدمەت بە نیزامی موقەددەسی جەمهوریی ئیسلامی بکەین.

کوردستان و کورد

## زمانی دایک هەڵگری زمانی نەتەوەییە؟!

سەلام ناوخۆش

دەروازە:

زمان _Language هەتا لە (ماڵ _ Home ) بێ تەنها ئارێشەیەکی _ Dilmma کۆمەڵایەتیە, بەڵام هەرکە لە چوارچێوەی ماڵ دەرچوو ئارێشەی تر و ( واتا ) و (مەدلول) تری لە خۆ دەگرێت . لە دەرەوەی ماڵ زمان دەبێتە ناسنامەیەکی سۆسیۆ سیاسی . ئەم دیاریدەیە ئەو چوارچێوە وناسنامەیە ئەو کاتە زیاتر هەبوونی دەبێ , کە ئەو کۆمەڵگا زمانەوانییە, کۆمەڵگایەکی چەند زمانیی-multi-lingual بێت و سستەمی وڵات دکتاتۆری هەروەها فەلسەفەی سیاسی وڵات تا کرەوی نەتەوەیی بێ _ بە واتایکی تر هەرکە شۆڤینیزمی نەتەوەیی لە وڵات باڵادەست بێ : ئەوا شۆڤینیزمی زمانیش بەرقەدار دەبێت . لە و نێوە زمانی دایکی نەتەوەی ژێر دەستە دوچاری ئاستەنگێکی سایکۆلۆژی دەبێ . هەر لە دایەنگاوە ئەو جۆرە منداڵانە ( عەقڵ) و ( زمان ) و ( بیرکردنەوەی ) منداڵانەیان داگیر دەکرێ !

ئەم کورتە نوسینە هەوڵدەدات خوێندنەوەیەک بۆ چەمکی (زمانی دایک) تیۆرە بنەڕەتیەکان بکات هەروەها لە ڕەوشی زمانی دایک لە کۆمەڵگای کوردی بدوێ.

### چەمکی زمانی دایک

چەمکی زمانی دایک چەمکێکی فرەرەهەند و فرە مەدلولە . لە زمانی ئینگلیزی چەند ناوێک کە هەموو واتای وردی زمانی دایکیش نابەخشن وەک هاو واتا بۆزمانی دایک بەکاردێن: First language _ زمانی یەکەم:native Language _زمانی ڕەسەن : cradle Language_ زمانی ناو لانکە هەروەها mother tongue_ زمانی دایک !

زمانی دایک دەستەواژەیەکە تەواو ئاکام ناپێکێ، چونکە وەرگر،خوێنەر کە پەیڤی( دایک ) دەبینێ زەنی بۆ ئەوە دەچێ کە مەبەست لەو ( دایکە) دایکی ڕەسەنی زمانەکە بێت . یاخود مەبەست لێی مێیەی سەرەکی خانوادە- ( دایک) بەرامبەر ( باوک) بێت ! لە بنەڕەتدا تەنها لە یەک حاڵەتدا،زمانی دایک واتای ئەو زمانە دەبەخشێ کە دایکی ڕەسەن منداڵەکەی لە کۆمەڵگایەکی تاکزمانیدا فێری زمانی خۆی دەکات .

### زمانی دایک و تیۆرە سایکۆلۆژییەکان

لەم بەشە ئاماژە بە شوناسی ئایین و زمانی زگماکی منداڵ دەکەین.بەرلەوەی قسە لە سەر دید و بۆچوونێکی دەرەوەی بازنەی دیین بکەین, بە پێویستی دەزانیین گوتاری دیین ئاماژە پێبکەیین...

لە قورئاندا , لە ئایەتێکدا بە ڕاشکاوی قسە لەسەر( باوەڕی) مروڤ کراوە بەر لەوەی بێتە ناو جیهانی دەرەوە:خودا مرۆڤی لە سەر سروشتی دینی خۆی ئافراندووە...ڕۆم:٣٠ هەروەها لە فەرمودەیەک هاتووە:" هەموو زارۆکێک بە ڕەمەکی لە سەر سروشتی دینی خودا لە دایک دەبێ , ئەوە دایک و باوک و دەوروبەرە لەو سروشتە دووری دەکەنەوە و بە جولەکە و گاوری و ئاگرپەرستی دەکەن." ئەم دوو دەقە تەواو ئەوە دەردەخەن کە مرۆڤ لە ژێر کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی دایە....هەرچی مەسەلەی زمانە ,ئەوە قورئان لە (٢٥) دەقدا ,بە واتای جودا باسی لە (زمان) کردووە.جگە لە واتا کۆزمانەوانی و ئەتنیکییەکانی, ئەوە لە چەند دەقێک بە ڕوون و ئاشکرا ئاماژە بە (زمان-وەک زبان:ئەندامی ئاخاوتن و تامکردن و چێژوەرگرتن دەکا , بە تایبەتی لە مەسەلەی ئافراندنی مرۆڤدا.بە واتای مرۆڤ بە زمانەوە لە دایک دەبێ:هەموو زارۆکێکی سروشتی خاوەن سیستەمی وەرگرتنی زمانە.ئەو سیستەمە لە تەمەنی دوو ساڵیەوە تەواو ئامادەیە نەک هەر تەنیا بۆ (وەرگرتنی) زمانی دایکی , بەڵکو هەتا (فێربوونی) زمانی تر!!

زمان لە قورئاندا ناسنامەی ئادەمیینی مرۆڤ دەگەیەنێ!! هەبوونی سیستەمی وەرگرتنی زمان هەر تەنها (جەستەیی) نییە , بەڵکو (مەعنەوی)یشە.لەم ڕوانگەوە دەکرێ بانگەشەی ئەوە بکەین کە (باوەڕ) و (زمان و زبان) بەشێک لە سروشتی ئافراندی منداڵ پێکدێنن , بەڵام ئەوەی یەکەم ناسنامەیەکی هەیە لە هەردوو دنیای کۆنکریتیدا ,هەرچی زمانە لە بەرایی ڕەمەکییە و لە پاشان کۆمەڵگا ناسنامەیەکی نەتەوەیی یان ئایینی بە مل دادەبڕێ!!

هەرچی هزری مرۆڤە ئەوە ئێمە قسە لەسەر دوو تیۆری دژ بەیەک دەکەین.

### تیۆری یەکەم

تیۆرەکەی ستیڤن پینکەر

پینکەر لە سێ کتێبدا لە پژانی زمان و ئەدگارەکانی دەدوێ. سەرەتا ,پینکەر بە پاڵپشتی تیۆرەکانی نۆم چۆمسکی و تیۆری پەرەسەندن ,تیۆرەکەی خۆی فۆرمەلە دەکات: زمانی ڕەمەکی منداڵ لە ئاکامی پرۆسەی هەلبژاردنی سروشتەوە پەیدادەبێ.منداڵ کە لە دایک دەبێ هەڵگری جینێکی ڕەمەکییە و ئەو جینە شیانی ئاخاوتن و فێربوونی لە خۆ گرتووە.






پینکەر باوەڕی بە مەسەلەی تابلۆی سپی مێشکی منداڵەوە نییە !!چونکە ئەم تیۆرە هەر تەنها جەخت لە سەر پرۆسەی فێربوون دەکات و هەبوونی سیستەمی وەرگرتنی زمان لە مێشکی زارۆک ڕەتدەکاتەوە.
لە سێیەم کتێب باس لە زمانی هزر دەکات و دەڵێ هەموو مرۆڤێ هەڵگری ئەو جۆرە زمانەیەکە .ئەو جۆرە زمانە پەنجەرەیەکە بە سەر سروشتی مرۆڤەوە و هەر بەو هۆیەوە هەوڵ دەدەین ڕامانێک بە جیهانی دەوروبەرمان ببەخشین. پینکەر دەنووسێ:"ئەو وشانەی بە کاریان دەهێنیین و کار و ناوەکان , میتافۆر و پێکهاتە ڕێزمانییەکان دەتوانن زۆر شتمان پێبڵێن: لە بارەی ئەو کۆمەڵگایانەی تێیان دەژیین هەروەها لە بارەی عەقڵ و میشکمان و چۆنیەتی کارکردنیان.

### تیۆری دووەم

گیۆفری سامپسۆن لە " پەروەردەکردنی حەوا" بە شێوازێکیتر لە زمانی ڕەمەکی دەدوێ. سامپسۆن لە سەر بنەما و شەنگستەکانی تیۆرەکانی کارل پۆپەر لە پرۆسەی فێربوون دەدوێ:"کە لە دایک بووین هیچمان نەدەزانی ,بەڵام شیانی ئەوەمان هەیە فێری هەموو شتێک ببیین" هەر لەو بارەیەوە لە حەوا دەدوێ:"حەوا کە دروست بوو هیچی نە دەزانی , جاهیل بوو ,بەڵام فێرخواز و وەرگرێکی باش بوو!"
هەردوو تیۆرەکە کێماسیان زۆرە ,چونکە هەر یەکەو لایەنێکی وەرگرتووە هەرچی قورئانە جەخت لە هەردوو لا دەکاتەوە :مرۆڤ هەم پرۆگرام کراوە بە سیستەمی وەرگرتنی زمان هەم خۆی کائینێکە توانای فێربوونی هەیە.

### زمانی ڕەمەکی و زمانی دایک

زمانی ڕەمەکی زمانێکی بایۆلۆژیی و مەعنەوییە.زبان بەشێک لە پێکهاتەی جەستەیی مرۆڤ پێکدەهێنێ و هۆکارێکی جیاکەرەوەی مرۆڤە لە هەر کائینێکی تر .هەرچی زمانی دایکە , دیوێکی تری زمانی ڕەمەکی مرۆڤە .زمانی دایک ناسنامەی مرۆڤ پێکدێنێ .ئەو زمانە هەروەک لە بەرایی وتمان لە ناو کۆمەڵگا بە ناوی تر و واتای تر بە کاردێ: واتایەکی تری زمانی دایک،زمانی منداڵییە–بەواتای ئەو زمانەی منداڵ یەکەمجار لە ماڵەوە فێری دەبێت. ئەو جۆرە زمانەش کراوەتە چەند قۆناغێک :زمانی لانکە : ئەو زمانەی منداڵ لە قۆناغی ساوایی،کە هێشتا لە ناو لانکە فێری دەبێ. دووەم , زمانی دوای قۆناغی ناو لانکە، کە هەر تەنها دایک ڕۆڵی سەرەکی تێدا نابینێ بەڵکو دەوروبەریش بەشدار دەبن لە فێرکردنی . لەو دوو قۆناغە منداڵ زمانێکی ڕێسایی _Regular بە عەقڵی خۆی دادە مەزرێنێ هەرچی پرەنسیپە نارێساییەکانی _ Principles of Irregularities زمانی دایکە منداڵ لەو قۆناغە بە ڕێساییان دەکات !
وێڕای ئەمەش، زمانی دایک بە زمانی ڕەسەن شرۆڤە دەکرێ.ئەو جۆرە زمانە لە گەڵ منداڵ ‌ لەدایک دەبێ. ئەمە زمانێکی بنەڕەتییە منداڵ بە ڕەوانی لە دایک و باوک و دەوروبەری فێردەبێت. ئەو دیاردەیە و ئەوەی پێشووش لە کۆمەڵگای تاکزمانیدا منداڵ بەبێ گرفت فێری دەبێ! لە کۆمەڵگای فرە زمانییدا ناسنامەی زمانی دایک،ناسنامەی نەتەوەیی ون دەکات.لە تاراوگە ئەو کوردانەی بە هەر بەهانەیەک هاوسەرگیری لە گەڵ ئافرەتی ڕۆژئاوای پێکدێنن، منداڵەکانیان لە نێوان زمانی باوکیان و دایکیان سەرگەردان دەبن . بۆ ئێمەی کورد کام زمان، زمانی باوک،یان زمانی دایکەکە دەبێتە زمانی کوردی یاخود زمانی نەتەوە ؟!بێگومان هەردەم زمانی دایک زمانی نەتەوە پێکدێنێ نەک زمانی باوکێکی کە خۆی زمان و دین و کەلتوری نەتەوەی پێ دواکەوتوو بێ.. لەم ڕوانگەوە بەشێکی دایەسپۆرای کوردی خۆی هەرەشە لە ئایندەی زمانی کوردی دەکات!!چونکە زمانی نەتەوە ون دەبێ نەک تەنها وەک بوونیکی ڕۆژانە, بەڵکو وەک بوونێکی مەعنەویی و نەتەوەیی!!
لە لایەکیتر،لەو کۆمەڵگایانەی منداڵی بیژی بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر هەن دایک و باوکی ئەو منداڵانە حاڵەتێکی دەرونی سامناک بۆ ئەو منداڵانە دروست دەکەن،چونکە ئەوانە بە ناچاری بە دەوڵەت دەستپێردرێن لە سێوێ خانە (هەتیو خانە ) زمانێک فێردەبن لە وانەیە هیچ پیوەندی بە زمانی نەتەوەیی خۆیانەوە نەبێت !
زمانی دایک ,زمانێکی هەڵگری کرۆمۆسۆمی نەتەوە نییە,بەڵکو منداڵ لە دەوروبەر فێری دەبێ,بۆیە زۆر گرنگە منداڵ لە چواچێوەی وڵات, لە نێو باوەشی گەرمی دایک و باوکێکی کوردەوە زمانی بیژێ!!!

### زمانی دایک و زمانی نەتەوە

زمانی دایک چەندان واتای تر هەڵدەگرێ، بەڵام ئەوەی ئەم نووسینە کاری لە سەر دەکات زمانی نەتەوەیە. لە دوای ڕوداوی خوێناوی (٢١ ) ی شوباتی ١٩٥٢ لە بەنگلادیش زمانی دایک بووە زمانی نەتەوە، زمانی نیشتیمان! دوای جیابونەوەی پاکستان (پاکستانی ڕۆژئاواو پاکستانیرۆژهەڵات -بە نگلادیش) لە هیند جیابۆوە سەرانی پاکستانی ویستیان زمانی (ئۆردو ) بە سەر تەواوی پاکستانی گەورە بسەپێنن، بەڵام بەشی پاکستانی ڕۆژهەڵات، کە ئێستا پێ ی دەوترێت بەنگلادیش بەو پرۆسە شۆڤینیە رازی نەبوون,بۆیە قوتابیانی زانکۆ و سیاسەتمەدار و چالاکوانانی بەنگلادیش لە ٢١-ی شوباتی ١٩٥٢ بەرانبەر بە دەسەڵاتی عەسکەرتاریەتی پاکستانی ڕاپەرین و داوایانکرد کە زمانی (بەنگالا)،کە زمانی لە٩٨% بەنگلادیشیەکانە لەو بەشەی وڵات بکرێتە زمانی فەرمیی و ستاندەر؛ دەسەڵاتی پاکستان بە (چەک) وەڵامی ئەو داوا سروشتی و یەزدانییەی بەنگەلادیشیەکانی دایەوە!!

‌چەندەها قوتابی و چالاکوان بوونە شەهیدی زمانی دایک.لەو نێوە ناوی ئەو چوار کەسە زۆر لە میدیکاندا دێت:سەلام،ڕەفیق،جەبار،بەرەکات.

نزیکەی نیو سەدە لە دوای ئەو ئۆپراسۆنیە شۆڤینی و فاشیە، یۆنیسکۆ لە(١٧ ) ی(١١) ی ١٩٩٩ بریارێکی جیهانییدا لەمەر مافە زمانەوانییەکانی گەلانی خاوەن وڵات و بێ-وڵات!!ڕۆژی (٢١)ی شوبات،وەک ڕێزێک لە بزاڤی زمانیی بەنگلادیشییەکان،کرایە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک.
زمانی نەتەوایەتی ناسنامەیەکی سیاسی زمانە هەروەها ئەو زمانە سنوری (زاری) تێپەڕاندووە و بە هیچ جۆرێ ئەو زمانە لە چوارچێوەی هۆز و عەشیرەت نەماوە تاکو بە زار دابندرێ یان بە زارێک بەراورد بکرێ. لەم ڕوانگەوە زمانی نەتەوایەتی زمانی هەموو تاکێکی نەتەوەیە(ئەگەر هەندێ لە تاکەکانی نەزانن بە کاریشی بێنن یان نەیانەوێ بە کاریبێنن!!)ڕاستە زمانی نەتەوایەتی لە ڕووی سیاسیەوە ئەو زمانەیە کە لە سنوری جوگرافی وڵاتێکی تاکنەتەوەدا بە کاردێ, بەڵام زمانی نەتەوایەتی لە دەرەوەی سنوری جوگرافی وڵاتیش هەر ناسنامەی تاک دەپارێزێ! لە ناو کوردان، زمانی دایک زیاتر بە واتای زمانی نەتەوایەتی،زمانی زێد،زمانی نیشتیمان دێت، بۆیە زمانی دایک لە لای تاکی کورد زیاتر مەدلولێکی سیاسی دەبەخشێ –بە حوکمی ئەوەی کورد لە مێژە هەڕەشەیەکی گەورەی لەسەرە هەتا بە جۆرێ جگە لەبەشی باشوری کوردستان، زمان لە تاکەکان زیاتر هەرەشەی لێدەکرێ.داگیرکارانی کوردستان هەر کار لە سەرناوبردنی زمانی کوردی ناکەن،بەڵکو هەتا بە مکوری کار لەسەر کوشتنی کەسایەتی و مێژوو و جوگرافیا هەتا جیهانبینیدینی کوردی دەکەن!

### پوختە

یەکەم زمان لە ژیانی مرۆڤدا بەهایەکی کۆمەڵایەتی هەتا لە پاشان ( سیاسی) شی دەبێت , چونکە یەکێ لە بنەما و شەنگستەکانی ناسنامەی زمانەوانی کۆمەڵایەتی , ناسنامەکەی کەسەکە پێکدێنێ .وێرای ئەو ناسنامە کۆمەڵایەتییە، یەکەم زمانی مرۆڤ ( زمانی دایک نەک زمانی ڕەمەکی)لە ناو کۆمەڵگا ناسنامەیەکی نەتەوەیی و سیاسیش هەڵدەگرێ،کە لە کۆمەڵگایەکی چەند زمانیدا بەهایەکەی زۆر لە بەها کۆمەڵاتیەکە زیاتر دەبێت . لەم پێوەدانگەوە، بە سود وەرگرتن لە (٥٢) بەندەکەی جارنامەی جیهانیی مافە زمانییەکانی یۆنیسکۆ باهەوڵبدەین زمانێکی (ستاندەر) بۆ(خوێندن ) و زمانێکی (فەرمیی) بۆ حکومەتی کوردستان فەراهەم بێنین ,چونکە یەک زمانی ستاندەر و یەک ئەلفبێ و یەک ڕێنووس بونیاتی دامەزراندنی یەک نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی لێدەکەوێتەوە ...
هێشتا دەرفەت ماوە !! ئەگەر لە رووی دینی یان نەتەوەیی لە مەسەلەی ئەو سێینە لێکجیانەبۆوە ورد بینەوە هیچ بزاڤێکی نەتەوەی لە جیهان نییە دەستبەرداری ئەو ئامانجانە بێ !! بزاڤێکی ناسیۆنالیزمی

نییە زمانی نەتەوایەتی و دەوڵەتی نەتەوەیی لا پیرۆز نەبێ !!

ئەگەر لە عیراقی فرە-نەتەوە و ئێستای پڕ ئاشوب دەسەڵاتی کوردی خەمی زمانی نەتەوایەتی نەبێ و کاری بۆ نەکات و هەر خەریکی بچووککردنەوەی زمانی نەتەوایەتی بێ و بەیت و بالۆرەی (یەکسانی زارەکان!!) بە مومارەسەی دیموکرایەت تێبگا ئەوە شیمانەی ئەوە دەکرێ دەسەڵاتدارانی بەغدا لە ناسینی زمانی کوردی وەک زمانی دووەمی عێراق پەشیمان ببنەوە !! جا،کە دەوڵەتێکی وەک پاکستان نکۆلی لە ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی زمانێکی وەک بەنگالی بکات کە زیاتر لە دووسەد ملیۆن قسەپێکەری هەبێ، ئەوە چۆن شۆڤینیە سیاسیەکانی بەغدا، ئەگەرجارێکی تر دەسەڵاتی ڕەهایان لە بەغدا پەیداکردەوە نکۆلی لە زمانی گەلێکی شەش ملیۆنی لە کوردستانی باشور ناکەن ؟ ئەگەر (هەموو) ئەو دەرفەتە نەقۆزینەوە:ئەوە ئێمەش وەک داگیرکاران بەشداردەبین لە چەوساندنەوەی زمانەکەمان !!

ماڵپەڕی زمانناسی

## سپاس و پێزانین بۆ پشتیوانانی بانگەواز بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکییەوە

بانگەوازیک کە ڕۆژی١٤ی فیورییەی ئەمسال بە مەبەستی ریز گرتن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی بلاو بۆوە، لە گەل پێشوازی و پشتیوانیی بەرینی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، ئەنجومەن و ناوەندە کولتووریيەکان، راگەیەنە جۆراوجۆرەکان و سەدان کەسایەتی و چالاکی سیاسی، فەرهەنگی و خەباتگێر و ئازادیخواز لە نەتەوە جیاوازەکانی ئێران بەرەوروو بوو. لە ماوەی کەمتر لە دوو حەوتوو دا نزیک بە ٧٠ حیزب و ریکخراوی سیاسی، ئەنجومەنی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و رادیۆ، تەلەڤیزیۆن، سایت و هەر وەها زیاتر لە ٣٧٠ کەسایەتی و چالاکی جۆراوجۆر لە نەتەوەکانی ، ئازەری، کورد، بەلووچ، عەرەب، تورکمەن و فارس پشتیوانییان لەم بانگەوازە کرد.



ئەم پێشوازی و پشتیوانییە بوو بە هۆی ئەوە کە ئەمساڵ، ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی و ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی و زمانی لە لایەن رادیۆ و تەلەڤیزیۆن و مالپەرە ئەنترنیتییەکان و کۆڕ و کۆمەلە سیاسی و فەرهەنگیی سەر بە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێران، زیاتر لە جاران بکەویتە بەر سەرنج. لە راستیدا ئەم هەلمەتە بە پشتیوانی و هاوکاریی بە نرخ و بێدریگی یەک یەکی ئیوە، لە ماوەی دوو حەوتووی رابردوو دا توانی سەرنجی بەشیکی بەرچاو لە هاونیشتمانانی ئێرانیی بەر دەنگی خۆی لە نیوخۆ و دەرەوەی ئێران بۆ لای ئەو ئەرکانە رابکێشێ کە لە پێوەندی لە گەڵ داخوازەکان و مافەکانی نەتەوە نافارسەکان و زمانەکانی ئەواندا لە سەر شانیانە. لە نیوخۆی ئێرانیش دا سەرەڕای هەلومەرجێکی سەرکوتکەرانە کە لە بەرەبەری شانۆسازیی هەڵبژاردندا زاڵ کراوە، ئەمساڵیش لە نیشتمان و ناوچەی نەتەوە بندەستەکانی ئێراندا،چالاکیی جۆراوجۆر بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی و وەک نارەزایەتی دەربڕین لە ستەم و هاڵاواردنە نەتەوەیی و زمانییەکان بەرێوە چوون کە لە گەڵ کۆسپ و لەمپەر و هەڕەشە و سانسۆری خەبەریی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەرەوروو بوون.

پێشوازی و پشتیوانیی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، دامەزراوە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، کەسایەتییە خەباتگێرەکان و چالاکانی سەر بە نەتەوەکانی ئازەری، کورد، بەلووچ، عەرەب، تورکمەن و فارس لە نیوخۆ و دەرەوەی ئێران لەم بانگەوازە، هەڵگری چەند پەیامی گرنگن. ئەم هاوپیوەندی و هاودەنگییە دەری دەخەن کە هێنانە گۆڕی داخوازە نەتەوەیی و زمانییەکان، نەک چی دیکە 'تابوو' نین، بەڵکوو ژمارەی لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتی و بژاردەکانی کۆمەل کە خوازیاری نەهێشتنی هەڵاواردن دژی نەتەوەکان و زمانەکانی نێو ئێرانن، رۆژبەرۆژ زیاتر دەبێ. هاودەنگی و هاوهەنگاویی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ، راگەیەنەکان، کەسایەتییەکان و چالاکانی بواری جۆراوجۆر لە پشتیوانی لەم بانگەوازەدا، دەری خست کە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی و پرسی ستەمە نەتەوەیی و زمانییەکان دەتوانن بەستێنێکی باش بن بۆ وەرێخستنی خەبات و چالاکیی هاوبەش بە بەشداریی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و زمانییەکان لە پانتایی ئێراندا. هەر بۆیە دەتوانین بە ئەزموونێکی سەرکەوتووی دابنێین و بە دەرس وەرگرتن لە زەمینە و خالە بە هێزەکانی، لە داهاتووش دا بۆ بۆنەکانی دیکە کەلکی لێوەربگرین.

ئێمە ئەو پەڕی پێزانین و سوپاسی خۆمان بەرامبەر پشتیوانی و هاوکاریی هەموو لا لەو بانگەوازە رادەگەیەنین . بەشداریی هاونیشتمانان بە میللییەت و زمان و بیرورای سیاسیی جۆراوجۆر لەم هەڵمەتە دا کە نیشانەی تێگەیشتنی دروست و بەرپرسانەیان لە داخوازە رەوا و ئینسانییەکانە، جێگای ریز و پیزانینمانە. هەر لەو کاتە دا داوا لە هەموو داکۆکیکەرانی مافە نەتەوەییەکان و لایەنگرانی بە رەسمی ناسرانی زمانە زگماکییەکان لە جوغرافیای ئێران دا دەکەین کە پێشنیاری خۆیان لە بارەی جۆری بەردەوامراگرتنی ئەو حەرەکەتە و چۆنیەتیی پاراستن و درێژەدانی دەسکەوتەکانی بۆ ئێمە بنێرن.

دەستەی بەڕێوەبردنی

بانگەواز بە مەبەستی رێزگرتن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی

mothertongue21@gmail.com

٢٥ی فێوریە ٢٠١٢

٦ی ڕەشەمەی١٣٩٠

## مەرگی بێدەنگ (خەسارناسیی زمانی زگماکی لەنێو کوردەکانی باکووری خوراسان)

شیرین دەوڵەتپوور . دەرگەز

(بەشی یەکەم) و: سیروان موساپوور

لە زستانی ساڵی رابردوو «ماری ئیسمیت جۆنز» دوایین پاشماوەی خۆجێییەکانی «ئەیاک»ی ئالاسکا و تەنیا کەسێک کە توانای قسەکردن بە زمانی ئەم گرووپە لە سورپێستەکانی نیشتەجێی باکووری رۆژئاوای ئەمریکای هەبوو، لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. بە مردنی ئەو کەسە، زمانێکی دیکەش لە زمانەکانی سەر ئەم جیهانە کەم بۆوە و لەنێو چوو. خاتوو جۆنز حەوت مناڵی لەپاش بەجێماوە بەڵام توانای پەیڤین و قسەکردن بە زمانی دایکیی خۆیان نییە، چونکە لە ئالاسکا زمانەکەیان قەدەغە کراوە و خەڵکی خۆجێیی ناچار کراون تەنیا بە ئینگلیزی قسە بکەن. لە زۆر ناوچەی جیهان، بێجگە لە سنووردارێتی و بەربەست دانانی حکوومەتەکان لە پەروەردە و قسەکردن بە زمانی دایکیی، ئەم زمانانە لە ماڵەکاندا و لەلایەن دایک و باوکانەوە تووشی سڕانەوە و لەنێوچوون دەبن. بە شێوەیەک کە هەر لەم پێوەندییەدا رێکخراوی یۆنیسکۆ رایگەیاندوە کە لە شەش هەزار و حەوت سەد زمانی دنیا زیاتر لە نیوەیان خەریکی لەنێوچوونن و بە شێوەی مامناوەنجی لە هەر پازدە رۆژدا، زمانێک لە جیهاندا لەنێو دەچێ. ئەم رێکخراوە پێشبینی ئەوە دەکا کە زیاتر لە چل لە سەدی (٤٠%) زمانەکانی دنیا چارەنووسێکی هاوشێوەی چارەنووسی زمانی خەڵکە خۆجێییەکەی «ئەیاک»یان دەبێ.

بە هەستکردن بەم نیگەرانییە، رێکخراوە فەرهەنگییەکانی جیهان بە خستنەڕووی کۆنڤانسیۆن و راگەیاندراوی جیاواز خوازیاری پشتیوانی و زیندووراگرتنی زمانی دایکیی نەتەوە و قەومە جۆراوجۆرەکانی سەرانسەری جیهانن. رێکخراوی یۆنیسکۆ وەگ گرینگترین رێکخراوی فەرهەنگیی دنیا بە دیاریکردنی 21ی فەورییە وەک رۆژی جیهانیی زمانی دایکیی، رۆڵێکی گرینگ و بەرچاوی لەم بوارەدا گێڕاوە بۆ ئەوەی زمانی دایکیی بۆ هەمیشە لە رۆژژمێری فەرهەنگیی وڵاتاندا بە زیندوویی بمێنێتەوە و بە ملیۆنان مرۆڤی دوورکەوتوو لە زمانی دایکیی خۆیان بتوانن فێری ببن.

بە بڕوای کۆمەڵناسان، زمان یەکێک لە نیشانە کلتوورییەکان و بەشێک لە شوناسی قەوم و نەتەوەیەک دێتە ئەژمار. بە واتایەکی دیکە و لە روانگەیەکی فراوانتردا، دەبێ زمان لە گشت توخمە کلتوورییەکانی دیکە بە تەواوەتی بە جیا دابنرێ چونکە لە لایەک ئامرازی دەربڕین، فێربوون و گەشەی کلتوورە و لە لایەکی دیکەش کەژاوەی گواستنەوەی کلتوور لە وەچەیەک بۆ وەچەیەکی دیکەیە. ئەوەی کە کلتوور و کەلەپووری رابردووەکان بە وەچەی ئێستا دەبەستێتەوە و جیلی داهاتووش لە بەها و باوەڕەکانی وەچەی ئێستا ئاگادار دەکاتەوە، زمانە. لەم رووەوە مەرگی زمانێک تەنیا لەنێوچوون و نەمانی ئامرازێکی پێوەندی گرتن نییە بەڵکوو مەرگی کلتوورێک بە هەموو رابردوو و پێشینەکەی و مەرگی نەتەوەیەک بە هەموو شوناسی ئیتنیکی، مێژوویی، کلتووری و ئایینییەتی.

بەڵام زمانی دایکیی چییە؟ زمانی دایکی بە زمانێک دەگوترێ کە زمانی ئیتنیکی، رەگەزی و سەرەکی دایکی مناڵە و منال قسەکردن بەم زمانە لە دایکی فێر دەبێ. زمانی دایکیی زمانی یەکەم، خۆماڵی و بنەمایەکە منال لە کاتی لەدایکبوونەوە لە دایک و لە بنەماڵەی خۆی فێری دەبێ و دەتوانێ قسەی پێبکا. لە بەرامبەردا، زمانی دووەم زمانێکی جیاوازە کە تاک لەوانەیە لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبووندا یان لە رەوتی راهێناندا فێری ببێ. پرسیار ئەمەیە کە هۆکارەکانی مانەوە یان لەنێوچوونی زمانێک چن؟ بە شێوەیەکی گشتی، کۆمەڵێک لە هۆکارە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگییەکان شێوە و شێوازی روانینی تاکەکان بۆ زمانێک پێک دێنن و ئەم روانگە و روانینانە دەتوانن لە هەڵبژاردنی زمان و بەکارهێنانی لەلایەن قسەپێکەران و فێرکردنی بە مناڵەکان لە چوارچێوەی خێزاندا رۆڵی دیاریکەریان هەبێ. لەنێو زمان و شێوەزارەکاندا جۆرێکیان لە کۆمەڵگەدا شانسی زیاتریان بۆ مانەوە دەبێ کە خاوەن پێگە و ئیعتباری کۆمەڵایەتی و کلتووری بەرزتر بێ. بەهرەمەندبوون لە ئێعتبار و شوێنگەی کۆمەڵایەتیش پێویستیی بە بەهرەمەندبوون لە پشتیوانی و داکۆکیی سیاسی، ئابووری، زانستی، ئەدەبی و کلتووری هەیە. روانینە نەرێنییەکان تەنانەت دەتوانن ببنە لەمپەڕی پێشوازی کردنی بەکارهێنەرانی ئەو زمانە بە وێژە و ئەدەبیات و بە تایبەت بە شێعر و ئەمە خۆی دەتوانێ یەکێک لەو هۆکارانە بێ کە خێرایی بە رەوتی لەنێوچوونی زمانەکە بدەن.

لە درێژەی ئەم بابەتەدا، ئامانجی سەرەکی ئەمەیە کە بزانین هۆکارەکانی راکردن لە زمانی دایکیی لەنێو کرمانجەکانی باکووری خوراسان چین؟ لەحاڵێکدا کە بەڵگە و ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەم شێوەزارە لەبەردەم مەترسی دایە و وردەوردە بەرەو فەرامۆشی دەڕوا، دەبێ چ بکرێ؟ لەم دەرفەتەدا مەبەستمانە لە رەهەندێکی کۆمەڵناسانەوە تاوتوێی ئەم دیاردەیە بکەین و هۆکارەکانی لە لایەنی دەروونی، کۆمەڵایەتی، کلتووری و بەهایی و کلتوورییەوە شی بکەینەوە.

کرمانجەکانی باکووری خوراسان گرووپێک لە کوردەکانن کە دوای کۆچکردن لە کوردستانی تورکیە بۆ ناوچەکانی باکووری رۆژئاوای ئێران، لە سەردەمی شائیسماعیلی سەفەویدا، بۆ بەرگریکردن لە سنوورەکانی خوراسان و پێشگرتن لە هێرشەکانی تورکەمەن و ئۆزبەکەکان، بۆ هێڵە سنوورییەکانی باکووری رۆژهەڵاتی ئێران کۆچیان پێکرا و نیشتەجێ کران. دواتر جێگرەوەکانی شائیسماعیل، سیاسەتی ڕاگواستنی ئەوانیان بۆ خوراسان درێژە پێدا و هۆزی زیاتریان بۆ ئەو ناوچەیە کۆچ پێکردن. بە شێوەیەک کە لە ئێستادا، حەشیمەتیان زیاتر لە ملیۆنێک کەس مەزەندە دەکرێ.(دیارە ئامارێکی ورد لەم بارەوە لەبەردەستدە نییە) کە لە دوو پارێزگای خوراسانی باکوور و رەزەوی نیشتەجێن. گرینگترین ناوچەکانی جێی نیشتەجێبوونیان بریتین لە شارەکانی قوچان، بجنورد، ئیسفراین، شیروان، چناران، دەرگەز، کەلات، ئاشخانە، مانە، سملقان، فاروج، باجگیران و بە رێژەیەکی کەمتر لە شارەکانی وەک مەشهەد، قوچان، گورگان، تاران و کەرەج. خەڵکی ئەو ناوچەیە بە شێوەزاری کرمانجی کە لقێک لە زمانی کوردییە، قسە دەکەن کە ئەمڕۆکە ئەم شێوەزارە و ئەدەبیاتی زارەکییەکەی بە هۆی گرینگی پێنەدان و نەبوونی رێنووس بەکارنەهێنانی، لەبەردەم خەسار و مەترسییەکی جیددی دایە. بە شێوەیەک کە لە ساڵانی دوایی و بە پەرەسەندنی کۆچکردن و دیاردەی شارنشینی، قسەکردن بەم شێوەزارە وردەوردە لاواز بووە و خەڵک حەز و هۆگرییەکی کەمتر بە بەکارهێنانی لە ژیانی رۆژانە و هەروەها فێرکردن بە مناڵەکانیان نیشان دەدەن. لە خوارەوەدا هەول دەدرێ باس لە گرینگترین هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە لەم ناوچەیەدا و لەنێو کوردانی باکووری خوراسان بکرێت.

### ١- رەوتی خێرای پرۆسەی مۆدێرنیزم و شارنشینی

زمانناسان هۆکارە سەرەکییەکانی گۆڕان و لەنێوچوونی زمانێک لە فاکتەرگەلێکی وەک کۆچکردن، ئاڵوگۆڕە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەزانن و پێیان وایە کاتێک کە کەمینەیەک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە کۆچ دەکا، بەرەبەرە زمانێک کە خاوەن هێز و بەربڵاویی زیاترە، جێگەی زمانی ئەوان دەگرێتەوە. زۆربەی کاتەکانیش ئەو زمانانە جێگەی زمانی سەرەکیی خەڵکەکە دەگرنەوە کە لە دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی زیاتر بەهرەمەندن. گەشەنەسەندنی ژێربنەماکانی وەرزێری و ئاژەڵداری لە ئێراندا کە دەبێتە هۆکاری دیاردەی نگریسی کۆچکردن لە گوندەکان بۆ شارەکان و ژیانی کۆچەری و راوەستاو لەسەر ئاژەڵداری و وەرزێری بەرەو لەنێوچوون برد، لە هۆکارەکانی لەنێوچوون و لاوازیی شوناس و میراتی کلتووری کوردانی خوراسان دێتە ئەژمار. پێکهاتی هۆزایەتی و گوندنشینی لەگە نزمیی ئاستی

خوێندەواری و شارەزایی و ئاگایی کلتووری و شوناسی لە کۆمەڵگەی ناوبراودا، بە خێرایی ئەم هۆکارانەی زیاد کرد. هەرچەند جێل و ژیانی خێڵایەتی و گوندنشینی لە نیوەڕۆکی راستەقینەی خۆیاندا پێگەی ڕەسەنایەتی، ئایین، کلتوور، زمان و دابونەریتەکانی نەتەوەیەکە و هەر یەک لە ئێمە لە داوێنی ئەو کلتوورەدا بووە کە ئەمرۆکە ئەم کەلەپووەمان لە باوک و دایکی خۆمان وەرگرتووە و وەک میرات بۆمان بەجێماوە، بەڵام نەبوونی بەڕێوەبەرێتی و ڕێنوێنیی دروستی ئەم کۆمەڵگە نائاگا و دەست لێنەدراوە لە ناسینی شوناس توانی بە هەمان رادە زیانبار بێ و خەساری گەورە بە میراتی کلتووریی کوردانی خوراسان بگەیەنێ. بە لەنێوچوونی ژیانی خێڵایەتی و گوندنشینی و کۆچکردن بەرەو شارەکان، ئەم گرووپە ناشارەزا و نائاگایە لە کۆمەڵگەی نوێی شارنشینیدا کە بەداخەوە هیچ فرەچەشنی و فرەدەنگییەک قبوول ناکا و سەرکەوتن تەنیا لە یەکدەستی و یەک شێوەبووندا دەبینێ، بۆ راکردن لەدەست روانین و هەڵسوکەوتی تێکەل بە سووکایەتی کە گاڵتە بە هێما و رواڵەت و کلتووری ئێلی و گوندیی دەکات و بە چاوی سووک سەیری دەکات، دەستیان بە دووبارە پێناسەکردنەوەی شوناسی نوێی خۆیان کرد. ئەم گرووپە لەجێهەڵکەندراوولێک بڵاوانە لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مۆدێرنیزم و شارنشینیدا تووشی سەرلێشێواوی و دژوازیگەلێک بوونەوە و لە بۆشایی و نەبوونی راگەیاندن، ئەنجومەن و گرووپە کلتووری ـ مەدەنییەکان و بژاردەکانی وریا و وریاکەرەوە، سەرەنجام قبوولکران و وەرگرتنی خۆیان لە شوێنی نوێ، بە «گۆڕینی شوناس» و راکردن و دوورکەوتنەوە لە شوناسی راستەقینەی خۆیان و قبووڵکردنی هاوشێوەیی لەگەل کۆمەڵگەی نوێدا بینی. یەکێک لە گرینگترین نیشانەکانی ئەم گۆڕانکارییە شوناسییە، گۆڕانی زمانە، کە بە خێرایی لەنێو ئەم کۆچبەرانەدا بڵاو بۆوە و بە رووکردنە زمانی فارسی، زمانی دایکیی وەلا نرا. بەم شێوەیە بوو کە پرۆسەی راکردن لە زمانی دایکیی لە چەند دەیەی رابردووەوە لەنێو کوردانی باکووری خوراساندا دەستی پێکرد و لە ئێستادا بە قۆناغی جێکەوتەیی و جێگیربوونی خۆی گەیشتووە.

## ٢- بایەخ پێنەدانی خوێندەواران و بژاردەکانی کوردی باکووری خوراسان

زمانناسان پێیان وایە کاتێک زمان یان شێوەزارێک بە قۆناغی سڕانەوە و لەناوچوون دەگا کە ئەو منالانەی ئەمرۆکە لەدایک دەبن، ئیتر بەو زمانە یان شێوەزارە نەپەیڤن. هەرچەند لەدایکبووانی ساڵانی پێشوو هەنووکەش دەتوانن بەو زمانە قسە بکەن، بەڵام بە جێگۆڕکێی وەچەکان، ئیتر کەمتر کەسێک دەست دەکەوێ کە بە زمانی ڕەسەنی دایک و باوکی قسە بکا. ئەمرۆکە کرمانجی باکووری خوراسان پێی لەوەها کەشێک ناوە و بەرەبەرە لە ڕەسەنایەتی و لەمێژینەیی خۆی دوور دەکەوێتەوە.

لەم نێوەدا، یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکان لە لەنێوچوون یان زیندوویی زمانێک، بەکارهێنانی لە لایەن تاکەکان و کەسایەتییە بەنفووز و خاوەن پێگە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەیە. ئەمە بژاردەکان و خوێندەوارانی کۆمەڵگەیەکن کە دەتوانن بەها و ئیعتبار بە زمانێک ببەخشن یان بێبەها و بێئیعتباری بکەن و لە برەوی بخەن. لە باکووری خوراسان، خوێندەواران و کۆمەڵگەی زانستی و فەرهەنگیی کورد لەو گرووپانە بوون کە تا رادەیەک زمانی دایکیی خۆیان لە بەها و ئیعتبار خستووە. ئەم کۆمەڵگەیە، ژمارەیەک لە نووسەران و چالاکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لەنێو کوردانی خوراسان لەخۆ دەگرێت کە ئەمرۆکە بە شێوەیەک وەک تریبوون و زمانحاڵی ئەم خەڵکەش دێنە ئەژمار. بەڵام دەبێ بگوترێ کە ژینۆسایدی زمانیی لە خوراسان تا رادەیەکی زۆر بەدەستی ئەوان دەستی پێکرد. کۆمەڵگەی گوندنشینیی کوردانی خوراسان لە چەند دەیەی رابردوودا، بەرەبەرە خوێندەوار و بژاردەگەلێکی دایە دەرەوە کە بە هاوسەرگیری و نیشتەجێبوون لە شاردا وردەوردە لە شوناشی کوردیی خۆیان دوور کەوتنەوە و بە قسەکردن لەگەل مناڵەکانیان بە زمانێکی جیا لە زمانی دایکیی خۆیان، بەم بۆچوونە هەڵەیە کە تاکێکی شارنشین تاکێکی فارس زمانە و هەروەها بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان دێهاتی بوونی کەسانی دیکە و شارستانی بوونی خۆیان، بەرەبەرە فەرهەنگی « فارسی بێژی»یان و فارس بوونیان هەڵبژارد و لەگەل خۆیان بۆ نێو گوندەکانیشیان برد. هەتا ئەو جێگەیەی کە بۆ خەڵکی ئاساییش فارس بوون، بوو بە جۆرێک پلەی کۆمەڵایەتی و هەنووکە ئەم دیاردەیە بچوکترین گوندەکانی ئەم ناوچەیەشی گرتۆتەوە.

ئەم گرووپە بە بیانووگەلی جۆراوجۆر و نالۆژیکی وەک فارسی بوونی زمانی پەروەردە لە قوتابخانەکان و ئەگەری لاوازبوونی مناڵان لە فێربوون و پێوەندیگرتندا، پاساو بۆ رەفتاری هەڵەی خۆیان دێننەوە و ئەم پاساوهێنانەوە نادروست و نالۆژیکییەشیان بۆ نێو خەڵکی ئاسایی گواستۆتەوە هەتا ئەو جێیەی کە ئەم خەڵکە وردە وردە بوونە شوێنکەوتوویان و وەک ئۆلگوو و نموونەیەکی فەرهەنگی سەرکەوتوو بۆ خۆیان سەیریان دەکەن. بێخەبەر لەوەکە ئەم گرووپە، خۆیان ساڵانێک پێشتر بە هۆی نەبوونی ئیمکانات و راگەیاندن، لە ئاوایی و ناوچە دوورکەوتووەکانی باکووری خوراسان چوونە نێو سیستەمی پەروەردەی فارسی و توانییان لە زانستگە و ناوەندەکانی خوێندنی باڵا بگەنە پلە و پایەی بەرزی خوێندن و ئەمرۆکە نووسەر و ئەدیبگەلێیان لەم کەسانە بە شێوەیەک بەسەر شێعر و وێژەی فارسیدا زاڵ بوون کە لەم مەیدانە گرەوییان لەوانی دیکە بردۆتەوە و کەسانێکی دیار و بەناوبانگیان لێ دەرکەوتوون.

## ٣- فرەیی زمانی و تێکەڵاویی ئیتنیکی لە باکووری خوراسان

باکووری خوراسان لانکەی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی قەومەکانی تورک، کورد، تورکمەن و فارسە بێئەوەی کە هەڵسوکەوتی مەزنخوازانەی قەومی بێتە ئاراوە کە ئەم فەرهەنگە خۆی دەبێتە هۆی تێکەڵاویی نژادی و زمانی و پێکهێنانی ژن و ژنخوازیی لەنێو ئەم قەومانەدا. کوردەکانیش وەک یەکێک لە قەومەکانی ئەو ناوچەیە، بەدەر لەم دیاردەیە نەبوون. مەبەست لە باسکردنی ئەم خاڵە بەهادان بەم بابەتە نییە بەڵکوو ئاماژە بەم راستییەیە کە بەداخەوە هیچ یەک لەو دایک و باوکانەی سەر بەم قەومانە نەیانتوانیوە وێنا و سیمایەکی دروست لە کلتووری و شوناسی ئیتنیکی خۆیان بۆ مناڵەکانیان بخەنەڕوو و دایک و باوک بە پاککردنەوەی رووی بابەتەکە، هەردووکیان شوناسی ئیتنیکی و زمانیی خۆیام وەلا ناوە و شوناسێکی دیکەیان لەجێگە داناوە یان لە هەندێک بابەتدا زمانی باوک بە قازانجی زمانی دایک، پەراوێز خراوە و وەلا نراوە.

ئەمرۆکە ئەم دایک و باوکانە لەو ناوچەیەدا، هاوسەرگیری و تێکەڵاویی قەومی بە هۆکارێک بۆ نەبوونی فێرکردنی زمانی دایکیی بە مناڵەکانیان دەزانن، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ناتوانرێ سەبارەت بەم مناڵە دوورەگانە نوسخەی شوناسی بپێچرێتەوە یان شوناسێک بەسەر ئەوی دیکەیاندا زاڵ بکرێ و لەسەرتر دابنرێ. هەروەک کە هەر مرۆڤێکی ئاگادار لە مافەکانی مرۆڤ دەزانێ سەپاندنی ئیجباری و بەزۆرملێی زمان یان شوناسێک لە ناوەڕۆکی خۆیدا زەوتکردنی مافە مرۆییەکانی ئەو تاکەیە. ئەمە کە دایک و باوکان لە زمان و کلتووری جیاوازن، ئەمرۆکە نە تەنیا خاڵێکی لاواز نییە بەڵکوو دەرفەتێکە. دەرفەتێک کە بتوانرێ لە ماڵدا دوو زمان فێری منا بکرێن و بێجگە لە چوونەسەری هۆش، ژمارە و زانیاریی زمانیی ئەو کەسەش دەوڵەمەندتر دەکا کە ئەمرۆکە لە سەردەمی پێوەندییەکاندا، زانینی زمانە جۆراوجۆرەکان، خۆی یەکێک لە گرینگترین پێوەرەکانی سەرکەوتن و دامەزراندنی پێوەندی و لێک تێگەیشتنە.

(بەشی دووهەم و کۆتایی)

و: سیروان موساپوور( لە ژمارەی پێشووی «کودستان» دا باس لە سێ هۆکار لە هۆکارەکانی لاوازبوون و پەرەنەستاندنی زمانی کوردی لەنێو کوردانی باکووری خوراسان کرا، لە بەشی دووەهەم ولە درێژەی هەمان بابەتدا باس لە پێنج هۆکاری دیکە دەکرێت)

**۴- نەبوونی ئەلف و بێی نووسراوەیی**

جیا لە نووسراوە ئەکادیمییەکانی وەک کتێب یان وتار، جاری وایە نووسینی نامە، پیرۆزبایی، بانگهێشت کردن، پەیامێکی بچووک یان قسەیەکی خۆش بە زمانی زگماکیی لەنێو خەڵکدا دەتوانێ ئیعتبار و بایەخێکی کلتووری و کۆمەڵایەتی بەو زمانە ببەخشێ و پێشوازیی خەڵک لەو زمانە زیاتر بکا. بەڵام کوردی خوراسان هیچ وێنایەکی لە خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکیی خۆی نییە و چاوەڕوانی ئەوە ناکا کە زمانەکەی بتوانێ شیاوی فێرکردن و خاوەنی پێکهاتەی نووسراوەیی بێ. تەنیا لە چەند ساڵی دواییدا بە پەرەسەندنی پێوەندییەکان و لەژێر کاریگەریی ڕەوتە کلتوورییەکانی کوردستان، پێکهاتەکانی نووسراوەیی ئارامی و لاتین بە زمانی کوردی، ئەویش تەنیا لە بەینی بەشێکی کەم بۆتە باو و بڵاو بۆتەوە.

لەلایەکی دیکە بەکارهێنانی ئەلفوبێ لاتینی کرمانجی تورکیا بێسەرنجدان بە جیاوازییە زاراوەییەکان و روانینی خۆماڵییانە، لە بابەتە نوێیەکانی دیکەی ئەم ساڵانەی دوایی لەنێو کوردانی باکووری خوراسانە کە بە جۆرێک فێربوون، خوێندنەوە و نووسینی کرمانجیی لەنێو توێژی ئاسایی ئەم کۆمەڵگەیەدا دژوار کردوە. زۆر لە نووسەران و چالاکانی فەرهەنگیی کورد لە خوراسان، یەکەمین شێوە بۆ خوێندنەوە و نووسین بە زمانی زگماکییان هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە بەم شێوازە دەست پێکردووە و بەم کارە دەیانهەوێ ڕێگەی سەد ساڵە بە شەوێک ببڕن، بێخەبەر لەوە کە ئەم کارە پێویستی بە بەستێن خوڵقێنی، ڕاهێنان و گەشەی وشیاری و زانیارییە. ئەوە کە زۆربەی سەرچاوە کرمانجییەکان بە الفوبێ لاتین بووە و کوردەکان دەبێ بۆ کەڵکوەرگرتن لێی شارەزای ئەم الفوبێ و ڕێنووسە بن و هەروەها بتوانن بەرهەم و نووسراوەکانی خۆیان بخەنە بەردەم کوردەکانی دیکەش، شیاوی سەرنجە بەڵام بە ئاگاداربوون لەوە کە پێکهاتەی زمانی فێرکاریی فارسی لەسەر بنەمای الفوبێ ئارامییە، ڕێگەی باشتر ئەوەیە کە هەنگاوی یەکەم بۆفێربوونی زمانی کوردی لەنێو کوردانی خوراسان، کەڵکوەرگرتن لە الف و بێ ئارامی کوردییە و وادێتە بەرچاو کە ئەم شێوازە بۆ فێربوون سادەتر و بەسوودتر بێ و پێشوازییەکی زیاتریشی لێبکرێ. شایانی ئاماژەپێدانە کە لە چەند ساڵی دواییدا بە هەوڵی دامەزراوەی کرمانج، لە قوچان، نووسینی کارتی پیرۆزبایی و دەعوەتنامە بە زمانی کوردی و بە الفوبێ ئارامی برەوی سەندووە و ئەمڕۆکە لە لایەن کرمانجەکانەوە پێشوازییەکی زیاتری لێکراوە بە شێوەیەک کە هەر کەسێکی ئاسایی دەتوانێ ڕستەکانی بە زمانی کوردی بخوێنێتەوە و لێیان تێبگات، شتێک کە لە دوو دەیەی رابردوودا لەوانەیە کەس فکریشی بۆی نەچووبا.

**۵- لاوازیی ئەدەبیاتی منداڵان و بەرهەمە کلتوورییەکان لە بواری منداڵاندا**

نەبوونی نووسراو و بەرهەمە فەرهەنگی و ئەدەبییەکان بە زمانی کوردی وەک کتێب، گۆڤار، فیلمی کارتۆن و (سی دی)ییە فێرکارییەکان بۆ منداڵان یەکێک لە بۆشاییە بنەڕەتی و سەرەکییەکان لەنێو کوردانی خوراسان دایە. چیرۆکەکان، لایی لایی و داستانە شیرین و پڕ لە ئامۆژگارییەکان کە دایکانی کورد لە سەردەمی منداڵیدا بۆ منداڵەکانیان دەگێڕایەوە هیچ یەکیان لە باکووری خوراسان تۆمار نەکراون و بە نەمانی هەر یەک لەم کەسە گەورانە، ئەو میرات و کەلەپوورە زارەکییەشیان لەگەڵی مردووە و لەنێو چووە. کوردی خوراسان لە بواری منداڵاندا خاوەنی ئەدەبیاتێکی فۆلکلۆری دەوڵەمەندە، بەڵام کۆنەکردنەوە و نەگەیاندنیان بە ئێستا لە شکڵی بەرهەمی وێنەداری کلتووری بۆ منداڵان بۆتە هۆی ئەوە کە تەواوی تواناییەکانی ئەم زمانە لە بواری ئەدەبیاتی منداڵاندا بەبێدەنگی بمێنێتەوە.

ئەمڕۆکە زۆر لە چالاکە فەرهەنگییەکان لەم ناوچەیەدا هەم توانایی ماددی و هەم توانایی نووسەریی و ئەدەبییان هەیە کە ساڵانە چەند بەرهەمێک لە جۆرەکانی ئەدەبیاتی منداڵان بۆ منداڵانی کوردی خوراسان بنووسن و بیخەنەڕوو، بەڵام هیچکات بیریان لە پێویستبوونی وەها شتێک نەکردۆتەوە. ئەو پووڵ و سامانەی کە لە جەژن و زەماوەندەکاندا بە زیادەوە خەرج دەکرێ، ئەگەر لە پێناو ئەم جۆرە ئامانجە کلتوورییانەدا بەکار بهێنرێ تا ڕادەیەک دەتوانێ ئەم زمان و کلتووره لەم قەیرانی فەرامۆشی و لەبیرکراوییە ڕزگار بکا.

**۶- لاوازیی راگەیەنەگشتییەکان**

رادیۆ و تەلەویزیۆنە ئوستانییەکان وەک راگەیەنێکی گونجاو و خاوەن لایەنگری زۆر، ڕێگەیەکی باشی بڵاوکردنەوە، پاراستن و گەشەپێدانی شێوەزارە خۆماڵییەکان دێنە ئەژمار و ئامانج لە دامەزراندن و وەکارخستنی کەناڵە ئوستانییەکانیش یارمەتیدانی پاراستنی کلتووری و ئەم شێوەزارە خۆماڵییانە بووە. لە باکووری خوراسان بە هۆکارگەلی جوغرافیایی و بڵاویی کوردەکان لە دوو پارێزگای خوراسانی باکوور و ڕەزەوی و کۆنەبوونەوەیان، دەرفەتی دامەزرانی وەها کەناڵێکی بەهێز و شوێندانەر لە خەڵکی کورد ئەستێنراوەتەوە. لە دوو پارێزگای خوراسانی باکووری و ڕەزەوی، بەشی خەڵکی کورد لە راگەیەنە لۆکاڵییەکان، تەنیا نیو کاتژمێر بەرنامەی رادیۆیی بە زمانی زگماکییە کە ئەویش بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەی دووپاتکراو و چەند پارچە مۆسیقایەک سەر و بنی وێک دێتەوە و تەواو دەبێ. جاری وایە فیلمە دیکۆمێنتی و بەرنامە تەلەویزیۆنییەکانیش کە لە ناوچە کوردنشینەکان بەرهەم دێن، بە زمانی فارسییە و خەڵک لەوانیشدا بە زمانی زگماکیی خۆیان ناپەیڤن. هەر بۆیە نە تەنیا هیچ کەڵکەڵە و پێویستییەک لە خەریکبوون بە زمانی زگماکیی لە لایەن کاربەدەستان و بەرنامەدانەرانی ئەم ناوچەیە هەست پێناکرێ، بەڵکوو هەوڵا دەدرێ ناوچەکە بە ڕەوتێکی ئارام و لەسەرخۆ بەرەو یەکدەستی و یەک شێوەیی بچێتە پێش. لەگەڵا هەمووی ئەو قسانەی لەم بارەوە کران، بە سەرنجدان بەوە کە کوردانی خوراسان لە پارێزگایەکدا جێگیر نین و حەشیمەتێکی بەرفراوان و شیاوی گرینگی پێدان لەخۆ دەگرن، پێویستیی بە ڕاگەیاندنێکی ناوچەیەیی سەروو ئوستانی کە بتوانێ پێداویستییە کلتووری . کۆمەڵایەتییەکانی ئەم خەڵکە دابین بکا، بە توندی هەست پێدەکرێ.

**۷- نەبوونی چاپ و بڵاوکراوەی کوردی**

زمانناسان ڕۆڵی شێعر و بەرهەمە ئەدەبییەکان لە پاراستن و بەزیندوویی ڕاگرتنی زمان بە ڕۆڵێکی دیار و یەکلاکەرەوە دەزانن. دوکتۆر حەقشناس، زمانناسی ئێرانی دەڵێ:»ئەمن رازی مەرگی زمانەکان لە راوەستان و نەزۆکیی شیعری ئەو زمانەدا دەبینم، هەر زمانێک ئەو کاتە دەمرێ کە دوایین شاعیری مردبێ». هەر بۆیە بەرهەمە ئەدەبییە خۆماڵییەکان جیا لە بەنووسین دەرهێنانی فەرهەنگی گشتی و هێنانەسەرکاغەزی هەستی شاعیرانە، دەتوانێ بە بەها و زیندوویتی شێوەزار و زمانەکانیش زیاد بکا. بەرهەمە ئەدەبییە کوردییەکان چەند ساڵێکە لە باکووری خوراسان برەویان سەندووە و شاعیر و

ئەدیبگەلێک دەرکەوتوون کە بەم زمانە شێعر دەڵێن و دەنووسن. نموونەی دیار و بەرچاوی ئەم شتە هۆنراوەی «جیکسای» بە هەوڵی مامۆستا حەسەن ڕەوشانە کە بەڕاستی بایەخی تەواوی پێداوە. هەرچەند لەم نێوەدا بەرهەمی سادە، نازانستی و ناکارناسانەش بەرچاو دەکەون کە جێی خۆیەتی ڕەخنەیان لێ بگیرێ. نموونەشیان کتێبی کەسێک بە ناوی محەمەد.م کە تێیدا، شێوەزاری کرمانجی بە لقێک لە زمانی فارسی زانیوە و هەتا ئاستی زاراوەیەک دابەزێنێ! کە بەداخەوە ئەم کتێبە بە پێشەکی کەسانێک چاپ کراوە کە خۆیان لە نووسەران و چالاکە فەرهەنگییەکانی ئەم ناوچەیە دێنە ئەژمار. مەبەست لەم جۆرە ڕەخنانە، بێڕێزی بە کەس یان گرووپێکی تایبەت نییە. بەڵکوو مەبەست تەنیا بەکارهێنانی وردیی و دووربینیی زیاتر لە نووسین و لێکۆڵینەوە دایە. زۆر لە شاعیران، نووسەران و چالاکە فەرهەنگییەکانی کوردی باکووری خوراسان یا هەنووکەش لە نۆستالۆژیای ڕابردوو و خەونی گەڕانەوە بۆ ژیانی هۆزایەتی و عەشیرەتی و گەڕان لە پاکیی و ڕاستگۆیی ئەو سەردەمدا بەسەر دەبەن و یان نووسراوەکانیان باس لە بابەتگەلی مێژوویی و چەندپاتکراو دەکەن کە هیچ گرێیەک لە کێشە هەنوکەییەکانی ئێمە ناکەنەوە. لەحاڵێکدا کە ژیانی مۆدێرنی ئەمڕۆ وەک کۆمەڵگەکانی دیکە، بابەت و کێشەی نوێی خستۆتە بەردەمی ئێمە کە ئەدەبیات و دیسکۆرسی تایبەت بەخۆی دەوێت. گرفتەکانی وەک قەیرانی شوناس، ژینگە، نەخوێندەواری، هەرەشە لە زمانی زگماکی، گیرۆدەیی، لێکهەڵوەشانی بنەماڵە، پیاوسالاری، مافەکانی ژن و ... کە ئەمڕۆکە کۆمەڵگەی کوردی خوراسانیش دەست و پەنجەیان لەگەڵ نەرم دەکا، ئەو بابەتانەن کە کەمتر باسیان لێدەکرێ. لە بیاڤی چاپەمەنی کوردیشدا ئەم ناوچەیە زۆر هەژارە و دەتوانرێ بگوترێ کە لە ئێستادا هیچ بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە زمانی کوردی تێدا بڵاو نابێتەوە. بڵاوکراوەی وەک کرمانج و (هزار مسجد)یش کە تایبەت بە کوردەکانی باکووری خوراسان بوو و جاروبار باسی بابەتەکانی ئەو ناوچەیەیان دەکرد، ئیتر بڵاو نابنەوە.

## ٨- لاوازیی ڕێکخراو و ئەنجومەنە فەرهەنگی ـ مەدەنییەکان

ئەنجوومەن و ڕێکخراوە مەدەنییەکان کە لە دەیەی ڕابردوو لەنێو کوردانی خوراسان شکڵیان گرتووە زیاتر لەژێر کاریگەریی کەشی سیاسی و بزاڤە خوێندکارییەکاندا بووە کە چالاکییەکەیان هێندە ڕێکوپێک، بەردەوام و بەهێز نەبووە و تەنیا سەرکەوتنیان زیندووکردنەوە و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی زەماوەند، دابونەریتەکان، مۆسیقا، جلوبەرگ و هەڵپەڕکێی کوردی بووە و گرینگییەکی ئەوتۆیان بە زمانی کوردی لەو ناوچەیە نەداوە. لە بواری ئەنجومەن و ڕیکخراوە مەدەنییەکان دەبێ پێداگیری لەسەر دامەزراندنی ڕێکخراوگەلی خەڵکیی و بەهێز بکرێتەوە کە بتوانێ لە پێناو پاراستن و بردنەسەری لایەنە جیاوازەکانی کلتووری کوردی خوراسان هەنگاو هەڵێنێتەوە. بۆ نموونە پێکهێنانی ئەنجومەنی مۆسیقای کوردی باکووری خوراسان، ئەنجومەنی داکۆکی لە زمانی زگماکی، پاراستنی هەڵپەڕکێ و ڕێوڕەسمە کوردییەکان، پشتیوانی و زیندووڕاگرتنی شوێنەوار و پیشە دەستییە کوردییەکان، ئەنجومەنی توێژینەوەی کلتووریی گشتی و ... لەو دامەزراوە مەدەنیانەن کە نەبوون و بۆشاییان لە باکووری خوراسان لە تەواوەتی هەست پێدەکرێت. بێجگە لەمەش، زۆر لە کوردانی ئەم ناوچەیە بێجگە لە شارەکانی باکوری خوراسان، ئێستاکە لە شارە گەورەکانی وەک تاران، کەرەج، مەشهەد و گورگان نیشتەجێن و بڵاو بوونەتەوە و ئاگایان لە یەکتر نییە و ناوەندێکی پێوەندیی یان ئەنجومەنێکی فەرهەنگیی بەهێزیان پێک نەهێناوە کە جاروبار لە دەوی یەکتر کۆیان بکاتەوە و بە جۆرێک پێکەوەیان لێک نزیک بکاتەوە و یارمەتی گەشە و بردنەسەری شوناس و یەکگرتوویی کلتووری ئەوان بدا..

هەروەک ئاماژە پێکرا، کۆچکردن دەتوانێ ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی دژەنۆرم و گرفتە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان لە کۆمەڵگەی نوێدا. یەکێک لە ڕێگەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم دواهاتە خراپانە، پێکهێنانی دامەزراوە و ئەنجومەنە مەدەنییەکان بۆ گرووپە کلتوورییە کۆچبەرەکان لە کۆمەڵگەدایە. بەم کارە کۆچبەران لە شوێنی نوێ، بە پاراستنی بەها و تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی خۆیان، دەتوانن لە پێناو گەشەپێدانی فەرهەنگی کۆمەڵگەی نوێش هەنگاو هەڵێننەوە. بۆ نموونە کەمایەتیی ئەرمەنی کۆچبەر کە بەشێوەی کەمینەی کۆمەڵایەتی لە هەندێک لە شارەکانی ئێران ژیان بەسەر دەبەن، بێجگە لە پاراستنی شوناسی خۆیان توانیویانە خزمەتی کلتووریش پێشکش بەم شارانە بکەن. یان گورجییەکانی ئیسفەهان کە نزیکەی 400 ساڵ پێش بە فەرمانی شا عەبباسی یەکەم لە وڵاتی گورجستان بۆ ئێران کۆچیان پێکرا و نیشتەجێکران و ئەمڕۆکە توانیویانە تەنانەت بە تێپەڕینی ساڵانێکی زۆریش، زمانی زگماکیی خۆیان لە هەر چەشنە دەستکارییەک، بپارێزن و میراتی کلتووریی خۆیان گەشە و پەرە پێبدەن . یان دەتوانین وەک نموونە ئاماژە بە کۆمەڵگەی زەردەشتیان لە هیند یان کەمینەی کورد لە قەزاقستان و رووسیا بکەین.




لە پەنا ئەو هۆکارانەی باسیان کرا دەتوانرێ ئاماژە بە دووربوونی جوغرافیایی لە نیشتمانی سەرەکی و نەبوونی کارلێک و بێئاگایی لە ڕەوتە کلتوورییەکانی کوردستان، لاوازیی خوێندەواری لە ناوچە و سیستمی فێرکاریی یەک زمانە بکرێ کە هەر یەکێکیان بە نۆرەی خۆی لە دیاردەی ڕاکردن لە زمانی زگماکی لەنێو کوردانی باکووری خوراساندا کاریگەریی خۆیان هەبووە. بۆ هەموومان ئاشکرایە کە گرینگترین فاکتەری شوناسیی هەر نەتەوەیەک، زمانەکەیەتی. لە ماوەی سەعاتێکدا دەکرێ جلوبەرگی کوردی لە جەژنەکاندا لەبەر بکرێ و دابنرێ، بەڵام هیچ کات لە سەعاتێکدا ناتوانرێ زمانی کوردی فێر ببی. پۆشینی جلوبەرگی کوردی و هەڵپەڕکێی گرووپی لە جەژنەکاندا زۆر دیمەنی جوانن، بەڵام جوانتر و گرینگتر لەوە قسەکردن بە زمانێکە کە ئەگەر نەسڵی ئێمە بڕیاری پاراستنی نەدا، بنچینەی مەسەلەی کوردبوونی ئێمە ڕەش دەبێتەوە و خۆمان لە مەرگی شوناسی خۆماندا زۆرترین دەور و ڕۆڵمان گێڕاوە. ئەویش مەرگێکی لەسەرخۆ و تەواو بێدەنگ.

لە گۆڤاری «مەهاباد» ژمارە ١٣٨ وەرگیراوە

لە ژمارە ٥٩٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

## مافی خوێندن بە زمانی زگماکی .

ڕەحیم موحەمەدی

وتاری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران- ژنێف بۆ پێنجەمین فورومی کەمایەتییەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر خوێندن بە زمانی دایکی ٢٧و٢٨ی نۆڤامبری ٢٠١٢ی زایینی

بەڕێزان:

بە ناوی کۆمەڵەی مافی کوردستانی ئێران-ژنێف پێم خۆشە سەرنجتان بۆ مافی خوێندن بە زمانی دایکی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە ئێراندا رابکێشم کە، کۆسپێکی گەورەیە لەسەر ڕێی گەشەسەندنی کەسایەتی منداڵانی کورد.

لە ژیانی مرۆڤدا هێندێک مافی بنەڕەتی هەن کە بەشێکی جیانەکراوە لە سروشتی مرۆڤن و، زمانی سکماکی یەکێ لەو مافە بنەڕەتییانەیە کە هەرکەسێ مافی هەیە قسەی پێ بکا و پیی بخوێنێ. هیچ کەس و لایەنێک مافی ئەوەیان نییە لێی وەربگرن و قەدەخەی بکەن. نابێ زمان بکرێتە پرسێکی سیاسی و، وەکوو ئامرازێ بۆ سەرکوت کردن دژ بە نەتەوەیەکی دیکە بەکار بهێنرێ.

ئەگەرچی زمان ئامرازی دەربڕین و پێوەندی گرتن لەگەڵ دەوروبەرە، زمان ئامرازی بیرکردنەوەشە. خوێندن بە زمانی سکماکی کاریگەری راستەوخۆی زۆری لەسەر گەشەکردنی بیر و پێشکەوتنی منداڵان لە قوتابخانە و کەسایەتی نەتەوەییاندا هەیە. ئەو منداڵانەی کە بە زمانی دایکی دەخوێنن لە بیرکردنەوە و دەربڕینی بۆچوونەکانیاندا سەرکەوتووترن. ئەو منداڵانەی کە ناچارن بە زمانێکی دیکە بخوێنن، ناتوانن بە زمانی خۆیان بیربکەنەوە. بەڵکوو دەبێ بۆ وشەی بێگانە بگەڕێن تا لە پاڵ یەکتر ریزی بکەن و بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانیان رستەی پێ دروست بکەن. ئەمەش هەم کاتی زۆری دەوێ و هەم دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانن بەگوێرەی پێویست لە دەربڕینی هەستەکانیاندا سەرکەوتوو بن. ئەمەش کاریگەری نەرێنی راستەوخۆی لەسەر رۆحییە و کەسایەتی منداڵان هەیە و کۆسپە لەسەر ڕێی پێشکەوتنیان لە خوێندندا.

لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا نە قوتابخانە و نە کتێب بۆ قوتابیان بە زمانی کوردی نییە و، منداڵانی کورد بە زمانی سکماکی خۆیان دەرس ناخوێنن. لە مادەی پانزەی قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا تەنیا باسی قسەکردن بە زمانە ناوچەیەکان دەکا و، مافێ خوێندن بە زمانی دایک لە قوتابخانەکاندا بە فەرمی نەناسراوە و، منداڵانی کورد هەر لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە ناچارن بە زمانی فارسی بخوێنن.

کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەگەرچی ئەوە باش دەزانێ کە خوێندن بە زمانی سکماکی کاریگەری راستەوخۆ و ئەرێنی لەسەر گەشەسەندن و پێشکەوتنی منداڵان لە قوتابخانەدا هەیە، وەکوو ئامرازێکی سیاسی بۆ پەراوێز خستن و لاوازکردنی زمانی کوردی، هەوڵی لە ناوبردنی درێژخایەنی نەتەوەیەک دەدا. ئەم سیاسەتەی بە درێژایی مێژوو بەردەوام بووە. ئەگەرچی زمانی کوردی لەبەرانبەر ئەم سیاسەتەدا خۆی راگرتووە، بەڵام کاریگەری ئەو دۆخە سەپاوەی بە ئاشکرا بەسەرەوە دیارە.

بێبەش کردنی منداڵانی کورد لە خوێندن بە زمانی سکماکی ژێنووسایدی سپی و داماڵینی کورد لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیە و، لایەنی سیاسی و ئیدئولوژی هەیە. ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی دەسەڵاتدار لە ئێران، زمانیان وەکوو چەکێ دژ بە کورد بەکاریان هێناوە. بەداخەوە هەتاکوو ئێستاش خوێندن لە پارێزگا کوردنشینەکاندا بە زمانی فارسییە و منداڵانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش لەو مافە بنەڕەتییە بێبەش کراون.

جگە لە داسەپاندنی زمانی فارسی لە قوتابخانەکاندا و ناچارکردنی منداڵانی کورد بە خوێندن بە زمانێکی دیکە جگە لە زمانی خۆیان، بۆ لاوازکردنی زمانی کوردی و نەتەوەکانی دیکە و زاڵکردنی زمانی فارسی، گیروگرفتی ئیداری و کاری و پیشەیی بۆ ئەندامانی نەتەوەکانی دیکە دروست دەکەن. بۆ خوێندنی خوێندکاران لە پلەی بەرزی خوێندن لە زانستگاکاندا لەباتی پلەی زانستی، تستی ئیدئولوژی بەرتری هەیە. ئەو خوێندکارانەی کە لە تستی ئیدئولوژیدا قەبووڵ نەبن، زۆرکەم شانسی درێژەدان بە خوێندنیان هەیە.

هەر لە بەندەی ١٥ای قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا هاتووە کە نەتەوەکانی دیکە دەتوانن لە رۆژنامە و میدیا ناوچەیەکاندا لە زمانی نەتەوەیی خۆیان کەڵک وەربگرن، بەڵام ئەم بەشەش بە کردەوە ڕێزی لێ نەگیراوە و، لە کوردستانی ئێراندا بە دەیان گۆڤار و رۆژنامە قەدەخە کراون و داخراون. بە دەیان نووسەر و رۆشنبیر و رۆژنامەنووس و چالاکی بواری کۆمەڵگای مەدەنی دەستگیر و بە تۆمەتی ناڕەوا حوکم دراون زیندانی کراون.

ڕاسپاردەکانی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران-ژنێف بۆ پێنجەمین فورومی کەمایەتییەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەمانەی خوارەوەن:

١- داوا لە فوروم دەکەین کە هەوڵ بدات ئێران دەست لە سیاسەتی پەراوێز خستنی زمانی کوردی هەڵبگرێ و مافی خوێندن بە زمانی دایکی بۆ منداڵانی کورد لە قوتابخانەکاندا دەستەبەر بکا.

٢- داوا دەکەین کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەست لە داخستنی بڵاوکراوە کوردییەکان و راونان و گرتنی رۆژنامەنووسان و نووسەر و رۆشبیرانی کورد هەڵبگرێ و، ئیجازەیان پێ بدا تا لە چوارچێوەی تێکۆشانی پیشەیی خۆیاندا ئازادی کەڵک وەرگرتنیان لە زمانی سکماکی خۆیان هەبێ.

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران-ژنێف

## لەساڵرۆژی زمانی زگماکی دا..

ئەمڕۆ ڕۆژی ٢١ی شوبات ڕۆژی زمانی دایک (زگماکییە)ە. مێژووی ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٢ کە، پاش سەربەخۆیی هندستان لەساڵی ١٩٤٦ و لە دوای جیابوونەوەی پاکستان لە هیندستان، کە ئەوکاتە وڵاتی بەنگلادش بەپاکستانەوە لکێندرابوو. لەو سەردەمەدا زمانی فەرمی پاکستان لەهەر دوو بەشی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا زمانی ئۆردوو بوو و بەشی ڕۆژهەڵات کە بەنگالی بوو ناچار بوون زمان ئوردوو لەپەروەردە و چەندین بواری ژیانییدا بەکار ببەن.

لەساڵی ١٩٥٢ کۆمەڵێک خوێندکاری زانکۆی بەنگلادیشی کەمپینێکیان بۆ زمانی بەنگالی ئەنجامدا، کە ئەو زمانە لەهەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی پاکستاندا بەکاربهێنرێ. بەڵام حکومەتی ئەو سەردەمەی پاکستان،

داواکاری خوێندکارانی ڕەتکردبۆوە. خوێندکارانی بەنگالیش کۆڵیان نەدا و بانگەوازی مانگرتنێکی گشتیان کرد و پێداگریان لەسەر داوا ڕەواکانی خۆیان کرد.

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢١ی مانگی شوبات ساڵی ١٩٥٢ پۆلیسی پاکستان بەفەرمانی دەوڵەت تەقەی لەخوێندکارانی زانکۆ کرد و لە ئەنجامدا چەندین خوێندکار گیانیان لەدەست دا.

ڕۆژی ٢١ی شوبات لەلایەن ڕێکخراوی یۆنسکۆوە ماوەی ١٤ ساڵە وەکو ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی بە ئامانجی ڕێزگرتن و بەهادان بە زمانەکانی سەرجەمە نەتەوەکانی جیهان ڕاگەیانراوە. لە ڕۆژی ٢١ی شوباتی ساڵی ١٩٩٩دا لەلایەن ڕێکراوی کلتوریی نەتەوە یەکگرتووەکان یونسکۆوە بەفەرمی وەکو ڕۆژی زمانی زگماکی دەستنیشان کراوە.

بەپێی ڕێکخراوی یونسکۆ لەجیهاندا ٦٠٠٠ - ٧٠٠٠ زمان قسەیان پێدەکرێ. بەڵام هەر ئێستا زیاتر لە نیوەی ئەو زمانانە لەمەترسی لەنێوچووندان و هەندێکیشیان ڕۆژانە ڕووبەڕووی هێرش دەکرێنەوە و قەدەغەیان لەسەرە. زمانی کوردی یەکێک لەو زمانانەیە.

ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی بەتایبەتی بۆ کوردان کە زمانی کوردی لەوڵاتانی وەک تورکیا، ئێران و سوریا قەدەغەیە و لەچەند ناوچەی سنووری باشووری هەرێمی کوردستانیشدا رووی لە توانەوە کردووە.

زمانی کوردی تا ئێستاش لەلایەن داگیرکەرانی وەک ئێران، تورکیا و سوریا بە فەرمی ناناسرێ و قەدەغەی خراوەتە سەر. بەڵام سەرەڕای هەموو گوشارەکان، کوردان لە پێناو پێشخستن و بەفەرمی ناساندنی زمانی کوردیدا تێدەکۆشن. لە باکوری کوردستانیش زیاتر لە ٨٠ ساڵە زمانی کوردی ڕووبەڕووی تواندنەوە کراوەتەوە و قەدەغەی لەسەرە. تا ئێشتاش، کاربەدەستانی دەوڵەتی تورک پێداگیری لەسەر تاک زمانی دەکەن زمانی تورکیان بەسەر کوردان و نەتەوەکانی تردا سەپاندووە.

لە ئێران و لەسەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی رەزاشادا، دەوڵەت بە فەرمی زمانی فارسی وەک زمانی سەرەکی راگەیاند و وێڕای هێرشی سیاسی و چەکداری بۆ سەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەستی بە هێرشێکی بەرفراوانی کلتوریش کرد. دژایەتی جلوبەرگی کوردی و قەدەغەکردنی خوێندن بەزمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشێک بوون لەم پیلانانەی کە دەوڵەتی رەزا شا، دەستی پێ کرد. بەتایبەتی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ کۆماری ئیسلامی درێژەی بەهەمان سیاسەتی خۆیدا و زمانی کوردی بەتەواوی پشتگوێ خرا.

لە ڕۆژئاوای کوردستانیش بەهۆی سیاسەتی فاشیستیانەی بەعس لە سوریا، زمانی کوردی قەدەغەی لەسەرە. بەڵام ئەمرۆ سەرەڕای هەموو هەرەشە و گوشارەکان، بەهۆی تیکۆشانی دیموکراتیانەی گەلی کورد، تواندراوە لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان خوێندنگایی کوردی بکرێتەوە.

لە باشوری کوردستانیش بەتایبەت لە ناوچە دابڕێنراوەکانی وەک، کەرکوک، خانەقین، سەعدییە، دوزخورماتوو، جەلەولا، مەندەلی و چەندین ناوچەی تر، زمانی کوردی لەژێر مەترسیدایە. بەتایبەت عەرەبە شۆڤێنییەکان هەوڵی ئەوە دەدەن زمانی عەرەبی لەو ناوچانەدا سەردەست بکەن.

قەدەغەبوونی زمانی کوردی لەلایەک و باڵادابوونی زمانی بێگانە و خوێندن بەم زمانانە لەلایەکی تر، مەترسییەکی گەورەیە بۆ لاواز بوون و لەناوچوونی زمانی هەر نەتەوەیەکی ژێر دەست و ئەمەش یەکێکە لەو مەترسیانەی کە خەڵکی کوردستان بەهۆی سیاسەتی داگیرکەرانەوە ڕووبەڕووی بۆتەوە.

کۆمیتەی زمان و پەروەردەی کۆما جڤاکانی کوردستان KCK و کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK ش بە دوو لێدوان ، ٢١ شوباتی ڕۆژی زمانی دایک لە جیهان ، پیرۆز کرد.

کۆمیتەی KCK، بانگی لەگەلی کورد کرد لە هەموو مەیدانەکانی ژیان، بۆ زمان و کلتورەکەیان گور بە تێکۆشانی خۆیان بدەن. کۆمیتەی زمان و پەروەردەی KCK سەرەتا سەرنج رادەکێشێتە سەر قەدەغەکردنی زمان و چاندی کوردی و رادەگەیەنێت: ئێستا زمانی کوردی و بەدەیان زمانی نەتەوەکانی دیکە روبەرووی سیاسەتی نکۆلی و قڕکردن دەبنەوە و پاکتاو دەکرێن.

KCK لە لێدوانەکەی دا دەستنیشانی کردووە " تا ئێستا لە کوردستان زمانی کوردی روبەرووی تواندنەوە دەبێت " و وەک نمونە لێپرسینەوەکان لەبەرامبەر زمانی کوردی دەکرێتەوە ، دەهێنێتەوە."

KCK سەرنجی راکێشایە سەرە ئاستەنگیەکانی بەردەم بەرگری و خۆپاراستنی کوردان بە زمانی رەسەنی کوردی لە دانیشتنەکانی دادگاکانی تورکیا و بەم شێوەیە وەڵامی بێ ڕێزی بەرپرسانی دەوڵەت تورک لەبەرامبەر زمانی کوردی دەداتەوە: "تا ئێستاش دەڵێن کە زمانی کوردی نابێتە زمانی پەروەردە. بۆیە دەبێت بە هێزە دەسەڵاتدارەکان و داگیرکەرانی کوردستان رابگەیەندرێت، بۆ ئەوەی بە سیاسەتە نکۆڵییەکانییان جێی خۆیان لە کوردستان بکەنەوە، ئەو داگیرکەرانە با لێکۆلینەوەی باش لەسەر مێژووی کورد ، کوردستان و زمانی کوردی بکەن "

کۆمیتەی زمان و پەروەردەی KCK بەبۆنەی ڕۆژی زمانی دایک لە جیهان، بانگی لە هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان کرد کە " واز لە سیاسەتی نکۆڵی و پاکتاوکردن" بهێنن و ڕێز لە شکۆکانی گەلی کورد بگرن.کۆمیتەی زمانی KCK بانگیشی لە گەلی کورد کرد لە هەموو مەیدانەکانی ژیان، بۆ زمان و کلتورەکەیان گوڕ بە تێکۆشانی ئازادی بدەن.

هەر لەو چوارچێوەیەدا، کۆمیتەی زمان و پەروەردەی KNKش لە پەیامەکەیدا پیرۆزبایی ڕۆژی زمانی دایک لە گیراوانی دۆزی KCK دەکات و رادەگەیەنێت: "بەهۆی ستەم ، گوشار و قەدەغەکردنی زمانی کوردی، ڕۆژی زمانی دایک بۆ کوردان، خاوەن گرینگیەکی تایبەتە " .

کۆمیتەی زمان و پەروەردەیKNK سەرنج رادەکێشێتە سەر زهنییەتی هەر چوار وڵاتانی داگیرکەری کوردستان کە لەبەرامبەر زمانی کورد دەینوێنن و بانگی لە کوردان کرد کە خەباتی پاراستنی زمانی کوردی بەرز بکەنەوە.

**ANF NEWS AGENCY**

## بایەخ و گرینگی فێرکاریی زمانی زگماکی

بێگومان هەمووومان باش دەزانین کە خۆشەویستی خاک و وڵات و نیشتمان یەکێک لە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی مرۆڤە. هەروەها نکوولی لەم ڕاستیەش ناکرێ کە زمانی زگماکی وەک بابەتێکی گرینگ و بە نرخ بە لامانەوە ناسراوە و هۆگری تاکەکانی کۆمەڵگا بە زمان و زاراوەی خۆیان بۆ شاراوە نییە.

لە کۆنەوە کوتوویانە غەریبی سەختە. کاتێک لەم وتەیە ورد دەبینەوە، تێدەگەین کە ئەم سەختی و دژوارییە چەند هۆکاری هەیە کە دوور کەوتنەوە لە خزموکەس، دابڕین لە خاک و وڵات و شار و گوندی خوو پێگیراو لەبەر چاوترینیانە.

بەڵام هەرگیز ناتوانین ڕۆڵی کاریگەری دوورکەوتنەوە لە هاو زمانان لە بەدی هاتنی هەستی پڕ لە ئێش و ئازاری غەریبیدا لەبەر چاو نەگرین.

زۆر جاران بۆمان هەڵکەوتووە کە دواندنی هاواڵ و دۆست و برادەرێک، خەم و پەژارەی دەروونمان کە کەمییەی داوە و سرەوت و ئارامیمان لێ پەیدا بووە. واتا تەواوی دڵتەنگییەکانمان بە دواندنی هاو زمانێک وەک بەفری بەرخۆرەتاو تووانەتەوە و لەبەین چوون.

جا ئێستا بەدان پێیدا هێنان بە بایەخی بێڕادە و سنووری زمان و ڕۆڵی کاریگەری لەسەر مرۆڤ، ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە چلۆن دەبێ کە زمانی زگماکی هەتا ئەو ڕادەیە بەلامانەوە بە نرخ و پڕ بایەخ بێ، کە چی هیچ هەوڵ و تێکۆشانێکی ئەوتۆ بۆ فێربوون و نووسین و خوێندنەوەی ئەم بابەتە گرینگە لە گۆڕێدا نەبێ؟

یان چلۆن دەبێ کە کیژان و کوڕانی گەنجی ئێمە کە زۆربەیان زانا و خوێندەوارن، لە بەردەم دایکی نیشتماندا هەست بە سەرشۆڕی نەکەن کە لە نووسین و خوێندنەوەی ڕاست و دروستی زمانی کوردی ناشارەزان؟ بڵێی کوردایەتی هەر لەوەدا بێ کە بەپێی خوو و عادەتێکی ئاسایی؛ وەک بڵێی پیت و وشە و ڕستەی کوردی کە دایکانی خۆمان فێر بین و بە دوای ئەودا، هەوڵی تەواو بدەین کە بە هەر مەینەتی و چەرمەسەرییەکیش بووبێ، بە زمانی فارسی و ئینگلیسی شارەزا نین نەکا ڕۆژێک لە ڕۆژان نووسین و خوێندنەوەی و کەڵک وەرگرتن لەم زمانانەدا، تووشی کەم و کووڕی بین!

بەڵام ئەمن وای تێناگەم. هەڵبەت دەتوانم بەو پەڕی ئینسافەوە ئەم بابەتە بە خۆم بسەلمێنم کە ئەوەی نەخوێندەوارە، بۆ لۆمە و گلەیی نابێ، بەڵام هەرگیز لە کەمتەرخەمی بەشی خوێندەوار و ڕووناکبیری کۆمەڵگا خۆش نابم و بە بەردەوامی لۆمەیان دەکەم.

ئەگەر بە وردی چاوێک بە دەوروبەری خۆماندا بخشێنین، غەڵەبایی و قەرەباڵغی شوێنەکانی «فێرگەکانی» زمانی ئینگلیسی بە جوانی لێمان ڕوون دەکاتەوە کە سەبارەت بە زمانی نەتەوەیی خۆمان غەدرمان کردووە و پەرەپێدانی بە زمانی دەرەکی پتر هەوڵمان داوە و بێئەوەی بیر لەوە بکەینەوە کە «چرایەکی کە بە ماڵێ ڕەوا بێ بە مزگەوت حەرامە!» یان «هەتا ماڵ بییەوێ بە مزگەوت حەرامە.»

هەڵبەت ئەم ڕەخنەیەی من بە مانای وەلانانی بایەخی فێربوونی زمانەکانی دیکە نییە و بە پێچەوانە، پێموایە شارەزا بوون بە هەر زمانێک لەجێی خۆیدا هەم هونەرە و هەم پێویست، جا چ زمانی فارسی بێ کە زمانی ڕەسمی ئێرانە و چ زمانی ئینگلیسی بێ کە ئەمرۆ فێربوون و قسە پێکردنی، بە مەرجی خوێندەوار بوون دەناسرێ.

ئەمن بایەخ و گرینگی شارەزا بوون بە زمانەکانی دیکە ڕەت ناکەمەوە و زۆریشی بە پیرۆز و پێویست دەزانم بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەرگیز لەم بابەتە ئاشکرایە پاشگەز نابمەوە کە ڕێزگرتن لە زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ بە توانا کردنی خۆمان چ لە بەشی خوێندنەوە و چ لەبەشی نووسیندا ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکە و ئەم هەستیار بوونە بۆ گەلانی خاوەن زمانی تایبەت ڕەوا و گونجاوە.

من وەک مامۆستایەک کە دەمێ ساڵە لە قوتابخانە ناوەندییەکانی شاری بۆکاندا خەریکی ئیش و کاری فێرکاریم، بەم باوەڕە پڕ لە ئێش و ئازارە گەیشتووم کە بە داخەوە ڕێژەی خوێندەوارانی کوردیزان و کوردیخوێن زۆر کەمە و جێگای تێفکرین و پێدا چوونەوەیە.

ئەگەر لە ساڵیانی ڕابردوودا شوێنێک بۆ چالاکییەکانی فێرکاری زمانی کوردی نەبووە، بە خۆشییەوە چەند ساڵێکە لە شاری بۆکاندا لەم کەموکوڕییە ڕزگاریمان هاتووە و «فێرگەی ئەدەب» ئەرکی پیرۆزی فێرکردنی پیر و جوانی وەئەستۆ گرتووە کە من لێرەوە ماندوو نەبوونی و دەسخۆشییان لێدەکەم.

کە وایە پێویستە لەم هەلە ڕەخساوە کە بۆتە هۆی ناساندن و پەرەپێدانی زمانی ڕەسەنی کوردی، پێشوازی بکەین و وێڕای ئەوەی کە خۆمان بە تین و تاوێکی نیشتمانپەروەرانەوە ڕوو لەم کارە جوانە دەکەن، هاندەرێکی باش بین بۆ هۆی ناساندنی زمانی بێخەوشی کوردی.

هیوام وایە هەمووماں وەک کانییەکی پڕ لە دوڕ و گەوهەر بڕوانینە زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی و بۆ بووژاندنەوەی دابونەرێتی جوانی کوردەواری، بە چاوێکی کراوە و بیر و هزرێکی جوانەوە لەم بووارە زێڕینەدا هەنگاو هەڵێنینەوە.

بەو هیوایە

ناوەندی ڕۆشنبیری و فێرکاریی ئەدەب"بۆکان

## پێشکەوتنی مێژوویی زمانی کوردیو هێندێک تایبەتمەندیی سروشتی ئەم زمانە

فاخیر پێنهانی

ئەم وتارە لە گۆڤاری "لیکۆلین" سەر بە ئەنیستیتۆی کورد لە ئاڵمان بە زاراوەی کورمانجی ژوروو بە پیتی لاتینی لە لایەن دوکتور زەردەشت حاجۆوە نووسراوەو پێم باش بوو بۆ ساز کردنی پێوەندی لە نێوان دوو زاراوەی سەرەکیی زمانی کوردی

و لێک تێگەیشتنی زیاتر، ئەم وتارە بە کورمانجی سۆرانی بخرێتە بەر دیدەی خوێنەران و لە راستی و ناراستی و بیرو بۆچوونەکانی ئەم وتارە نووسەر بەرپرسەو ئێتر تەنیا بووینەتە ئامرازی گواستنەوەو وەرگێڕان.

سەرەتا:

بەر لەوەی دابەزینە نێو ناخی وتارەکە، گەرەکمە وەکوو دەسپێک نرخی زمان وەک ناسنامەی فەرهەنگیی گەلان بە گشتی و وەک ناسنامەی گەلی کورد بە تایبەتی بێنینە بەرچاوان.

من پێم باشترە ئەوە بڵێم بۆ ئەوەی کە ئێمە مێژووی زمانی کوردی و هێندێک تایبەتمەندیی ئەو زمانە باشتر بزانین پێویستیمان بەوە هەیە زمانی خۆمان بە هێندێک زمانی دیکەی پێشکەوتووی دونیا هەڵسەنگێنین.

دیارە هەمووماں لەسەر ئەوە هیچ کێشەیەکمان نیە کە "زمان ئەستوندەکی فەرهەنگی گەلانە" . زمان نەتەنیا نیشانەی فەرهەنگ و وڵاتی کەسەکانە، بەڵکوو بۆ ناسین و ناساندنی پێناسەی کەس یان کەسانێک لەو وڵاتەی کە لێشی لە دایک بوونە گرینگترە. چونکە زمان بە درێژایی تەمەنی ئێمە بەرۆکی ئێمە بەر نادا، تەنانەت ئەو کاتەی چاری ناچار وڵات بەرەو تاراوگەو هەندەرانیش بەجێ دێڵین، زمان بەشێکی دانەبڕاوی بوونی ئێمەیە.

هەر لەو کاتەش دا " زمان مێژووو پاشە رۆژی گەلانە"، بۆیە دەڵێن زمان مێژووی گەلانە، چونکە تەنیا لە ڕێی زمانەوە دەکرێ لە رامان و بیرو بۆچوون و چۆنیەتیی تێڕوانین و باوەڕی پێشینیانی خۆمان تێبگەین و بەرهەمو شێوەی هزرو بیری وان کە بە نووسین، واتە زمان بە ئێمە دەگات شرۆڤە بکەین. هەروەها" زمان پاشە رۆژو داهاتوی گەلانە" چونکە تەنیا لە ڕێی زمانەوە دەکرێ بۆ داهاتوو وێنایەک برەنگێنین و بەرنامەیەک دارێژین.

بە گشتی دەتوانین بڵێین، بەشی هەرە گرینگی پێناسەی گەلان زمانە.

**دیارە تەواوی ئەو دەرەنجامانەی سەرەوە کە باسمان کردن بە گشتی و بە تایبەتی بۆ گەلی کورد زۆر گرینگترن. بۆ چی؟**

چونکە کورد ئەمرۆ بە داخەوە، نە خاوەن دەوڵەتێکو کیانێکی سەربەخۆیە کە لە دونیا بە رەسمی بی ناسن،و بە گشتی نە دینێکی تایبەتیی هەیە کە ببێتە بەشێکی گرینگی ناسنامەکەی بۆ دەرەوە، بۆیە تەنیا پێناسەیەک کە دەتوانێ لە ون بوون و تواندەوە بمانپارێزێ، و بە دونیامان بناسێنێ، زمانەو بەس!

هەر لە ژێر رووناکایی گرینگی و بەهای زمان، وەک رەمزی مانەوەی کوردو گەشە کردنی بیری نەتەوایەتی لە رێگەی زمانەوەیە کە . " بە شێوەیەکی گشتیو مێژوویی لەلایەن نەیاران و ناحەزان و داگیرکەرانی وڵاتی کوردان بە هەموو شێوەیەک و بەردەوام هەوڵی لاواز کردن و لەنێو بردنی زمانی کوردی وەکوو فاکتۆرێکی سەرەکیی بوونی کورد، دراوەو بۆ ئامانجی هێرش و لە نێو بردن" .

**لە سەرەتاوە دەمهەوێ بێمە سەر باسی مانای " زمانی کوردی"و بپرسم، بەراستی زمانی کوردی یانێ چی و چ پێناسەیەکمان هەیە هەتا بڵێین ئەوەتا، ئەوەیە زمانی کوردی؟!**

ئەو پرسیارەی هەر لە سەرەتاوە بۆ کەسێکی غەیرە کورد دێتە ئاراوە، ئەو پرسیارەی سەرەوەیە، چونکە دەوڵەتێکی ناسراوی کوردی بوونی نیە هەتا بڵێین، ئەوە زمانی فلان دەوڵەتی کوردییەو پێی دەڵێین زمانی کوردی.

کوردستان هەروەک هەموومان دەزانین لە لایەن ٤ دەوڵەتی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریاوە داگیر کراوەو بەو پێیە نە دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی هەیەو نە زمانێکی یەکگرتووو پێشکەوتووی کوردی.

دیارە ئەمرۆ ئیتر ئەو باسە کە زمانێکی سەربەخۆی کوردی بوونی هەیەو بەسەر چەند زاراوەی جۆراوجۆردا دابەش دەکرێ‌و لەگەڵ زمانەکانی دیکەی دەوروبەری جیاوازیی هەیە، وەکوو راستییەکی زانستی روون و ئاشکرایەو سەلمێندراوە.

سەبارەت بە واقیعی بوونی زمانی کوردی وەک وو زمانێکی سەربەخۆ، لە سەدەی ١٩ دوە هەتا ئەمرۆش، دەتوانین بڵێین هەموو زمانزان و توێژەرانی زمان، کە لە سەر زمانی کوردی لێکۆڵینەوەیان ئەنجام داوە، لەسەر ئەم باوەرە کۆکن کە زمانی کوردی زمانێکی تایبەت و سەربەخۆیە.

بەڵام لە سەدەکانی پێشتر بە هۆی خزمایەتی یەک لە نێوان زمانی کوردی و زمانی فارسی دا بەدی دەکرا هێندێک پێیان وابوو کە زمانی کوردی، زاراوەیەکی زمانی فارسیی تازەیە. بەڵام دوای سەدەی ١٩ زانایانی ناسراوو بە نێوبانگی بواری زمان لە ئورووپا وەک: مایۆرزیو گارزۆنی، ئالبێرت سۆجن، پیتێر لێرچ، ئەلکساندێر یابا، هۆگۆ ماکاس و فێردیناند یۆستی بە نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستی روونیان کردەوە کە خزمایەتیی نێوان زمانی کوردی و فارسی، شتێکی زۆرترو نێزیکتر لە خزمایەتیی فارسی لەگەڵ زمانەکانیتری هیندو ئورووپایی نیە، واتا چەند دەتوانین بڵێین زمانی فارسی و ئاڵمانی و رۆمانی لێک نێزیکن و خزمایەتییان هەیە، هەر ئەوەندەش دەتوانین بڵێین کوردی و فارسی نێزیکایەتی و خزمایەتییان هەیە.

پیتر لرچ لە بەرهەمی خۆیدا بە ناوی : Forschungen uber die kurden und die Iranischen

لە ساڵی ١٨٥٧ی زایینی دا سەبارەت بە خزمایەتیی نێوان زمانی کوردی و فارسی ئاوا دەپەیڤێ: بنەماو بنیاتی هەر دوو زمان گەلێک جیاوازییان هەیەو لێک دوورن، راستە باڵ و لک و پۆپی وێکچوویان زۆرە کە بوونەتە هۆی ئاوەدان کردنەوەی هەر دوو ماڵ و هەر بۆیەش ئەندامی ئەو دوو بنەماڵەیە لێک نێزیک دەبنەوە لێک تێ‌دەگەن.

بەو شێوەیە پیتر لرچ دەیهەوێ بڵێ کە لە نێوان هێندێک زاراوەی کوردی بە تایبەت زاراوەی کورمانجیی ژێرین (لوری ولەکی)دا نێزیکایەتییەکی زۆرتر هەیە لە چاو زاراوەی کورمانجیی ژوورو (باکوور)و زمانی فارسی.

هێندێک بە ناو زمانزانی تورک بە مەبەست و بە شێوەیەکی نازانستی و تێکدەرانە تێ‌دەکۆشن کە سەربەخۆیی زمانی کوردی بخەنە ژێر پرسیارو ئەو زمانە وەک:

" زمانێکی نارِوون و بێ‌ریشەو بنچینەو زمانێکی تێکەڵ و پێکەڵ کە وشەکانی ئەم زمانە هەر یەکەی لە شوێنێک و زمانێک وەرگیراون و خانووی زمانی کوردییان دامەزراندوە." بە دونیا بناسێنین، هەر وەک دەسەڵاتداری تورک" بەدزی نویان" لە ساڵی ١٩٨٢ لە وتارێک دا بە ناوی " کوردو کوردی تورک" کە لە سەرەوە بەشێکمان هێنا نووسیویەتی.

روون و ئاشکرایە کە ئەم شێوە هەوڵدانانەو ئەم جۆرە نووسینە نازانستییانە لە نێو کۆرو کۆمەڵی شارەزاو زمانزان دا نرخ و بایەخێکی پێ‌نادرێ، چونکە ئەوانە بە مەبەستو زۆرتر وەک پرۆپاگەندە و دژایەتی لەگەڵ بوونی زمانی کوردی و تەنانەت دژایەتی لەگەڵ بوونی نەتەوەیەک بە ناوی کورد نیشان دەدەن.

با لە بەرانبەر ئەم بیرو باوەرو شۆڤ‌ێنانەی حکوومەتی تورک گوێ راگرین بۆ بیرو بۆچوونی مامۆستایەکی پایە بڵیندی ئاڵمانی کە لە زانکۆی شاری Essen وانە بێژە. ئەو زمانزانە ئاڵمانییە بە ناوی پرۆفیسۆر . دوکتور یوهانس مایر . ئینگورسن لەو باوەرە دایە کە:

" ئەوە بە راستی خۆ هەڵخەڵەتاندنێکی ئاشکراو بە مەبەستە، کاتێک بەردەوام تورکەکان دەڵێن کوردەکان عەشیرەتی تورکن (تورکی کێوی) کە بە شێوەیەکی سەرزارەکی فارسییەکی پرش و بڵاویان وەرگرتوە.

یەکەم: بەر لە هەر شتێک، زمانی کوردی لە باری زانستییەوە زمانێکی سەربەخۆیەو لە لایەکی تریشەوە بۆ وەڵامی تورکەکان دەبێ بڵێین، کوردو زمانی کوردی زۆر پێشترو زۆرتر لە تورک و زمانی تورکی لەو مەڵبەندە (کوردستان) لەسەر خاکی خۆیان بوونیان هەبووە.

لەلایەکی تریشەوە، مێژوو بە شێوەیەکی روون‌و لەبەر چاو ئەو راستییەمان بە پێچەوانەی بیرو بۆچوونی تورکەکان بۆ دەردەخات کە، لەو کاتەدا کە رۆژئاوای ئانادۆل وردە وردە بەرەو تورکیزە کردن دەرِۆیشت، زمانی خۆماڵی‌و کۆنی کوردان زۆر پێشتر لە هاتنی عێل‌و عەشیرەتی تورکەکان سەربەخۆیی خۆی هەبووە."

سەبارەت بە پۆلین کردنی زمان لە بارەی بنەماڵەوە دەبێ بڵێین کە، زمانی کوردی لە دەستەی باکووری رۆژئاوای زمانە ئێرانییەکانە کە سەر بە بنەماڵەیەکی گەورەتر بە ناوی زمانەکانی هیندو ئورووپاییە.

بەو پێیە، زمانی کوردی لە زمانەکانی دەوروبەری خۆی تەنیا دەکرێ بڵێین خزمایەتی لەگەڵ زمانی فارسی دا هەیە.

زمانی عەرەبی و زمانی تورکی هەر یەکەی سەر بە بنەماڵەیەکی زمانیی جیاوازن و زۆر لە کوردی دوورن. تەنیا ئەوە نەبێ کە بە درێژایی مێژوو لە نێوان ئاخێوەرانی زمانی کوردی و ئەو زمانانەدا هێندێک شوێندانان لە باری زمانی سەرزارەکی و لە باری رێزمانی یەوە بەرچاو دەکەوێ.

لێرەدا دەبێ ئەو راستییە لەبەر چاو بگرین کە دوای موسوڵمان بوونی کوردەکان و زاڵ بوونی زمانی عەرەبی لە رێگەی ئایینەوە ـ هەر وەک چۆن زمانی عەرەبی لە سەر زۆر زمانی دیکەش شوێنی داناوە ـ کاریگەرییەکی بە رێژە زیاتری لەسەر زمانی کوردی بەجێ هێشتوە.

نەبوونی زمانێکی یەکگرتووو پێشکەوتووی کوردی، هەتا ئێستاکەش بە راستی جێگای داخ و مخابنە، کە ئەو باسە پێویستیی بە شیکردنەوەو لێکدانەوەی زیاترە. جیا لەوەش، لە نێو زمانی کوردی دا زۆر زاراوەی هەرێمیی لێک جیاواز بوونیان هەیە. دیارە ئەوەش راستەوخۆ هەڵقوڵاوی باری نالەباری کورد بە گشتی بە درێژایی مێژووی پرِنەهامەتیی ئەم گەلەیە.

هەل ومەرجی رامیاریی زاڵ بەسەر کوردستاندا هیچ کات ئەو رێگەیەی بە کورد نەداوە تاکوو ببێتە خاوەن دەوڵەتێکی نەتەوەیی و زمانێکی ستانداردو پێشکەوتوو بخوڵقێنێ و پەرەی پێبدا.

**زاراوەکانی زمانی کوردی کامانەن و لە چ مەڵبەندێک بەکار دەهێنرێن؟**

ئەو خاکەی کە خەڵکەکەی بە زمانی کوردی (بە گشت زاراوەکانیەوە) دەپەیڤن، پانتاییەکی ٥٠٠/٠٠٠ کیلومیتریی چوارگۆشە لە خۆی دەگرێ.

سنووری باشووری ئەم خاکە (کوردستان) لە باکووری کەنداوی فارسەوە دەست پێدەکات و بەرەو باکوور هەڵدەکشێ و بە قەراغ ویلایەتی ئازەربایجانی ئێرانداو بەسەر زەریاچەی ورمێ دا تێپەڕ دەکاتو بە بەشێکی بچووک لە وڵاتی ئەرمەنستان دا دەرباز دەبێ و لە ئەرزڕوومێ بەرەو سیڤاس و مەرعەش دەڕواو لە ڕۆژئاوا دەگاتە عەمرین (کوردستانی سووریە)و لە باشووری ڕۆژئاوا دەچێتەوە باشوورو بە شەنگارو موسڵ دا تێپەڕ دەبێو دەچێتەوە بەرەو شوشتر (شوشتەر)و دەگەڕێتەوە باکووری کەنداوی فارس.

سەبارەت بە ڕێژەی ئاخێوەرانی زمانی کوردی هیچ سەرژمێرییەکی فەرمی و ڕێک و پێک و جێ باوەڕ هەتا ئێستاش لەبەر دەست دا نیە، بەڵام دەگوترێ کە ڕێژەی کورد دەگاتە ٤٠ میلیون کەس.

زمانی کوردی یان بە واتایەکیتر زمانی کورمانجی بە دوو بەشی سەرەکی دابەش دەکرێ و هەر زاراوەیەکی سەرەکیش خاوەن چەند زاراوەی دەورانپشتە:

ئەم دوو بەشە ئەمانەن:

کورمانجیی ژووروو (باکوور)

کورمانجیی ناوین

ئەگەر خەتێکی گریمانەیی لە ورمێ وە بۆ ڕەواندوزو هەولێر بکێشینو وەک سنوور دایبنێین دەتوانین ئەم دوو بەشە لێک جیا بکەینەوە.

لەسەرەوەی ئەم خەتە زۆربەی کوردەکان ئەگەر ناوچەی (بینگۆل و دەرسیم)ی لێ هەڵاوێرین بە زاراوەی کورمانجیی ژووروو دەپەیڤن، هەروەها لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەم خەتە زۆربەی کوردەکان بە کورمانجیی ناوین دەئاخێون.

کورمانجیی ژوورو(باکوور) بۆ خۆی بە سەر سێ زاراوەدا دابەش دەکرێ:

١. کورمانجیی مەڵبەندەکانی دهۆک، حەکاری، جزیرو شرناخ کە بە زاراوەی بادینانی و بۆتانی دەناسرێن.

دەکرێ بە گشتی بە زاراوەیەی ئەم مەڵبەندانەی بڵێین زاراوەی بۆتانی.

٢. کرمانجیی مەڵبەندەکانی ورمێ، شەنگال، سێرت، ئامەد، باتمان، مێردین، حەسەپە، عەفرین، روحا، ئاگری، قەرس و هەروەها کوردەکانی قەفقازیاش.

دەکرێ بەگشتی بە زاراوەیەی ئەم مەڵبەندانەش بڵێین زاراوەی شەنگالی.

٣. کورمانجیی مەڵبەندەکانی دیلۆک (عەنتاب)، سەمسور (ئادیامان)، مەرعەش، ئەرزەنجان و هەروەها کوردەکانی خوراسان.

دەکرێ بە گشتی بە زاراوەیەی ئەم مەڵبەندانەش بگوترێ زاراوەی مەرعەشی.

کورمانجیی ناوین (بە گشتی ئەم زاراوانە لە خۆی دەگرێ:

سنەیی، سلێمانی، ئەردەڵانی، کەرکووکی، گەرمیانی، هەولێری، سۆرانی، موکری، شارباژێری، پژدەری.

زاراوەکانی تەنیشتی زمانی کوردی (کورمانجی)

لە زمانی کوردی دا جیا لە دوو زاراوەی سەرەکی، زاراوەی تریش هەنە:

١. کورمانجیی ژێرین(خواروو) کە بە گشتی ئەم زاراوانە لە خۆی دەگرێ وەک:

فەیلی، کرماشانی، لەکی، خانەقینی، لوری.

٢. کرمانجی (کە بە شێوەیەکی نازانستی بە زازاکی ناسراوە)

٣. گۆرانی (هەورامی)

کرمانجیی (زازاکی)

ئەم زاراوەیەی زمانی کوردی کە هەتا ئێستاش بە شێوەیەکی چەوت و نازانستیانە بە زازاکی ناسراوەو ئەو کوردانەی بەم زاراوەیە دەپەیڤن، کاتێ باسی زمانی خۆیان دەکەن، قەت بە خۆیان ناڵێن زازا، بەڵکوو دەڵێن، " زۆنێ مە"، واتا زمانی ئێمە یان بە خۆیان دەڵێن "کرمانجی" لە زۆر شوێن و مەڵبەندی نیشتەجێ بوونی ئەم کوردانە (لە باکووری کوردستان) کە بەم زاراوەیە دەئاخێون، دەنگی (ش) وەک (س) بە لێو دەکەن و دەنگی (ژ) دەکەنە (ز).

زۆر دوور نیە کە ئەو بەشە لە کوردەکانی باکووری کوردستان کە زۆربەیان بە کورمانجیی ژووروو دەپەیڤن، بۆ پێکەنین وەک گاڵتە پێکردن پێیان گوتبێ "زازا"!

دیارە راستیی ئەم بۆچوونە زیاتر کاتێک ئاشکرا دەبێ کە بزانین کوردی کرمانجی (زازا)ش بەو کوردانەی کە بە زاراوەی کورمانجیی ژووروو (باکوور) دەئاخێون دەڵێن" هەرە . وەرە"!

ئەگەر ئێمە" هەرە . وەرە" وەک ناوی ئەو بەشەی خەڵکی کورد کە بە زاراوەی کورمانجیی ژووروو (باکوور) دەپەیڤن هەڵبژێرین! دیارە دەشتوانین بە کوردیی کرمانج و زاراوەکەیان بڵێین "زازا"! (کە بە راوەڕی هەموومان چەوتە). لە لایەکی ترەوە، ئەگەر بەراستی "هەرە . وەرە" دەتوانێ وەکو ناوێکی زانستی و مێژوویی بێتە ئەژمار؟! دیارە "زازاش" دەتوانێ ناوێکی مێژوویی و زانستی بۆ بەشێک لە خەڵکی کورد بێ!؟

ناوێکی دیکە کە بۆ ئەم زاراوەیە بەکار دەبرێ، "دملی" یان "دوملی"یە کە ئەویش چەوت و ناڕاستە، چونکە دملی ناوی هۆزو عەشیرەتێکی کوردە، نەک زاراوەیەکی کوردی. ئەوجا هەر بەوەندەش نەوەستاون، هێندێک کەس و نووسەر کە وشەی "زازا" بەلایانەوە چەوتو ناڕاستە، وشەی " کوردکی" بۆ ئەم زاراوەیە بەکار دێنن.

دیارە وشەی "کوردکی"یش بنەمایەکی مێژوویی نیە، بەڵکوو هێندێک نووسەرو زمانزانی کورد، بۆ خۆ رزگار کردن لە دەستی وشەی "زازاکی" ئەم وشەیان داتاشیوە و بەکاری دێنن.

بە لەبەر چاوگرتنی تەواوی ئەم کۆسپانە و وشە ناڕاستانە من بە باشی دەزانم کە ئێمە، کورد لە کاتی نووسین و ئاخافتن دا خۆ لە دەست وشەی "زازا"و "دملی"و "کوردکی" رزگار بکەین و لە شوێن ئەوان دا، وشەی "کرمانجی" بۆ ئەم زاراوەیە بەکار بێنین.

لەمەودوا هەر کاتێ وشەی "کورمانجی" بەکار دێنن مەبەستمان هەموو زاراوەی زمانی کوردی یان بە واتایەکیتر، مەبەستمان زمانی کوردیە وەک، کورمانجیی ژووروو (باکوور) کورمانجیی ناوین، کورمانجیی ژێرین و کرمانجی و گۆرانی و هەر کاتێ دەبێژین کرمانجی، مەبەستمان ئەو زاراوەیەیە کە هەتا ئێستاش بە چەوتی " زازاکی و دملی و کوردکی"ی پێ دەگوترێ.

دیارە هەتا ئەم راستییە لە نێو هەموو کورداندا جێ دەگرێ کات دەبات و پێویستە کوردەکانی (باشوورو ڕۆژهەڵاتیش) کە هەتا ئێستاش تەنیا بە کوردی باکوورو ڕۆژئاوا (تورکیەو سووریە) دەڵێن کرمانج، جیاوازیی نێوان "کورمانجی" وەک زمانی کوردی بە گشتی و "کرمانجی" وەک زاراوەیەکی کوردی هەست پێبکەن و خۆیان لە رای ئێمە نزیک بکەنەوە.

زاراوەی کرمانجی خۆی بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبێ:

١. بن زاراوەی دەرسیم (کرمانجیی رۆژئاوا)

٢. بن زاراوەی بینگۆل (کرمانجیی رۆژهەلات)

**به گشتی نزیکەی ٣ میلیون کورد له باکووری کوردستان لەو مەڵبەندانەی خوارەوە به زاراوەی کرمانجی (زازا) دەپەیڤن:**

دەرسیم، بینگۆل، ئەل ئەزیز، خارپوت، ماندین، پالۆ، دەوروبەری ئامەد و سوێرەکێ.

شتێکی سەرنج راکێش ئەوەیە کە هەر چەند مەڵبەندو شوێنی زاراوەی کرمانجی (زازاکی)و گۆرانی (هەورامی) لە باکوورو باشوورو رۆژهەلاتی کوردستان گەلێک لێک دوورن، بەڵام نزکایەتی و وێکچوونێکی زۆر لە نێوانیاندا دەبیندرێ.

ئەوەش دەتوانین بۆ ئەوە بگەڕێنینەوەو وای لێک دەینەوە کە بە ئاخێوەرانی ئەم دوو زاراوەیە سالانێکی زۆر بەر لە ئێستا پێکەوەو لە یەک شوێن نیشتەجێ بوون، بەڵام بەهۆی بەسەرهات و کارەساتە مێژوویيە یەک لە دوای یەکەکانی کوردستان لێک دابڕابن و یانیش بەشێک لەو کورد و عەشیرەتانە بە خواستی خۆیان بۆ مەڵبەندێکیتر کۆچیان کردبێ.

سەبارەت بە هەل و مەرجی ئێستای ئەدەبیاتی نووسراوی زاراوەی کرمانجی (زازاکی) دەتوانین بڵێین تێکۆشان و بەرەوپێش چوونێکی باش بەدی دەکرێ.

نووسەری کرمانج (زازا) پێشتر بە گشتی بەرهەم و نووسراوەکانیان بە زمانی کورمانجیی ژووروو (باکوور) دەنووسی، بەڵام ئێستا ئاوڕێکیان لە زاراوەی خۆیان داوەتەوە و خەریکی نووسین و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم زاراوەیەن.

ئەوەش بۆخۆی جێگای شانازی و پێزانینە، چونکە دەبێتە هۆی بەرە و پێش بردن و پاراستنی زاراوەیەکی کۆنی کوردی کە بەرەو لە نێوچوون دەچوو، رزگار کردنو بەرەوپێش بردنی ئەم زاراوەیەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندتر بوونی زمانی نەتەوەیی کوردی.

**گۆرانی (هەورامی)**

زاراوەی گۆرانی لە ناوچەکانی هەورامان، زەنگەنەو کەرکووک درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. هەروەها کوردەکانی کاکەییش بەم زاراوەیە دەئاخێون.

زاراوەی گۆرانی پێشتر وەکوو زمانی ئەدەبیی کوردی دەناسرا ئەم زاراوەیە سەردەمێک وەکوو زمانێکی پێشکەوتووی نووسراو، لەلایەن میرانی ئەردەلان و تەنانەت میرانی بابانیش بەکار دەهات و زۆر شاعیری بەناوبانگی کورد وەک، خانای قوبادی و مەولەوی و بێسارانی . بەم زاراوەیە شێعرو دیوانیان جێ هێشتوە.

**بەرەوپێشچوونی مێژوویی زمانی کوردی**

الف) بناخەو بنەمای زمانی کوردی هەر وەک پێشتریش باسمان کرد، ئەگەر ئەم سێ پارێزگایەی باشووری کوردستان (هەولێر و سلێمانی و دهۆک)ی لێ دەرکەین ـ هەرچەند ئەوانیش هەتا ئێستا سەقامگیری و متمانەیەکی تەواویان لە باری سیاسییەوە وەدەس نەهێناوە . زمانی کوردی بە گشتی بێخاوەن و بێ دەوڵەتە.

لە لایەکیترەوە هیچ کات لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارە داگیرکەرەکانی وڵاتانی زاڵ بە سەر کوردستاندا نیە کە رێگە بدەن، لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی چڕوپڕ دەربارەی زمانی کوردی بکرێ.

تازە بەوەش رازی نابن، لە رێگەی هاوپەیمانەتیی ئەم وڵاتانە لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەکی و بە هۆی بوونی بەرژەوەندیی ئابووری جەختو فشار دەخەنە وڵاتانی بیانییش بۆ ئەوەی رێگا بە بەرەوپێشچوونی زمان و فەرهەنگی کوردی لە وڵاتانیتریش بگرنو بەو شێوەیە زمان و کولتووری ئێمە بەرەو نابوودی و نەمان بەرن.

هەتا ئەو جێگایەی ئەم رێژیمە داگیرکەرانە بۆیان دەس بدات دەبنە لەمپەرێک لە بەردەم دامەزراندنی بەشی کوردیناسی (kurdo logi) لە زانکۆکانی ئەم وڵاتانە و لەم بوارەش دا هەرچی لە دەستیان بێ درێغی ناکەن.

زۆرجار دەسەڵاتدارانی وڵاتێک (بە تایبەتی لە ئورووپا) دەیانهەوێ بەشێکی کوردیناسی لە زانکۆکانیان دابمەزرێنن، بەڵام دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، نارەزایەتی دەردەبڕن و وای دادەنێن کە ئەم وڵاتانەی رێگە بە بەرەو پێش چوونی زمان و کولتووری کوردی دەدەن، دەستیان خستۆتە نێو کاروباری نێوخۆی ئەم وڵاتانەو ئەوەش بە پێی پەیماننامە نێونەتەوەییەکان شتێکی نائاسایی و قەدەغەیە.

هەر لەبەر ئەم هۆیانەیە کە هەتا ئێستاش نە لە نێوخۆی کوردستان (لە تورکیە و ئێران و سووریە)و نە لە دەرەوەی وڵات، لێکۆڵینەوە و خەباتێکی زانستیی چڕوپڕ بۆ بووژانەوەی زمانی کوردی نەکراوە.

تەنانەت ئەگەر لە ئورووپا یان هێندێک وڵاتانیتر کەسانێک وەکوو خولیاو حەزێکی تاکەکەسییش بخوازن لە سەر زمان و فەرهەنگی کوردان لێکۆڵینەوە بکەن لە لایەن دەوڵەت و کاربەدەستانی خۆیان تووشی زۆر گرفتو بایەخ پێ نەدان دەبنەوە.

ئەو کەسانە لە زانکۆکان بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆژەکانیان لەگەڵ بەرێوەبەرایەتیی زانکۆکان تووشی گیروگرفت دێن، چونکە سەرۆکی زانکۆش راستەوخۆ پێوەندیی بە وەزارەتی پەروەردە یان لێکۆڵینەوەی زانستییەوە هەیەو ئیمکان و پارەو پشتیوانی کردن بۆ هەر پرۆژەیەک لەلایەن حکوومەتەکانەوە دابین دەکرێو بڕیاری هەبوون و نەبوونی، بۆ وێنە (زمان و کولتووری کوردی) لە فڵان زانکۆ لە لایەن حکوومەتەوە دەردەچێ و ئەوانیش قازانج و بەرژەوەندیی وڵاتی خۆیان بە لاوە زۆر لە بەرەو پێش چوون و بوژانەوەی زمانی کوردی گرینگترە. لە لایەکی تریشەوە، تەنانەت ئەگەر کەسێک و زانایەکی ئورووپایی بە ئیمکان و پارەی خۆی وەک حەزێکی تاکەکەسییش لە دەرەوەی دامودەزگای دەوڵەتی، ئیشێکی باش بکاو لێکۆڵینەوەیەکیش بکا، بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە و فرۆشتنی بەرهەمەکانی دیسان تووشی زۆر گرفت و نەهامەتی دەبێ و ئەو کەسە لە کۆمەڵگای خۆیدا بە تەنیا دەمێنێتەوە و مامۆستا هەژار گوتەنی "کەس هیچی بە کڵاوی ناپێوێ".

تازە سەرباری هەموو دەردان، جاروبارە لێرەو لەوێ هێندێک زاناو مامۆستای ئورووپایی دەر دەکەون وەک "مەیموونی لۆتی" بە هەوای سازی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان هەڵدەپەڕن و لەژێر ناوی زانا بوون و مامۆستا بوون داو بۆ وەدەسهێنانی دڵی شۆوێنیزمی تورکی و دەسەڵاتدارانی تورکیە، لە تورکەکان بە لەزترو راشکاوانەتر فەرمایشتان دەفەرموون کە: "زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆ نیەو زاراوەی کرمانجی (زازاکی) زمانێکی تایبەت و جودا لە کوردو سەربەخۆیە" و لە بەختی رەشی ئێمە ئەوانیش دەبن بە بەشێک لە بەرەی دژی کورد و داردەستی دوژمنانی کورد.

بە داخێکی زۆر گرانەوە ئەو کوردانەش لە وڵاتانی دەرەوە توانیویانە پلەو پایەی زانستی بەرز لەسەر زمان و زمانزانی وەدەس بێنن، بەهۆی کارو ئیش و کێشەی خۆبەرێبردن بۆیان ناکرێ وەک دەبێ رۆژی ٨ ـ ٦ کاتژمێر بەشێوەیەکی زانستی و بەردەوام لەسەر زمان و پرۆژەکانی پێوەندیداری زمان و وێژەی کوردی لێکۆڵینەوە بکەن.

مامۆستاو زانای کوردیش کە بە دەگمەن لە بواری بەرزی زانستی زماندا دەبینرێن پێویستە ٨ ـ ٦ کاتژمێر هەر رۆژ وەک هەموو کەسێکی دیکە بە شێوەیەکی بەردەوام لەو بەشەی کاری پێسپێردراوە ئیش بکا هەتا ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی راپەڕێنێ و کاتێ بە شەکەتی و بێهێزی دەگەڕێتەوە ماڵ، تازە دەبێ ئەگەر خاوەن هەستێکی نیشتمانپەروەرانەی زۆر بەهێز بێ دەست بداتە قەڵەمو بە بێهێزی و ماندوویەتی و بێ دەرفەتی پەرتووکێک یان وتارێک سەبارەت بە زمان بەرهەم بێنێ.



# پاراستن و خزمەتی زمان، ئەرکی نەتەوەییە.



بە لە بەرچاوگرتنی هەمووی ئەم کەم و کورییانە کە ئێمە وەک کورد بە گشتی بە دەستیانەوە دەناڵێنین، زانیاری و ئاگاداریی زانستیی ئێمە لەسەر زمانی کوردی زۆر کەم و کورتەو هەرکات دەمانهەوێ سەبارەت بە مێژووی زمان و وێژەی کوردی بنووسین و دەستمان بە باوەڕێکی زانستیی گیربێ، پەنا دەبەینە بەر سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی کەسانی بیانی، بەتایبەت سەدەی ١٩ زایینی، کە یەک لەوان، "فردیناند یوستی" یە، کە باوەڕی وابوو هێندێک ئاماژە و نیشانە لەبەر دەستن کە دەتوانین باوەڕ بکەین کە زمانی کوردی زمانێکی مێژوویی و کەوناراو زیندووو لەسەر پێیانەو دەکرێ پاشماوەی زمانی میدیاکان بێ. "یوستی" لە پەرتووکەکەی دا لە ساڵی ١٨٨٠ ی ز، لە پیترز بورگ بە ناوی "گرامێری کوردی **Kurdish grammartic**" چاپ و بڵاوی کردۆتەوە دەڵێ: "زۆر دووری نابینم، کە زمانی میدیاکان کە ئێستا بوونی نەماوە لەنێو وشەکانی زمانی کوردی دا خۆی پاراستبێ".

هەروەها رۆژهەڵاتناسی بە ناوبانگ "ویلادیمیر مینورسکی" پاش لێکۆڵینەوەو هەوڵدانێکی زانستیی زۆر گەیشتۆتە ئەو ئاکامە کە لەنێوان زمانی میدیاکان و زمانی کوردی دا پێوەندی هەیە.ئەو لەسەر ئەم رایەیە کە هەموو زاراوەکانی کوردی لە بنچینەو بنەمادا یەکیەتییەکی دیارو پێوەندییەکی ریشەییان پێکەوە هەیە. ئەوە وامان لێ دەکات بگەینە ئەم باوەڕە، کە زمانی کوردی بەگشتی زمانێکی سەربەخۆو تایبەتمەندە و دەکرێ بڵێین نەتەوەیەکی مەزن و گرینگی وەک میدیاکان بەو زمانە ئاخاوتوویانە.

بەڵام بە گوێرەی زانیارییەکانی بەردەست هەتا ئەمڕۆش، دەڵێن لە زمانی میدیاکان تەنیا ١٢ وشە گەیشتوونەتە دەستی ئێمە کە ئەوانیش نیوەی گوندو مەڵبەندی جۆراجۆرن و ناتوانن ببنە بنەمایەکی زانستیی تەواوو بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی کۆتایی.

ب) سەرەتای وێژە و زمانی نووسراوەی کوردی و بەرەوپێشچوونی هەتا ئەمڕۆ بەو لێکدانەوانەو لێکۆڵینەوانەی کە هەتا ئێستا کردوومە، مرۆڤ لەم رایە نزیک دەبێ کە زمانی کوردی لە مێژووی خۆی دا هەتا ئەمڕۆکەش تەنیا بە دوو زاراوە سەرەکییەکەی (کرمانجیی ژووروو . کرمانجیی ناوین) نووسراوەتەوە.

دیارە هەر یەک لەو زاراوانە خاوەن رابردووو مێژوویەکی درێژوو تێکەڵ و ناهەموارن. هەرچەند وەک دەزانین زمانی کوردی زمانی رەسمیی هیچ دەوڵەتێک نیەو هێزێکی سیاسیی لە پشت نیە کە بەرەو پێشی ببات و بیپارێزێو هەروەها زمانێکی یکگرتووو ستانداردی کوردیش بوونی نەبووەو نیە، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی تەواوی ئەم گیروگرفتانەش، دیسان زۆر نووسراوەو بەرهەمی بە توانا بە هەر دووک زاراوەکە دەرکەوتوونەو پێشکەش کراون.

ئێمە دەتوانین بە شانازییەوە بڵێین کە هەر دوو زاراوەی سەرەکیی کوردی لە زمانێکی فەرمی و خاوەن دەوڵەت نزیک بوونەتەوە. (کە ئەوە دەوڵەمەندیی زمانی کوردی دەگەیەنێ).

مێژووی زمانی نووسراوی کوردی کە ئەمڕۆ لەبەر دەستمان بێ، لە سەدەی ١١ زایینییەوە بە هەڵبەست و شێعری شاعیری کورد عەلی حەریری دەست پێدەکات.

رۆژهەڵاتناسی رووسی "ئەلکساندێر یابا" لە پەرتووکی خۆیدا بە ناوی :*Reeuil de notices et reeits kurdes*

ئاوا دەنووسێ: "یەکەم شاعیرو هەڵبەستوانی کوردان عەلی حەریرییە ... ئەو لەنێوان ساڵەکانی ١٠٠٩و ١٠١٠ زایینی دا لە دایک بووە."

ئاستی ئەدەبیاتی کوردی لە سەدەکانی ١٥ ، ١٦ ، ١٧ ، ١٨ ، بە ناوی شاعیرانی کورد وەک ئەحمەد مەلای باتێ، فەقێ تەیران، مەلای جەزیری، سەلیم سلێمان، ئەحمەدی خانی، فارس بەدلیسی، پەرتەو بەگی حەکاری، شێخ خالیدو سیاپۆش خەمڵاوە.

ئەدەبی کوردی لە سەدەی ١٩ی ز. دا بە هەردووک زاراوەی سەرەکیی کوردی زۆرتر بەرەو ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەری و جۆرێک لە رۆمانتیک هەنگاو دەنێ.

لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەمەوە، زمان و ئەدەبی کوردی بەرە و باسێکی ژیانی رۆژانەی خەڵکی کوردستان و بەرە و سیاسەت رۆیشت و ئەم رەوتە هەتا ئێستاش بە شێوەیەک بەردەوامە.زمانزان، رۆژنامەنووس، نووسەرو سیاسەتمەداری کورد میرجەلادەت عالی بەدرخان کە گۆڤاری "هاوار" ی لە ١٥ تەباخی ١٩٣٢ی ز. دەرکرد، یەکەم کەس بوو کە رێزمانی بۆ زاراوەی کرمانجیی ژووروو (باکوور) داناو بوو بە بناخەیەک کە هەتا ئێستاش ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە دەنووسین و دەخوێنینەوە.

ئێمە دەتوانین بڵێین لەو کاتەوە میرجەلادەت بەدرخان ژیانی خۆی بۆ رێکخستنی زاراوەی کرمانجیی ژووروو دانانی رێزمان تەرخان کرد، ئەم بەشە لە کوردەکان بوون بە خاوەنی زمانێکی نووسراوەیی، رێکوپێک و هەتا رادەیەک پێشکەوتووو بوونی هێندێک گیروگرفتی راست نووسین و جیاوازیی شێوەی دەربڕینی وشەکە هەتا ئێستاش بە تەواوی چارەسەر نەبووە، ناتوانێ لە نرخی ئەم راستییە کەم بکاتەوە.

داخوازو داواکاریی من لە حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان و دەسەڵاتدارانی بواری فەهەنگ و زمان لەم بەشە لە کوردستان ئەوەیە، لەو مەڵبەندانەی خەڵکەکەی بە زاراوەی کرمانجیی ژووروو دەپەیڤن، دەس لە پیتی عەرەبی بۆ نووسینی زمان بەردەن و رێگە بدەن خوێندکار و قوتابیانی کورد لەم دەڤەرانەدا بە پیتی لاتینی بنووسن و بخوێنن و رێزمانی میر جەلادەت بەدرخان وەک بنەماو ئەساس وەربگیرێ، هەتا پێوەندیی زیاتر بەرقەرار ببێ لەنێوان ئەو کوردانەی بە کرمانجیی ژووروو دەپەیڤن.

هەرچەند لە زاراوەی کرمانجیی باکووردا لەنێوان بن زاراوەکانی مەڵبەندە جۆراوجۆرەکاندا هێندێک جیاوازیی دەبینرێ، بەڵام ئێستا ئۆگران و خوێنەرانی ئەم پەرتووکە کوردییانەی لە باکووری کوردستان یان لە دەرەوە (زۆربەیان لە ئورووپا) چاپو بڵاو دەبنەوەو دەکەونەوە کوردستان، لایەنگرانی خۆیان هەیەو خەڵک بە گشتی لە مەڵبەندە جیاوازەکانیش کەم کەم بەو زمانە یەکگرتووە راهاتوون.

لەم چەند ساڵانەی دوایی دا هێندێک فەرهەنگ (وشەدان)ی کوردی . تورکی ئامادە کراون کە ئەوان یارمەتیی خەڵک دەدەن هەتا لە وشەی مەڵبەندەکانی تریش تێبگەن و خۆیان لە ناوچەگەری دەرباز بکەن و ئەو زمانە نووسراوە جێی خۆی باشتر بکاتەوە.

هەروەک زاراوەی کرمانجیی ناوین کە ئێستا خەڵکی هەموو ناوچەکان لە باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان پێی راهاتوون و فێری بوون و بەرەوپێش دەچێت.

هەرچەند لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە جیاوازییەک هەیە، ئەویش ئەوەیە بە خۆشییەوە، نزیکی نیو سەدەیەک دەبێت کە هەلومەرجێکی، باشتر بۆ زاراوەی کرمانجیی ناوین رەخساوەو لە قوتابخانەکان و زانکۆکان دەرسی پێدەخوێندرێ و بەرەوپێش دەڕوات. لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە هەتا ئێستاش بە جۆش و خرۆشێکی زۆر زمان و ئەدەبی کوردی بە زاراوەی کرمانجیی ناوین خەریکی خۆتەیار کردنەو بە هەزاران پەرتووکو گۆڤارو رۆژنامە بەو زاراوەیە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە، بەجۆرێک کە بەراستی ئەمڕۆ دەتوانین بڵێین، ئەم زاراوەیە بەرەو پلەی زمانێکی یەکگرتووی پێشکەوتووو خاوەن دەوڵەت هەنگاو دەنێ.

بە داخێکی گرانەوە بەپێی هەل ومەرجی سیاسی و نەبوونی ئیمکانی لەبار بۆ ئەم زاراوەیە هەتا ئێستاش بە پیتی عەرەبی دەنووسرێتەوە و ئەوە بۆتە هۆی دوورکەوتنەوەی کوردەکانی باکوور لە بەشەکانی ترو لێک تێنەگەیشتن و لێک دابڕانی نووسەران و رووناکبیرانی ئەم زاراوەیە.

سەبارەت بەم گیروگرفتانە دەبێ بڵێم، کێشەی نووسین بە پیتی عەرەبی لە داهاتوودا وەکوو مەترسییەکی گەورە دەبینم لەسەر پێکهاتنی یەکیەتیی نەتەوەیی کورد.

سەرەڕای ئەوەش، نەتەنیا لەباری زمانەوانییشەوە کە . پیتی عەرەبی بۆ بنەماڵەی زمانە سامییەکان دامەزراوەو نووسراوە ـ بەڵکوو لەباری سیاسییشەوە لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد دا نیە کە بە پیتی عەرەبی زمانەکەی بنووسێتەوە.

هەر بۆیە داواکاری ئێمە لە بەڕێوەبەران و دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە بڕیارێکی مێژوویی بدەن و هەلومەرجێک پێک بێنین کە هەنگاو بە هەنگاو لە پیتی عەرەبی دوورکەوینەوەو بەپێی پلان و ساڵ بە ساڵ بەرەو نووسین بە پیتی لاتینی بڕۆین.

بەخۆشییەوە ئێستا تێکۆشان و خەباتی نووسین و پەرەپێدان بە زمانی کوردی لەنێو هەردووک زاراوەی سەرەکیی کوردی دا دەبینین. کەم نین ئەو کەسانەی بە هەستێکی بەرزو دڵێکی گەورەوە خەریکی نووسینەوەی چیرۆکی جۆراوجۆرو هەڵبەست و شێعرو پەندی پێشینیان و زۆر شتی دیکەی کوردین و لە فەوتان رزگاریان دەکەن و دەیانپارێزن و دەیاننووسنەوە.

ج) زاڵ بوونی وشە بیانی یەکان (inter ferenz) لە زمانی کوردی دا

کاتێ ئێمە بە مێژووی ئەدەبی خۆماندا دەچینەوە، زاڵ بوونی وشەی عەرەبیو فارسی لە ئاسەوارە نووسراوەکانی مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی و ... زۆر کەسی دیکەش بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێ و قورسایی زمانی بێگانە لەسەر زمانی کوردی زۆر زەق و بەرچاوە.

کەچی نووسراوی نووسەرانی ئێستامان بەرێژەیەک توانیویانە لەچاو بەرەی نووسەرانی رابردوومان خۆیان لە کۆت و زنجیری زمانە بێگانەکان رزگار بکەن، بەڵام نە بە تەواوی. دیارە زمانەکەمان وەک باری سیاسیی خەڵکی کورد بە بندەستی و ژێردەستی درێژەی بە ژیانی خۆی داوەو جارێکی دیکە دەخوازێ خۆڵ و خاشاکی بندەستی لەسەر رووی لا بدات و وەک زمانێکی تایبەت و زیندوو خۆی بسەلمێنێ.

دیارە هەر ئەو زوڵم و زۆرە بە درێژایی مێژوو وای لێ کردووین، کە ئاخێوەرانی زمانی کرمانجی (کوردی) مەترسی ئەوەمان لەلا پەیدا بێ کە زمانەکەمان بە هێرشی زمانی بێگانە بەرەو لەنێو چوون دەچێ. بۆیە "پاراوکردنی زمان" وەکوو قەڵغان بۆ مانەوە و نەفەوتان لە دژی ئەم هێرشانە بەکار دێنین.

هەرچەند هێندێک بیروبۆچوون هەیە، دەبێژن، "سۆزو پێداگری بۆ پاراوکردنی زمانی نەتەوەیی" نیشانەی جۆرێک لە خۆپشت راست بوون و زمان پەرەستییە.

بەڵام بە پێچەوانە سۆزداری بۆ زمانی نەتەوەیی، بەو مانایەیە کە ئەو زمانە بگاتە ئاستێک چوارچێوە و مۆرکێکی نەتەوەیی تایبەتی پێوە دیار بێو وەکوو زمانێکی سەربەخۆ کە خاوەن شێوازو بنەمایەکی داڕێژراوی خۆماڵی و کوردی بێ چاوی لێ بکرێ.

دیارە گەیشتن بەو ئاستە، ویستو داخوازی هەموو کوردێکی وشیار وەکوو پێویستییەک بۆی دەڕوانین و ئەگەر ئەو یەکیەتییە لە زمانی کوردی دا جێ بگرێ مایەی شانازی و سەرفرازیی هەموو کوردێک دەبێ و بە سینگێکی فراوانەوە بۆ پاراستن و بەرەوپێش بردنی هەوڵ دەدرێ.

ئەو داخوازەی کە دەڵێ: زمانی کورمانجیی (کوردی) پاراو پاکژ بکرێ و بگەڕێتەوە سەر ئەساس و بنەمای خۆیو ببێتەوە زمانێکی زەلاڵی کوردی، نیشانەی شۆڕش و سەرهەڵدانێکە لە زمانی کوردی دا.

ئەم شۆڕش و سەرهەڵدانە بۆ خۆ پاراستن لە دژی زمانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان کە مەبەستیان، ژێردەست کردن و لەنێو بردنی زمانی کوردییە سەری هەڵداوە.

دیارە دروشمی پاراو کردنی زمان، بە پێچەوانەی بیروڕای هێندێک کەس، لە بیرێکی نەتەوە پەرستانەی چاوچنۆک و وشکەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو ئەو هەستە شتێکی سروشتییە کە هەموو نەتەوەیەکی پێشکەوتوو بۆ پاراستن و گەشە پێدانی زمان و کولتووری خۆیان لە سەری سوورن.

دیارە ئەم هەستە، واتە حەز کردن لە زمانی دایک، شتێکی ئاسایی و سروشتی یەو منداڵ چۆن لە سەرەتاوە بەو زمانە گەورە دەبێ و تیکەڵاوی ئەو زمانە دەبێ و ئەوە مافی خۆیەتی، پاراستنی ئەم زمانەش ئەرکی سەر شانی ئەوە.

بەڵێ زمانی کورمانجیی (کوردی) ئەستوندەکی ماڵی کوردان و بە هێزترین پێناسەی نەتەوەیی کوردانە.

زمانی کوردی باری کولتوورو ناسنامەی کوردی لە سەر شانەو پاراستویەتی و وەکو هێمایەکی سیاسی یە بۆ مانەوەی کوردو قەڵای پارێزەری ئەم گەلەیەو دەبێتە هۆی رزگار بوونی دوارۆژمان.لە ئاکام داو بەرهەمی باسەکان:

. زمانی کوردی و زاراوەکانی ئەم زمانە:

١. زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیەو لە نێو زمانەکانی جیهاندا وەک زمانێک دەناسرێتەوە.

٢. ئەمرۆ دوو زاراوەی سەرەکی لە زمانی کوردیدا بوونیان هەیە:

ئەلف) کورمانجیی باکوور (ژوورو)

ب) کورمانجیی ناوین

. لە بواری نووسین دا:

ئەمرۆ هەر وەک زاراوەی سەرەکیی زمانی کوردی، هەر یەکەی بە شێوەیەک خۆی گەیاندۆتە ئاستێکی بەرزو لە زمانێکی ستاندارد نزیک بۆتەوەو بە هەر دووک زاراوە ژمارەیەکی زۆر پەرتووک و بڵاڤۆک و گۆڤار دەردەکەون و بڵاو دەبنەوە.

. لە بواری ئاخافتن و زمانی سەرزارەکی دا:

١ . کورمانجیی ناوین ئەمرۆکە توانیویەتی لە باری سەرزارەکی و ئاخافتنی خەڵک دا بە هۆی بوونی رادیۆو راگەیاندن و تەلەفیزیۆنی کوردی ئاستێکی بەرز لەم بوارەش دا بەدەس بێنێ.

٢ . کورماجیی ژوورو (باکوور) هەرچەند بە هۆی گرفتی سیاسی و زەختی حکوومەتی تورکیە لە سەر ئەم زاراوەیەو نەبوونی رادیۆو راگەیاندن بە شێوەیەکی ئازاد، نەیتوانیوە بەو جۆرەی پێویستە بەرە و پێش بچێ و بەجێ ماوە، بەڵام رۆژبەرۆژ بەرە و هەل و مەرجێکی باشتر هەنگاو دەنێ.

٣ . ئەمرۆ جودا لە دوو زاراوە سەرەکییەکە، دوو زاراوەکەی تریش خۆیان پاراستووە.

دیارە ئەم دوو زاراوەیە هەر چەند نەیانتوانیوە وەک زاراوە سەرەکییەکان بەرەو پێش برۆن و گەشە بکەن، بەڵام لە باری نرخ و بەهایان بۆ کوردستان هیچ جیاوازییەکیان دەگەڵ دوو زاراوە سەرەکییەکە نیە:

ئەلف) کرمانجیی (زازاکی)

ب) گۆرانی(هەورامی)

. چەند پێشنیار بۆ بەرەو پێش بردن و ستاندارد کردنی زمانی کوردی لە سەردەمی ئێستا دا:١ . پێویستە هەموو رێکخراوو حیزبە سیاسییە کوردییەکان بە گشتی لە کۆنگرەو کۆبوونەوەی خۆیان دا بڕیارێکی سیاسی دەرکەن و بێنە سەر ئەو رایە کە کورد هەموو بە یەک پیتو ئەلف و بێ بنووسن، ئەویش پیتی لاتینی یە، کە لە سەردەمی ئێستا دا پێویستییەکی زانستییشە.

٢ . پێویستە هەموو ریکخراوو حیزبە سیاسی یەکان بە گشتی ئەم بڕیارە پەسند بکەن کە بۆ فێربوون و بەرەو پێشبردنی زاراوەی کورمانجیی ژوورو (باکوور) رێزمانی گەورە پیاوی کورد میرجەلادەت بەدرخان

وەکوو بنکەو بناغەی ئەم زاراوەیە بە ڕەسمی بناسن.

٣ . ئێمە بە پێویستی دەزانین کە بە تایبەتی لە باشووری کوردستان و لە دەرەوەش، لە زانکۆکاندا مامۆستای زمانی کوردی شارەزایی بە سەر هەر چوار زاراوەی کوردی دا هەبێو زاڵ بوون بە سەر هەموو زاراوە کوردییەکان دا وەکوو مەرجی بوون بە مامۆستای زمانی کوردی لە بەر چاو بگیرێ.

٤. لە هەر مەڵبەندێک لە کوردستاندا کە زاراوەیەک بە شێوەیەکی گشتی زاراوەی خەڵکی ئەم ناوچەو مەڵبەندەیە، پێویستە منداڵەکانیان قوتابخانەی سەرەتایی بە زاراوەی خۆیان بخوێنن وپێی پەروەردە بکرێن و لە خوێندنی ناوەندییش بۆ سەرتر لە هەڵبژاردنی یەکێک لە دوو زاراوە سەرەکییەکە سەر پشک بن.

٥ . پێویستە زمانزانان و زانایانی بواری زمانی کوردی بە مەبەستی لێک نزیک کردنەوەی زاراوەکانی زمانی کوردی و پێکهێنانی زمانێکی یەکگرتووی کوردی لە سەر هەموو زاراوەکان لێکۆڵینەوەی زانستی بکەن و لە کۆنفرانسی زانستی دا بیرو رایان بگۆڕنەوە و بیانخەنە بەر باسو شیکردنەوە و ئەنجامەکانی پێشکەش بکەن.

١٣ی فیورییەی ٢٠١٠

کوردستان و کورد

## سپاس و پێزانین بۆ پشتیوانانی بانگەواز بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکییەوە




بانگەوازیک کە ڕۆژی١٤ی فیورییەی ئەمسال بە مەبەستی ریز گرتن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی بلاو بۆوە، لە گەل پێشوازی و پشتیوانیی بەرینی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، ئەنجومەن و ناوەندە کولتوورییەکان، راگەیەنە جۆراوجۆرەکان و سەدان کەسایەتی و چالاکی سیاسی، فەرهەنگی و خەباتگێر و ئازادیخواز لە نەتەوە جیاوازەکانی ئێران بەرەوروو بوو. لە ماوەی کەمتر لە دوو حەوتوو دا نزیک بە ٧٠ حیزب و ریکخراوی سیاسی، ئەنجومەنی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و رادیۆ، تەلەڤیزیۆن، سایت و هەر وەها زیاتر لە ٣٧٠ کەسایەتی و چالاکی جۆراوجۆر لە نەتەوەکانی ، ئازەری، کورد، بەلووچ، عەرەب، تورکمەن و فارس پشتیوانییان لەم بانگەوازە کرد.

ئەم پێشوازی و پشتیوانییە بوو بە هۆی ئەوە کە ئەمساڵ، ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی و ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی و زمانی لە لایەن رادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ماڵپەرە ئەنترنیتییەکان و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و فەرهەنگیی سەر بە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێران، زیاتر لە جاران بکەویتە بەر سەرنج. لە راستیدا ئەم هەلمەتە بە پشتیوانی و هاوکاریی بە نرخ و بێدریگی یەک یەکی ئیوە، لە ماوەی دوو حەوتووی رابردوو دا توانی سەرنجی بەشیکی بەرچاو لە هاونیشتمانانی ئێرانیی بەر دەنگی خۆی لە نیوخۆ و دەرەوەی ئێران بۆ لای ئەو ئەرکانە رابکێشێ کە لە پێوەندی لە گەڵ داخوازەکان و مافەکانی نەتەوە نافارسەکان و زمانەکانی ئەواندا لە سەر شانیانە. لە نیوخۆی ئێرانیش دا سەرەڕای هەلومەرجێکی سەرکوتکەرانە کە لە بەرەبەری شانۆسازیی هەڵبژاردندا زاڵ کراوە، ئەمساڵیش لە نیشتمان و ناوچەی نەتەوە بندەستەکانی ئێراندا،چالاکیی جۆراوجۆر بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی و وەک نارەزایەتی دەربڕین لە ستەم و هاڵاواردنە نەتەوەیی و زمانییەکان بەڕێوە چوون کە لە گەڵ کۆسپ و لەمپەر و هەڕەشە و سانسۆری خەبەریی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەرەوروو بوون.

پێشوازی و پشتیوانیی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، دامەزراوە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، کەسایەتییە خەباتگێرەکان و چالاکانی سەر بە نەتەوەکانی ئازەری، کورد، بەلووچ، عەرەب، تورکمەن و فارس لە نیوخۆ و دەرەوەی ئێران لەم بانگەوازە، هەڵگری چەند پەیامی گرنگن. ئەم هاوپیوەندی و هاودەنگییە دەری دەخەن کە هێنانە گۆڕی داخوازە نەتەوەیی و زمانییەکان، نەک چی دیکە 'تابوو' نین، بەڵکوو ژمارەی لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتی و بژاردەکانی کۆمەل کە خوازیاری نەهێشتنی هەڵاواردن دژی نەتەوەکان و زمانەکانی نێو ئێرانن، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێ. هاودەنگی و هاوهەنگاویی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ، راگەیەنەکان، کەسایەتییەکان و چالاکانی بواری جۆراوجۆر لە پشتیوانی لەم بانگەوازەدا، دەری خست کە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی و پرسی ستەمە نەتەوەیی و زمانییەکان دەتوانن بەستێنێکی باش بن بۆ وەڕێخستنی خەبات و چالاکیی هاوبەش بە بەشداریی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و زمانییەکان لە پانتایی ئێراندا. هەر بۆیە دەتوانین بە ئەزموونێکی سەرکەوتووی دابنێین و بە دەرس وەرگرتن لە زەمینە و خالە بە هێزەکانی، لە داهاتووش دا بۆ بۆنەکانی دیکە کەلکی لێوەربگرین.

ئێمە ئەو پەڕی پێزانین و سوپاسی خۆمان بەرامبەر پشتیوانی و هاوکاریی هەموو لا لەو بانگەوازە رادەگەیەنین . بەشداریی هاونیشتمانان بە میللییەت و زمان و بیروڕای سیاسیی جۆراوجۆر لەم هەڵمەتە دا کە نیشانەی تێگەیشتنی دروست و بەرپرسانەیان لە داخوازە ڕەوا و ئینسانییەکانە، جێگای ریز و پیزانینمانە. هەر لەو کاتە دا داوا لە هەموو داکۆکیکەرانی مافە نەتەوەییەکان و لایەنگرانی بە ڕەسمی ناسرانی زمانە زگماکییەکان لە جوغرافیای ئێران دا دەکەین کە پێشنیاری خۆیان لە بارەی جۆری بەردەوامراگرتنی ئەو حەرەکەتە و چۆنیەتیی پاراستن و درێژەدانی دەسکەوتەکانی بۆ ئێمە بنێرن.

دەستەی بەڕێوەبردنی

بانگەواز بە مەبەستی رێزگرتن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی

٢٥ی فێوریە ٢٠١٢

٦ی رەشەمەی١٣٩٠

زمانەکەم ڕۆژت پیرۆز

## لیستی ناوی پشتیوانانی بانگەواز بە مەبەستی ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی

| ریز | حیزب ، ریکخراو ، کۆمەڵە ، ئەنجومەن و راگەیەنەکان |
|---|---|
| ١ | بەرەی یەکگرتووی بەلووچستان |
| ٢ | حیزبی خەڵکی بەلووچستان |
| ٣ | ناوەندی توێژینەوەکانی بەلووچستان |
| ٤ | حیزبی دیموکراتی کوردستان |
| ٥ | کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان |
| ٦ | پارتی ئئازادیی کوردستان |
| ٧ | یەکێتی دیموکراتی کوردستان( ئێران) |
| ٨ | سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران |
| ٩ | رێکخراوی خەڵکی کورمانج(کوردانی باکووری خوراسان) |
| ١٠ | کۆمارخوازانی ئیران لە لەندەن(ئینگیلستان) |
| ١١ | جنبش فدرال دموکرات آذربایجان( بزووتنەوەی فیدراڵی دیموکراتی ئازەربایجان) |
| ١٢ | ئەنجومەنی فەرهەنگیی کۆمەڵەی یارسان لە دەرەوەی وڵات |
| ١٣ | دەستەی نووسەرانی سایتی ئازەربایجان – بڵاوکراوەی ئەنترنیتیی دیموکراتەکانی ئازەربایجانی ئێران |
| ١٤ | ماڵپەری "کوردستان وکورد" |
| ١٥ | رۆژنامەی 'کوردستان" |
| ١٦ | کەناڵی فەزایی ئاسۆسات |
| ١٧ | تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ |
| ١٨ | رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان |
| ١٩ | بزووتنەوەی دێموکراتیکی یارسان |
| ٢٠ | پارتی سەربەستی کوردستان |
| ٢١ | ناوەندی پێشەوا بۆ لێکۆڵینەوە – نوروێژ |
| ٢٢ | خوێندکارانی ناسیۆنالیستی کورد |
| ٢٣ | رێکخراوی یاری کورد |
| ٢٤ | یەکێتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان |
| ٢٥ | ماڵپەڕی سەردەشت |
| ٢٦ | ماڵپەڕی گیارەنگ |
| ٢٧ | ماڵپەڕی "خەبات" |
| ٢٨ | کومیتەی خوێندکاری بەرگری لە زیندانیانی سیاسی |
| ٢٩ | بەرەی خەڵکی بەلووچستان |
| ٣٠ | کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد |
| ٣١ | رۆژنامەی "هیوای نوێ" |
| ٣٢ | پارتی ئازادی و دێموکراسی کوردستان ( پادک) |
| ٣٣ | Nåraskåne kultur gruppen |
| ٣٤ | ناوەندی لاوانی پێشرەو |
| ٣٥ | دەستەی نووسەرانی تورکمان سحرا گلۆباڵ |
| ٣٦ | turkmensahraglobal.wordpress.com |
| ٣٧ | ماڵپەڕی بەیانی |
| ٣٨ | مەڵبەندی هونەری ماملێ - نۆروێژ |
| ٣٩ | مەڵبەندی فەرهەنگی ئازەربایجان – هۆلەند |
| ٤٠ | کۆمەڵەی کوردی لە تاراوگە |
| ٤١ | ماڵپەڕی" راڤە" (www.rave-online.org) |

| ریز | |
|---|---|
| ٤٢ | چالاکانی کۆمەڵی مەدەنی عەربی ئەهواز |
| ٤٣ | ماڵپەڕی رادیۆ کوردانە |
| ٤٤ | ماڵپەڕی بمانی |
| ٤٥ | ماڵپەڕی پاییز |
| ٤٦ | بڵاوکراوەی ئینتێرنێتی "گوتاری تورکمانەکان" |
| ٤٧ | رادیۆ دەنگی کوردستان |
| ٤٨ | بنکەی فەرهەنگ و هونەری ئێرانیان – فرزنو |
| ٤٩ | حیزبی یەکگرتنی بەختیاری و لوڕ – ئاڵمان – فرانکفۆرت |
| ٥٠ | حیزبی دێموکراتی ئێران |
| ٥١ | بەرەی دێموکراتیکی ئێران |
| ٥٢ | یەکێتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| ٥٣ | چاودێری کوردۆساید – کومیتەی ڕۆژهەڵات |
| ٥٤ | ڕۆژنامەی دوارۆژ |
| ٥٥ | ماڵپەڕی خۆرنیوز |
| ٥٦ | کۆمەڵەی کوڵتووری کوردی - نۆوێژ |
| ٥٧ | بنکەی فەرهەنگی و سیاسی گەلی تورکمان |
| ٥٨ | ناوەندی لێکۆڵینەوەی تورکمان |
| ٥٩ | ماڵپەڕی شەهید |
| ٦٠ | یەکێتی خوێندوانان وئاکادیمیەکانی کورد لە سوئێد |
| ٦١ | ئەنجوومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| ٦٢ | رایەڵەی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە ئێران www.azadegy.de |
| ٦٣ | بنکەی داکۆکیی لە مافی مرۆڤ لە ئێران www.bashariyat.de |
| ٦٤ | ماڵپەڕی پارسان |
| ٦٥ | یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆروێژ |
| ٦٦ | کۆمەڵە ـ پارتی سۆسیال دێموکراتی کوردستان |
| ٦٧ | دێموکراتە چەپەکانی تەبرێز |

## کەسایەتییەکان و چالاکانی سیاسی، کولتووری و...:

| | | |
|---|---|---|
| ١ | عەبدوڵلا حەسەن زادە | کوردستان |
| ٢ | ئیسفەندیار مونفەرید زادە | سوئێد |
| ٣ | دوکتور گولمراد مرادی | ئاڵمان |
| ٤ | هاشم کەریمی | بریتانیا |
| ٥ | عەلی مێهرپەروەر | سوئید |
| ٦ | کازم کردوانی | |
| ٧ | موحوسێن سازگارا | ئامریکا |
| ٨ | زیبا سەدرولئەشرافی | کانادا |
| ٩ | د.سیاوەش عەبقەری | ئامریکا |
| ١٠ | یوسف عەزیزیی بەنیترۆف | |
| ١١ | جەلال ئازەری چالاکی سیاسی | بریتانیا |
| ١٢ | عیففەت ماهباز | ئاڵمان |
| ١٣ | د.هێمن سەیدی | بریتانیا |
| ١٤ | سیامەک فەرید | بلژیک |
| ١٥ | جەمشید ئەمیری | بریتانیا |



# پاراستن و خزمەتی زمان، ئەرکی نەتەوەییە.



| ریز | | | |
|---|---|---|---|
| ١٦ | جەهانگیر حاتەمی، چالاکی سیاسی و بواری مافی مرۆڤ | ئاڵمان | |
| ١٧ | د.عەبدولسەتتار دوشوکی | بریتانیا | |
| ١٨ | عەلی نیدئازەر | هولەند | |
| ١٩ | حەسەن نایب هاشم | ئوتریش | |
| ٢٠ | کەریم عەبدیان | ئامریکا | |
| ٢١ | ڕەحیم بەندوئی | بریتانیا | |
| ٢٢ | ناسر بولیدە یی | سوئێد | |
| ٢٣ | موحەممەد کەدخودایی | بریتانیا | |
| ٢٤ | ئەفراسیاب شکوفتە، کوردی خوراسان | بریتانیا | |
| ٢٥ | پەرویز لاشاری | | |
| ٢٦ | حامید جەهانی، چالاکی سیاسی | | |
| ٢٧ | کوێستان فتوحی، چالاکی بواری ژنان | کوردستان | |
| ٢٨ | ئەنوەر میر سەتتاری | بلژیک | |
| ٢٩ | جەعفەر بایەزیدی | نۆرویژ | |
| ٣٠ | سیامەک حەیدەری، رۆژنامەوان | سوئیس | |
| ٣١ | محەممەدعەلی توفیقی | فرانسە | |
| ٣٢ | لەیلا سەمەدی | | |
| ٣٣ | فەرروخ نێعمەتپوور، نووسەر | نۆرویژ | |
| ٣٤ | وشیار ئەحمەدی، رۆژنامەنووس و وەرگێڕ | | |
| ٣٥ | مەهین شوکروڵلاپوور | فەرانسە | |
| ٣٦ | پەیمان مەهدیزادە، شاعیر | نورویژ | |
| ٣٧ | ناسر ئێرانپوور، نووسەر و چاوەدێری سیاسی | ئاڵمان | |
| ٣٨ | ئاسۆ سالح، رۆژنامە نووس | سوئێد | |
| ٣٩ | جەمشید بەهرامی، رۆژنامەنووس | | |
| ٤٠ | بێهرووز هەمزەیی، بەرپرسی تەلەڤیزیۆنی kbc | سوئێد | |
| ٤١ | عەبدوڵلا سوهرابی | | |
| ٤٢ | شەهابەدین شێخی | ئاڵمان | |
| ٤٣ | عەلی قلیچزادە لە کوردەکانی خوراسان | | |
| ٤٤ | عارف نادری، رۆژنامەنووس | نورویژ | |
| ٤٥ | سورەییا فەللاح | کانادا | |
| ٤٦ | سووسەن محەممەدخانی غەیاسوەند رۆژنامەنووس | | |
| ٤٧ | ناسری سینا، ڕۆژنامەوانی بەشی کوردیی ڕادیۆی سوید | سوئێد | |
| ٤٨ | ڕەزا کەعبی، چالاکی سیاسی | | |
| ٤٩ | ئەنوەر سوڵتانی، لێکۆلەر | بریتانیا | |
| ٥٠ | سیامەک نەجەفی | | |
| ٥١ | کاوە خسروی | سوئێد | |
| ٥٢ | کامران عوسمانپوور، چالاکی سیاسی | ئاڵمان | |
| ٥٣ | عەلی بداغی، رۆژنامەنووس وچالاکی سیاسی | کوردستان | |
| ٥٤ | سەحەر دیناروەند | | |
| ٥٥ | کاکشار ئورەمار | ئاڵمان | |
| ٥٦ | یوسف پەری، چالاکی سیاسی | دانمارک | |
| ٥٧ | سیرووس مەدەدی - رۆژنامەنووس | ئاڵمان | |
| ٥٨ | ئەحد واحیدی - شاعیر و رۆژنامەنووس | ئاڵمان | |

| ریز | | | |
|---|---|---|---|
| ٥٩ | محەممەد عەلی حوسێنی — ئەدەبیاتناس | ئاڵمان | |
| ٦٠ | وهاب انصاری- چالاکی سیاسی | ئاڵمان | |
| ٦١ | بێهزاد کەریمی - چالاکی سیاسی | هلند | |
| ٦٢ | باریش جەلال زادە - چالاکی سیاسی | نورویژ | |
| ٦٣ | دوکتۆر عەلی قرە جە لوو | | |
| ٦٤ | دوکتۆرسدیقە عەداڵەتی | | |
| ٦٥ | هیدایەت سوڵتان زادە | | |
| ٦٦ | محەممەد ڕەزا ئەلئەردەبیلی | | |
| ٦٧ | عەلی ڕەزا قەزوینی زادە | | |
| ٦٨ | حوسێن انورحقیقی | | |
| ٦٩ | محەممەد ئازادگر | | |
| ٧٠ | شەهلا مورتەزا زادە، خوێندکار و چالاکی مافی ژنان- | کوردستان | |
| ٧١ | ژیلوان حەسەنپوور - کـورد - خوێندکار | نۆرویژ | |
| ٧٢ | مەنووچێرئاتەش پووش چالاکی سیاسی | سوئید | |
| ٧٣ | دوکتۆر عەلی ڕەزا نووریزادە | | |
| ٧٤ | نەسرین حەداد، سکرتێری یەکێتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان | کوردستان | |
| ٧٥ | ئالان نەبی زادە | نوروژ | |
| ٧٦ | محەممەد ڕەسووڵ کەریمی، بەرپرسی ماڵپەڕی گیارەنگ | سوئید | |
| ٧٧ | سۆران ئەمینی | | |
| ٧٨ | هەیاس کاردۆ، چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەنووس | ئۆسترالیا | |
| ٧٩ | شەهلا دەباغی، چالاکی بواری مافەکانی ژنان | | |
| ٨٠ | ئەحمەد ڕەسوڵی — کورد | سویس | |
| ٨١ | فوئاد لوتفی فەر | بریتانیا | |
| ٨٢ | ئەنوەر کەریمی، چالاکی سیاسی کورد | کانادا | |
| ٨٣ | عوسمان بێورانی، چالاکی سیاسی کورد | نۆرویژ | |
| ٨٤ | عەبدوڵڵا سەیدا، چالاکی سیاسی کورد | کانادا | |
| ٨٥ | هەمزە ئاگوشی، ڕۆژنامەنووسی کورد | | |
| ٨٦ | دنیز ئیشچی | | |
| ٨٧ | کەمال ئافەرین | | |
| ٨٨ | سەلیم بێورانی | | |
| ٨٩ | فاروق ئیسمایلی | سوئید | |
| ٩٠ | عومەر فەخرەپور، بەرپرسی ماڵپەڕی سەردەشت- سوید | سوئید | |
| ٩١ | موراد ئەحمەدی، چالاکی سیاسی | ئامریکا | |
| ٩٢ | خالید وەنەوشە، چالاکی سیاسی کورد | کوردستان | |
| ٩٣ | حامید خانزادی، چالاکی سیاسی کورد | کوردستان | |
| ٩٤ | حوسێن پەڕشەیی | | |
| ٩٥ | شەهریار پویان راد | | |
| ٩٦ | حامید گەوهەری، نووسەر و لێکۆڵەری کورد | | |
| ٩٧ | مێهدی مێهرپەروەر، ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسی کورد | نورویژ | |
| ٩٨ | عەلی سمایل نژاد، چالاکی فەرهەنگی- | کوردستان | |
| ٩٩ | ئامین ئیسمایلی | | |
| ١٠٠ | تریفە فەتحی | | |
| ١٠١ | خسرو قادری، چالاکی سیاسی کورد - نورویژ | | |
| ١٠٢ | عوسمان جەعفەری | کوردستان | |

| ریز | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠٣ | محەممەد خۆشچێرە، چالاکی سیاسی کورد و رۆژنامەنووس کرد | کوردستان | |
| ١٠٤ | جیهانگیر ئەڵماسی کەلهوڕ، چالاکی سیاسی کورد | کوردستان | |
| ١٠٥ | خالید زۆکالاب، چالاکی سیاسی کورد | کوردستان | |
| ١٠٦ | هێرش لهۆنی، چالاکی سیاسی کورد | کوردستان | |
| ١٠٧ | یوسف حاتەمی، چالاکی سیاسی کورد | کوردستان | |
| ١٠٨ | موحسین باباخانی، چالاکی سیاسی و رۆژنامەنووس | کوردستان | |
| ١٠٩ | ماریا کارگەر، چالاکی بواری مافەکانی ژنان | کوردستان | |
| ١١٠ | سەید خدر میر سەیدی، رۆژنامەنووس و چالاکی سیاسی کورد | تورکیە | |
| ١١١ | حەسەن حاتەمی، چالاکی سیاسی کورد | فنلاند | |
| ١١٢ | قادر محەممەد گوڵ، چالاکی سیاسی کورد | فرانسە | |
| ١١٣ | حشمەت وەڵدبەیگی- چالاکی سیاسی کورد | سوئید | |
| ١١٤ | شەهلا مام حوسێنی | نورویژ | |
| ١١٥ | عەلی لالە | سوئید | |
| ١١٦ | رەحیم محەممەدزادە، چالاکی سیاسی کورد | سوئید | |
| ١١٧ | ئاسۆ پیرۆتی | ئۆتریش | |
| ١١٨ | سمایل حوسێن پوور | ئۆتریش | |
| ١١٩ | ئاگری باڵەکی- چالاکی سیاسی کورد | نورویژ | |
| ١٢٠ | ئازاد محەممەد ، رۆژنامەنووس | کوردستان | |
| ١٢١ | کەمال گرویسی ، چالاکی سیاسی کورد | سوئید | |
| ١٢٢ | دیار مەولایی، رۆژنامەنووس | نورویژ | |
| ١٢٣ | رزگار ئەمین نژاد، نووسەر و وەرگێڕ | نورویژ | |
| ١٢٤ | کاروان ئەحمەد | کوردستان | |
| ١٢٥ | ناسر قادر پوور. ئەندامی ئەنجومەنی قەڵەمی | نورویژ | |
| ١٢٦ | بەشیر ئەمیر خانی | | |
| ١٢٧ | ئازاد بانەیی، چالاکی سیاسی کورد و رۆژنامەنووس کورد | سوئید | |
| ١٢٨ | حەسەن زارع زادە ئەردەشیر – چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤ | | |
| ١٢٩ | رۆژین شەریفی | | |
| ١٣٠ | فەریبا محەممەدی | | |
| ١٣١ | مەریم فەتحی | | |
| ١٣٢ | رەزا حوسێن پوور | | |
| ١٣٣ | مەنسوور جەوانمیری | سوئید | |
| ١٣٤ | شلێر شبلی | | |
| ١٣٥ | مەحموود شەریفی، ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان | کوردستان | |
| ١٣٦ | یوسف قەدیری، ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان | کوردستان | |
| ١٣٧ | مەحیەدین سەلامی | کوردستان | |
| ١٣٨ | یاسین مەولوودی | سویس | |
| ١٣٩ | سوورکێو زەکی، چالاکی مەدەنی | سوید | |
| ١٤٠ | رۆژە عەزیزی، چالاکی بواری مافەکانی ژنان | کوردستان | |
| ١٤١ | نزار کوێستانی | | |
| ١٤٢ | قەسیم خان نەرزیوە | نورویژ | |
| ١٤٣ | سوهیلا مورادی | | |
| ١٤٤ | فەرزانە کاویان، چالاکی بواری مافەکانی ژنان | نورویژ | |
| ١٤٥ | مەنسوور مروەتی، رۆژنامەنووس | کوردستان | |
| ١٤٦ | غفور سۆفی، چالاکی سیاسی کورد | کوردستان | |

| ریز | | | |
|---|---|---|---|
| ١٤٧ | سەید عەلی هاشمی | سوئید | |
| ١٤٨ | مستەفا شێخە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس | کوردستان | |
| ١٤٩ | ئازاد عەبباسیان | | |
| ١٥٠ | گلاوێژ پەیڕەوان | | |
| ١٥١ | مەولوود سوارە، چالاکی سیاسی | بریتانیا | |
| ١٥٢ | فەرزاد حیکمەت، چالاکی سیاسی | بریتانیا | |
| ١٥٣ | رزگار قادر زادە ، چالاکی سیاسی | بریتانیا | |
| ١٥٤ | هیوا ڕەزایی، چالاکی سیاسی | بریتانیا | |
| ١٥٥ | ڕەحیم دەستیار، چالاکی سیاسی | بریتانیا | |
| ١٥٦ | کیوان شێرزاد، چالاکی سیاسی | بریتانیا | |
| ١٥٧ | شێخە قەلەڕەشی، چالاکی سیاسی | بریتانیا | |
| ١٥٨ | محەممەد مستەوجید فەرد (میراوەیی)، چالاکی سیاسی | بریتانیا | |
| ١٥٩ | تاهیر مورتزا زادە، چالاکی سیاسی | بریتانیا | |
| ١٦٠ | فەریدوون مەعرووفی، چالاکی سیاسی | بریتانیا | |
| ١٦١ | عەلی خزری، نووسەر و ڕۆژنامەنووس | | |
| ١٦٢ | دوکتۆر فریشتە پوور قوباد- بریتانیا | | |
| ١٦٣ | یداالله کەنعانی(نمینلی)، لایەنگری فیرقەی دێمکراتی ئازەربایجان | | |
| ١٦٤ | سمایل شەرفی، چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەنووس | کوردستان | |
| ١٦٥ | سەرگوڵ شابازی،خوێندکار | کوردستان | |
| ١٦٦ | مستەفا مەعروفی، مامۆستای زانکۆ و چالاکی سیاسی | کوردستان | |
| ١٦٧ | نەسرین حەسەنزادە، مامۆستای قوتابخانە و چالاکی ژنان | کوردستان | |
| ١٦٨ | حوسێن خوڕەمی ، زمانی دیکی ئازەری | ئاڵمان | |
| ١٦٩ | عەبدوڵلا بەهرامی، ڕۆژنامەنووس | کوردستان | |
| ١٧٠ | هوشەنگ قادر | کوردستان | |
| ١٧١ | ئاوات کەریمی | کوردستان | |
| ١٧٢ | ئەژین قادری | کوردستان | |
| ١٧٣ | سەلاح ئەنوەری | کوردستان | |
| ١٧٤ | شیلان یونسی | کوردستان | |
| ١٧٥ | د. کامران ئەمین ئاوە | | |
| ١٧٦ | شلێر باپیری، ڕۆژنامەنووس و چالاکی مافی مرۆڤ | کوردستان | |
| ١٧٧ | حامیدمائیلی | | |
| ١٧٨ | جەلیل ئازادیخواز | | |
| ١٧٩ | ئارام مودەرسی | | |
| ١٨٠ | محەمەد فەرهادزادە | | |
| ١٨١ | بیژەن قوبادی | | |
| ١٨٢ | پەرویز رەحیمزادە | | |
| ١٨٣ | عەلیرەزا قادری | | |
| ١٨٤ | نێعمەت سەروەری | | |
| ١٨٥ | قادر نادر ئەحمەدی، چالاکی سیاسی و کلتوری | | |
| ١٨٦ | عومەر ڕۆستەمی، چالاکی سیاسی | ئاڵمان | |
| ١٨٧ | سیامەک سوڵتانی- چالاکی سیاسی | | |
| ١٨٨ | هاشم بەخشی،لە دیک بووی تۆربت جام | ستهکۆڵمی سوئید | |
| ١٨٩ | هوشەنگ سنەیی، چالاکی مدنی و مافی مرۆڤ | نورویژ | |
| ١٩٠ | مەسعوود ڕەواندوست، چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەنووس | کوردستان | |



| ریز | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩١ | زێڕین عومەری، چالاکی سیاسی | کوردستان | |
| ١٩٢ | ڕەحمان مەحموودی، چالاکی سیاسی | کوردستان | |
| ١٩٣ | بەفرین مەحموودی، دەرچووی مێژوو | کوردستان | |
| ١٩٤ | مادح ئەحمەدی، ڕۆژنامەنووس | کوردستان | |
| ١٩٥ | زەهرا شەریف نژاد، ڕۆژنامەنووس | تاران | |
| ١٩٦ | کیان شایگان، ڕۆژنامەنووس | تاران | |
| ١٩٧ | سوهراب کەریمی، چالاکی سیاسی | کوردستان | |
| ١٩٨ | ئەرسەلان هیدایەتی، چالاکی خوێندکاری | کوردستان | |
| ١٩٩ | حەسەن ڕەحیمی | کوردستان | |
| ٢٠٠ | بەهرام ئیمامی - سوید | سوئید | |
| ٢٠١ | ڕامیز لامێعی ، چالاکی سیاسی | نوروێژ | |
| ٢٠٢ | فەرزانە کەیوانی، چالاکی بواری مافەکانی ژنان | نوروێژ | |
| ٢٠٣ | محەممەد مەجیدزادە | | |
| ٢٠٤ | سیامەک وەکیلی، چالاکی سیاسی | کوردستان | |
| ٢٠٥ | ئەحمەد تالش، چالاکی سیاسی ئازەری | هۆلەند | |
| ٢٠٦ | د. بێردی ئاهەنگەری ، چالاکی سیاسی و فەرهەنگی | | |
| ٢٠٧ | ئاواز خزری | نۆروێژ | |
| ٢٠٨ | جەمشید خونجوش، فارس | ئاڵمان | |
| ٢٠٩ | شۆڕش سوڵتانی | هولەند | |
| ٢١٠ | د.تاهیر حیکمەت | ئاڵمان | |
| ٢١١ | مەنسوورسدقی | ئاڵمان | |
| ٢١٢ | تاهیربەرهوون | ئاڵمان | |
| ٢١٣ | حەسەن ماوەرانی | ئاڵمان | |
| ٢١٤ | شکۆفە قوبادی، چالاکی مافی مرۆڤ، | سوئید | |
| ٢١٥ | شاهۆ حەسەنپوور، مامۆستای زمان | سوئید | |
| ٢١٦ | حەکیم حوسین زادە | نۆروێژ | |
| ٢١٧ | ئەحمەد حسەینی، چالاکی سیاسی کورد | فینلاند | |
| ٢١٨ | محەممەد فەقێ عەلی | ئوتریش | |
| ٢١٩ | عەزیز بەلوچ، بەرەی یەکگرتووی بەلوچستان | | |
| ٢٢٠ | پەرۆش قادری، بەرپرسی کۆمەڵەی کوردی لە تاراوگە | | |
| ٢٢١ | . د. موسا مەزیدی، چالاکی مەدەنی ئەهواز | ئاڵمان | |
| ٢٢٢ | محەممەد ڕەزا ئێسکەندەری | | |
| ٢٢٣ | تاهیرە خۆڕەمی | | |
| ٢٢٤ | محەممەد تەوفیق ئەسەدی | | |
| ٢٢٥ | تەیبە ئەسەدی | | |
| ٢٢٦ | مەنووچێهر گەنجی | | |
| ٢٢٧ | موجتەبا نەزەری | | |
| ٢٢٨ | فیروزە ڕاد | | |
| ٢٢٩ | عادڵ ئەسەدی نیا، نوێنەری پێشووی خەڵکی ئەهواز لە مەجلیسی ئێران | سوئید | |
| ٢٣٠ | تاهیر مەولانی | | |
| ٢٣١ | حوسێن ئەحمەدپوور، ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسی | کوردستان | |
| ٢٣٢ | جابر ئەحمەد، ئەندامی چالاکانی کۆمەڵی مەدەنی عەرەبی ئەهواز و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ | فینلاند | |
| ٢٣٣ | ئەنوەر ئەڵمان، نووسەر | ئاڵمان | |
| ٢٣٤ | ڕەشید ئاهەنگەری، تورکمان، بەڕێوەبەری بڵاوکراوەی ئینتێرنێتی "گوتاری تورکمانەکان | ئاڵمان | |



# پاراستن و خزمەتی زمان، ئەرکی نەتەوەییە.



| ریز | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٣٥ | پێشەوا عەلیپوور | کوردستان | |
| ٢٣٦ | ڕەحمان نەقشی چالاکی سیاسی | کانادا | |
| ٢٣٧ | کارۆ ڕە سووڵی | کوردستان | |
| ٢٣٨ | شەهلا کاوە | کوردستان | |
| ٢٣٩ | محەممەد ئیسماعیلی | | |
| ٢٤٠ | عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ، نووسەر و ڕۆژنامەنوس | باشووری کوردستان | |
| ٢٤١ | ماردین مەحموودی | کوردستان | |
| ٢٤٢ | ئە بوو بە کرڕاد - مامۆستا | سوئید | |
| ٢٤٣ | ئارام ئیبراهیم خاس، ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسی | کوردستان | |
| ٢٤٤ | بابان سەقزی | دانمارک | |
| ٢٤٥ | حوسێن ئارەزوو، شاعیر | ئەمریکا | |
| ٢٤٦ | پروین مەلەک، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری بنکەی فەرهەنگ و هونەری ئێرانیان – فرزنو | | |
| ٢٤٧ | سیامەک قەوی پەنجە، چالاکی سیاسی | کوردستان | |
| ٢٤٨ | عەبباس خورسەندی، ئەندامی شورای ناوەندیی بەرەی دێموکراتیکی ئێران لە دەرەوەی وڵات | | |
| ٢٤٩ | شەکبووس تالیبی، دەروونناس و سەر بە ئیلی قەشقایی | ئەمریکا | |
| ٢٥٠ | فەرشید، ئازەر نیوش | | |
| ٢٥١ | عەزیز شێخانی، ڕۆژنامەنووس | فینلاند | |
| ٢٥٢ | یوسف ڕە حمانی دانشیتووی | فینلاند | |
| ٢٥٣ | چنوور مێهرپەروەر | نورویژ | |
| ٢٥٤ | حوجەت نارنجی، چالاکی سیاسی، ئەندام و لایەنگری فیرقەی دێمکراتی ئازەربایجان | | |
| ٢٥٥ | غوڵامڕەزا داوەرنیا، تورک | ئاڵمان | |
| ٢٥٦ | هاشم ڕەزایی | سوئید | |
| ٢٥٧ | ئامانج عەزیز کەندی، ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسی | ئاڵمان | |
| ٢٥٨ | دلشاد جەمشیدی، چالاکی سیاسی، | فینلاند | |
| ٢٥٩ | ئەحمەد سەفا، ڕۆژنامەنووس | بریتانیا | |
| ٢٦٠ | عەبدولواحد خەندەڕەش نووسەر | نیوزیلاند | |
| ٢٦١ | ئیحسان قادر، چالاکی سیاسی و وتە بێژی کنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بریتانیا | بریتانیا | |
| ٢٦٢ | حیسام قادرپوور، چالاکی سیاسی و سەرپەرەستی تیمی هەڵپەرکی دیلان- کوردستان \| بۆکان | | |
| ٢٦٣ | ڕەسوڵ خورڕەم، موستەنەد ساز | فینلاند | |
| ٢٦٤ | عەبدوڵڵا فەتاحی، چالاکی سیاسی و تێکۆشەری دێرینی دیموکرات | نورویژ | |
| ٢٦٥ | ئاسۆ خەبات،شاعیر | کوردستان | |
| ٢٦٦ | جەمیلە ڕەحیمی- چالاکی سیاسی | | |
| ٢٦٧ | ئاریا جەبارپوور | | |
| ٢٦٨ | جان ئۆڵفەتی | سوئید | |
| ٢٦٩ | هیوا ئەحمەدی | نۆڕویژ | |
| ٢٧٠ | خالید ئسپەندار | کوردستان | |
| ٢٧١ | هەژیر عەبدوڵڵاپوور، ڕۆژنامەنووس | کوردستان | |
| ٢٧٢ | حەسەن ڕەستگار - کەسایەتیی سیاسی | | |
| ٢٧٣ | جەمال نەجاری، ئەندامی دەستەبەڕیوەبەری خۆرنیوز | | |
| ٢٧٤ | جەواد حەیدەری، ئەندامی دەستەبەڕیوەبەری خۆرنیوز | | |
| ٢٧٥ | ئارام عوسمانی، ئەندامی دەستەبەڕیوەبەری خۆرنیوز | | |
| ٢٧٦ | چیا کوردستانی، ئەندامی دەستەبەڕیوەبەری خۆرنیوز | | |
| ٢٧٧ | سابیر کاکە حەسەن، ئەندامی دەستەبەڕیوەبەری خۆرنیوز | | |
| ٢٧٨ | ئەنوەر عەبباسی، ئەندامی دەستەبەڕیوەبەری خۆرنیوز | | |

| ریز | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٧٩ | هیرۆ مەولودی، ڕۆژنامەنووس | | |
| ٢٨٠ | ح. شەبەق، مامۆستا | نورویژ | |
| ٢٨١ | ئاسۆ موکریانی، رادیۆ ئاشتی | ستۆکهۆڵم سوئید | |
| ٢٨٢ | به یان که ریمی، کورد | کانادا | |
| ٢٨٣ | ئەحمەد عەزیزی چاوەدێری سیاسی– توێژەر | سوئید | |
| ٢٨٤ | لوقمان زەهرایی، نوسەر وچالاکی سیاسی | فینلاند | |
| ٢٨٥ | جەمیله کەریمی | ئالمان | |
| ٢٨٦ | ئاسۆ ئیسلام پەنا، ڕۆژنامەنووس | | |
| ٢٨٧ | عەتا ناسرسەقزی. چالاکی سیاسی و رۆژنامەنوس | کوردستان | |
| ٢٨٨ | هەتاو عەبدوڵلاهی، میدیا کار | کوردستان | |
| ٢٨٩ | بێهزاد خۆشحاڵی، نووسەر و لێکۆلەر | کوردستان | |
| ٢٩٠ | ئارێز دارا پوور، چالاکی سیاسی و مافی مرۆڤ | | |
| ٢٩١ | عەلی مەحموود، چالاکی مافی مرڤ | کوردستان | |
| ٢٩٢ | هێرش ئەحمەد | | |
| ٢٩٣ | ئارش ناجی ، چالاکی مافی مرۆڤ | ئاڵمان | |
| ٢٩٤ | حوسێن بەخشی چالاکی سیاسی | ئەڵمان | |
| ٢٩٥ | پەروین سدقی | | |
| ٢٩٦ | د.سۆران – یۆنان | | |
| ٢٩٧ | شنۆ مێهرپەروەر، چالاکی بواری مافەکانی ژنان | نورویژ | |
| ٢٩٨ | مزەفەر نامداری هونەرمەند | سوئید | |
| ٢٩٩ | عەبدوڵلا ئەمیر هاشمی، نوسەر و مێژوناس | سوئید | |
| ٣٠٠ | ئایدا ئەمیر هاشمی، وەرگێر و چالاکی سیاسی کۆمەڵایەتی | سوئید | |
| ٣٠١ | سریە ئەردەبیللی، چالاکی سیاسی کۆمەڵایەتی | سوئید | |
| ٣٠٢ | عەبدوڵلا ئیبراهیمی – تێکۆشەری دێرین و وەرگێر | ئۆستڕالیا | |
| ٣٠٣ | ئارنە گوڵی، لێکۆڵەری مێژوو | سوئید | |
| ٣٠٤ | سەلاح شەشە، بەرپرسی ماڵپەڕی شەهید | سوئید | |
| ٣٠٥ | بێهروز ئە مین پور | | |
| ٣٠٦ | حەبیبە عەبدوڵاهی، رۆژنامەنووس وچالاکی بواری مافەکانی ژنان | | |
| ٣٠٧ | هێرۆ دانیش | | |
| ٣٠٨ | سامۆئیل کرماشانی | | |
| ٣٠٩ | ئەحمەد شێربەگی – تێکۆشەری دێرین | سویس | |
| ٣١٠ | جەماڵ پوور کەریم، میدیاکار | فەرانسە | |
| ٣١١ | شلێر دەروێشی، میدیاکار | فەرانسە | |
| ٣١٢ | کوردستان زورار، توێژەری کۆمەڵایەتی | | |
| ٣١٣ | حیسام قادرپوور، چالاکی سیاسی و سەرپەرەستی تیمی هەڵپەرکی دیلان- کوردستان \| بۆکان | | |
| ٣١٤ | شەهریار ئەیازی، چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤ | | |
| ٣١٥ | کەریم ئەڵلا وەیسی، چالاکی سیاسی | نورویژ | |
| ٣١٦ | شاهۆ شێخولئیسلامی موکری- سوید | سوئید | |
| ٣١٧ | عەلی چەمەنگوڵی، هەواڵنێر | کوردستان | |
| ٣١٨ | مورتزا نیکی - | کانادا | |
| ٣١٩ | رەسول سەفەریانی، نوسەر و وەرگێڕ | سوئید | |
| ٣٢٠ | دوکتۆر محەممەد حوسێن یەحیایی، نووسەر و چالاکی سیاسی | سوئید | |
| ٣٢١ | رەحمەت ئیبراهیمی، چالاکی سیاسی | سویس | |
| ٣٢٢ | فەوزیە مام ئاقایی، چالاکی سیاسی | سویس | |




# پاراستن و خزمەتی زمان، ئەرکی نەتەوەییە.



| ریز | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٢٣ | پەریسا تۆربەتی، چالاکی بواری مافەکانی ژنان و چالاکی مەدەنی کورد | کوردستان | |
| ٣٢٤ | د. ئاسۆ حەسەن زادە، مامۆستای زانکۆ | کوردستان | |
| ٣٢٥ | شادی سجادی ، شاعیر | سوئید | |
| ٣٢٦ | زەینەب ئیلخانی زادە، چالاکی بواری مافەکانی ژنان | | |
| ٣٢٧ | خالید یوسفی ، چالاکی سیاسی | کوردستان | |
| ٣٢٨ | قادر وریا، نووسەر و چالاکی سیاسی | کوردستان | |
| ٣٢٩ | دوکتۆر ڕەزا بەراهەنی- شاعیر و نووسەر | کانادا | |
| ٣٣٠ | کانی کەریمیان، چالاکی مەدەنی کورد | نۆروێژ | |
| ٣٣١ | مازیار بێدرافکن، چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤ و وێبلاگ نووس | | |
| ٣٣٢ | مەسعوود فەتحی، شاعیر | کوردستان | |
| ٣٣٣ | ڕێبوار مەعرووفزادە ، ڕۆژنامەنووس | کوردستان | |
| ٣٣٤ | عزیز مولوودی | | |
| ٣٣٥ | حەسەن قادرزادە، چالاکی سیاسی | کوردستان | |
| ٣٣٦ | برزو ئەحمەدی | | |
| ٣٣٧ | سەید جەلال سالحی – سەرنووسەری گۆڤاری لاوان | کوردستان | |
| ٣٣٨ | ئازیتا ڕەحیم پوور – | بلژیک | |
| ٣٣٩ | غولام حوسێن عەسگەری بابائەحمەدی بەختیاری، چالاکی بواری مافەکانی کرێکاران لە تاراوگە | | |
| ٣٤٠ | کاوە ئاهەنگەری، چالاکی سیاسی کورد | بلژیک | |
| ٣٤١ | مەنووچێهر شەفایی، چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووس | ئاڵمان / هانۆڤێر | |
| ٣٤٢ | گوڵاڵە شەرەفکەندی، چالاکی سیاسی و چالاکی بواری مافەکانی ژنان | سوئید | |
| ٣٤٣ | عەلی بەهرامی، چالاکی سیاسی | کوردستان | |
| ٣٤٤ | مەزدەک بامدادان، چالاکی ئازەری و ڕۆژنامەنووس | | |
| ٣٤٥ | ئەندازیار تاهیر مەحامی (اورمولو تایماز) - چالاکی سیاسی و نووسەر ئازەربایجانی | تورکیە | |
| ٣٤٦ | ئارەزوو مورادی | ئۆتریش | |
| ٣٤٧ | عەتا نەسیری | ئۆتریش | |
| ٣٤٨ | هاشم ڕۆستەمی، چالاکی سیاسی و نووسەر | نوروێژ | |
| ٣٤٩ | ڕەزا مەولایی، ئەندازیاری پیشەسازی | | |
| ٣٥٠ | ئەمیر سوڵتانی | سوئید | |
| ٣٥١ | ئەبووبەکر قەدیکورد، چالاکی سیاسی | نوروێژ | |
| ٣٥٢ | محەممەد کەریم بەلووچ، نووسەر | نوروێژ | |
| ٣٥٣ | دوکتۆر شەکوور بابازادە، چالاکی سیاسی | سوئید | |
| ٣٥٤ | داداش ئەسڵان زادە، چالاکی سیاسی | سوئید | |
| ٣٥٥ | ڕەخشەندە بدوستانی، چالاکی کۆمەڵایەتی | سوئید | |
| ٣٥٦ | دوکتۆر ئاراس یەحیایی، چالاکی کۆمەڵایەتی | سوئید | |
| ٣٥٧ | ئەسعەد کوهکالانی، چالاکی ئازەری | ئازەربایجان | |
| ٣٥٨ | دوکتۆر حوسێن لاجەوەردی، بەرپرسی ئەنجوومەنی لێکۆڵەرانی ئێران | پاریس | |
| ٣٥٩ | پۆلا نانەوازادە، | سوئید | |
| ٣٦٠ | گوڵەباخ بەهرامی، شاعیر | | |
| ٣٦١ | ئاسکە عوسمانی، خوێندکار | کوردستان | |
| ٣٦٢ | هانا وریا، خوێندکار | کوردستان | |
| ٣٦٣ | پێشەوا عەلیپور، میدیاکار | کوردستان | |
| ٣٦٤ | تەها ڕەحیمی، ڕۆژنامەوان | کوردستان | |
| ٣٦٥ | چیا عەلی مستەفا، مامۆستا لە زانکۆی ڕاپەڕین - بەشی کوردی | کوردستان | |
| ٣٦٦ | سەید عەلی هاشمی – سوید | سوئید | |

سەرچاوە : کوردستان و کورد


خوه‌نین وه‌ زووان داڵگی حه‌ق و ماف خوه‌مانه
2012 / 02 / 21
ڕووژ جیهانی زووان داڵگی
International Mother Tongue Day
کوردم
ڕۆژی جیهانی زمانی دایک
روز جهانی زبان مادری
Fuad